# شۆڕشەکەم
# دژی شێرپەنجە

ستیڤان شەمزینی

2024

# شۆڕشەکەم
# دژی شێرپەنجە

ستیڤان شەمزینی

2024

ناوی کتێب: شۆڕشەکەم دژی شێرپەنجە
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
بابەت: کرۆنۆلۆژیا و رامان
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (     ) ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە
ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی دارایی نووسەر چاپکراوە

## دەروازە

لە کاتی نووسینی ئەم پێشەکییەدا چەند ترسێک گەمارۆیان داوم، ترس لەوەی کتێبەکە چاپ نەبێت، ترس لەوەش نەخوێندرێتەوە، ترسە هەرە گەورەکەشم ئەوەیە ئەم کتێبە بەهای نەبێت، ناڵێم لە رووی میتۆدییەوە، بوێرییم هەیە بە رەهایی رایبگەیەنم هیچ لە میتۆد نازانم و پەیڕەوی ناکەم!. هەوڵمەدە ئەم خەوشە دژم بەکاربهێنیت، چەندان فەیلەسووفی گرنگمان هەیە دژی میتۆدگەرایی بوون یان وەک من سەریان لە میتۆدی فەرمی یان زانکۆیی دەرنەکردووە. فەیلەسووفی دانیمارکی (سورین کیرکەگارد)ی باوکی بوونگەرایی، لە کتێبی (ترس و لەرز)دا دەنووسێت: (نووسەری ئەم دێڕانە فەیلەسووف نییە، تێنەگەیشتووە لەوەی مەبەست لە میتۆد چییە، هەر بۆیە نازانێت ئەو شتەی بە میتۆدی فەلسەفیی ناوزەد دەکرێت هەیە یان نا؟)، کۆی نووسین و کتێبەکانی کیرکەگارد بریتین لە مۆنۆلۆگی چڕوپڕ. لێرەدا خۆبەراوورکردن لە ئارادا نییە، تەنێ دەمەوێت بڵێم ئەم کتێبەشم جۆرێک لە مۆنۆلۆگ و چیرۆک گێڕانەوەیە بە فۆرمی ئەفۆریزم، ژیان خۆی چیرۆکە یان چەند چیرۆکێکی لاوەکییە لەناو چیرۆکە سەرەکییەکەدا، بە نۆرەی خۆم پاژێک لەو چیرۆکە فراوانەتان بۆ دەگێڕمەوە، هەڵبەت گێڕانەوە لە پێناوی گێڕانەوەدا نییە، بەڵکو

پەیامێکیش هەیە لە بۆتەی چیرۆکەکەمدا، بە پێچەوانەی ئیزابیل ئەلیندی، رۆماننووسی ئەمەریکی- چیلی، کە گوتبووی: (هەوڵم نەداوە پەیامێک بگەیەنم، تەنێ ویستوومە چیرۆکێک بگێڕمەوە). دەخوازم هەردوو کارەکە بە هاوسەنگی بگەیەنمە ئەنجام. لەو میانەشدا و لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆمدا بە روونی خۆمێکی تر دەبینم یان ئەو خۆمە دەبینم پێشتر نیگام نەکردبوو. ئەمەش ئەو سەبکەیە پێی دەناسرێمەوە.

رەنگبێ کەسانێک هەڵتۆقن و بڵێن ئەم جۆرە کتێبانە فریودەرن، ماتریالیستەکانیش (خۆم بە یەکێک لەوان دەزانم) بڕیاری خێرای لەسەر بدەن و وەک شەعبەزە و ختووکەدانێکی میتافیزیکییانە بیخەنە قەفەزی تاوانەوە. هەر چۆنێک بێت، گوێی پێنادەم، نووسین ژێستێکی گرنگە لە ژیانمدا، بەشێکی بنەڕەتیشە لە تیراپییەکانم، ئەگەر لە رۆژێکی تەواو ئاساییدا ژمارەی ئەو حەبانەی پێویستە ئەڵمان وتەنی (muss) بیانخۆم، چواردە دەنک بێت، لانیکەم دەبێت هەمان ئەو رۆژە سێ چوار ١٤ لاپەڕە بخوێنمەوە و هیچ نەبێت چواردە دێڕیش بنووسم. ناتوانم نەنووسم، بۆ قازانج و ناوبانگ و هیچ هۆکارێکی تر نانووسم، لە پێناوی تەندروستیی خۆمدا دەنووسم یان بە روون و راشکاویی پێی لێدەنێم ئەگەر نەنووسم دەمرم، وەک ئاژەڵێکی دڕ کارم بووە بە نووسین، لەمەدا لە مرۆڤ ناچم، زۆرتر لە نێو ئەو ئەرکدارییە نائازادەدا دێم و دەچم ئاژەڵەکان پیادەی دەکەن، لەوە دەچێت دەبەنگێکی وەک براکەی پرۆمیتیۆس لە خانەی ئاژەڵێکی بێ شێوەدا ئافراندبمی. راشکاوانەش دەبێژم لەوەتی ناساغم، یەک تاکە

کتێبم نەخوێندووەتەوە لە توخمی کتێبە بێ کەڵکەکانی وەک ئەو فریوەی ناوی گەشەپێدانی مرۆییە، یانژی ئەو پەرتووکانە سەرنجم بە لای خۆیاندا راناکێشن، بۆ راهێنانی دەروونـی و بەهێزکردنی کەسایەتی و خۆدروستکردن، چۆنێتی بەدەستهێنانی بەختەوەریی و چۆنێتی ژیانێکی ئـاسـوودە و شـێـوازەکـانـی سـەرکـەوتـن و هاوشێوەکانیان کە لە بازاڕەکاندا هەرمێنیان پەیدا کردووە، ئەوانەی ئیدمۆنیا دەکەن بە گاڵتەوگەپ بگرە فۆرمێکی تری مازۆخیزم، گوایە دەیانەوێت بگەنە کاتارسیس (پاکژبوونەوەی دەروونی) کە لە ماکە رەسەنەکەیدا ئامانجی شانۆی یۆنانی بووە. تەنانەت بە درێژایی ژیانم ناکۆکیم لەگەڵ ئەو کتێبانەدا هـەبووە و هەیە، ڕێگاکانی بیرکردنەوەمان بۆ هەڵدەبژێرن، پێماندەڵێن (چۆن بیر بکەینەوە؟)، ئەم ناونیشانە لە خۆیدا چێوەبەندییەکی ئایدۆلۆژییە و ئاڕاستەکردنی چەمکی بیرکردنەوەیە کە کۆنسێپتێکی فەلسەفیی ئاڵۆزە و بەو سادەییە نییە لە شێوەی مۆچیارییدا بیبەشێتەوە.

ئەوەی لێرە دەیخوێننەوە ئەزموونی خۆمە و لەم پانتاییەشدا هەموو (تۆیەک) رووی لە خۆمە و ویستوومە بڵێم (من)، لێ ناوەڕۆکی پەڕاوەکە لە ریشەوە چەند فراگمێنتێکی جیاجیای کورت بوون، وا بەنیازبووم لە وتارێکدا فۆرمۆڵەیان بکەم، سەرئەنجام سەریانکێشا بەرەو ئاقارێکی تر و بوون بەم کتێبە، پرۆسەی نووسینیشی دوو مانگ کەمتری خایاند، بۆ پاڵپشتیی لە ئەزموونەکان و شێوەی روانینم لە بەرامبەر ئەو مژارانەی باسم کـردوون، پەنام بۆ ئارگۆمێنتی فەلسەفیی و فیکریی بردووە. رۆژێک هاوڕێیەک پەیامێکی سەیری بۆ

نووسیبووم: (بۆ ئەوەی لە دڵەڕاوکێ رزگارم بێت، رێگەیەکم نیشان بدە تووشی شێرپەنجەم بکات)، زۆرێک لەم رستەیە رامام، لە راستیدا ئەم دێڕە لە وتەزای فەیلەسووفێک دەچێت تا گەنجێکی بیست و دوو ساڵە. دەمزانی ئەم گووتنە فرەدیوە شایانی لێکدانەوەی جیاجیایە، پێش ئەوەی بەرسڤی بدەمەوە، وەک مەتەڵێک دوای نادیاری ئەم رستەیە کەوتم، لە ئاکامدا لە یەک رەهەندی دیاریکراودا خنکاندم، بڕیارمدا مەبەستی دەربڕینەکە بریتییە لەوەی: (لەو سەردەمەی شێرپەنجە وەک پەتایەکی یونیڤرساڵی لێ هاتووە و خۆی لە کەس نابووێرێت، هەر کاممان لە کاروانی ژیاندا مەحکومین بەوەی تووشی ببین، رێگەیەکم نیشان بدە، تا نۆرەی خۆم تەواو بکەم، لە راڕایی و مۆتەکەی ئەو بەڵا چاوەڕنکراوەدا دووچاری ناباڵانسییەکی دەروونیی نەبم). ئەمەم بە تاکە شرۆڤە گەوار کرد بۆ ئەو نامە یەک دێڕییە. لەملاوە مێشکم وەک کاتژمێرێکی شکاوی لە کارکەوتوو خۆی دەنواند، بە یەک دێڕ وەڵامم دایەوە: (ئەگەر کار وا بڕوات شێرپەنجە کەسمان ریزپەڕ ناکات، ئیدی پێویست بە خۆتووشکردن ناکات، خۆی دێت)، وەک بڵێی شێرپەنجە جەبرێکی وەک مردن بێت ئەمڕۆ نا سبەی یەخەی هەر یەکێکمان بگرێت، ئەگەرچی ویستم بەشێوەیەکی دڵخۆشکەر و نەریتییانە وەڵامێکی سەرپێی و ئامادەی بدەمەوە، کەچی بە وردبوونەوە لە جۆری پەیامەکە ناچاربووم بەم فۆرمە نائومێدکەرە بێمە گۆ. بۆیە پێم گووت ئەگەر کەمێک دان بەخۆتدا بگریت باشترە، چوونکە بەڵێنی هاتنی بە زۆرێک داوە.

ئەم نەخۆشییەم (شێرپەنجە) وەک میتافۆرێک لێکدایەوە، بۆ ئەو پەتا و نەخۆشییە ترسناکانەی دەشێ لە ئایندەی نزیکدا بەر دەرگای مرۆڤایەتی بگرن، کە لەوانەیە شێرپەنجە بکەنە نەخۆشییەکی بە بەزەیی و ئارامگر، بەو پێیەی ئەو پەتا پێشبینیکراوانەی لە داهاتوودا دێن لە کەنسەر دڵڕەقترن و لە ئامادەکردنی کوشتارگەشدا گورجتر و بەورئاساترن. لەوانەشە دۆخەکە بەو جۆرەی لێ بێت تێراپی و دەرمان بۆ رزگارکردنی یەکجارەیی (مردن) تووشبووەکە بێت نەک بۆ گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی و تەندروستی. حەزم لێ نییە ببمە پەیامبەرێکی رەشبین، بەڵام بە وردبوونەوە لە ژیانی ژێر ڕکێفی کاپیتالیزم دوورنییە سەرزەمین لێوانلێو نەبێت لە دەردی بێ دەرمان و ڤیرۆسی بکوژتر لە کۆرۆنا، سەرئەنجامیش ئەتڵەس ئەوەندە ماندووبێت، لە بێ چارەییدا زەوی تووڕ بدات بۆ قوژبنێکی تری گەردوون و بەم جۆرە ئەوەی پێی دەگووترێت ژیان جگە لە نەبوون هیچی تری لێ نەمێنێتەوە. جیا لەوەش ئەگەر تەماشای سەرجەمی نووسینەکانم بکەن بە تایبەت شیعرەکانم، وشەی (ئازار) ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، ئازاریش لەسەر هەردوو ئاستەکە (بەرجەستە و نابەرجەستە)، ئێمە بە کۆژانێکی نەبڕاوەوە گەورە بووین و پێگەیشتین، ئازار بە تەنیا ئازاری نەخۆشی نییە، بەڵکو سەرترۆپکی ئازار بیرکردنەوەیە، هیچ کەسێک شک نابەم بیربکاتەوە و ئازار نەچێژێت، بیرکردنەوە ژانە راستەقینەکەی منە، لاف و گەزاف لێنادەم گوایە بیر دەکەمەوە، خۆزیا بمتوانیبا بیر نەکەمەوە، بیرکردنەوە وەک شێرپەنجەی پلە چوارە، هۆشیاریی

بەوەی بیرکردنەوە ئازارە راستەقینەکەیە، هەنگاوێکە لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا. لەم رۆژانـەشـدا دێڕێکم وەک رەشنووسی یەکەم نووسی بۆ ئەوەی لە بۆتەی شیعرێکدا دایڕێژمەوە: (لە خەڵک ون بە، خۆت دەدۆزیتەوە.. بیرکردنەوە ون بکە، ئازار ناتدۆزێتەوە). بێجگە لەوەش ئێمە نەوەی جەنگ (جەنگی ئێران- عێراق) بووین، کوڕ و کچی ناو مۆتەکەی شەڕی ناوخۆ و گەمارۆی ئابووری و چەندان ئاریشـەی گەورە گەورە بووین، هاوکات دیسپۆتیزمێکی کۆمەڵایەتی سایەی کردبوو بەسەر ژیانماندا، لە هەر چوار لاوە ئازار هەڵدەقوولا و بەرەو ژیانمان دەهات، بۆ من ئازاری نەخۆشیشی هاتووەتە سەر، نیچە وتەنی (ئەو ئازارەی نەمکوژێت، بەهێزم دەکات)، بە کورەی ئەو ئازارانەدا تێپەڕیوم، منێکی پاڵاوتە و پووختی بەهێز و ژیاندۆست هاتووەتە دەر، کە هەموو رۆژێک پێشوازیی لە خۆم و بەڵێ بۆ ژیان دەکەم و گۆرانی بە باڵایدا دەڵێم، (بە سرووش وەرگرتن لە وتەزایەکی نیچە).

٢٠٢٣-٨-٢٨

ئەڵمانیا- بیلەفێلد

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

# بەشی یەکەم

# ئەزموون و کرۆنۆلۆژیا

هەواڵنامەی کتێب

## دەسپێکی درامای نەخۆشی

رۆژی ١١-٢-٢٠١٢ دەهێنمەوە یاد، بە دوا گەلاڵەکردنی پڕۆژەیەکی گەورەی میدیاییەوە لە کوردستان سەرقاڵ بووم، دەمەویست ئەو ئەزموونانەی خۆم لە پەنا ئەو خولە رۆژنامەوانییانەی لە دەرەوەی وڵات تێیدا بەشداربووم لە پرۆژەیەکدا فۆرمۆڵەبەندیی بکەم. لەناو ئەو هەموو سەرقاڵییەدا هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە، سبەینێ نەخۆشییەکی تۆسن، خەونەکانم پڕ دەکات لە کاڤس و کابووس!!، بە چیدا بمزانیبا سوپای شێرپەنجە، سەرکردایەتی لەشمی داگیرکردووە؟، لەبەرئەوەی هیچ سەمپتۆمێکی نەخۆشیم تێدا دەرنەکەوتبوو، بۆ ئێستاش لە شێوەمدا نیشانەی نەخۆشییەکی وا قوورس نابینرێت، بەم هۆیەوە خەڵکانێک هەن گوومان بکەن لەوەی ئایا بە راستی نەخۆشم؟. بە هەندێک پرسیار وەڵامی ئەو گوومانە دەدەمەوە: ئایا نەخۆشخانەکان شوێنی دراما و حکایەتی مێشی دوانەهاتووی منن، ١١ ساڵ و نیو نواندنی تێدا بکەم؟، ئایا دەنکێک حەب بەبێ رەچەتەی پزیشک جگە لە حەبی سەرئێشە، بە هیچ کەس دەدرێت، تا نەخۆشخانەکان بکرێتە شوێنی پێرفۆرمانس بۆ من؟. ئایا بۆچی دەبێت ئەو کارە بکەم، مەگەر پێشتر بوونی خۆم لەناو کایەی نووسین و رۆژنامەوانیدا نەسەلماندبوو؟. بەهەمەحاڵ لەمە تێدەپەڕین، لاپەڕەیەکی تر لە رۆژژمێری ساڵ هەڵدەدەینەوە، رۆژ رۆژی ١٢-٢-٢٠١٢یە. شوێن شاری سلێمانییە، ئەجیندا بریتییە لە چوون بۆ ئۆفیسی گۆڤاری (شەپۆل) کە خۆم سەرنووسەری

بووم، تاکو دوانیوەڕۆ لە ئۆفیس مامەوە، ژمارەیەک راپۆرت و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی کە لەلایەن پەیامنێرانەوە لە سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و گەرمیان وهتد.. نێردرابوون، ئامادە کرد بۆ دوو ژمارەی دادێی گۆڤارەکەمان. لە دەوروبەری کاتژمێر سێ و نیو، چوومە رێستۆرانتە بچووکەکەی (تۆفیق جاف)ی فۆتۆگرافەر لە نهۆمی سەرەوەی رەشەمۆڵ، بیرم نەماوە چیم خوارد، هەر ئەوەندە دەزانم نانێکی باشم خوارد. پاشان نانخواردن چوومە کافتریاکەیان، سێ سەعاتی بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە بووم، ئەوەی بیرم بێتەوە ناوی کتێبەکە نییە، تەنێ لە یادمە کتێبێک بوو لە بارەی رێگان و تاتچەرەوە بوو، رۆڵی ئەوانی لە جێخستنی ئابووری نیولیبرالیستیدا تێدا ئەنالیز کرابوو.

لە باری کرداریشەوە مارگرێت تاتچەر، تەنیا سەرۆک وەزیرێکی ئاسایی نەبوو یانزە ساڵ حوکمی بەریتانیای کردبێت، ئەو توانی نیولیبراڵیزم لە تیۆرەوە بۆ پراکتیس وەربگێڕێت و لە بەرامبەر ئەو لیبراڵیزمە نوێیەی بە سەختی داکۆکیی لێ دەکرد، کورتکراوەی تینا (TINA)ی دەردەبڕی ئەویش واتەی هیچ ئەلتەرناتیڤێک نییە «There is No Alternative» دەگرێتەوە. تا ئێستا هەموو شتێک وەک سێ و ئەوەندە ساڵی تەمەنم بە ریتمی ئاسایی خۆی دەڕۆیشت، تا ئەو سەروەختەش دەنکێک حەبم بۆ نەخۆشی نەخواردبوو، بەڵام سێ جار بەهۆی بریندرابوونەوە کەوتبوومە نەخۆشخانە (لە کتێبی «فلاشباک»دا باسم کردوون). وردە وردە هاتمە خوارەوە و تۆفیق لەولاوە کورسییەکانی کۆدەکردەوە، سەیری کاتژمێری ناو موبایلە

نۆکیاکەمم کرد دە خولەکی مابوو بۆ کاتژمێر حەوت (تا ٢٠١٥ هیچ موبایلێکی زیرەکم نەبوو، بە درێژایی دوو هەزارەکان هەر بە بێ موبایل دەسووڕامەوە، تەنانەت کاتێک سەرنووسەری رۆژنامەی نێوەند بووم، هەر موبایلم نەبوو، پەیوەندییەکان لە رێگەی ستافی رۆژنامەکەوە رێکدەخران، چوونکە موبایلم بە رێگری گەورەی بەردەم خوێندنەوە دەزانی). لەم کاتەدا هاوڕێیەکی ئەوکاتم، زەنگی بۆ لێدام، بۆ ئەوەی یەکتر ببینین، پێی راگەیاندم (بابۆ)شی لەگەڵدایە، بابۆ خاوێیی هاوڕێیەکی ئازیز بوو، چەند ساڵ بوو نەمبینیبوو بەهۆی ئەوەی لە ئەستەمبوڵ دەژیا، بەو هەواڵە زۆر شاد بووم، کەمتر لە دە خولەکی برد، بە خۆیان و ئۆتۆمبیلەکەیانەوە لە شەقامی مەولەوی هەڵیانگرتم، چووین بەرەو چەقچەقی کۆنە هەواری هەمووان. ئەگەرچی زستان بوو، بەڵام شەوێکی سارد نەبوو، هەوایەکی بەهاریی دەهات، ئەوان یەکی بیرەیەکیان خواردەوە، من بە ژیانم دوو جار بیرەم خواردبووەوە نەمتوانی بیکەم بە سێیەم. دواتر چووینە رێستۆرانێک لە سەرچنار، بۆ چای خواردنەوەش پێمان خۆش بوو بچینە لای ئەو ژنە کاسبکارەی شەوان وەچاخێکی کەباب و چا فرۆشتنی دانابوو (پێناچێت ئەوکاتیش ناوەکەیم زانیبێت).

ئەمە چالاکییەکانی ئەو شەوەمان بوو، کات لە ١٠ی شەو لایدابوو، بڕیاریاندا سەرەتا من بگەیەننەوە ماڵەوە، پێش ئەوەی بگەینەوە ماڵەوە برادەرێکی هەرسێکمان تێلی بۆ کردم، زۆر نابەدڵ تێلەکەیم هەڵگرت، چوونکە لەو تیپە بوو بە لای قورئاندا بڕۆیشتبا حەتمەن بیسملاکەی لێکردبووەوە بۆ خۆی. ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە بەردەم

ماڵی ئێمە، ئەوان چاوەڕێ بوون تێلەکەم کۆتایی پێبێت و ماڵئاوایی ئەو شەوە لە یەکتر بکەین. لە کاتی قسەکردنی ئەودا و پێکەنینێکی زۆر بە قووڵپی مندا، لەناکاو دەستم سڕ بوو وەک بڵێی بووبێت بە بەرد، هاوکات بروسکەیەکی تیژ بە ناو سەرمدا تێپەڕی و پێموابوو ئەمجارەش لەناو ئۆتۆمبیلدا رەشەکوژ کراین، چوونکە واتێگەیشتم فیشەکێک بووبێت لە تەختی ناوچەوانی دابم و لە پشتە سەرمەوە دەرچووبێت. هەر ئەوەندە هۆشم بە خۆم بوو، کاتێک بە ئاگا هاتمەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانیم، نەمزانی چی روویدا و چیم بەسەرهاتووە!. تەنیا هەردوو هاوڕێکەمم بینییەوە لەمدیو ئەودیوی چەرپاکەمەوە، هەر توانیم بڵێم (ئێوە سەلامەتن؟) چوونکە پێموابوو تەقەمان لێکراوە، ئەوەش ئەگەرێکی نزیک بوو، بەو پێیەی لە یەک ساڵی دوای رووداوەکانی حەڤدەی شوباتەوە، لە دوانزە مانگدا سیانزە جار هەڕەشەی کوشتن و شاربەدەرکردنم لێکرابوو، ئەویش بەهۆی ئەو بابەتانەی لە گۆڤارەکەی منەوە بڵاودەبونەوە. بەهەرحاڵ ئەوان وەڵامیان دامەوە: هیچ کەس تەقەی نەکردووە، تۆ گەشکە لێیدایت!!. سەیر بوو!!، وتم گەشکەی فیشەک؟ ئەوان وتیان نا فیشەک نەبوو، ئەگەر نا کوا خوێن؟. دەستێکم لەسەرم دا، هیچ خوێن و لەفافێکی پێوە نەبوو، دڵنیابوومە ئەمە سەرەتای نەخۆشییەکە وا بە ئاسانیی لێی دەرناچم.

هەر ئەو شەوە ستیسکان و تێستی دڵ و فشاری خوێنیان بۆ گرتم، هەمووی ئۆکەی بوو. پزیشکێکی ئێشکگری خوێن تاڵ هات و گووتی: ئەم کورە دەڵێی گوێزی ساغە، بزانن کەمێک سترێسی هەیە.

منیش کە هێزی جوک دروستکردنم مابوو گووتم: تۆش پێویستە کەمێک فێری ئاکاری پزیشکی بیت، چوونکە کەمێکت لە ژیاندا ماوە. ئیتر بوو بە شەڕی تەروادەی نێوان من و ئەو پزیشکە (ناوەکەی با بمێنێت). بۆیە داوام کرد بمبەنەوە بۆ ماڵەوە، هەرواشیان کرد. ئەو شەوە زۆر بە باشی و بێ ئازار نووستم. سبەینێ لە خەو هەستام، هیچ بەڵام لێ نەبوو، وا تێگەیشتم ئەوەی روویداوە هەرگیز لە کەتواردا نەبووە، تەنێ خەونێکی تێکەوپێکەڵ بووە. رۆژ رۆژی دووشەمەیە ١٣-٢-٢٠١٢ هاوڕێیەکی ئەوکات (هەمان هاوڕێی شەو و شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە) لە زەنگی ماڵەوەی دا، پێکەوە بەرچاییمان خوارد، پێش هەر شتێک گووتی: ستیڤ (ئەوانەی خۆشیان دەوێم ستیڤان کورت دەکەنەوە بۆ ستیڤ) ئەوەی ئێمە بینیمان گاڵتە نییە، دەبێت بەدووی بکەوین. بەرسڤم دایەوە: هەرچەند هیچم نەبینی، تەنیا هەستم بە ئازارەکەی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەندی دەگرم. بیرمان کردەوە بچین بۆ لای کام پزیشک، ئاسان نەبوو بەو حاڵەوە جارێکی تر بڕیاری هەندەران بدەمەوە کە خەیاڵ لێکردنەوەشی ئازاری دەدام. بیرمان لە د.ئاری سامی کردەوە، ئەو یەکێک بوو لە پزیشکە ناسراوەکانی نەک هەر عێراق بەڵکو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناڤدەنگی هەبوو، بێ هۆ نەبوو سەدام حسێن لە ژێر فشاردا کردبووی بە پزیشکی خۆی. ئێمە وەک کەسیش یەکترمان دەناسی، بەڵکو تێکەڵاوییەکی بنەماڵەییمان هەبوو، کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی باپیرەی، واتە حسێن نازمی هاوڕێی گیانی پیرەمێردی شاعیر، لە سەرەتاشەوە حسێن نازم رۆژنامەی ژینی بەڕێوە دەبرد.

د.ئاری نەوەی ئەو منەوەرە بێت و دۆستیش بێت، کەیسەکە بە هەند وەردەگرێت. چووینە نۆڕینگەکەی لە کۆتایی ئۆرزدی، خوار مزگەوتی سەلیم بەگ، سکرتێرەکەی جا نازانم بە راست وتی یان درۆ، وتی: دکتۆر دوێنی گەشتی کردووە تا یەک مانگی تر ناگەڕێتەوە. ئەمە هەواڵێکی ناخۆش بوو، وردە وردە بە پێ بەرەو سەرا هاتینە خوارەوە، سەرێکیشمان بە لای گازینۆی شەعبدا خوار کردەوە، لەوێ نووسەری کۆچکردوو مامۆستا (ئەحمەد سەلام)مان بینی، پرسیاری لێکردم: بۆچی وا رەنگم تێکچووە؟. منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەو رێنمایی کردم، بچم بۆ هەولێر، سەرێک لە (د.ئاسۆ شێخ بزێنی) بدەم، قسەیەکم بە بایەخەوە وەرگرت و بڕیارماندا بۆ سبەی، ١٤-٢-٢٠١٢ بەرەو هەولێر بەڕێ بکەوین، بە کورتی د.ئاسۆ تەختیتی سەری گرتم، ئەویش هیچی بەدی نەکرد، ئەوەی راستی بێت خۆیشم ساردبوومەوە لەوەی نەخۆشییەکم هەبێت، وام مەزندە کرد دۆخێکی تایبەتی بووبێت و تێپەڕیبێت. هەفتەیەک تێپەڕی و هیچ شوێنەوارێکی نەخۆشی و ئازار بە منەوە نەمابوو، شترێسیشی نەبووم. لە کۆتایی ئەو مانگەدا پورزایەکم کە لەگەڵ دایکمدا هاوتەمەن بوون (کاک ئەنوەر) سەردانی کردم و پێی گووتم، بە هۆکاری ئەوەی کێشەی سەمامەکانی دڵیش بوورانەوە دروست دەکات، دەیەوێت پێکەوە بڕۆین بۆ لای پزیشکی دڵ، پێی گووتم: ئێمە لە بەغداد دەچووین بۆ لای پزیشکێک بە ناوی د.نیزام، چانسی خۆت ئێستا ئەو پزیشکە لە سلێمانییە و نۆڕینگەکەی بەرامبەر بە پۆلینگە. پێشنیارەکەم زۆر بە دڵ نەبوو، کەچی دەمەویست ئەم پزیشکەش

خۆیم پێ تاقی بکاتەوە، هەر ئەو رۆژە بە تێل کاتمان وەرگرت، لە کلینیکی ئەم پزیشکە عەرەبزمانەدا هەرچی تێست هەبوو بۆیان کردم، ناخۆشترینیان راکردن بوو لەسەر پاسکیلەکە، دە کیلۆ وایەرم پێوەبوو، بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە، چوونکە تاکە گەنجێک بووم لە ناو حەشاماتێک پیردا، لێ نرخی پیر و گەنج لەلام یەکە، بەڵام سرووشتی نەخۆشی دڵ وایە کەمتر گەنج دەگرێتەوە، ئاکامی هەموو تێستەکانی دڵ، ئەوەیان دەرخست کێشەیەکم نییە لەو رووەوە.

مانگی ئادار (مارس) هات، پێ بە پێ لەگەڵ نێرگزی بەهاردا، رووخسار و دەروونم دەگەشانەوە، نەخۆشی بوو بە رابردوو نەک ئەگەرێک لە پێشەوەم. سێ رۆژ پێش نەورۆز بە خاوخێزانەوە لەگەڵ سێ چوار بنەماڵەی دۆست و خزمدا چووین بۆ سەیرانێک لە (تابین)ی سورداش، سرووشتی جوان بە دەممەوە پێدەکەنی، درەختە تازە چرۆکردووەکانیش گۆرانیان بۆ دەوتم، ئێوارەی هەمان رۆژ نان و دۆیەکی ماڵی (شێخ جەمالی شێخ رەئوف)مان لە گوندی سوسێی زێد خوارد، پاشان بە ئۆتۆمبیلەکەمان بە مێرگەپاندا گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، لە رێگادا پشیلەیەکی بە شەوارە کەوتوو کەوتە بن تایەی ئۆتۆمبیلەکەمانەوە (کیای سپۆرتاج) و قاچیمان شکاند، ئەوە یەکەم جار بوو لە هاوسەرەکەم تووڕە ببم، چوونکە ئەو شۆفێریی دەکرد، پشیلەکەم هەڵگرتەوە و بۆ رۆژی دوای بردم بۆ نەخۆشخانەی ڤێتێرنەری، هەمان رۆژ لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کۆبوونەوەی ئاسایی لقمان هەبوو، منیش وەک ئەندامێکی لقی سلێمانی دەبوو بەشداربم، لە دەوروبەری نیوەڕۆ بوو سەردانێکی چایخانەی

شەعبم کرد، لەوێ کاک ئارام بامۆکی تازە هاوڕێ و ئەندامی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانم بینی، ئەویش لە هەڵەبجەوە بۆ کۆبوونەوەکە هاتبوو بۆ سلێمانی، ڕێککەوتین پێکەوە بڕۆین بۆ سەندیکا، لە کاتی گفتوگۆکردندا بووین هەستم کرد بروسکەیەک بە دەستی ڕاستمدا تێپەڕی، نەخێر بوو بە دوو برووسکە، لە قسەکردن وەستام، هاوارم بۆ کاک ئارام دەکرد، بێ ئاگا لەوەی دەنگم دەرناچێت، لەوێدا تووشی گەشگەی دووەم بووم، کەف لە دەممەوە هاتبووە دەر، بامۆکی هەر ئەوەندەی پێکرابوو بمخاتە تەکسییەکەوە بۆ نەخۆشخانە، لە نزیک نەخۆشخانەی زانکۆ (جامیعە) لە ناو تەکسییەکەدا بە هۆش خۆم هاتمەوە، هەستم بە هیچ نەدەکرد، یادەوەرییم تەواو سڕابووەوە، بە خێرایی بردیانمە قاوشێک، بامۆکی ئەوەی بینیبووی بۆ پزیشکەکانی باس کردبوو، نەخێر لەو کاتەی د.دانا ئەحمەد بۆ بینینم هات جارێکی تر تووشی گەشکە بوومەوە، بۆیە د.دانا داوای کرد بە زووترین کات وێنەی MRA بگرم، پێی گووتم: ئەگەر بتەوێت لە نەخۆشخانە بیگریت سێ مانگی دەوێت تا نۆبەت دێت، لە دەرەوەی نەخۆشخانە لە دوو جێگە هەیە، تۆزێکیش گرانە و هەر یەک جار بڕی ٥٠٠ دۆلاری تێدەچێت.

ئەو شەوە لە نەخۆشخانە هێڵدرامەوە، سبەینێکەی گەرامەوە ماڵ و پشووی نەورۆزی بەسەرداهات، دواتر لە ڕۆژی پێنج شەمە ٢٣-٣ لە سەنتەرێک (ناوەکەیم لە یاد نەماوە) لە پشتی پاسەکانی گەڕەکی تووی مەلیک بە ئاڕاستەی گەڕەکی سابوونکەراندا، وێنەی MRAم گرت، چ هەرا و زەنایەک بوو، ئەم وێنەیە (ئەشیعە)، دەتگووت سەرم

لەناو دەسکەوانێکە و لە هەموو لایەکەوە وەک سماق دەکووترێت، چ سوخرەکێشەک بوو ئەم ئەشیعەیە؟، ئەو بیست و پێنج خولەکەی لە ناو ئەو دەستگایەدا بووم، ژوورەکانی هۆلۆکۆستم بیر دەکەوتەوە، ڕێک وابوو ئەو گەشگەیە ببوو بە نازی بۆ گیانم. ڕۆژی هەینی و شەمە چاوەڕوانم کرد و ڕۆژی دووشەمە ٢٦-٣-٢٠١٢ پاش ئەوەی پزیشکێکی پسپۆر ڕاپۆرتی لەسەر نووسیبوو، بردم بۆ کلینیکی د.دانا لە کۆڵانە قەپاتەکەی کەباب وەلی. بیرشم نەچێت پزیشکی ڕاپۆرتنووس ژنێکی لێو بە خەندە بوو، کاتێک سەیری ئەشیعەکەی کردم، ڕەنگ و بزە نەرمەکەی وەک بەفری بەر هەتاو چۆڕایەوە بە دەموچاوییەوە، پێی گووتم: کاکی برا دەزانیت نەخۆشییەکەت چییە؟. هاوڕێکەم هەڵیدایە و گووتی ئێمەش بۆ ئەوە لێرەین بزانین چییە. پاشان وتی دەبێت پزیشکی نۆرۆلۆگی بیبینێت، ئەو دەتوانێت پێتانبڵێت. ئەمە ناخۆشترین قسە بوو تا ئەو وەختە بیژەنەوم، دانم بە خۆمدا گرت تا نۆبەی چاوەڕوانیکردن لە کلینیکی د.دانادا گەیشتە من، خۆم و هاوڕێکەی ئەوکاتم، پێکەوە چووین لە بەرامبەر دکتۆر وەستاین، کەمێک ڕووی وەرگێڕا و کەوتە تەماشاکردنی وێنەکە و پاشان لە کۆمپیوتەرەکەی بەردەمییەوە سەیری (CD) ئەشیعەکەی کرد، گووتی بەداخەوە دوو پەڵە لە بەشی چەپی مێشکتدا دەرکەوتوون، یەکێکیان بە دڵنیایی تومۆرە (وەرەم)، ئەویتریان پێموایە کۆنتراست میتل (هیوادارم ڕاستم نووسیبێت) کە ماددەیەکە لە ڕێگەی کانیۆلاوە دەخرێتە لەشەوە لە کاتی ئێم ئاڕ ئەیدا، دەریخستبێت و شتێکی ئەوتۆ نەبێت. هەڵبەتە سرووشتی پزیشکەکان لە کوردستان

وایە، مافی زانینی نەخۆشیی بە خودی نەخۆشەکە نادەن بەڵکو بە کەسوکاری دەڵێن، بە حوکمی ئەوەی دەیزانی ڕۆژنامەنووس و نووسەرم، لە ڕووی تەمەنیشەوە لە یەکتر نزیک بووین، ڕاستەوخۆ خودی نەخۆشییەکەی پێگووتم، ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم ئەم تومۆرە لە ئێستادا نازانرێت بەد خووە یان کوڕی باش، دەبێت چاودێریی بکرێت و هەردوو مانگ جارێک ئەو ئەشیعەیە بگریت. ئیتر ئەوە ئەو چرکەیە بوو، دەبوو بڕیاری خۆم بدەم، یان دەبێت قۆڵی لێ هەڵبماڵم و تا دوا سات جەنگ لەگەڵ شێرپەنجە بکەم یان دەبێت ئاڵای سپی هەڵبکەم. ئەوەی یەکەمیانم هەڵبژارد و یانزە ساڵ زیاترە لەو خەباتە بەردەوامم.

هەر ئەو ئێوارەیە دانیشتنێکی تایبەتیمان هەبوو لە سیتەک، هاوڕێکەم وتی: تێل بۆ هاوڕێیانی تر دەکەم دانیشتنەکە هەڵدەوەشێنینەوە، پێیدا هەڵشاخام و وتم خۆ نەمردووم، دادەنیشین و دەڕەقسین و دەخۆین و دەخۆینەوە و خۆیشم گۆرانیتان بۆ دەڵێم. هەرواشمان کرد، چەند کاتژمێرێک بە خۆشی ڕامانبوارد، لە پڕدا هاوڕێیەکی ترم بیری کەوتەوە و لێی پرسیم: ئەرێ پزیشک چی پێگووتی؟. منیش وەک خۆی بۆم باس کرد. کەوتنە پێکەنین و بەدەم سوعبەتەوە دەیانگووت خوانێکت بۆ ڕێکخستووین لێمان بکە بە دەرد. لە هەموویان خۆشتر ئەو برادەرە مەستەمان بوو (ئێستا خۆی بیری دێتەوە) دەیگووت: بە گۆڕی فاتەی ژن خوشکم، ئەگەر پێیانوتبایت وەرەم لە سەرتدایە ئێستا هەموو سلێمانیت هەڵتەکاندبوو بۆ بەرماڵ، تو ویژدانت ئەو کەوچانەی لەو مەزە بەستەزمانەی دەدەیت دەڵێی خاکەنازە هی ئەوەیە پێیان گووتبیت شێرپەنجە یەخەی گرتوویت؟. ڕۆژی ٢٧-٣-

٢٠١٢ دەسپێکی شۆڕشەکەم بوو، دەسپێکی هەڵگێڕانەوەی نەخۆشی بوو بۆ وزە و چالاکی، خۆم راهێنا هەرچی هاتە پێشەوە لە ناخۆشی و ئازار پێچەوانەی بکەمەوە، کۆڵم نەدا، نەبەزیم، دوو ساڵ بەدەم دەرد و نەخۆشییەوە درێژەم دا بە ئەرکەکەم وەک سەرنووسەری گۆڤار و ئەندامی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسان، تا ناچاربووم دووبارە بیر لە هەندەران بکەمەوە ئەویش بەهۆی خراپی سێکتەری تەندروستی و سنووردارێتی ئامێرە پزیشکییەکان و رژدنەبوونی پزیشکەکانەوە لە کوردستان، نەک لە پێناو ئەو ئەوروپایەی دەمێک بوو پشتم تێکردبوو، هەر لەو دوو ساڵەی سەرەتای نەخۆشییەکەمدا دوو خولی ترم بینی، یەکەمیان خولێکی رۆژنامەوانی لە بەغداد و خولێکی تر لە بارەی مێژووی زارەکییەوە بەسەرپەرشتی د.پەروین عارف لە زانکۆی شاریقە- ئیمارات. بەهەمەحاڵ دوای یانزە ساڵ و چەند مانگ لە جەنگەکەم دژی کەنسەر، لە هەموو کات زێدەتر ئارەزووی مانەوە دەکەم، تێدەگەم رۆژەکانمان دیاریکراون، چاویشم لە نەمریی، لە بەختەوەریی نەبڕیوە، لەو باوەڕەدام هیچ کات مرۆڤ بە دوای نەمرییدا نەگەڕاوە، بەڵکو بە دوای بەختەوەرییدا وێڵ بووە، هەرچی تەکنیکە بۆ ئەوە دەیگرێتە بەر بگات بە بەختەوەریی، گلگامێش دەیویست زیاتر بژی بەڵکو بتوانێت رۆژێک لە رۆژان بەختەوەریی بەدەست بهێنێت. دەزانی من و تۆ بۆ بەختەوەریی لە دایک نەبووین؟ بەختەوەریی خۆ لادانە لە ئازار، کەواتە خۆ دوورگرتنە لە شتێک، نەک هەوڵدان بێت بۆ شتێک. کەواتە ئەگەر بە من بڵێی بەختەوەریی چییە؟ دەڵێم دیارنەمانی ئازارە. هەموو شۆڕشەکەشم دژی ئازارە.

## تێپەڕین بە کۆمادا

کۆما ڕووداوێـکـی گـەورە و سـەرسـوڕهـێـنـەری ژیـانـم بـوو، هیپنۆتیزمێک بوو کەس ئاڕاستەی نەدەکردم، نازانم چۆن باسی بکەم، لەبەرئەوەی هەلومەرجێکە ناکەوێتە ژێر ڕکێفی زمانەوە، مردووانە لە ناویدا دەژیت. نازانم کۆی پەنجا و نۆ ڕۆژەکەم لە یادە یان ئەو چەند ڕۆژەی کۆتایی، تەنانەت گوێم لە جیڕەی دەرگاکردنەوەی پەرستار و پزیشکەکان بوو؟، هەرچییان دەگووت بە گوێیەکانی خۆم دەمبیست، هەوڵم دەدا قسە بکەم، هەموو کات شکستم دەخوارد، زیندووویەکی مردوو بووم، چاوەکانم بۆ هەڵنەدەهات، نیچە دەیگووت من بە ت بیر دەکەمەوە، منیش لە کۆمادا بە گوێچکەکانم بیرم دەکردەوە، مێشکم ڕێستاتی کردبوو، ببووم بە ئاژەڵێکی بەستەزمان لەسەر بێتی نەخۆشخانە، چاوەکانم وەک دوو گڵۆپی سووتاو تاریک داگەڕابوون و جگە لە تەقینەوەی تیشکەکان هیچی ترم نەدەبینی، زۆرینەی تیشکەکان سپی بوون، ئێستا بیرم دێتەوە بۆرخیس لە نزیکی کۆتایی تەمەنیدا نابینا ببوو، جەختی لەوە دەکردەوە نابینایی بینینی ڕەنگی ڕەش نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ڕووناکییەکی شینە، ئەو ڕووناکییە باڵایەی جگە لە خۆی ڕێگەت نادات هیچی تر ببینیت، منیش لە کۆمادا جگە لە سپێتییەکی ڕەش و چڵکن هیچی ترم نەدەبینی، وەک ئەوەی مەعشوقێک بم و دڵدارێکی بە هەڵپە خاکی داگیرکردبم و نەهێڵێت لە خۆی زیاتر کەسی تر ببینم. ئەو کاتە بیرم بۆ نەدەکرایەوە، بەڵام لەگەڵ بێداربوونەوەدا یەکەم ڕاستی پێی گەیشتم، ئەوەبوو سپێتی کە لە ئەندێشەی ڕەشپێستەکانیشدا ڕەنگێکی پۆزەتیڤە، وەهمێکی

پووچە، سپێتیی ئەو ڕەنگە بوو بەرچاوی گرتبووم نەک ڕەش یان نیلی یان شینێکی تێر! بەو هەقیقەتە ئاشنابووم، کاتیگۆرییەکانمان چەندە هەڵە و تراویلکەن، ئیدۆمەکانی (ڕۆژی ڕەش، دەستی ڕەش، بەختی ڕەش، چارەڕەش، هتد..) چەند گەوجانە داهێنراون، چەندێکیش دەربڕی ئەنگێزەی سپیسالارییں، ئەو دڕکەش بە ڕۆحمدا چوو ئێمەی شاعیران (ئەگەر بڕیارە بە شاعیر ئەژمار بکرێم) زمانمان بۆنی تەوالێتی ڕاسیزمی لێدێت، ڕەش و سپی داهێنراوی مێشکی ڕاسیستین.

نقوومی تاریکییەکی سپی ببووم، هەوڵمدەدا بیر بکەمەوە، بەڵام چوونکە زمانم نەبوو تووشی نسکۆ دەهاتم، ئێستاکە دەڵێم هەوڵمدەدا، دڵنیانیم ئەوسا کۆششێکی وام کردبێت. ڕێکەوتێکی سەیریش بوو، ڕۆژی پێش کۆمام بیر دێتەوە، وەک بڵێی پێشگۆیی سبەینێی خۆم کردبێت، دەمویست باسی تاریکی بکەم، باش بیرم نییە کتومت دەمخواست چی بنووسم، ئێستاکەش هەر نایەتەوە یادم، دوای بێداربوونەوە، پتر لە هەفتەیەک زەین کوێر ببووم، شوێنەکان و شتەکانم نەدەناسییەوە، هێشتا هەر تاریکیم دەبینی، تاریکی دوو چاوی نییە خۆی پێ ببینێت، چۆن دەتوانێت لە ڕووناکی بڕوانێت؟. هەستم بە گڵۆپی ژوورەکان نەدەکرد، چ لە کاتی هەڵکردنیان چ لە کاتی کوژانەوەیاندا، پێڵووەکانم قورس ببوون لە کردنەوەی دەرگایەکی لە بەرد دروستکراوی دەروازەی ئور یان بابل قورستر ببون، یان لە بارودۆخەدا بووم نالی وتەنی: (لە خەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە چاوت.. هەمیشە وایە یان مەخمورە ئەمشەو؟). کۆما

ئەزموونکردنی مەرگە، ئەزموونکردنی ژاوەژاوی ژیانیشە، لە کاتێکدا بە بێدەنگی گوێقووڵاخیت، یەک جار درۆی پەرستارێکم بەرگوێ کەوت لەگەڵ پزیشکێکدا، دواتر پەرستارێکی بە رەگەز ئەلبانیم ناسی، زۆر گەندەڵ و درۆزن بوو، لەو تیپە بوو ئیمیل زۆلا لە رۆمانی (نانا) دا وەسپیان دەکات: (لەو کەسانە بوو ئامادەیە سوێند بخوات بە رۆژیش ئەستێرەکان دەبینێت). لەو باوەڕەدام هەمان ئەو پەرستارە بێت لە کۆماکەمدا گوێم لە درۆکەی بوو. دیمەنێکی سوریالی لە زەینتاندا دروست بکەن، ئەگەر مردووەکان وەک من لە باری کۆمادا، گوێیان لە درۆی زیندووەکان بێت، یان کاتێک مردووەکان دەکرێنە گەواهیدەر لەسەر مێژووە شێوێنراوەکان، دەبێت هەست بە چی بکەن؟. رەنگبێ لەبەر ئەم فاکتۆرە بووبێت، زۆر جار باوکم دەیگووت بە قەدەر ئەوەی نەغمەی گریان لە شاری زیندووانە دێت، دەنگی قاقا لە گۆڕستانەکانەوە دێت!. هەستدەکەم باوکم ئەفۆریزمی زۆری هەبوو، پێم سەیرە هەوڵی نەدابوو ببێتە نووسەر!.

کاتێک زانیم پەنجا و نۆ شەو (کورد زۆرتر رۆژ بە کاردەهێنێت) لە کۆمادا بووم، تووشی فۆبیا بووم، ترسی لە دەستدانی گەنجینەی یادەوەریی و فەوتانی ئەڵماسەکانی خوێندنەوەی چەندین ساڵم، ترسی لەبەینچوونی مرواریییەکانی ئەزموون، تا ئەو ئاستە رۆشتم ئیتر شتێک نەماوە تەنانەت غەمگینم بکات، چوون هیچی تر لە یادەوەرییمدا عەمبار نابێت، مرۆڤی غەمگین ئەو مرۆڤەیە یادەوەرییەکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ تێپەڕینی رۆژەکاندا دڵنیابوومەوە یادەوەرییم بە کەمترین زیان دەرچووە، هیچ گوێم نەدا بەو داتاگەرییەی پیشەی

زانستە گوایە پتر لە پانزە لە سەدی یادەوەرییم لە دەستداوە، خۆ ئەگەر ئێستا هەمان تێستم بۆ بکرێتەوە رەنگە بڵێن نەخێر دوو لە سەدە، چوونکە تێستەکە بێ هیچ ئامێرێک بوو، تەنێ تاقیکردنەوەیەکی زارەکی بوو. جیا لەوەش ریتمی کات لە کۆمادا خێراییەکەی خۆی لە دەست دەدات، ئێمە بەهۆی ئامێر و کات بەسەربردن لە فەزای گشتیی و شوێنکاردا وا تێدەگەین کات خێراتر بووە لە پێشان، پەنجا و نۆ رۆژ نیوەئاگایی و دەست و پێ و زمان بەستراویی من، ئەوەندەی پەنجا و نۆ ساڵی پێش شەپۆلی سێیەم و چوارەمی تەکنۆلۆژیای خایاند. شەو و رۆژم بۆ لە یەکتر جیا نەدەکرایەوە، لێ دڵنیا نیم هەموو پەنجا و نۆ رۆژەکە ئاگاداری رووداوەکانی دەوروبەرم بووم یان چەند رۆژێک بووە؟ نازانم ئەو رۆژانە سەرەتاکان یان کۆتاییەکان بوون؟. بیرمە لە منداڵیدا خۆم دەکرد بە نووستوو، بە تایبەت ئەو کاتەی لە ماڵی پوورێکم میوان دەبووین، بۆ ئەوەی ئەو شەوەش لەوێ بمێنمەوە، لەم ئانوساتەدا گوێم لە دەنگی خوشکێکی گەورەترم دەبوو، دەیگووت قەیناکە با لێرە بمێنێتەوە (ئەی دەمخۆش)، برایەکی لە خۆم گەورەتر دەیووت تا ئۆتۆمبیلەکە دەیکەمە باوەشم با لە ماڵەوە بنووێت (سوپاست ناکەم)، داپیرەم پێداگریی دەکرد بمبەنەوە و لە تەنیشت ئەوەوە بنووم (ئای بێزار نابم دایە گەورە)، ئەم فێڵەشم زۆر جار سەری دەگرت.

ئەزموونی کۆما بۆ من وابوو ئاگاداری هەر جووڵەیەک بووم لە نزیک و دەوروبەرمدا، ئەوەی نەمدەتوانی بەشداریی بوو لە دیتن و وتندا، گوێیەکانم زۆر بەهێز ببوون، گەرچی حەوسەڵەیەکی زۆرم

هەبووە و هەیە بۆ گوێگرتن، کەچی بێزار ببووم لە گوێگرتن، لانیکەم پێویستم بە زمان بوو بۆ ئەوەی ئەو زانیارییە کەمانەی هەبوون لەو ژینگەیەدا لە مێشکمدا ڕێکیان بخەم، پێموایە هەر زانیارییەک لە ڕێگەی زمانەوە زیاتر لە مێشکدا دەچەسپێت. هەستە هەرە ناخۆشەکەم لەوەدابوو وا تێدەگەیشتم تا دێت گەردوونی بێ تخووب تەسک و تەسکتر دەبێتەوە، هێندە هاتووەتەوە یەک، لەو ژوورە بچووکەی منی تێدا بووم لە نەخۆشخانە جێگەی بووەتەوە. گیرم خواردبوو بە دەست گوێیەکانمەوە، ئەگەر بۆ یەک جار دەستم بۆ بجوولێندرایە بە دڵنیاییەوە لەفافم دەخستە گوێیەکانمەوە، کاتێک لە ڕۆژی پەنجا و نۆیەمدا بە هۆشی خۆم هاتمەوە، هەستم بە دواکەوتن دەکرد لە ژیاندا، بۆ من ئەزموونی ژیان کارە سەرەکییەکەیە، خوێندنەوەی رووت، بەبێ بیرکردنەوە و ئەزموونکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی سوودێکی ئەوتۆی نییە بگرە زیانیشی هەیە، ئەگەر نەتکاتە دۆنکیشۆت بێ دوودڵی دەبیتە ڕۆشنبیری کوردا! بۆیە هەستم بە خەسارەتێکی قەرەبوونەکراوە کرد لە کاروانی ژیانمدا. بە چەشنێکیش ببوومە کارەکتەری حەرفوشی کوڕی بەرقوق لە فیلمی (رسالة الی الوالی)ی دەرهێنەری میسریی (نادر جەلال) کە هەردوو ئەستێرەی سینەمایی (عادل ئیمام و یوسرا) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن و لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لە شاشەی تیڤییەکانەوە بینوومانە، حەرفوش لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشاوە (نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە) کەوتووەتە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە، بۆیە هەرچی دەبینێت لە دەروبەرویدا نائاشنایە، منیش هەر هەمان هەستم

هەبوو، ئەوەی دەرکم کرد رۆژێک دابڕان لەم شارستانێتی خێراییەدا دواکەوتنە، مەرج نییە هەر دواکەوتنێکیش نەرێنی بێت، زۆرێک لە پێشکەوتنەکانی جیهان چەند رۆمانسی و خزمەتکار بن، دە ئەوەندە تۆقێنەر و چەوسێنەرن.

## یەکەم نەشتەرگەریی ٥-٩-٢٠١٤

لە هەفتەی دووەمی مانگی ئاوگۆست (ئابی ٢٠١٤)، دوای پشکنینی ورد و دووجار ئێم ئارِ ئەی (MRA)، لە کۆنفرانسێکدا پزیشکەکان دوا بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لە بارەی نەخۆشییەکەمەوە دا، ئەویش بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بۆ هەڵدڕین و هەڵدانەوەی کاسەسەرم، بە مەبەستی بڕین و دەرهێنانی لووە شێرپەنجەییەکەی ناو مێشکم، رۆژی هەینی ٥-٩-٢٠١٤ دەستنیشانکرا بۆ ئۆپەراسیۆنەکە (OP)، پێویستیش بوو رۆژی ٤ی سێپتامبەر لە نەخۆشخانە (ئونی کلینیکی کۆڵن) ئامادە بم. کاک (ئەیوب)ی پورزام لە سویسراوە هاتبووە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگای لە پرۆسەی چارەسەرەکە بێت، ئەو پێشنیاری کرد ئەم دە دوانزە رۆژە بۆ گەشت و گەڕانێکی سویسرا تەرخان بکەین، هەروامان کرد و ئەو دە دوانزە رۆژە لە ناو سرووشتە دڵڕفێنەکەی سویسرادا بووین، هەر رۆژەی لە شارێک و ناوچەیەکی گەشتیاریی ئەو وڵاتە جوانە بووین کە دەمێکە بە بووکی ئەورووپا ناودێر کراوە. هەندێک دەق و چیرۆکێکم لەو ماوە کورتەدا نووسی، چیرۆکەکەم لە یەکێک لە هوتێلەکانی بێرندا نووسی بە ناوی (زۆیا) کە ئێستا لەبەردەستی (م.ئازاد عەبدولواحید)ی سەرنووسەری

گۆڤاری ئەدەبی (رامان)دایە و دایناوە بۆ بڵاوکردنەوە. تەنانەت چەند رۆژێک پاش نەشتەرگەریی ژانی لە دایکبوونی چەند پۆستەرە شیعرێک مێشکیان گرتبووم، ئەوە بوو هاورێ و خزمی ئازیزمان (سیڤەر جەمال عەلی باپیر)، بە ئەرکی نووسینەوەیان هەستا، من بە شێوەی زارەکی دەمگووتن ئەویش ئەرکی نووسینەوەیانی بە ئەستۆ گرتبوو.

رۆژی ٣ی سێپتامبەر گەراینەوە کۆڵن و هەمان رۆژ لە دەوروبەری کاتژمێر دووی نیوەڕۆ لە ئونی کلینیکی کۆڵن کاتم هەبوو بۆ قسەکردن لەگەڵ پزیشکی بێهۆشکاریی، پاش ئەوەی پزیشکی نارکۆزە (بەنج) مەترسیی زۆر و ئەگەری ئەوەی خستەڕوو لەوانەیە بەنج بەرم نەدات، تووشی دڵەڕاوکێ ببووم، حەزم دەکرد کورێ سەدەکانی ناوەڕاست بوومایە و راسڵ وتەنی بەنجم بە راکردن لە ویستی خودا هەژمار کردبا. هەر چۆنێک بوو بە ترس و شترێسەوە واژۆم لەسەر کاغەزەکانی بەردەستی پزیشکی بەنج کرد و وردە وردە بەرەو ماڵەوە گەرامەوە، جیا لە پورزاکەم ئەو دوو سێ دۆست و هاورێییەی لەگەڵمدا بوون لەو سەروبەندەدا پێشنیاری شێوازی خۆراک و ستایلی نوێی خواردنیان بۆ دەکردم، ئەوانەم نەدەبیست، چوونکە پێموابوو ئەوەی ئێستا لە هەر شتێکی دیکە پێشنۆرەترە مانەوییەت و وزەی دەروونییە بۆ ئەوەی بچمە ژێر باری ئەو ئۆپەراسیۆنە سامناکەی چانسی سەرکەوتنی زۆری نییە، ئەگەریش سەرکەوتوو بێت ریسکەکانی هێندە زۆرن، یەکێکیان هەر دەمگرێتەوە. ئەمە یەکەمین جار بوو بڕوا بە نەخۆشییەکەم

بکەم، بێگوومان لە دوو ساڵ و نیوی پێشوودا هەموو کات تەنە بیۆلۆژییەکەم لای پزیشکەکان جێدەهێشت، بەشە گیانییەکەم و دیوە میتافیزیکییەکەم هەرگیز نەچوونە ژێر باری نەخۆشییەکەوە، ئەمە کۆمەکی زۆری کردبووم، گەشەکردن و پەلهاویشتنی تومۆرەکەشی هێواشتر کردبووەوە، ئەوە یەکەم رۆژ بوو لە رووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەریی نەخۆشییەکە لەسەر خۆم ببینم، هیچم نەبینی، تەنها بیستم، رۆڵە گەورەکەی زمانم بۆ دەرکەوت، چۆن ژاک لاکان شەقێکی لە قەنەفەکەی فرۆید هەڵدا و هەموو دەرمانەکانی فڕێدایە ناو تەنەکە خۆڵەکەوە، (ئەمە سیناریۆیەیەکە لە مێشکی خۆمدا لەو سەروەختەدا سازم کردبوو)، لاکان بڕیاریدا ئیتر هەموو نەخۆشێکی دەروونی لە رێی زمانەوە چارە بکات، لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، چوومە بەر ئاوێنەکە و گووتم دەبمە (لاکان)ی خۆم، ئەگەرچی فرم بە دەروونشیکارییەوە نەبوو، هەندێک رێنمایی دەروونیم بە خۆم دا، لە ناو رێنماییەکاندا بە خۆم گووت هەستە برۆ دەرەوە، گوێ مەدە بەوەی سبەی دەچیتەوە نەخۆشخانە، دوو سبەیش نەشتەرگەریی دەکرێیت، بیر لە سێیەم رۆژ بکەرەوە بەنجەکە خاو بۆتەوە قسە دەبزرکێنیت، سەرت بووە بە پێڵاوێکی پینەکراو، کەمێک کۆمیدییە ئەگەر زمانە ئینگلیزییەکەت بیر نەمابێت و بە ئەڵمانی بڵێیت (شترێس) نیم، هەڵەیەک رووینەداوە، لە سۆنگەی ئەوەی لە دەستووری زمانی ئەڵمانیدا هەر ئێس تییەکی (St) سەرەتای وشە دەبێتە (شت)، بەم جۆرە سترێس دەبێتە شترێس، ناوی من لە (ستیڤان)ەوە دەگۆڕێت بە (شتیفان)، ئەمەیان تێمایەکی زمانەوانی ئاڵۆزە، ناتوانم بڵێم رێزمانی ئەڵمانی بێ یاسا

و هەرەمەکییە، بەڵام لەوە حاڵیم ناریزمانترین ریزمان لە جیهاندا گراماتیکی ئەڵمانییە.

ئەم شۆخیبازییەم لەگەڵ خۆم دەکرد و قاقام لێدەدا، چوومە دەرەوەی ماڵ، لە ناو شتراسەبان (میترۆ)ی ژمارە نۆ لە گەڕەکی خۆمانەوە (Vingst) بەرەو (Heumarkt) بەڕێ کەوتم، بەرەو لای ئەو پەیکەرەی شادڕەوان مامۆستا شەریف ناوینابوو یامولکی (مستەفا پاشای یامولکی) ئەو ناونانەش ریگەی لێگرتین بزانین ئەو پاڵەوانە کێیە بەسەر ئەسپەکەیەوە بە تەنیشت (راین)ەوە وەستاوە؟. ماوەی گەیشتن لە ماڵەوە بۆ شوێنی دیاریکراو لە چارەکە سەعاتێک کەمتر بوو، لە یەکێک لە بارەکانی ئەو دەوروبەرە و بەرامبەر بە راین دانیشتم، دوو گڵاس شەرابی سپیم خواردەوە، لەبەرئەوەی رۆژی شەمە و یەکشەمە نەبوو، بیرم لەو کەشتییانە نەکردەوە ئاهەنگیان تێدا دەگێڕدرا، رۆژێکیش بوو هەوای خۆش بوو، جار جار خۆر لە پشتی هەورەکانەوە نیگایەکی شەرمنانەی دەکرد، وەک کچێکی ئۆینبازیش زوو زوو خۆی لە پشت چڵکە هەورەکانەوە دەشاردەوە کە نەیاندەتوانی کۆ ببنەوە و دڵی راین پڕ بکەن لە ئەسرین. ماوەیەکی باش لە بارەکە دانیشتم، کزەی ئێوارە بەرەو رووم دەهات، چووم بۆ ریستۆرانێکی ئێرانی (ئەلبورز) لەوێ خواردن (غەزا)ی خۆرهەڵاتیم خوارد، لەگەڵ زەڵاتەی میرزا قاسمیدا، پێم خۆش بوو گڵاسێکی تر ڤاینی سپی بخۆمەوە، نەخێر سێ گڵاسم لەسەر یەک فەڕ کرد، لاپتۆپەکەم کردەوە و کەوتمە هەڵەبڕیی دەقێک، کچێکی هاوتەمەنی خۆم، نەرمە نیگای تێدەگرتم، لەبەرئەوەی شەرمنیم لە باسکردن

نایەت، خۆم لە گێژیی دەدا، پێموابێت ئەوم توورە و بێزار کرد کە نەمدەتوانی وەڵامی چاوچاوێنەکەی بدەمەوە. بە دەم پیاسەوە بەرەو دۆمی کۆیلن (کەنیسە) بەڕێ کەوتم، لە چواردەوری ئەو کەنیسەیە و وێستگای شەمەندەفەر (بانهۆڤ)ی شارەکەدا، جگە لە ژاوەژاو، دەنگی موزیک لە هەر چوار لاوە بەرز دەبێتەوە. هەستم بە تێپەڕینی کات نەدەکرد، وەک بڵێی ئیتر کات مانی گرتووە یان وچانی داوە نایەوێت چیتر بڕوات، یان وامدەزانی ئیتر ئەم ئێوارەیە کات دەمرێت و هەموو شتێک وەک خۆی دەمێنێتەوە، کەمێکیش مەست ببووم، دەمزانی ئەو گڵاسە ڤاینانە دوا پێکەکانی منن لەگەڵ ئالکهولدا، ئەوەی لە بیرم نەمابوو نەخۆشی بوو، وەک ئەو زیندانیکراوە دێرینەی ژیانی ناو بەندیخانەی بیر چووەتەوە. نزیکەی یانزە و نیوی شەو گەڕامەوە ماڵەوە، شەوەکەی تا بە لادا هاتم، بیرم لە چیرۆک و شیعر و پڕۆژەکانی داهاتوو دەکردەوە، نووستنێکی زۆر ئارام نووستم، بڕیارمدا بۆ رۆژی نەشتەرگەریی، لەو ساتەی تیمی بێهۆشکاریی دێنە سەرم لەسەر قەرەوێڵەی ئۆپەراسیۆنەکە، بیر لەم ئەکشنانە بکەمەوە، هەرواشم کرد و دوا شت بە یادم بێتەوە، بیرهێنانەوەی نیگای ئەو کچەی چێشتخانەی ئەلبورز بوو، وام لێکدایەوە ئەمە زەردەخەنەیەکە بۆ لە دایکبوونەوەیەکی ترم.

کاتژمێر نۆی بەیانی رۆژی هەینی ٥-٩-٢٠١٤ برامە هۆڵی نەشتەرگەریی و کاستی بێهۆشکاریی گەیشتنە سەرم، بزەیەکم کرد و لە دڵی خۆمدا گووتم با بزەوە بێدار ببمەوە. هەشت کاتژمێر تێپەڕی و کاتێک چاوەکانم کردەوە، ویستم بپرسم ئایا نەشتەرگەریی

کـراوم؟، کەچی هیچم بۆ نـەدەوتـرا، بـەڵام لە گواستنەوەمدا بۆ ژووری چاودێریی ورد (ئەکوت) لە ئاوێنەکانەوە لەفافم بەسەری خۆمەوە دەبینی، زانیم نەک نەشتەرگەرییەکەم تەواو بووە، بەڵکو چاویشم خەوشێکی نییە لە بینیندا کە لە دەستدانی بینایی یەکێک بوو لە ریسکەکان. پێموابوو نەبەردییەکە دەبەمەوە، بردیشمەوە، وام دەقبەڵاند هاتوومەتە گۆڕەپانی جەڕوحەبلەوە لە بەرامبەر مردندا، پێم لە خاکی ژیاندا قایم کردبوو، نەدەکرا نە ئەو راکێشم بەرەو خۆم، نە رێگە بدەم ئەو من رابکێشێتە قەڵەمڕەوی خۆیەوە، ژیان گۆڕەپانی گەمەی جەڕوحەبلە. کاتێک تاریقی کوڕی زیاد بە خۆی و لەشکرەکەیەوە لە زەریا پەڕییەوە بۆ داگیرکردنی ئەندەلووس، هەموو بەلەمەکانی تێکوپێک شکاند، دوای ئەوە هاواری بۆ سوپاکەی کرد: (پێشەوەتان دوژمن و دواوەتان دەریایە)، من لەنێوان ئەو دوو بژاردەیـەدا بـووم، گەڕانەوە بۆ دواوە واتـە رەزامەند نەبوون بە نەشتەرکاریی، ئەویش مەرگێکی مسۆگەری نزیک مەودای دەکردە چارەنووسم، بژاردەی دووەمم گەوار کرد، بەڵێنم بە خۆم دا قەڵای شێرپەنجە tارومار بکەم، چوونکە تەنیا لەم هەڵبژاردنەدا ئەگەری سەرکەوتن هەیە، وەک سوپاکەی تاریق بەرەو دوژمنی ناوخۆیی و ریشەکێشکردنی تابووری پێنجەم ملم نا، ئاکامیش سەرکەوتنی لە تەوێڵ نووسیم، ئەمە دووڕیانی ژیانە و رێگەی سێیەم نییە، دەبێت یەکێکیان هەڵبژێریت، ئایا ژیانت دەوێت بە کۆژان و هەموو دەردەسەرییەکانییەوە یان مەرگێکی بێ ژان و پشوودانی تاهەتایی؟. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ژیان یەک دەرفەتە و هەلی دووەمی تێدا

نییە، ژیانم بە هەموو سەختییەکانی ناوییەوە هەڵبژارد، ڕەوشتی تاکەکەسیم وایە ئارەزوویەکی ناکۆتام هەیە بۆ خەبات و ئاڵنگاریی خودیی و دەرەکیی، لەمەدا وا تێدەگەم سرووشتی راستەقینەی هەر مرۆڤێکی تریش وابێت. زۆرێک لە بیرمەندان و فەیلەسووفان تێبینی ئەوەیان کردووە ئاسایش و سەقامگیریی درێژخایەن لە پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگ زیانبارترە، بەو پێیەی لە (ئاشتی هەمیشەیی)دا، شتەکان دەچنە دۆخی مەیین و بۆگەن بوونەوە، هێمنی ئەبەدیی بە جۆرێک لە جۆرەکان رووە هەناسەدەرەکەی مەرگە، لێ بەداخەوە سەردەمێک تەنگی پێ هەڵچنیووین تێیدا جەنگ چاکترین ئامڕازە بۆ لەناوبردنی خراپە! لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە دیالەکتیک لە ناساندنە هەرە سادەکەیدا بریتییە لە ململانێی دژەکان، بە بۆچوونی خۆم خودی ژیان جگە لە ڕەوشێکی دیالەکتیکی هیچیتر نییە.

## نەشتەرگەریی دووەم ٣٠-١١-٢٠٢٠

ژیان یارییە، شانۆیەکی ڤۆدڤێل (تاک پەردەیی) نییە، چەندین دیمەن و پەردەی لە خۆگرتووە، ئەوە مردنە کۆتایی بە یاریی و ژێست دەهێنێت. لە درامای (گەمەی تەختە پادشاییەکان)دا، لانستەر بە چرپە بە ستارک دەڵێت: (کاتێک دەکەویتە ناو گەمەی تەختە پادشاییەکانەوە یان سەردەکەویت یان دەمریت)، نەخۆشی و بگرە ژیان هەمان کایەیە، ڕێگەی سێیەم و خۆدزینەوەی تێدا نییە، دەبێت تا مردن بەرەنگاریی بکەیت، تا کۆتایی دەست بە فیشەکەکانتەوە

بگریت، ئەو وزە ناوەکییەی هەمانە بۆ مەسەلەی لابەلا بە فیڕۆی نەدەین. لە هەمان دراماداا، لیتڵ فینگەر، روودەکاتە ستارک و پێی دەڵێت: (تۆ زریێ دەپۆشیت و پێتوایە ئەوە دەتپارێزێت، ئەو زرێیە وا دەکات کێشتر زیاتر بێت و جووڵە و هەنگاوەکانت خاوتر بن)، ئەم دەربڕینە لە کۆنتێکستی رەسەنی خۆی جیا دەکەمەوە و دەرئەنجامی تری لێ بەرهەم دەهێنم: زۆربەی جار ئێمە لە ژیاندا ئەوەندە قورس بیر لە خۆپاراستن لە مەرگ دەکەینەوە، جووڵەکانمان لەناو ژیاندا سست دەکەن، ئەوەندە قایمکاریی دەکەین بۆ مانەوە، نازانین ئەو قایمکارییە دەبێتە هۆی داباڕینی بەڵاکانمان، وەک گووتیشم ژیان یارییە، دەبێت تا کۆتایی یارییەکە بەردەوام بین، وەستان لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا بە هەر بیانوویەکەوە بێت بۆ خۆی مردنە، هەر کردنە دەرەوەیەکیش لە یارییەکەیدا دیسانەوە واتای مردن دەگەیەنێت، هەمان ئەو دیمەنەی لە دراما کۆرییەکەدا (سکوید گەیم) دەیبینین هەر دەرکردنێک واتە دەرکردن لە ژیاندا با گەمەکە یاری منداڵانیش بێت. بۆ درێژەدان بەو گەمەیە، ملکەچی نەشتەرگەریی دووەمی هەڵدڕین و هەڵدانەوەی کاسەسەر بووم.

ئەوەبوو رۆژی هەینی ٢٧-١١-٢٠٢٠ هەردوو هاوڕێ کاک مستەفا چوارتایی و کاک حەمەهێمن لە دووریی دوو سەد کیلۆمەترەوە، لە دۆخی ئاوارتەی کۆرۆنا و لوک داون و کەرەنتینەدا، هاتن بۆ نەخۆشخانەکەم، لەبەرئەوەی تەنیا یەک کەس مافی هەبوو بێتە ژوورەوە بۆ لام، ئەویش بە ماسک و تێستی ئاکتوێلی کۆرۆناوە، رێگەیان بە کاک مستەفا دا بێتە ژوورەوە، زیاتریش بە

هۆی کارەکەیەوە بوو لە سێکتەری تەندروستییدا. هەر هەمان رۆژ قسەکردنمان لەگەڵ پزیشکی نەشتەرساز و بێهۆشکاریی تەواو کرد، لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا لەگەڵ ئەوان چوومەوە ماڵ، رۆژی یەکشەمە ۲۹-۱۱ دووبارە بە ئۆتۆمبیلی کاک مستەفا گەڕامەوە نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس، لەوێدا لەگەڵ ئەو جیابوومەوە، ئەو بەرەو شاری کۆڵن گەڕایەوە و منیش سەد بارە گەڕێنرامەوە بۆ قاوش. کەمێک شترێسم هەبوو، نیگەرانی ئەو نەشتەرگەرییە بووم، ریسکەکانی بەراوورد بە چانسی سەرکەوتن، شتێکی شایانی باس نەبوو. دوو سێ کتێبی نوێشم لە ئەمازۆنەوە پێ گەیشتبوو، دەستم کرد بە خوێندنەوەی یەکێکیان، کتێبەکە کەمتر ئاشنایە لە دنیای کوردییدا، ئەویش کتێبی (مزگەوتێک لە مینشن– Mosque in Munich بە ئینگلیزیی)ە. ئەو مزگەوتەی لە سەردەمی نازیزمدا و بە بڕیاری هیتلەر وەک چاکەدانەوەی موفتی فەلەستین (محەمەدئەمین ئەلحوسێنی)، بۆ موسڵمانانی دروستکرد کە تا ئەمڕۆش وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی ئیسلامگەراکانە. کتێبەکە بەرهەمێکی پڕ بایەخی نووسەری کەنەدی ئاین جۆنسۆنە و ساڵی ۲۰۱۰ چاپ بووە، باس لە بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژیی دەکات لەلایەن نازییەکانەوە، هەر نازییەکان ئەو کارەبایەیان بۆ ئیسلامگەراکان دابین کرد. نزیکەی ۳۰ لاپەڕەی سەرەتام لێ خوێندەوە، بێزارییەکی سەیر دایگرتبووم، سەرەتا وا دەهزریم دوای ئەم نەشتەرگەرییە چی؟، بە پێچەوانەی روانگەی هیگڵ و مارکسەوە (کتێبی هەژدەی برۆمیری لویس پۆناپارت)، لە بەردەم خۆدووبارەکردنەوەی مێژوودام بە شێوەی تراژیدیک.

ئەهریمەنێک هاتبووە بن کڵێشەم تا سبەی نەشتەرگەرییەکە نەکەم، باکم بە مردن نەبوو، تەنێ لەو خەڕەکە ترسم هەبوو، هەموو شتێک لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە، هەرواش بوو، گەڕامەوە خاڵی سفری چارەسەر. کات بەرەو تاریکییەکی نیچەیی دەچوو، ئەو پێیوابوو هەتاهەتایبوون لە تاریکییەکانەوە (ئاوابوون) لە دایک دەبێت، شتەکانم لێ تێکەڵ دەبوون و لەبەر خۆمەوە بۆڵەیەکم دەکرد: (ئەو راست دەکات، دوای شەوگارە تاریکەکان، کازیوەی بەیانی دەردەکەوێت). پێویستم بە بڕێک گەشبینی بوو، ئەگەر بگاتە مەرزی گێلایەتیش، عەقڵانییبوون لەم کاتانەدا باش نییە وەک چۆن لە زۆر کاتی تریشدا بەهەمان شێوەیە، کەمێک لەسەر پشت راکشام، کتێبەکەش لەسەر سینگم بوو، هۆشم چڕ کردەوە لەسەر دەرەوەی نەخۆشخانە، چەند چرکەیەکی شادیبەخش بوو؟، خۆمم دەبینی لە ژوانگەدام، دەمبینی لە کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە ئارەق بە ناوچەوانمدا چۆڕاوگەی بەستووە، لە کۆنسێرتێکی موزیک لە ریزی کۆتایی دانیشتووم و رۆچوومەتە ناو ئەو دەنگەی لوولیداوم، خۆمم لە هەموو جێگەیەک دەبینی لە ناو باخی ژیاندا، هەرگیز نەمتوانی سەرکەوتووبووم لە وێناکردنی خۆم لە ناو گۆڕێکدا، یان بەو شێوەیەی ئارەزووی دەکەم قرچەقرچی سووتانی تەرمەکەم ببینم، ناکرێت ئەم وێناکردنە بەشێک بێت لە خورافە، بەڵکو جووڵاندنی سیستمی بەرگریی لەشە بۆ هەموو ئەگەرەکان. دەوڵەتان پێش جەنگ، سوپاکانیان دەخەنە ئامادەباشییەوە، ئەگەرنا بێ هیچ بەرگرییەک وڵاتیان داگیر دەکرێت، ئەم نموونەیە بچووکتر بکەرەوە بۆ تاکەکەسێک هەر هەمان شتە.

ئەو وزە فەرامۆشکراوەم کارا کردەوە کە زۆرێکمان تا دەمرین نایدۆزینەوە. ئەگەر بە پێی فینۆمینۆلۆژیا قسە بکەم، شتێک تۆ نایبینیت مانای وانییە بوونی نییە، بۆی بگەڕێ دۆزینەوەی سەخت نییە. زانستی میکرۆبناسیی لەبەرچاو بگرە کە بریتییە لە بینینی ئەوەی نابینرێت، بە زمانێکی ئاسانتر ئەگەر نەمانەوێت بینراوەکانیش نابینین. لە راستیدا ئەمە کرۆکی چیرۆکێکیشمە بە ناوی (جادووگەر)، چیرۆکێکی تەواو سیاسییە و تا نووکە چانسی بڵاوبوونەوەی لە هیچ رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردییدا نەبووە.

بەدەم ئەم داڵغە خۆشانەوە، بیرۆکەی نووسینی کتێبی (شارستانی کۆلاپس) چەکەرەی کرد، بیرم لە بەشەکانی کتێبەکە دەکردەوە، وردە وردە چاوم دەنیشت و نەمزانی چۆن خەوم لێکەوت، ئەگەرچی لە ناوەڕاستی دوو نەخۆشی تری پرخەپرخکەردا بووم، پرخەکانیان ببوو بە لایلایەی نووستنێکی قووڵ. کاتژمێر شەشی بەیانی پەرستارەکان گلۆپەکانیان هەڵکرد و خواردنی بەیانیان هێنا، خواردنی منیان نەهێنابوو، ئاگادارییان کردم گەر خۆیشم خۆراکێکم پێیە نەیخۆم، فشاری خوێن و تێستی شەکرە و چەندانی تریان کرد، پاشان گۆرەوی نەشتەرگەرییان پێدام لە پێی بکەم، ئەو گۆرەوییە نەفرەتییە قاچی وا رووشاندم تا ساڵێک شوێنەواری لەسەر قاچی راستم نەسڕایەوە. ئێستا لەسەر چەرپایەکی گوێزەرەوە (نەقالە)م بەرەو هۆڵی نەشتەرگەریی، بۆ یەک خولەک بگرە کەمتر ترسی مەرگم لێنیشت، کات درەنگ بوو، خەریکبوو دەگەیشتمە بەردەستی پزیشکی نارکۆزە (بەنج)، دەبوو بە خێرایی خۆم لەم مێردەزمە

ناوەختە رزگار بکەم، رووداوە خۆشەکانم بە بیری خۆم دەهێناوە، نوکتە و پێکەنینەکانم زۆر بە هانامەوە هاتن، رستەیەکی دەرنەبڕدراو لە خۆ گەڵاڵەکردندا بوو: (چەندێک قەد و باڵام لەبەرچاوی مەرگدایە، رەگـەکـەم سێ هێندە رۆچـووەتـە نـاو خاکی ژیـانـەوە. رەشەبای هەژاریی، رەهێڵەی نەخۆشی، رەنگە لقێکم بشکێننەوە، بەڵام لەوە بێ دەسەڵاتترن لە رەگەوە هەڵمکێشن). چاوێکم بۆ ژیان و کات هەڵبڕی وەک بڵێم دڵ لە دڵ مەدەن زۆر نابات دێمەوە، حەوت و دە خولەکی بەیانی بوو، ئیتر کەوتمە خەوێکی قووڵی چەند کاتژمێرییەوە. لە کاتی ئەو خەوتنەشدا پزیشکەکان سەرقاڵی دەرهێنانی لووەکەی ناو مێشکم بوون.

لەو دەمـەدا چاوم هەڵهێنا، پەرستارێکی گەنج، دەستی تەڕی دەهێنا بە دەموچـاومـدا، وام هەست کـرد دەسـت بخاتە سـەتڵێک سەهۆڵاوەوە ئینجا بیپرژێنێت بە دەموچاومدا، زۆر لەمە دڵنیا نیم، بەڵام ئەو هەستەم هەبوو. لە ئێوارەی رۆژی ٣٠-١١ەوە لە ژووری چاودێریی چڕدا بووم، بۆ سبەینێ بردیانم بۆ وێنەی MRA، دواتر گەڕاندمیانەوە بۆ ژووری چاودێریی چڕ، رۆژی ٢-١٢-٢٠٢٠ گەڕێنرامەوە شتاسیۆنی ئاسایی. ماوەی دە رۆژ تەقەڵەکان لەسەرمدا بوون، دوای ئەوەی دەرهێنران، هەڵئاوسان و کۆبوونەوەی ئاو لە شوێنی نەشتەرگەرییەکە دروستبوو، ئەمە زۆرتر لە ئۆپەراسیۆنەکە ئازاری دام، ماوەی مانگ زیاتر ئەو هەڵئاوسانە نەنیشتەوە تەنانەت ئەو کاتە بەو رەوشە خراپەوە چارەسەری کیمیاییم وەردەگرت. خۆم ئەم دووەم نەشتەرگەرییەم ناونا (دووبارە لە دایکبوونەوە)،

ئەوەش هەر ناونیشانێکی فریودەرانە نەبوو، بەڵکو باشتر سوودم لە ڕۆژەکانی دوای ئەم لە دایکبوونەوەیە وەرگرت، چ بۆ ژیانی پریڤاتی خۆم، چ لە بواری کارکردن و بەرهەمهێنانی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییدا، ئەگەر ئەو لە دایکبوونەوەیە نەبووایە لانیکەم هەشت کتێبی ترم چاپ نەدەبوون، پڕۆژەکەم بە نیوەچڵی دەمایەوە، بۆیە توند و مەحکەم قاچم لە زەوی مانەوەدا راگرتبوو، ژیانم دەویست هەم بۆ چێژ، هەم بۆ ماناپێدان، لە پەیوەندیی راستەوخۆدام بە ژیان و مردنەوە، ویستی ژیان قووتی داوم، تێدەگەم هەرمان بۆ هیچ زیندەوەرێک نییە، ژیانیش تا ئەو کاتە باشە بتوانیت چێژی لێ وەربگریت و مانای پێبدەیت، دەنا لە مردن چاکتر نییە ئەو چرکەساتەی ناتوانین چێژ لە ژیان وەربگرین. بەدەر لەمەش ئامانجی ئەم دێڕانە ئەوەیە ببێتە ڕێبەری کەسێک دەیەوێت مانا بە ژیان بدات و گوڵەوەچنێی چێژی تێدا بکات.

## چارەسەری کیمیایی

زۆربەی جار بیر لەوە دەکەمەوە گریمان دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوتووە لەگەڵ یەکێک لە گەورەترین زاناکانی نەخۆشی شێرپەنجە دیدارێکمان هەیە، لە خۆم دەپرسم یەکەمین پرسیار لێی دەکەم چییە؟ یان سەرەتای گفتوگۆکەمان بە چی دەستپێدەکات؟. نازانم ئەوەی لەم چرکەساتەدا بە مێشکمدا دێت و دەچێت، ئەوە نییە چاوەڕێی مژدەی لێ بکەم، چوونکە دەزانم ویستی بازاڕگەرایی لە ویستی مرۆڤگەرایی باڵادەستترە، لەوانەیە تاکە پرسیارێکی لێ

بکەم: ئەگەر خۆت تووشی شێرپەنجە ببیت، چی کارێک بە پێشنۆرە دەزانیت بۆ رووبەڕووبوونەوەی؟. نازانم بۆچی پێموایە دەڵێت بیر لە ژیان دەکەمەوە و خۆم ناخەمە ژێر چارەسەری کیمیایی؟!. یەکێک لەو هەڵانەی کردم لەم میانەی نەخۆشییەکەمدا بێ بڕواییم بوو بە تواناکانی جەستەی خۆم!، زانست خۆی سەلماندوویەتی جەستە ئەو بەهرە و دەسەڵاتەی هەیە بەشداربێت لە پرۆسەی چارەسەرکردندا بێ هیچ دەرمانێک. یەکەمین پرۆسەی کیمیاییم لە مانگی یانیوە (مانگی یەک)ی ٢٠١٦ دەستی پێکرد، هەر ٢١ رۆژ جارێک دەرزییەک و لەگەڵیدا چواردە رۆژی هەر مانگێک بەردەوام و بێ پچڕان چارەسەری کیمیایی وەربگرم بە شێوەی حەب، ئەم پرۆسەیەش هەروا تا ساڵێکی رەبەق بەردەوام بوو. لە هاوینی ٢٠١٦ تووشی ژەهراوییبوونی خوێن و ئەلەرگی پێست بووم، بەم هۆکارە حەبەکانیان لابرد، بەڵام دوو حەب هەر مانەوە کە لە سەرەتای نەخۆشییەکەمەوە تا ئێستا هەموو رۆژێک سێ ژەمە دەیانخۆم. لە سەرەتای ٢٠١٧ چارەسەرەکەم راگیرا و بڕیاریاندا بەشێوەیەکی چڕ چاودێرییم بکەن، لە رێگەی وێنەی ئێم ئاڕ ئەی (MRA)ەوە کە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ هەر دوو مانگ جارێک گرتوومە. ئەوەش چیرۆکێکی خۆی هەیە و رەنگبێ حەز بکەم لە دەرفەتێکی تردا بیگێڕمەوە.

مانەوەم لە نەخۆشخانە تا هاوینی ٢٠١٧ درێژەی کێشا، پاش هاتنە دەرەوەم لە نەخۆشخانە لەگەڵ هاوڕێیانی پارتی چەپی ئەڵمانی (لینکە) گەشتێکی چەند رۆژەمان بۆ بەرلین دەستپێکرد، لەوێ لە

بارەگای سەرەکی لینکە و لە ژووری فراکسیۆنی لینکە لە پەرلەمانی ئەڵمانی، دوو سیمینارم پێشکەش کرد، دواتر لە رۆژی ٣-٨-٢٠١٧ واتە لە رۆژی لە دایکبوونمدا بە گەشتێکی یەک مانگی لە تارانەوە گەڕامەوە کوردستان. پاش هەفتەیەک لە دووبارە گەڕانەوەم بۆ ئەڵمان، دیسانەوە تەندروستیم تێکچووە و ناچار ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە هێڵدرامەوە، هەر لەو کاتەدا بە هۆی تێستی خوێنەوە بۆیان ئاشکرابوو کە بە رێژەیەکی کەم تووشی تالاسیمیا بووم، بێجگە لەوەی ناجێگیریی و خاوبوونەوە هەبوو لە لێدانی دڵمدا. زۆرینەی کاتەکانی ٢٠١٨شم لە نەخۆشخانە گوزەراند (٢٠١٨م ناونا ساڵی کۆما)، ئەگەرچی زۆر دەرفەتیشم بۆ هەڵکەوت سەفەر بکەم بۆ سوێد، هەندێک وردە گەشتیشم بۆ دانیمارک کرد لەو ماوەیەدا. لە مانگی ئاوگۆستی ٢٠١٩دا دووبارە بڕیاردرا جارێکی تر بۆ ماوەی یەک ساڵ چارەسەری کیمیایی وەربگرمەوە ئەوەش بەشێوەی حەب، هەر چوار هەفتە جارێک، پێنج رۆژی لەسەر یەک و بێ دابڕان دەبوو ئەو حەبانە بخۆم، شێوازی خواردنەکەشی نائاسایی بوو، سبەینان لەسەر سکی ناشتا (خورێنی)، کاتژمێر حەوتی بەیانی دەبوو دەنکێک حەب بخۆم و پاشتر یەک کاتژمێر چاوەڕێ بکەم، دوای ئەوە پێنج دەنک حەبی کەپسول (گولاج) هەموویان پێکەوە بخۆم، دوای ئەمەش دەبوو کاتژمێرێکی تر بوەستم ئینجا دەست بکەم بە نان خواردنی بەیانی و بچمەوە سەر خواردنی حەبە رۆژانییەکانم. ئێستاش کە ئەم دێڕانە دەنووسم (مانگی حەوتی ٢٠٢٣) لە پارەوە هەمان چارەسەر وەردەگرم، یەکێک لە خراپترین کاریگەرییەکانی

ئەم چارەسەرەش ڕشانەوەی بەردەوام و ژانەسەری لە ڕاددەبەر و بەرگەنەگیراو و ئازاری ئێسقان و ماسولکەکان و گەدە و قوورگە، بێجگە لە خەمۆکی و لەش داهێزران و حەواس نەمان. ئەو پرۆسەیە بـەردەوام بوو تا مانگی ئۆگەستی ٢٠٢٠، لە دوا تێستی ئێم ئارِ ئەیدا دووبارە دەرکەوتبوو تومۆرەکە (وەرەم) چەند جار گەورەتر بووە لە قەبارەی پێشووی، لە کۆنفرانسێکی پزیشکییدا بڕیاردرا دووبارە نەشتەرگەریی هەڵدانەوەی کاسەسەر (فتح الجمجمە)م بۆ ئەنجام بدرێتەوە، لە ڕۆژی ٣٠-١١-٢٠٢٠ کاتژمێر حەوتی بەیانی تا چواری دوانیوەڕۆ ئۆپەراسیۆنەکە درێژەی کێشا و خۆشبەختانە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

جارێکی تر و لە مانگی یەکی ٢٠٢١ بـڕیـاردرا سێ بـارە چارەسەری کیمیاییم بۆ بکرێتەوە بە شێوەی دەرزی، هەر سێ هەفتە جارێک دەرزییەک، ئەمەش ساڵێک و سێ مانگ بەردەوام بوو تا ئاپریلی ٢٠٢٢، لە مانگی مایۆ (پێنج)ی ٢٠٢٢ بڕیاردرا بنێردرێم بۆ جێگەیەکی دوورەدەست بە نیازی حەسانەوە، ئەوە ڕووینەدا و لە ناکاو باری تەندروستیم تێکچووەوە، لە مانگی ئاوگۆستدا پزیشکی سەرپەرشتیاری دۆسییەکەم (د.میشێل ڕاوخ) بڕیاریدا جارێکی تر چارەسەری تیشک (شترالون تێراپی) بۆ ماوەی دوو مانگ وەربگرم، ئەویش هەموو ڕۆژێـک جگە لە شەممە و یەکشەممان، تـەواوی مانگی سێپتامبەر و ئۆکتۆبەری پار (٢٠٢٢) ئەو چارەسەرەم بۆ کرا لە ڕێگەی تیشکەوە، ئەمە هەمان چارەسەر بوو لە ئۆکتۆبەر بۆ دیسامبەری ساڵی ٢٠١٥ هەر لە (فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ) بۆم

ئەنجام درابوو، ئەم چارەسەرە بەراوورد بە شیمۆ تێراپی هێمنترە، کاریگەریی خراپی دوور مەودای هەیە، کاریگەرییە نزیکەکانی بریتییە لە سەرئێشە و هەندێکجاریش رشانەوە، بەڵام لە هەر جێگەیەک بدرێت مووەکانی بۆ تاهەتایە ناڕوێنەوە، شانسی خۆیشم شێرپەنجەکەم لە سەرمدایە، مووەکانی سەرم بۆ ئەبەد وەرین. لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢شەوە تا ئەمڕۆ دووبارە چارەسەری کیمیایی وەردەگرم، هێشتا نازانم کەی کۆتایی پێدێت، لەو بڕوایەدام تا کۆتایی ساڵ بخایەنێت. ئەگەرچی لە دوا (MRA) دا دووبارە ئەکتیڤبوونەوەی تومۆرەکە بینرا، بڕیاردرا جارێکی تر کۆنفرانسێکی لە بارەوە بگرن، زۆرترین ئەگەریش ئەوەیە بۆ سێیەمین جار لە کۆتایی نۆڤەمبەر یان سەرەتای دیسامبەری ئەمساڵ (٢٠٢٣) نەشتەرگەریی هەڵدانەوەی کاسەسەرم بۆ بکرێت. سەرەڕای ئەو هەموو دژوارییەش گۆڕانکاریی و رووداوی تازەم پێ خۆشترە وەک لە هیچ روونەدان و لێکچوونی رۆژەکانم. بڕوام بەوە هێناوە ئەوەی ژیان لە مەرگ جیا دەکاتەوە، هەناسەدان نییە، بە حکایەتکردنی ئەو بەسەرهاتانەیە لە دەووروبەرتدا دەقەومێن، لە بناغەوە ژیان واتە رووداو و گێڕانەوە، لای تزڤێتان تۆدۆرۆڤ ئەکتی گێڕانەوە لە قووڵترین واتایدا بریتییە لە ژیان.

تۆ ئەگەر بیست ساڵ لە زینداندا بیت، ناچاریت زنجیرەیەک بەسەرهات لە مێشکی خۆتدا دابتاشیت، چواردەورت پڕ بکەیت لە کارەکتەر و هەر یەک رۆڵێکیان پێبدەیت. ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ لانیکەم لە خۆرئاوا بەم جۆرەی لێ هاتووە: دووبارەبوونەوەیەکی

سیزیفی، سەروسەودا نەکردن لەگەڵ هیچ گۆڕانکارییەکی تازەدا تەنانەت بە دیوە هەرە بەدەکەیدا. دراوسێیەکم هەیە بە تەنیا دەژی، هەموو بینینی جیهان بۆ ئەم، ئەو کاتەیە سەگەکەی دەباتە دەرەوە بۆ پیاسە، رووداو لە ژیانیدا نەماوە، دەبینم لەبەرخۆیەوە دەدوێت، وەک بڵێی لەناو چواردەورێکی قەرەباڵغدا بێت و قسەیان بۆ بکات، ئەوەندەی دیقەتم داوە ئەدگار و سەروسەکوتێکی خۆشی نییە، بە بێزاریی و ناچارییەوە وەڵامی بەیانی یان رۆژباشی کەسێکی نیمچە سۆسیالی وەک من دەداتەوە. دڵنیام ئەم پیاوە تەنهایە چیرۆکسسازە و لەگەڵ ئەو رووداوانە دەژی لە مێشکی خۆیدا دروستیان دەکات. کاتێک لە چەناڵی یوتوب سەیری شانۆگەریی (دوارۆژەکانی بابلۆ)ی شوان کەریمم کرد، زیاد لە هەر شتێک، چیرۆک داتاشینی بابلۆ سەرنجی راکێشام، چۆن رۆڵی سەرەکی چواردەورەکەی لە کارمەندانی نەخۆشخانەی دەروونییەوە هەڵگێڕاوەتەوە بۆ هاوسەر و کچ و شۆفێری تایبەتی و دەستەیەک هاوڕێی دێرینی هونەرمەند؟!، خۆم لەو ماوە درێژانەی لە نەخۆشخانەدا ماومەتەوە، پەنام بۆ هەمان تەکنیک بردووە، ئەگەرچی گێڕانەوە تاکە هونەرێک بووە زیاد لە هەر هونەرێکی تر تێیدا (وەستا) بم، کەچی لەناو نەخۆشخانەدا تواناکانم لە نووسینی چیرۆکدا تەقینەوە، من هەردەم و هەموو کات لەگەڵ کارەکتەر و ئەو جیهانە ئەفسووناوییەدا دەژیم لە ئەندێشەمدا هەیە، هەندێکیانم کردووە بە هاوڕێی ژیانی ریالیتەم، بەبێ ئەو رووداو و چیرۆکانە مومکین نەبوو بتوانم درێژە بە بوونی خۆم بدەم، وەک چۆن (بەلزاک)ی رۆماننووسی فەرەنسی، لە سەرەمەرگدا داوای

کردبوو بنێرن بە شوێن دکتۆر (بیانشۆن)دا!، لە کاتێکدا بیانشۆن تەنیا لە ناو دنیای چیرۆکەکانی ئەودا بوونی هەبوو.

## گەشکە

بەپێی فرۆید هیستریا نەخۆشییەکی تەواو ژنانەیە، بەڵام ئەگەر فرۆید و یونگ تێکەڵ بکەم، لە کاتی پێکەنیندا بەشە ژنێتییەکەی پیاوێتیم زاڵ دەبێت (ئەنیما) و هێندە لە پێکەنیندا رۆدەچم خۆم بۆ ناگیرێتەوە و هیستریا دەمگرێت، یەکەم و دووەم خۆدەرخستنی شێرپەنجەش لە مێشکمدا لە رێگەی گەشکەوە خۆی نیشان دا، لە هەردوو گەشکەشدا لە قووڵترین پێکەنینەکان و گێڕانەوەی لۆکترین نوکتەکاندا بووم، پاشتر زۆرینەی جار تا هەنووکە لە کاتە زۆر شاد و گەپەکاندا گەشگەکە وەک خزان و راتڵەکانی لووە شێرپەنحەییەکان یەخەم دەگرێت!، داپیرەم دەیگووت: (پێکەنینمان پێوە نایەت)، وەک بڵێی داپیرەم پێشگۆیی بۆ ئەو نەخۆشییەی من کردبێت، بۆیە بەو جۆرە لە پێکەنین ترساوە. لەوە بزێوترم دەستبەرداری پیشەسازیی نوکتە دروستکردن بم و هیچ ساتێکیش ناتوانم پێکەنین بتۆرێنم، دروست نازانم ئەو ئاڵۆگۆڕە نۆرۆلۆگییە چییە لە کاتی پێکەنینەکانمدا روودەدات، هەر ئەوەندە ئاگادارم جوکەکانم بە نیوەچڵی دەپچڕێن و کاتێک بە هۆش دێمەوە چەند کاتژمێرێک تێپەڕیوە. ئێوارەیەکی پێش کۆتا رۆژی بەهاری ٢٠١٥ بوو، لە سەنتەری ستۆکهۆڵم لە چاوەڕوانی دۆستی ئازیز (کەریم مەرەسەنە) وەستابووم، دیمەنێکی زۆر قۆشمە سەرنجی راکێشام، نامەوێت بیگێڕمەوە چوونکە بۆنی راسیزمی

لێدێت، کەچی وایلێکردم پێکەنینم بتەقێتەوە، لەناو پێکەنینەکەمدا بووم، بروسکەیەک شاخەکانی مێشکمی سووتاند، گەردەلوولێک لەسەرمدا هەڵیکرد، چاوەکانم چەشنی چاوی کونەپەپوو دەستیان بە خولانەوە کرد، هەر چۆنێک بێت خۆمم گرتەوە و بە لۆژە لۆژ دەستم بە رۆیشتن کرد و خۆم نووساند بە محاجەرەیەک (پەرژین)ی ئەوبەر شەقامەکەوە، کەمێک هێور بوومەوە، چاوم بۆ خانەخوێکەم دەگێڕا، سەیرێکی ئەوبەری شەقامەکەم کرد، بینیم ئۆتۆمبیلێک بۆ ئەوەی هۆڕن لێنەدا، بە دەست بانگم دەکات، چوومە ئەوبەرەوە کەریم مەرەسەنە خۆی و کوڕێکی گەنجی لەگەڵ بوو، پاشتر زانیم (شێرکۆ جیهانی)یە.

ئەو شەوە لە ماڵی کاک کەریم دوو جاری تر لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهات و نوکتەکانی ئەواندا، هێندە پێکەنینم، خەریکبوو زەمین لەرزەیەک بە بەرزترین پلەی رێختەر مێشکم بهەژێنێت، سرووشت وای رێکخستبوو لەوێ تووش نەبم، رۆژی دواتر دۆستی ئازیزم (ئاری بەرزنجی) هات بە شوێنمدا و بڕیار وابوو ئێوارەکەی لە چێشتخانەیەکی کوردیی داوەتـی ئەو بم، کات گەیشتە ئێوارە و لەسەر مێزی رێستۆرانەکە سوبێک دەخۆین، لەگەڵیدا سەربردەی رۆژانی منداڵی و لاویی دەگێڕینەوە، پێدەکەنین و قاقامان دەگاتە دەرەوەی چێشتخانەکە، لە ناکاو برووسکەیەک لە قاچمەوە دەستی پێکرد و بە قۆڵمدا سەرکەوت تا پشتەسەرم، گەشکەیەک لێی دام، ئاری پەشۆکاو، نەیتوانی هیچ بکات، خۆم ئاگام لە هیچ نییە، هەر ئەوەندە هۆشم هەبوو یەکێکی مەچەک ئەستوور توند لەپی دەستی

خستە سەر چاوم، کاتێک بەهۆش دێمەوە لەسەر گوێزەرەوەیەکم (نەقالە) لە نەخۆشخانەی (کارولینسکا)، دوو پەرستاری خوێن شیرین بەسەرمەوە وەستاون و ئاری لە دەرەوە ماخۆلان گرتوویەتی. ئەو شەوەم لە نەخۆشخانە تێپەڕاند و بۆ سبەی (بەلا)م لێ نەبوو، کاتێک ئاری هاتە سەردانم کەوتمەوە قسەی زل زل، پێی گووتم ئەمڕۆ یەکەم رۆژی هاوینە، پزیشکەکان گووتوویانە دەردەچیت، بۆیە دەچینە سەر دەریا، دواتر دەگەڕێینەوە ماڵ، منیش بەو پێشنیارە خۆشحاڵ بووم، دەریا لای من ئاوێکی زۆر نییە، شتێکی جیاوازە، بیست لاپەڕەم لەسەری نووسیووە، بێگوومان هەر بڵاوی دەکەمەوە، پێم خۆشە ببێتە بەشێک لەو رۆمانەی بڕیارە بینووسم کە وەک شەمەندەفەرەکەی سلێمانی لێ هاتووە. ئەوە دواجار بوو گەشکە بگرم و پێویستم بەوە بێت بڕۆمە نەخۆشخانە، هەرچەند دوو ساڵ دواتر (٢٠١٧) لە دوای بینینی نووسەر و رۆماننووس (ئیسماعیل حەمەئەمین)، لە کافێیەکی شاری کۆڵن، هەستم کرد ژانە سەرێک سەری قوورس کردووم، بەسەر خۆم نەهێنا، دیدارەکەمان تەواو بوو، هیچ رووینەدا، دواتر لەگەڵ هاوڕێیەکی ترم چووینە رێستۆرانی سانا (ئەوسا سامان بوو)، لە کالک، لە کاتی نانخواردندا دووبارە وەک بڵێی یەکێکی بەهێز بە هەموو تینی پاڵێک بەسەرمەوە بنێت، سەرم بۆ پێشەوە رۆشت و ئەو وزە کارەباییە ئەوەندە هێزی هەبوو خەریکبوو ملم بشکێت، لەگەڵیدا سەرتاپام نقوومی ئارەقە بوو، بە پەلە خۆم گەیاندە دەستشۆریی و سەرم بۆ ماوەی پێنج خولەکێک لەبەر ئاوی سارد راگرت، بەوە کەمێک باشتر بووم، ئەوەندەش بزێو

و نەوسن بووم، نە بام دیبوو نە بۆران، هاتمەوە سەرەوە دەستمکرد بە نان خواردن.

ساڵەکان هاتن ئەگەرچی لە پێشووتر دۆخم خراپتر دەبوو، بەڵام گەشکەم تووش نەبووەوە، دەتوانم بڵێم لە دوای حەوت ساڵ و دوو مانگ و نیو بەسەر کۆتا گەشکەدا جارێکی تر لە شەوی ٦-٩-٢٠٢٢ لە کاتی خەودا یەخەی گرتمەوە، تا ئەودەم نە بینیووم نە بیستبووم گەشکە لە خەودا لە کەسێک بدات، هەستم کرد ماوەی ئەم گەشکەیە لەوانیتر درێژتر بوو، بەڵام بە زووی پەرستارەکان گەیشتنە سەرم و تا ئەمڕۆش (یولی ٢٠٢٣) وا نۆ مانگە بێ ئەوەی هیچ گەشکەیەکم تووش بێت رۆژەکانم بە دوای خۆمدا رادەکێشم. ماوەتەوە بڵێم یەکەم دەرکەوتنی شێرپەنجە لە مندا (شوباتی ٢٠١٢) بەهۆی گەشکەوە بوو، پێشتر باسم کرد کە نەتوانرا یەکسەر دیاگنۆز (تەشخیس) بکرێت، جاری دووەم لە مارسی ٢٠١٣ دووبارە لە کاتی گێڕانەوەی نوکتەدا لە چایخانەی شەعب گەشکە لێیدامەوە، ئەگەرچی هەفتەی دوو سێ جار تووشی دەست لەرزین دەبووم، دەبوو کەسێکی بەهێز بە هەموو توانای خۆیەوە مەچەکم بگووشێت تا دوای چەند چرکەیەک هێور دەبوومەوە، بەڵام جگە لەو دوو جارەی سەرەتا، سێ جاری تر گەشکەی تەواوەتی لێیداوم، بە گشتی لە ماوەی ١١ ساڵ و چەند مانگی نەخۆشییەکەمدا حەوت جار گەشکەی تەواوەتی لێیداوم، وەک وتم بێجگە لەو نیمچە گەشکانەی تر کە لە سەد دانە تێدەپەڕین، ئەوانە لە شوێنی خۆیدا و بە گووشینی توندی دەستم چارە دەبوون و پێویستیان بە ئەمبولانس و نەخۆشخانە

نەبوو. ئەمە دانپێدانانێکی قوورسە بۆ نووسەرێکی کورد، وا بێ گرفت باسی ئەزموونی گەشکەکانی خۆی بکات، بەو پێیەی گەشکە ناوبانگێکی باشی نییە و لە کوردەوارییدا پێی دەوترێت (پەرکەم، فێ)، بە پێچەوانەی نەریتی ئینجیلییەوە لە کۆمەڵگە قورئانییەکاندا هەردەم هەوڵی پەردەپۆشی هەر پەڵە و لەکەیەک دەدرێت (گەشکە لەکە نییە، نەخۆشییە)، دیقەت بدەن ژان ژاک رۆسۆ لە کتێبە بیۆگرافییەکەیدا (دانپیانانەکان) تا سەر ئێسک خۆی رووت کردووەتەوە، ئەم نەریتە لە لاقەبرەغەی کریستیانیزمەوە دەرهاتووە، وەک چۆن هەر کەسێک لە بەردەم قەشەیەکدا دان بەو هەڵە و گوناهانەدا دەنێت ئەنجامیداون، لە ئیسلامدا بە پێچەوانەوەیە، داوا لە باوەڕداری ئاینەکە دەکرێت تاوان و هەڵەکانی بشارێتەوە تا خوداش بۆی داپۆشێت. هانی تاک دەدرێت بەنهێنی داوای لێخۆشبوون (تەوبە) بکات و تاوانەکانی ئاشکرا نەکات، چوونکە ئەمە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تاوان. جیا لەوە هەرچیم کرد دڵم نەهات ئەو دوو وشەیەی پێشوو (پەرکەم وفێ) لە بەرامبەر خۆمدا بەکاربهێنم، هەروەک چۆن دڵم نایەت لە پەسنی بلیمەتە مێژووییەکانی وەکوو سوکرات و ئەرەستۆ و نیچە و دۆستۆیڤسکی و نیوتن و ئەلفرێد نۆبڵ و ڤان کوخ و ئیدگار ئالان پۆ و چارلز دیکنز و زۆرێکی تردا هەمان زاراوە بخەمە رستەوە.

لەوە دەچێت گەشکە پەیوەندییەکی کۆنکرێتیی پتەوی بە داهێنان و فەلسەفە و ئەدەبەوە هەبێت، ئەوانە بینای شارستانێتیان کردووە و ژێرخانی کولتووریی کۆمەڵگەکانیان دیزاین کردووە، زۆرێکیان بە دەردی گەشکەوە ناڵاندوویانە، تەنانەت فیساگۆرس داهێنەری

ناوی فەلسەفە و فەیلەسوف گرفتاری هەمان دەرد بووە، زۆریێکیش لەوانەی توانیوویانە مێژوو بە ئاقاریێکی تردا ئاڕاستە بکەن دیسان ئەوانەن بە زگماکی یان لە قۆناغێکی تەمەنیاندا دووچاری گەشکە بوون، هەر لە ئەسکەندەری مەکدۆنی و یولیۆس قەیسەرەوە بیگرە تا دەگاتە سەر ناپلیۆن و رۆزڤێلت و هانیپاڵ. ئەزموونی گەشکە وەک مردن وایە هیچ کات ناتوانیت بیگێڕیتەوە (لانیکەم بۆ من وایە)، تەنیا هەستی پێدەکرێت، ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان ئەم تاڵییەیان ئەزموون کردووە، دەزانن چ سەختییەکە، چ هەستکردنێکە بە نزیکیی مەرگ، چ بوومەلەرزەیەکی کاولکاری تاکەکەسییە و شوێنەوارێکی فەرامۆشنەکراوی لە یادگە و ئاگایی و نائاگاییمدا جێهێشتووە؟. لە هەر حەوت جارەکەی گەشکەکانمدا وامدەزانی ئەوەی پێیدا تێدەپەڕم پەڕینەوەیە بەرەو مەرگ، هاوارم دەکرد، دەمزانی دەنگم دەرنایەت، تەنیا لرخەلرخێکی تۆقێنەر لە دەرەوە دەبیسترێت، ئەو چەند چرکەیەشی دەکەوتمە نێو نائاگاییەوە نزیکەکانم وێنایان کردووە بۆم، هەرچەند کۆشاون چاویان بەرایی نەهاتووە وێنەم بگرن، بە پێی قسەی ئەوان، لەشم رەق رەق بووە، چاوم بەرەو پشتەوە هەڵگەڕاوەتەوە، کەفی سپی لە دەم و لووتمەوە فیچقەی کردووە، وەک مردوویەک لەسەر زەوی کەوتووم و هەناسەدانم فرە زەحمەت بووە. بیرم دێتەوە لە یەکێک لە گەشکەکانمدا زمانی خۆم دەگەزی، تا یەک مانگ دواتر زمانم بە برینداریی مایەوە و نەمدەتوانی چێژ لە هیچ خواردنێک وەربگرم. جارێکی ترم بە یاد دێتەوە، وەک بڵێی بە ناخی زەوییدا بە چەندان کیلۆمەتر رۆبچم، بە پێچەوانەی

(پیدرۆ)ی کارەکتەری سەرەکی رۆمانی (فڕینی پیدرۆ لە ناکۆتادا)ی ئێنریک ئەندرسن ئەمپێرتەوە، لە بری ئەوەی بفڕم، نغرۆ دەبووم، دەتگووت موشەکێکم لە کەشکەڵانێکی ترەوە گیراومەتە سەر زەوی، لە نەژادی ئەو مووشەکانەی وەک دڕێل توانای کونکردنی خاکیان هەیە. ئازایەتی دەوێت گەشکە بە یادی خۆت بهێنیتەوە، چجای ئاوا بێ پەردە لە نووسیندا یادداشتی بکەیت، چوونکە ئەوەی نووسرا لە کۆتاییدا ئەوە دەمێنێتەوە.

## شترالونگ تێراپی

سالّ، بە هێواشی خۆی بەرەو هەزارەی سێیەم دەکوتا، رۆژەکان لە سەدەی پێشوودا خاوتر دەڕۆیشتن، ئاگام لە خۆمە چی دەڵێم، دەبێت ئێوە ئاگاتان لە خۆتان بێت مەبەستم چییە!!. لە کۆتایی نەوەدەکاندا لە ژوورێکی بچووکی پشتەوەی هۆڵی میدیای سلێمانی، سێ کەس سەرمان نابوو بەسەری یەکترەوە، پیانۆ هەمووماني لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، ئەرکان عەلی رۆژانە چەندان کاتژمێر پیانۆی دەژەنــی، نیاز عومەر کچێکی بزێوی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو، وردە وردە مەشقی لەسەر پیانۆژەنین دەکرد، منیش مەستێک بووم لە پێگەی مامۆستادا خۆم دانابوو، رۆژێک لەو رۆژانە هەردووکیانم بانگ کردە بەردەم دەرگای هۆڵی میدیا، قرچەقرچی نیوەڕۆیەکی سووتێنەر بوو، جار و بار پاسێک یان تاکسییەک بە شەقامی سالمدا گیڤەی دەکرد، بەرامبەر هۆڵەکە شوێنی وەستانی پاس بوو، سێ ژنی فەرمانبەر لە چاوەڕوانی پاسدا وەستابوون

و گفتوگۆیان دەکرد، پیاوێکی جەمەدانی بەسەریش لە بەردەم مۆزەخانەی سلێمانی وەستابوو، (تەنیشت هۆڵی میدیا)، پۆلیسێکی هاتوچۆ لە کەپرێکی ناوەڕاستی هەردوو سایدەکەدا فیکەی لێ دەدا، فیکەکەشی وەک خۆی خەواڵوو دەنگی دەردەچوو، لەم کاتەدا هاوارم کرد، پۆلیسەکە و کابرای جەمەدانی بەسەر و سێ فەرمانبەرەکە و سەرنشینی پاسێکی کۆستەر کە لە بەردەم ترافیک لایتی بەردەم ئامادەیی پیشەسازیی وەستابوو، تێکڕا سەرنجیان خستە سەرم وەک بڵێی ئەم هاوارە یەکەم جاری شێتبوونم بێت، لە دوای هاوارەکە کاتژمێرەکەی دەستم دا بە زەویدا و پارچە پارچە بوو، گووتم ئیدی باوەڕ بە کات ناکەم!، بۆچی ئێستا کاتژمێر یەکە (سیانزە)؟ بۆچی ئەم کاتە بەشێوەی بازنەیی هەر دووبارە دەبێتەوە؟، من دەمەوێت کات راگرم، وەک ئەو شۆڕشگێڕانەی پاریس تەقەیان لە کاتژمێری شوێنە گشتییەکان کرد و لە کاریان خستن، بە جۆرێک کاتیان راگرت نەک بیکوژن، لەوساوە تا ئێستا جار جار کات دەوەستێنم، ناهێڵم ئەو تێمپەڕێنێت، من ئەو تێدەپەڕێنم.

لە دوای ١٦ ساڵ و لە کۆتایی سێپتامبەری (٢٠١٥)، هاوڕێم نیاز عومەر هەمان رۆژی بیر خستمەوە، ئەو بیرخستنەوەیە بۆ ئەو دەمەم زۆر بایەخدار بوو، چوونکە لەبەردەم ئاڵنگارییەکی گەورەدا بووم، خۆم دابووە بەر چارەسەرێک کە ئێستاش وردەکاریی زۆری لە بارەوە نازانم، ئەویش تیشکدانەوە (bestrahlung) بوو، ئەم چارەسەرە یەکێکە لە پێشکەووترین چارەسەرەکان و داهێنراوێکی بەهاداری زانستی پزیشکییە، لێدانی تیشکە لە تومۆرەکان و بچووککردنەوە

و سووتاندنیانە تا ئاستی لەناوبردنیشیان. لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ تا ناوەڕاستی دیسامبەری هەمان ساڵ، دەبوو ئەو دوو مانگ و نیوە، هەموو رۆژێک جگە لە رۆژانی شەممە و یەکشەممە ئەو تیشکە لە تومۆرەکەی ناو مێشکم بدرێت، ماوەی تێراپییەکە چەند خولەکێک بوو، بەڵام لەو دەمانەدا کات بە گۆچان دەڕوات و تێناپەڕێت، بیرم لە ئەکتی شکاندنی کاتژمێرە دەستییەکەم دەکردەوە، ئەوسا دەمویست زەمەن رابگرم، نەک بە پێچەوانەوە دەمەوێت خێرا بڕوات، نەشمدەزانی چیتر روودەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوویەکی بێ سنوورم هەبوو بۆ تێپەڕین لەم دۆخە ئازاردەرانە، شێوازی چارەسەرەکەش هێندەی تر ئازاربەخش بوو و دەبووایە بە ماسکێک سەر و دەموچاوت دابپۆشن و ئەو چەند خولەکە هیچ نەبینیت، بۆ منێک کە شەیدای بینین و تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەرم بووم، کارێکی فرە زەحمەت و تاقەتپڕوکێن بوو، هەموو رۆژێک لەگەڵ هاوڕێ ئەڵمانییەکەم (هانس ڤێرنەر) بە ئۆتۆمبیلی ئەو دەچووینە (فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ)، ماوەی چاوەڕوانی چارەکێک یان بیست خولەکی دەخایاند، موبایلەکەم لە گیرفانم دەردەهێنا و دەکەوتمە تێکست نووسین، زۆرترین پۆستەرەکانی (مانیفێستی عەشق)م لەم کاتانەدا نووسی و پاشتر لە ساڵی ٢٠١٧دا لە کتێبێکدا بە ناوی (بە تیشکی عیشقت ئەدرەوشێمەوە) چاپکران.

جگە لەوانەش شیعرەکانی وەکوو (بێ تۆ) و (چاوەڕوانی) کە لە هەمان کتێبە شیعردا چاپکراون هەر لە هۆڵی چاوەڕوانیی شترالونگ تێراپیدا نووسراون، لە شیعری چاوەڕوانیدا، چاوەڕوانیی تیشکە

سووتێنەرەکە کە تەواوی مووی لای چەپ بەرەو تەپڵەسەرمی بۆ هەتاهەتایە هەڵوەراند، هەڵگێڕایەوە بۆ چاوەڕوانی ئەویندارەکەم، وەک بڵێی لە جێژوان یان لە وێستگەی شەمەندەفەرێک لە چاوەڕوانیی هاتنیدا ئۆقرەم لەبەر بڕابێت، ئەو دوو مانگ و نیوە ناڵێم دژوارترین قۆناغی نەخۆشییەکەم بوون، لەبەرئەوەی سەرلەبەری پێڤاژۆکان لە سەخت سەختتر بوون، دەشێ بڵێم سەیرترین کات بوو، تا ئەو تیشکە سووتێنەرە قەبارەی تومۆرەکەی مێشکمی بچووک بکردباوە، رووبەری خۆشەویستی فراوانتر دەبوو!، بە شێوەیەک لەوە دەچوو ئەم تومۆرە دژی خۆشەویستی هاتبێت و ئەو جێگە عاسییەی لەناو مێشکمدا داگیر کردبێت، چوونکە لە شوێنێکدایە داعشیش ناتوانێت وا خۆی لە پێشمەرگە و شەڕڤان بشارێتەوە، ئەگەرچی زۆر ناڕەحەتیم چەشت، ئەو قۆناغەشم تێپەڕاند و خودی چارەسەرییەکەش زەمینەی رەخساند بۆ وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا. لێ بەداخەوە دوای حەوت ساڵ، کاتژمێرەکە گەڕایەوە سەر سەعات سیانزە، لە سەرەتای سێپتامبەر تا کۆتایی ئۆکتۆبەر، دووبارە دوو مانگی تر هەمان چارەسەر (شترالونگ تێراپی) هاتەوە سەر رێگەم، هەستم کرد ئەو دید و تێڕوانینەی دەڵێت کات بازنەییە لەو گۆشەنیگایە راستترە جەخت لەسەر راستەهێڵیی کات دەکاتەوە، ئەوەتا دوای حەوت ساڵ گەڕاومەتەوە سەر هەمان رەوشی دووبارە، پێموابوو لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا شێوازی چارەسەرەکە گۆڕاوە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، کەچی مەزەندەکردنەکەم لە جێگەی خۆیدا نەبوو، کات لەو جێگەیە (نەخۆشخانە) رەق هەڵاتبوو، هەموو

شتێک وەک خۆی بوو، تەنانەت دەموچاوەکان هەمان دەموچاوی پێشوو بوون، نەمدەزانی ئایا کات زەبری خۆی لە رووخساری ئەوانیش داوە یان نا؟، چوونکە هەموو دەموچاوەکان لە ژێر ماسکی سەردەمی کۆرۆنادا شاردرابوونەوە، من وەک ئەوەی ئەکتەرێکی دێلارتێ کۆمیدیا بم، دەبوو جگە لە ماسکی کۆرۆنا، ماسکی ئەو چارەسەرە (تیشکدانەوە) دابنێم.

جارێک بە کاک (شەماڵ عەباس) ئەو هاوڕێیەی لەو دەمەدا و لە دووەم نەشتەرگەرییمەوە هاوەڵ و بەدەنگمەوە بووە، گووت هەست دەکەم یان سەرم زلتر بووە یان ئەو ماسکە بچووکترە؟. لە هەموو ژیانمدا رقم لە ماسکبەستن بووە کەچی نەخۆشیی شێرپەنجە ناچاری کردووم، بەڵام دەموچاوی راستەقینەی من لەسەر ماسکەکەیە نەک لە ژێریدا، بیرکردنەوەم لەسەر ماسکەوە دیارە نەک داپۆشیبێت. ئەم جارەش ئەو دوو مانگەی شترالونگ چەند پاتە زەمینەی ئامادە کرد، بۆ چارەسەری کیمیایی کە تا ئەمڕۆ (هەفتەی یەکەمی یولی ٢٠٢٣) بەردەوامە و پێدەچێت تا کۆتایی ساڵ درێژەی هەبێت. لێ هیچ کات حەزم لە شتە دووبارەکان نییە، بەڵام وەک بڵێی لە دەرەوەی خۆم، کەسێکی تر بڕیار بدات و بەشێک بم لە گەمەی ماترێکسی و کۆمپیوتەریی، بەردەوام هەمان ئەو شتانە روودەدەنەوە کە پێشتر روویانداوە، لەوە دەچێت ژیان زنجیرەیەک رووداوی کەمی هەبێت بۆ من، لەگەڵ ئەوەشدا من رووداو و چیرۆکی تر دروست دەکەم، رادەستی هیچ کۆمپیوتەرێکی سرووشتی و بان سرووشتی نابم و نەبووم، رێسای یارییەکە دەشێوێنم، وای بۆ دەچم نهێنی

زیندوومانەوەی تا ئێستام بۆ تێکدانی یاسای گەمەکە بگەڕێتەوە. شاعیرێکی وەک پابلۆ نیرۆدا ئۆتۆبیۆگرافییەکەی خۆی ناوناوە (دانی پێدا دەنێم ژیام)، من دانی پێدا دەنێم بە ئازارەوە ژیاوم، هەموو تەمەنم و ڕۆژانی ژیانم بریتیبووە لە خەبات دژی ئەو بڕە زیاد لە پێویستەی ناخۆشی و نەخۆشی و ئازار و چەرمەرسییەکانی نێو ژیان، ئەزیش دانی پێدا دەنێم بە باشترین شێوە ژیاوم، چوونکە بەر سرووشتی ڕاستەقینەی ژیانم کەوتووم و دەکەوم، ئەو سرووشتەش ئاسوودەیی نییە وەک هەندێک بیری لێ دەکەنەوە، هەوڵ و تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامە، زۆرێک هەن لە ناو ژیاندان بێ ئەوەی بژین، بەپێچەوانەوە زۆر لە مردووەکان هێشتاش لە زیندووترینەکانن. نیچە لە کتێبی (دژە مەسیح)دا پێیوایە سبەینێ سەردەمی ئەوە، نەک ئێمە لە سبەینێ و سەردەمی نیچەداین.

## ژەهراویبوونی خوێن

لە ماوەی سێ ساڵدا (٢٠١٦-٢٠١٩) دووجار تووشی ژەهراویبوونی خوێن بووم، هەردوو جارەکە لە ڕێگەی خروو و ئاڵۆشی پێستەوە (ئەلرگی) نیشانە سەرەتاییەکانیان دەرکەوتن، لە هەردوو جارەکەشدا لە میانەی پرۆسەی چارەسەری کیمیاییدا ڕوویاندا بەتایبەت بەهۆی ئەو حەبە (Tablette) کیمیاییانەی جیا لە دەرزییەکان پێمدەدرا. تووشبوونی یەکەم لە مانگی پێنجی ٢٠١٦دا بوو، بە درێژایی ساڵەکە چارەسەری کیمیاییم وەردەگرت، پلانێرەی نەخۆشخانە بۆ تێراپییەکە لە چوار هەفتەی هەر مانگێکدا بەم جۆرە

بوو: رۆژی یەکەم دەرزی کیمیایی لە نەخۆشخانە و لە رێگەی کانیۆلاوە (infusion). رۆژی هەشتەم تا رۆژی بیست و سێ (١٤ رۆژ) خواردنی حەبی کیمیایی لە ماڵەوە، رۆژی بیست و نۆیەمینیش دووبارە دەستپێکردنەوە بە هەمان رێوشوێنی پێشوو. ئەو ساڵە (٢٠١٦) لە مانگی یەک (یانیوە)وە پرۆسەکە دەستیپێکرد بۆ ماوەی یەک ساڵ تا مانگی یەکی ٢٠١٧. وەک ئاماژەم پێدا لە خولی پێنجەمی خواردنی حەبە کیمیاییەکانمدا (مایۆی ٢٠١٦)دا، لە رۆژی سێیەم و لە دەوروبەری شەش و نیوی ئێوارەدا، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پێستی قۆڵ و باڵم بەشێوەیەکی نائاسایی کەوتنە خروو، دواتر هەموو لەشم سوور هەڵگەڕا و بڵقی وەک برینی لەسەر دروستبوو. لەبەرئەوەی هیچ زانیارییەکی پێشوەختەم لەبارەی ریسکەکانی ئەو حەبەوە پێنەدرابوو، وا بە مێشکمدا هات پەیوەندیی هەبێت بە جۆری ئەو خواردنەی ئەو رۆژە خواردوومە، بە خێرایی تێلم بۆ ئەمبولانس کرد، تا گەیشتنی ئەمبولانسەکە بیرم بۆ زۆر ئەگەر دەچوو، لە هەموو ئەگەرەکان نزیکتریش ژەمەخواردنی ئێوارە بوو، کە هەمووی سەعاتێک دەبوو خواردبوومان. بیرم دێتەوە میوانێکم لابوو بە ناوی سەربەست (ئێستا لە شاری کۆڵن دەژی)، برنج و شلەی ماش و مریشکی ناو فڕنم ئامادە کردبوو، هەستم کرد لە کاتی لێنانی ماشەکەدا ئاوێکم لێ نەڕشتووە، (وا دەرنەچوو، چوونکە بیرم هاتەوە ئاوم لێ ڕشتبوو، یەکەم جاریش نەبوو ماش لێنێم)، تا گەیشتنی تیمی ئەمبولانسەکە وامدانابوو تاوانەکەی لە ئەستۆی ئەو ماشەیە خواردوومە بە تایبەت کە بیرم چووە ئاوێکی لێ بڕژم.

لەماڵەکەمەوە لە شارەدێی شتاینهاگن تا نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس لە شاری بیلەفێلد، ئەگەر قەرەباڵغ نەبێت، ماوەی ڕێگەکە پازدە خولەک دەبێت، ئەگەر ئەمبولانسیش بێت زووتر دەگاتە جێ، لە بەختی تاریکی مندا ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای نەخۆشخانەکە ڕوویدابوو، هیچ بوارێک نەمابوو ئەمبولانسەکە پێشڕەویی بکات، چوونکە دەبوو بە لای ڕاستدا پێچ بکاتەوە لەسەر ئەو شاڕێیەی بەرەو ناو سەنتەری بیلەفێلد دەچوو، هەرچۆنێک بێت دوای نیو کاتژمێر گەیەندرامە نەخۆشخانەکە، پزیشکێکی ژن لەوێ سەیری لەشی کردم، دەمودەست بڕیاریدا ئاوم بۆ هەڵواسن و ئەنتی بیوتیکم تێبکرێت، دواتر لە پشکنینی خوێندا زانرا خوێنم ژەهراویی بووە، بۆیە دەستوبرد سێ کانیولا لە ملم چەقێندرا و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا خوێنیان پاڵاوتم، پرۆسەکە بە جۆرێک بوو لە ژیانمدا نەمبینیبوو، سۆندەیەک لە ملمەوە خوێنی دەبرد و یەکێکی تر پاش پاڵاوتنی لە دەستگایەکدا دەیهێنایەوە بۆ لەشم هەر لە ملمەوە، سۆندەیەکیش بە بەردەوامی ئاو هاتوچۆی پێدا دەکرد، ئەم ژەهراویبوونەم زۆر بە ئاسایی گرتبوو، نەمدەزانی ریسکەکانی زۆر لەوە گەورەتر و مەترسیدارترن مەزندەم کردبوو، یەکێک لە خراپترین ئەگەرە بەهێزەکانیش مردن بوو. ئەو شەوە لە نەخۆشخانەی گلیاد مامەوە، پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، ڕۆژ بووەوە بە ئەمبولانسێکی تر گەیەندرامە نەخۆشخانەیەک لە براکڤیدە بۆ چارەسەری برین و ئاڵۆشیی پێستم، شێوازی چارەسەرەکەش بەم شێوەیە بوو: ڕۆژی سێ جار دەبوو بچمە کابینەیەکەوە سەراپا

لەشم بە کۆرتیزۆن و دیتۆڵ و یەک دوو پاکژکەرەوەی تر چەور بکەم، هەروەها دەبوو لە رۆژێکدا پێنج جار بە مەلهەمێکی تر هەموو جەستەم پاکژ بکرێتەوە، ئەمەیان سیستەرەکان دەیانکرد، لەگەڵیدا چەند ئەنتی بیوتیکێکم تێدەکرا لە رێگەی کانیۆلاوە. شەش رۆژ لە نەخۆشخانەکەی براکڤیدە مامەوە، زۆر هەستێکی تەنیایی سەیرم هەبوو، کەس لە کەس نزیک نەدەکەوتەوە، هەموو ماسکدار بووین، چوار ساڵ پاشتر لە کاتی پەتای کۆرۆنادا ئەمەم دووبارە بینییەوە، وەک بڵێی پێشتر پرۆڤەم بۆ ماسک کردبێت، زوو راهاتم لەگەڵ ماسکی کۆرۆنادا ئەگەرچی دیدێکی جیاوازترم هەبوو لەسەر دەمامک و کەرەنتین.

جاری دووەم، بە شێوەیەکی جیاوازتر دەرکەوت، لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا روویدا. دوو رۆژ پێش ئەوەی ئەم پێشهاتە رووبدات، لە کاتی نینۆک بڕیندا، نینۆکی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی راستم سوور هەڵگەڕا، بەهۆی ئەوەی وا راهاتووم لە بنی بنەوە نینۆکەکانم بقرتێنم، کەمێک خوێنی لێهات، بەڵام هەموو شت ئاسایی بوو، تەنیا ئێشێکی کەمی هەبوو، دوو رۆژ تێپەڕی و ئێوارەیەکی پایزیی ستۆکهۆڵم بوو، لە مۆڵ ئەسکەندەناڤی لە سۆلنا لە رێستۆرانێکی لوبنانی نانم دەخوارد، پەنجەم وەک ئەوەی گووللەیەکی پێوەنرابێت و ئێستا سارد بووبێتەوە ئازاری دەهات، شان و ملم رەق ببوون، هەستم بە لەرزین دەکرد، بە تۆگ (شەمەندەفەر) گەڕامەوە ڤێسبی، لەو چارەکە سەعاتەدا بە تەواوەتی دۆخم تێکچوو، بۆ دوو رۆژ دواتریش کاتی نەخۆشخانەم هەیە لە ئەڵمانیا، دەبوو

خۆم کۆبکەمەوە لە سویدەوە بۆ ئەڵمان بگەڕێمەوە، لە بری ئەوە خۆم خستە ژێر بەتانییەکی ئەستووری زستانە کە هیچ سوودی نەبوو، ناچار هەرچی نوێنی ماڵەکە بوو دام بە خۆمدا، وردە وردە لەرز لەشی بەردەدام، پێموابێت دوو کاتژمێریکیش خەوم لێکەوت، دەبوو هەستم خواردنەوەیەکی گەرم بخۆم یان دوشێک بکەم، هەرچەندم کرد نەمتوانی لە شوێنی خۆم راست ببمەوە، کەسیشم لەلا نەبوو، چ بێ چارەییەکە؟. نازانم چۆنم شەو لێ رۆیشت و رۆژ بووەوە، لەگەڵ رۆژبوونەوەدا وردە وردە خرووو زیادی دەکرد، سەیرم کرد لەناو بەینی پەنجەکان و رانم و سینگمەوە دوومەڵی جەرگی سەریاندەرهێناوە، تێگەیشتم کار لە کار ترازاوە، بەڵام هیچ لەرز و ژانەسەرێکم نەمابوو، چەند کاتژمێرێکم مابوو بۆ کاتی شەمەندەفەرەکەم چوونکە بەڵێنم دابوو یەک دوو کاتژمێرێک لەگەڵ مامۆستا فەتاح و خاڵەحەمەی شاعیر لە کۆپنهاگن- دانیمارک بەسەر ببەم کە لەسەر رێگەکەم بوو، جێنج (گۆڕین)ی شەمەندەفەریشم هەبوو لەوێ، ویستم ئەو دەرفەتە سێ کاتژمێرییە بۆ ئەو دیدارە بقۆزمەوە، پلانەکەم گۆڕی و بڕیارمدا بە فڕۆکە بگەڕێمەوە، هیچ فڕۆیەکم دەست نەکەوت بۆ دوسلدورف.

ناچاربووم تیکتی فڕۆکە بکڕم بۆ هامبۆرگ، لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا دووبارە لەرز و تام لێهاتەوە، نەمزانی چۆن سواری فڕۆکە بووم و چۆنیش دابەزیم، کەسیش نەبوو بێت بە شوێنمدا، ناچار لە ماندوویێتیدا هوتێلێکم گرت بۆ سێ چوار کاتژمێرێک، بەڵام دەبوو پارەی شەوێک بدەم، هەر چۆنێک بوو چوومە ژوورێکی

هوتێلەکە، ژوورێکی پۆخەڵ و پەڕپووت نەک سەد ئۆیرۆ سەد سەنتی نەدەهێنا، تەپوتلی زۆرم کرد تا تۆزێک بنووم و ماندوویێتیم دەربچێت، بەهەرحاڵ هەڵەکەم ئەوەبوو کارمەندانی هوتێلەکەم ئاگادار نەکردووە، دەمژێر ٥ی ئێوارە لە خەو بێدارم بکەنەوە، کاتێک بێداربوومەوە حەوت و نیوی شەو بوو، تا خۆم گەیاندە وێستگەی شەمەندەفەر بە تاکسی، کات بوو بە دەوروبەری کاتژمێر هەشت. شۆفێری تاکسییەکە کابرایەکی مەغریبی بوو، سەرەتا زۆر سارد و سڕ بوو، وا تێگەیشتبووم هێندە مەستم سلێمانی وتەنی فڕم بە جمهورییەتەوە نەماوە. کاتێک پێمگووت نەخۆشم و وا و وا، مرۆڤایەتی خۆی نواند و زۆر یارمەتی دام و تەنانەت جانتاکەشی تا ناو بانهۆف بۆ هێنام، لەگەڵمدا بوو تا تیکتی شەمەندەفەرم کڕی بۆ بیلەفێلد، بە پێی پلانەکە بووایە دەبوو پێش ١٢ی شەو بگەمە شوێنی خۆم. لە چانسی بەدی من، شەمەندەفەرەکە لەنێوان هەردوو شاری هامبۆرگ- هانۆڤەر وەستانێک وەستا زیاتر لە دوو دەمژێری پێچوو. بڕواناکەم هیچم بیر بێتەوە، چوونکە جانتاکەم دزرابوو کەچی هەر پێم نەزانیبوو، ئەوەی باش بوو پاسپۆرت و پارە و کارتەکانم لەناو ئەو جانتایەدا دانابوو کە لە ملم کردبوو. کاتێک گەیشتمە هانۆڤەر کاتژمێر دوانزە و بیست خولەک بوو، ڕووداوێکی چوارساڵی پێشترم بیرهاتەوە، هەر لەم شاری هانۆڤەرە، هەر لەو درەنگانی شەوەدا، بەڵام لە مانگی دیسامبەردا (٢٠١٥)، کاتێک چووم بە دوای هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسی کچدا لە کەمپێکی نیومینستەر، لە گەڕانەوەدا لە شاری هانۆڤەر کات کەوتە دوای دوانزەی شەو،

شەمەندەفەر نەمابوو، منیش بۆ سبەینێکەی چارەسەری تیشکدانەوە (شترالونگ)م هەبوو، دەبوو لەوێ ئامادە بم، کوردێکمان لێ پەیدا بوو، بە زۆری زۆرداریی بردینییەوە ماڵی خۆی و ناو خانەوادەکەی، لە ئۆتۆمبیلەکەیدا پرسیاری لە من کرد، وتی: ئەوە هاوسەرتە؟. لە دڵی خۆمدا وتم ئێستا بڵێم نا، هاوڕێمە، دیپۆرتمان دەکاتەوە بۆ زاخۆ، یەکسەر وتم، بەڵێ ئەو تازە گەیشتووە، من پازدە ساڵێکە لێرەم، هەر دەرنەدەچوو، ناچار لەم کرانەوەیەی رێگادا هەلمان قۆستەوە و هات (مەبەست لە کردنەوەی سنوورەکانە لەلایەن تورکیاوە لە ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا کە لێشاوێک کۆچبەری کورد لەم کرانەوەیەدا گەیشتنە وڵاتانی ئەوروپی).

بەهەرحاڵ دەگەڕێمەوە بۆ ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، بێ ئومێد ببووم لە هاتنی ئەمجارەی فریشتەی رزگاریی، بۆیە جارێکی تر تاکسییەکم گرت لە هانۆڤەرەوە بۆ بیلەفێلد، جا نرخی چەند گران بوو؟، لەبەر گیانی خۆم نەبووایە، کابووسە بیرکردنەوە لەو بڕە پارەیەی بەو تاکسییەم دا. ئەوەندەم هۆش نەبوو هەر لە هامبۆرگ بانگی ئەمبولانس بکەم، هەم ئەو هەموو زەحمەتییەم نەدەکێشا هەم زووتر بە چارەسەر رادەگەیشتم. دەمژێر لە نزیکەی سێی بەرەبەیاندا بوو، گەیشتمەوە شتاینهاگن (ئاواییەکەی لێی دەژیم)، هەرچیم کرد خەوم لێنەکەوت، ویستم بە زۆر رایبکێشم بۆ کاتی دیاریکراوی خۆم لە نەخۆشخانە واتە هەشتی بەیانی، بەڵام بەرگەم نەگرت و لە چارەگێک دوای کاتژمێر پێنج زەنگم بۆ ئەمبولانس لێدا، تیمی ئەمبولانس هێندە خاوەخاو و پرسیاری قۆڕ و  ناپێویستیان کرد، کاتژمێر بوو بە

شەش، ئنجا گەیاندمیانە نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس، لەوێش دوو کاتژمێری یەکەم هیچیان بۆ نەکردم جگە لە پشکنین (یەکسان بووەوە لەگەڵ وادەی دیاریکراوی خۆمدا)، ئەنجامی تێستەکان دەریانخست دووبارە تووشی ژەهراوییبوونی خوێن بوومەتەوە، بە تەواوەتی کەوتوومەتە دۆخێکی مەترسیدارەوە!، ماوەی ٧٢ کاتژمێر هەیە لە بەردەممدا ئەگەر نەتوانن لەو ماوەیەدا چارەسەرم بکەن، ئیتر کاتی کفن و دفنمە. چارەسەرەکان عەینەن تاس و حەمامی پێشوو بوو، پێویست ناکات دووبارە بیگێڕمەوە، خۆشبەختانە پێش ماوەی دیاریکراو چارەسەرم کرا و سەرکەوتووانە لەم تەنگژەیەش دەرباز بووم. هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێم جاری دووەمیش هەمان ئەو حەبە کیمیاییانەی جاری یەکەمم دەخوارد، کە هەر ئێستا لە ٢٠٢٣دا دەیانخۆم. لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە زۆر پڕ دڵەڕاوکێ و ئازار بوو، کەچی بەختەکەم لەوەدابوو زانستی پزیشکیی کە پێم خۆشە سنووری دەسەڵاتی خۆی بزانێت فریام کەوت، بێ ئەوەی ڕۆڵی ویست و ئیرادەی خۆم فەرامۆش بکەم. بەم جۆرەش خەونەکەی د.جەزا چنگیانی و حەمەهێمن بوو بە سەراب!، دەبێت چ خەونێک بووبێت؟. هەردوو هاوڕێی ناوبراو لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون ئەگەر دەربازم نەبوو لەم بارودۆخە و مردم، ئەوا نابێت دەستکاریی کتێبخانە وماڵەکەم لە سلێمانی بکرێت، بەڵکو دەبێت بە کتێبخانەکە و تێکڕای کەلوپەلەکانی ناوییەوە بکرێتە مۆزەخانەیەکی بچووک بە ناوی خۆمەوە. سوپاس بۆ ژیان و سوپاس بۆ نیازی هەردوو هاوڕێکەم، چی بکەم ژیان پێچەوانەی نیازی ئەوانی خواست، لەو

بڕوایەدام خۆشیان ئەوەیان پێ خۆشتر بوو لەو نەخشەیەی بۆ دوای مەرگم دایانڕشتبوو.

## یەکترناسینێك لە نەخۆشخانە

ڕۆژی ٣-٩-٢٠١٥ کاتێک تەماشای کەناڵێکی ئەڵمانیم (N24) دەکرد لەسەر لاپتۆپەکەم، دیمەنی منداڵێکی ڕۆح هەڵفڕیووی کوردم لە ڕۆخی ئیجەدا بینی (ئایلان کوردی) کە ڕۆژی پێشتر لە دەریاکەدا خنکابوو، وێنەکەش لەلایەن فۆتۆگرافەر (نیلوفەر دەمیر)ەوە چرکێندرابوو، ئەم فۆتۆیە وەک ئاگر لە پوش و پەڵاش بەربدەیت بە خێرایی ویژدانی تۆپیوی جیهانی جووڵاند و ڕاچڵەکاند. منیش لە ناخەوە هەژام، دەمزانی لەو ڕۆژەوەی پادشا ئیجە (ئیجیۆس) کەوتووەتە ناو ئەو دەریاوە و بەهۆی ئەوەوە ناونراوە ئیجە، دەریایەکی شوومی ئاواتکوژە، پێموابێت هەر ئەو کاتە هۆنراوەیەکیشم نووسی. ئەو ئێوارەیە ئاسمانی هەرێمی NRW ساف و ساماڵ بوو، هێدی هێدی هەستم بە تەنگەنەفەسی و ژانەسەر دەکرد، هەر ئەوەندە هۆشم بە خۆم بوو لەسەر زەوی کەوتم، هاوڕێیەکی ڕۆژئاڤایی (فوئاد بەرەکات) تازە بە تازە هاوڕێتیمان دروستکردبوو، لە لای من بوو، هیچ ئەڵمانیشی نەدەزانی، هەر ئەوەندە فریا کەوت بە ئینگلیزییەکی تەواو، تێل بۆ ئەمبولانس بکات. (فوئاد لە قامیشلۆ ئەندازیاری ئەلیکترۆنی بووە)، ئەوەبوو ئەمبولانس گەیشت و خێرا گەیاندیانمە نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس لە شاری بیلەفێلد، ئەوە یەکەم جار بوو ئەم نەخۆشخانەیە ببینم، چیرۆکی تازەی من لەم

نەخۆشخانەیە دەستی پێکرد، پاش ئەوەی سێ مانگ دەبوو پرۆسەی چارەسەرم لە ئونی کلینیکی شاری کۆیلن کۆتایی هاتبوو. موبایلەکەم لە ماڵەوە جێمابوو، فوئادیش کە تازە گەیشتبووە ئەڵمان سەری لە ڕێگاوبان دەرنەدەکرد، نەیدەزانی ئایا لە نێوان نەخۆشخانەی شاری هالە و گوتەرسلۆ و بیلەفێلد براوم بۆ کامیان؟ چوونکە ماڵەکەم لە شارەدێیەک بوو (شتاینهاگن) کەوتبووە سێگۆشەی ئەو سێ شارەوە. چەند ڕۆژێک بێ هەواڵ و دابڕاو لە ژیان مابوومەوە لە گۆشەیەکی تەریکی نەخۆشخانەی گلیاددا، وا ڕێکەوت دوای سێ چوار ڕۆژ ئاشنایەکی چەپی ئەڵمانیم هەبوو (هانس ڤێرنەر) سۆراغم دەکات و لە نەخۆشخانەی گلیاد دەمدۆزێتەوە، لە ناکاو دەرگای ژوورەکـەم کرایەوە، بینیم هانس خۆی کرد بە ژووردا، پێویستە ئەوەش بڵێم هانس پێشتر فوئادی بینیبوو و ئەو هەواڵی پێدابوو دۆخی تەندروستیم ناجێگیرە و هاوکات موبایلەکەمی رادەستی ئەو کردبوو، ماوەی دوو کاتژمێر لەلام مایەوە، لەگەڵ ماڵئاواییکردن لەو، خێرا پەیوەندیم لەگەڵ کەسوکار و هەندێک هاوڕێم گرت، پێمگووتن لە نەخۆشخانەی گلیادم لە بیلەفێلد، ئەوان بە پەلە ناونیشان و ژمارە تێلی منیان ناردبوو بۆ هاوڕێیەکی دێرینی خۆیان بە ناوی کاک (نالی سورچی)، هاوکات ژمارەی ئەویشیان بۆ ناردم.

زۆری نەبرد ژمارەیەکی نەناسراو زەنگی لێدا، زۆر بە گەرموگوڕیی و خۆشەویستییەوە وەک بڵێی چەندان ساڵ بێت هاوڕێم بێت، قسەی کرد، وتیشی: شوێنی کارەکەم لە نەخۆشخانەکەتەوە زۆر نزیکە، ڕۆژانە کاتژمێر ١٨ لە کار تەواو دەبم، دوای تەواوبوونی ئیش دێمە

سەردانت. سەیری کاتژمێرم کرد نزیک ببووەوە لە پازدە، داوای مۆڵەتم لە پەرستارەکان کرد کە پێویستیم بە پیاسەکردنێکە، بێ هیچ ناڕازییەک ئۆکەیان دا، لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە، بەچوار دەوری خۆمدا روانیم، قەڵایەکی مێژوویی بە بەرزاییەکی تەنیشت نەخۆشخانەکەوە بەدیکرد، واو واو، رامـان و وردبـوونـەوە لە شوێنەوارەکان پیشەیی هەموو کاتێکم بووە، پارەیەکی زۆریشم لە سەردانی مۆزەکاندا تەخشان و پەخشان کـردووە، ئەگەرچی زۆرتر حەز بە شوێنەوارە کراوەکان دەکەم، وەهای دەبینم بەشێکی کەم لە رابـردووی مرۆڤایەتی و ئەوەی ماوەتەوە لە کەلەپووری شارستانییەتە دیرۆکییەکان لەو زیندانانە خنراون ناویان مۆزەکانە، بەڵام چاریش نییە بۆ بینینی ئەو کەمە زۆرە دەبێتە تیکتی مۆزەکان بکڕین.  ماوەیەکی باش بە دەم بیرکردنەوەوە بە چـواردەوری قەڵاکەدا خولامەوە، لە بەرزاییەکەوە سەیری ناو شارەکەم دەکرد، یەکەمجار بـوو بەزەییم بـە خـۆمـدا بێتەوە، تۆ بڵێی وەک دوو خوشکەکەم جوانەمەرگ ببم؟. تۆ بڵێی ئەم نەخۆشییە باعیسی مەرگم بێت؟، چۆن دەکرێت لەم تەمەنە کەمەدا بمرم و زۆرترین پڕۆژە و خەون لەگەڵمدا ئەسپەردە بکرێن؟. بیرکردنەوەی نێگەتیڤ و ناخۆش سەبارەت بە ئایندەی خۆم سەراپا وەک تاریکایی شەوەزەنگێک دایپۆشی بووم. لەناکاو راچڵەکیم، بە جۆرێک وەک بڵێی لە کاتی خەوتندا سەتڵێک ئاوی ساردت پێدا بکەن!. بە خۆم وت کاتی خۆیەتی جەنگەکە رابگەیەنیت، بە دوو هێز شەڕی ئەم بەڵایە بکە: دەرمان و ئیرادە. باوەڕم بە خۆم هێنا وەک نەخۆش سەیری خۆم نەکەم،

بۆدییەکەم بخەمە بەردەستی پزیشکەکان، دەنا وزە مەعنەوییەکانم بۆ خۆئامادەکردن بۆ دووبارە ژیانەوەیەکی تر تەرخان بکەم، کە بە تەنیشت درەختەکانیشدا دەڕۆیشتم، زۆرتر بیرم لە درەختەکان دەکردەوە، لەم کاتەدا بە خۆمم دەگووت: (ئەگەر درەختێکش بیت باشترە مازوو بیت و حەڤدە جۆر بەر بگریت، نەک دارتووویەکی زڕ). کێرڤی مانەوییەتم بەرزتر دەبووە، ئاسمانی هزرم بوو بە ساماڵ و هەورە ڕەشەکان باریان کرد بۆ ئاسمانێکی تر. خۆم ببووم بە مامۆستای ژیانی خۆم، کۆتا هەڵوێستیشم ئەوەبوو لەگەڵ وەرگرتنی چارەسەرە پزیشکییەکاندا، تەلقینی خۆم وەک نەخۆشێک نەکەم کە سبەی یان چەند رۆژێکی تر باشتر دەبم، نەخێر خۆم لەسەر ئەوە رادەهێنا هیچ کات خۆم بە نەخۆش نەبینم.

لە پەنا ئەمەدا ترسم هەر هەبوو لە لەناوچوون، بڕیارێکی ترم دا، ئەویش چاپکردن و بڵاوکردنەوەی هەرچیم هەیە لە نووسین و شیعر، بەدەر لە راپۆرت و ریپۆرتاژ و ئینتەرڤیوە رۆژنامەوانییەکانم. هەمووشی چەند مانگێک بوو کتێبێکی نوێم بڵاوکردبووەوە بەناونیشانی (داعش.. لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی)، ئەم کتێبە وەک یەکەمین کتێبی کوردیی لە هەمبەر دیاردەی داعشیزم و بنج و بنەوانە فیکریی و ئاینییەکەی، دەنگدانەوە و فرۆشێکی زۆر چاوەڕواننەکراوی هەبوو، جیا لەوەش هەڕەشە و گوڕەشەی هێزە تاریکپەرستەکانیشی لێکەوتەوە، بەڵام دەستوبردم لە خۆم دەویست، بە دانانی ئەم پڕۆژەیە بۆ ئایندە ترس و بیمم لە نەخۆشی و مەرگ شکا، بۆیە کاتێک گەڕامەوە قاوش بە روویەکی گەشەوە ئامادەبووم

بۆ پێشوازیی لە میوانەکەم. کاتێک لەسەر چەرپاکەم پاڵ کەوتم بینیم دە خولەک ماوە بۆ کاتژمێر ١٨. هەر سەیری دەرگاکەم دەکرد، زۆر تامەزرۆیانە خۆم بۆ دیدار ئامادە کردبوو، میلی کاتژمێرەکە زۆر خاو ببووەوە، ئای کات چەندە دڵڕەقانە و خاوخلیچکانە دەڕۆیشت، نەمدەزانی بۆچی کات بووە بە دوژمنی دووەمم دوای شێرپەنجە؟، کات بوو بە ١٨:٣٠، نەخێر بوو بە ١٩، تا گەیشتە ١٩:٣٠، کاک نالی هەر دیار نەبوو، منێکی شەکەت و نائومێد بڕیارمدا چیتر چاوەڕوان نەبم و بنووم، چاوم کەمێک نیشت و نەنیشت، لەودیو دەرگاکەوە گوێم لە چەند دەنگێک بوو بە کوردیی دەدوان و وتیان ئەمەتا ئەوە ژوورەکەیە. ئیتر نائومێدییەکەم لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا وەک تەڵقەتەنورەی ئومێد تەقییەوە، یەکێکیان هاتە پێشەوە وتی (من نالی)م، تەوقەیەکی گەرموگوڕی لەگەڵ کردم و دواتر (فەریدە خان)ی هاوسەری، بە هەمان شێوە خۆی پێناساندم. ئەی چ دیمەنێکی دەگمەن و ناوازە بوو؟، وەک بڵێی پێشتر لە حەزەکانم ئاگاداربووبن، کولیچە و دۆڵمە و فستق و بادامیان بۆ هێنابووم. لەگەڵیدا جلی ماڵەوە و ژێرەوە و خاولی و فلچە و مەعجونی ددان شتن و سێ دانە کتێب کە یەکێکیان (زۆربا)ی کازانتزاکیس بوو هێنابوو. بەم جۆرە ئاشنایەتی و هاوڕێتی من و کاک نالی دروستبوو و پەرەیسەند، وای لێهات بووم بە ئەندامێکی ماڵەکە و کتێبخانە دەوڵەمەندەکەشیان کەوتە بن دەستم، هەموو رۆژانی یەکشەمەیەک ئەوان وەک کوڕی خۆیان چاوەڕوانم بوون نەک چەشنی خانەخوێ.

## ژیان لە نەخۆشخانەدا

ئەگەر ئەم یانزە ساڵ و نیوەی پاش تووشبوونم بە شێرپەنجە دابەشی سێ بکەین، دوو بەشیم لە نەخۆشخانە بردووەتە سەر، لەو بەشەی تریش نیوەیم بە هاتوچۆی نەخۆشخانەوە بەسەر بردووە. ساڵەکانی ٢٠١٤-٢٠١٨ بە دەگمەن رۆژێک هەڵکەوتووە لە نەخۆشخانە نەبم، بەشێوەیەکی گشتیی نەخۆشخانەی حەوت وڵاتم بینیوە (کوردستان، ئوردون، ئێران، تورکیا، ئەڵمانیا، دانیمارک، سوێد). بەشی هەرە زۆری کاتەکانم لە نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس لە شاری بیلەفێلد- ئەڵمانیا تێپەڕاندووە، زۆر نەخۆشم ناسی، زۆرێک چاکبوونەوە و بەشێکیش مردن، زۆر پەرستار و کارمەندی تەندروستیشم ناسی، لە سەردەمی نەخۆشییەکەمدا، هەندێک لەوان خانەنشین بوون، کەچی چارەنووسی من هەر لە نێو نەخۆشخانەدا بوو. سەرەتا لەگەڵ فەزای نەخۆشخانە کێشەم هەبوو، هەستم بە تەنگەنەفەسی دەکرد، مالیخولیایانە دەهاتم و دەچووم، تووشی هیستریا دەبووم، دەمێک پێدەکەنیم، دەمێکی تر دڵتەنگ دەبووم و لە پڕمەی گریانم دەدا، دوو کێشەی گەورەم هەبوو، زۆربەی جار لەگەڵ نەخۆشانی تر لە یەک ژووردا بووم، دووەمیشیان ئەوەبوو، زۆرینەی کاتەکان تەنیا بووم، ئەمە خەڵوەتکێشییەکی داهێنەرانە نەبوو. بیهێنە بەرچاو لە ژوورێکدایت لە تەنیشتەوە نەخۆشێک یان دووانی تر هەن، یەکێکیان لە هەشتی شەوەوە پرخەی لێ بەرز دەبێتەوە، دووی شەو بێدار دەبێتەوە و خەوی لێ ناکەوێتەوە، ناچار بە موبایلەکەی یاری دەکات، ئەویتریان تا نیوە شەو هیدفۆنێکی لە گوێدایە سەرەتا

قسە دەکات بە تەلەفۆن و هەمان هیدفۆن بەکاردەهێنێت بۆ تەماشای تیڤییە بچووکەکەی بەردەمی، هەر دەم نادەمێکیش پەرستارەکان خۆیان دەکەن بە ژووردا و دەڵێن هەموو شت باشە؟. یان نۆبەتی دەرمان پێدانی یەکێکیانە یان نۆرەی خۆمە، لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە دەیان شەو لە شیرینی خەودا بێداریان کردوومەتەوە، بۆ لێدانی ئەو دەرزییەی دژی تەشەنوج لە ورگی دەدەن.

لە هەموو تاڵتر ئەوەبوو کە من بە سرووشتی خۆم کونەپەپووی شەو بووم و زۆرتر لە رۆژدا دەخەوتم، شەشی هەر بەیانییەک پەرستارەکان گڵۆپی ژوورەکان هەڵدەکەن، کرێکارەکانیش سینییەک خواردنی بەیانیان دەخەنە بەردەستت، ئیتر خەوتن زۆر زەحمەتە، ئەمە لە گریمانەی ئەوەی هیچ ئازارێکی ئەوتۆت نەبێت نەهێڵێت بنوویت. بەرە بەرە لەگەڵ هەلومەرجەکە راهاتم، چیتر پرخە پرخ هەراسانی نەدەکردم، شەوقی موبایل یان تیڤی بۆم نەدەبووە کێشە، خۆیشم راهێنابوو لەگەڵ بەزم و رەزمی بەیانیان، ئەوەش بە زەبری ئەوەی بە قووڵی مژۆڵی خوێندنەوە بووم، هاوکات هەلم قۆستەوە نووسینەکانم لە فۆرمی کتێبدا رێکبخەم یان چەندان کتێب بنووسم، ئەو کاتانەی لە ژوورێکی پریڤات (تایبەت)دا دەبـووم، سەرباری هەر ئازارێک و تەنیاییەک زۆرتر لە خوێندنەوەدا رۆدەچووم، وەک بڵێی بمەوێت یان نەمەوێت، تەنیایی و ئازار مۆتۆڕی بیرکردنەوە و هەوێنی نووسینەکانم بن، چیتر هەستی تەنیاییم نەما لە رێی کتێب و نووسینەوە کەوتمە نـاو ژیانێکی جەنجاڵەوە، لە کاتی خوێندنەوەی رۆمانەکاندا لەگەڵ کارەکتەرەکاندا دەژیام و هاوڕێتیم

لەگەڵ زۆربەیاندا پەیدا دەکرد، هاوکات بوومە بە هاوڕێی نزیکی کارەکتەری چیرۆکەکانی خۆم، هەر دەنگێک، کارەکتەرێک لە چیرۆکەکانمدا هەبن، خۆشم دەوێن، لە خراپترین کەسایەتیش تووڕە نابم، لەگەڵ هەموویاندا ژیاوم و دەژیم، دوور نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر ڕێگەیەک، لە هۆڵی پێشوازیی فڕۆکەخانە، لە وێستگەی شەمەندەفەردا بیانبینم و بیانناسمەوە، ئەوان ئەندامی خێزانەکەی منن و پێکەوە لەسەر یەک مێز قاوەڵتیمان کردووە، کە چیرۆک دەنووسم نازانم ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو کوێ مل دەنێت، سوێند دەخۆم نەمدەویست نە زۆیای ناوی چیرۆکی (زۆیا) و نە شاکار لە چیرۆکی (مەرگی ناوادە)دا خۆیان بکوژن، ئەوان خۆیان ئەو چارەنووسەیان هەڵبژارد و منیان رادەستی دیفاکتۆ کرد، دڵتەنگ بووم کە زۆیا خۆی کوشت، نازانم چۆن خۆی کوشت، پاڵەوانەکانم دەستەمۆ نین، بەڵکو دوای خەونی تایبەتی خۆیان دەکەون، یاخی دەبن، بەڵام تێناگەم بۆ دەبێت لە کۆتاییدا خۆیان بکوژن؟. وەکووتریش نەخۆشخانە بوو بەو فەزا شاعیرانەیەی من کە زۆرترین بەرهەمی شیعریی و کتێبی کولتووریی و سیاسییم تێدا ئامادەکرد و بەرهەمهێنا، وای لێهاتبوو بۆ ئەوەی بنووسم، دەبوو لە نەخۆشخانەدا بم، هەندێک لە دەقەکانیشم لە ماڵی خۆمدا لە مێشکمدا چەکەرەیان دەکرد، بەڵام لە هاتوچۆکردنی نەخۆشخانەدا، دەرفەتم دەڕەخساند و دەمنووسینەوە، ئەوەتا نووسینی ئەم کتێبەش هەر لە نەخۆشخانەدایە. ئەگەرچی بە مانا میللییەکە لە منداڵییەوە هاوڕێی کتێب بووم، ئەم هاوڕێتییە لە نەخۆشخانە پتەوتر بوو، یارمەتیدەریش بوو بۆ ئەوەی ئەو سێ

زمانەی دەیانزانم لە بیرم نەچنەوە.

لە نەخۆشخانە گرنگیی کتێبم بە هەردوو بارەکەدا بۆ دەرکەوت، هەموو کتێبێک چاک نییە، هەموو کتێبێک بەشداریی نییە لە دیزاینی ژیانێکی شایستەدا، تێزە سەرەکییەکەی ژۆرژ باتای لە کتێبی (ئەدەب و خراپە)دا بریتییە لە سەلماندنی (وێژە بێ تاوان نییە)، بگرە (خراپە)، من بازنەکە فراوانتر دەکەمەوە بۆ زۆرینەی کتێبەکان کە هەڵگری ناوەڕۆکێکی باش نین، لە ناو هەموو کتێبەکانیشدا ئەوانەم خۆشدەوێت نیچە وتەنی (بە خوێن نووسراون)، دەزانم مەبەستی نیچە لە نووسین بە خوێن چییە، ئەم میتافۆرە چەندان رەهەندی جۆراوجۆری هەیە، لەوانەیە یەکێک لە مەبەستەکانیش ئەو کتێبانە بێت نووسەر بە کوشت دەدەن، هەرگیزیش ئەو وتارەی (حەمەسەعید حەسەن)م لە بیر ناچێتەوە بە ناونیشانی (کتێبێکی بە خوێن نووسراو) کە مەبەست لێی کتێبە بەنامێکەی شەهید (عەبدولخالق مەعروف)ە، وتارەکەش لە ناوەڕاستی نەوەدەکان لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (هانا) لە سوێد خوێندمەوە. کافکا لە نامەیەکیدا بۆ ئۆسکار پلاکی هاوڕێی لە ساڵی ١٩٠٤ ئاماژەی بەوەداوە، تەنها ئەو کتێبانە شایستەی خوێندنەوەن زەردەواڵەئاسا بە خوێنەرەوە دەدەن، چەشنی تۆرنادۆیەک لە ناخ و مێشکماندا هەڵدەکەن، ئارامی و دۆگمەکانمان دەخەنە ژێر پرسیارەوە، لە دوماهیدا (دەبێت کتێب وەک تەور وابێت). ئەز لە کتێبی (شارستانیی کۆلاپس)دا پەیڕەوی هەمان نەریتم کردووە، بانگەشەم بۆ ئەوە کردووە، وەرن با پێکەوە بیر لە ژیان و جیهان و سەردەمەکەمان بکەینەوە، خۆم بە مامۆستا

نازانم، تەنیا ئەوەندەیە بانگەوازەکەم کردووە. چیرۆکی من لەگەڵ کتێبدا بۆ خۆی کتێبێکە کە داینووسم، ئەو چیرۆکە لە سەردەمی نەخۆشییەکەمدا دەگاتە ترۆپک، لووتکە بەو مانایە نا گەیشتوومەتە شوێنێک پێویستیم بە خوێندنەوەی زیاتر نەماوە، نەخێر هێشتا لەوە نەزانترم کتێب فەرامۆش بکەم.

لە سەرێکی ترەوە پرۆسەی نووسینم چڕ و خێراتر کردەوە، بەشی هەرە زۆری نووسینە رۆژنامەوانیەکانم لە کتێبێکی سێ بەرگی قەبارە گەورەدا (قوتووی عەتار) لە دوو توێی (١٥٥٤) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکردەوە، لەم سۆنگەیەوە داراییەکی زۆر کە لە دەمی خۆمی دەگرمەوە تەرخان کردووە بۆ کتێب، هەم بۆ چاپکردنی پەرتووکەکانم هەم بۆ کڕینی کتێبەکان چ لە کۆگاکانی ناو بازاڕەکان، چ لە ئۆنلاین بە تایبەت لە ئەمازۆن، کەچی زۆر قوورسە بۆم کتێب وەک کاڵایەک تەماشا بکەم، هیچ نەبێت نەمهێشتووە کتێبەکانی خۆم ببنە کاڵا، بەو پێودانگەی کتێب رەهەندێکی مەعنەویی هەیە نەک ماددیی. جیا لەمە زۆری خایاند تا لەگەڵ کتێبی ئەلیکترۆنیدا بوومە دۆست، لە راستیدا کردەیەکی ناچاریی بوو، مێژووی گەشەکردنی خودی کتێبیشم کردە پاساوی ئەو گەوارکردنە، چۆن سەرەتا تاتە قووڕەکان لەشی کتێبیان پێکدەهێنا، دواتر پێستە و پەڕەمووچ بوونە ئامرازی بەرهەمهێنانی کتێب، لە سەدەی پازدەشەوە کتێب پێی نایە قۆناغی تەشەنە و بە کۆمەڵایەتیبوونەوە بەهۆی پەرەپێدانی پیتچنین و داهێنانی ئامێری چاپکردنەوە بە تایبەت لە سەردەستی بلیمەتی مێژوویی یوهانس گۆتنبێرگ ١٣٩٨-١٤٦٨، لە ئێستاشدا دۆنادۆنی

کردووە، هاتووەتە پانتایی رەمزییەوە (ئەلیکترۆنی). لە بناغەشەوە لەو گۆشەیەوە سەیری کتێبم کردووە دیاردەیەکی سیمبولییە، چوونکە لە پیت پێکهاتووە، پیتەکانیش ئاماژەی شتەکانن نەک خودی شتەکان. جگە لەوە پیتەکان هێزن، جیهانێک دەڕوخێنن، جیهانێکی تر بونیاد دەنێنەوە. دۆزینەوەی شارستانیش هاوکاتە لەگەڵ دۆزینەوەی پیتەکاندا، من دڵم بەسەر یەک پیتدا دەردەچێت نەخاسمە وشە و رستە و کتێبێک.

ورده ورده وەرگەڕامەوە سەر بۆچوونی کارلۆس زافۆن کە بۆ ئەو کتێبی کاغەز و ئەلیکترۆنی جیاواز نەبوون، چۆن جیاوازیی نییە ئەگەر سەمفۆنییەکی بیتهۆڤن لە گرامافۆن یان کاسێت یانژی سی دییەوە بژنەوین. خولاسە لە ماوەی ئەو یانزە ساڵ و نیوەی نەخۆشییەکەمدا ژمارەی ئەو کتێبانەی لە نەخۆشخانەوە ئامادەم کردن یان نووسیمن بۆ ٢٠ کتێبی چاپکراو بەرز بووەوە، لێ هەندێک پەلەپەل بە کتێبەکانەوە دیارە، ئەمەش چەندێک بە هۆی نزیکیم لە پەککەوتەبوون و مەترسی کۆما و مەرگەوە بوو، ئەوەندەش بۆ خۆکوشتنێکی نابەرجەستە دەگەڕێتەوە کە دەمویست بۆ تێپەڕاندنی ئەزموونی پێشووم خۆم ئەنجامی بدەم، خۆشحاڵییە راستەقینەکەشم لەوەدابوو ساڵ بە ساڵ، پانتایی دنیابینیی و رۆشنبیرییم فراوانتر بووە، بە جۆرێک نەخۆشی نەیتوانیوە مەودای بینین و بیرکردنەوەم کورت بکاتەوە، بە شان و باڵی خۆمدا هەڵنادەم، وا ناهزرێم پەرجوویەکی هاوچەرخ بم، بەڵام ئەوەی من کردوومە لانیکەم لە مێژووی رۆشنبیریی کوردییدا دەستی بۆ نەبراوە، نووسەرانی کورد

ئەگەر هەژاریش نەیڕووخاندبن، بە ریزپەڕ نەبێت نەخۆشیی تێکوپێکی شکاندوون و داهێنانەکانیانی ژاکاندووە یان سیس و کزی کردوون، خۆم بە ریزپەڕی هەموو ریزپەڕەکان دەزانم، لە ناو سەختترین و دژواترین و قورسترین شەڕ و بەرەنگاریی زەحمەتترین نەخۆشیشدا، بە پێنووسەکەم لە ژەنینی موزیکی ژیاندۆستی نەکەوتووم، لە رێگەی خوێندنەوە و نووسینەوە هەموو ئازارێکم بەزاندووە. هاوڕێیەکی خەمخۆرم لە سوێدەوە (ئەمجەد شاکەلی) هەموو کات تکام لێدەکات پشوو بە خۆم بدەم و بۆ ماوەیەک لە خوێندنەوە دوور بکەومەوە، سێ رۆژ خۆم تێست کرد، ئەنجامی تاقیکردنەوەکەش بەم شێوەیە دەرچوو: ئەگەر نەخوێنمەوە نەک هەر باش نابم، بەڵکو دوور نییە بمرم.

یولی و ئاوگۆستی ٢٠٢٣
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## کرۆنۆلۆژیا

*١٢-٢-٢٠١٢ دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەی شێرپەنجە.

*٢٦-٣-٢٠١٢ یەکەمین دیاگنۆز (تەشخیس)ی جۆری شێرپەنجەکە بە هەبوونی تومۆرێک لە بەشی چەپی مێشکدا.

*١٨-٦-٢٠١٢ گرتنی سێیەمین (MRA) زیادنەبوونی قەبارەی تومۆرەکە و بڕیاردان بۆ چاودێرییکردنی.

*٢٥-٦-٢٠١٢ بڕیاردان بۆ بەکارهێنانی حەبی (تگریتۆڵ) بە درێژایی هەموو تەمەن.

*١٨-٨-٢٠١٢ گرتنەوەی وێنەی ئێم ئارڕ ئەی هیچ نیشانەیەک دەرنەکەوتبوو بۆ پەرەسەندنی قەبارەی تومۆرەکە و لە مانگی ئۆکتۆبەریش هەمان ئەنجامی نیشان دابوو.

*٤-١-٢٠١٣ لە وێنەی شەشەمی ئێم ئارڕ ئەیدا، پزیشکەکان هەستیان بە کەمێک گەورەبوونی تۆمۆرەکە کرد.

*١٠-٣-٢٠١٣ لە وێنەی حەوتەمدا بە روونی گەورە و ئەکتیڤبوونی تومۆرەکە کرا.

*١٤-٥-٢٠١٣ لە وێنەی هەشتەمدا تێبینی ئەوە کرا زۆرتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا گەشەی کردووە.

*٢٨-٥-٢٠١٣ راپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی بڕیاریدابوو دەبێت نەشتەرگەریی بکەم، بەڵام من رەزامەندیم نیشان نەدا.

*لە هاوین و پاییزی ٢٠١٣دا لە چەند وڵاتێکی تر هەمان وێنەی ئێم ئارڕ ئەیم گرتەوە هەموو پزیشکەکان هەنگاوی یەکەمیان لە

نەشتەرگەرییدا دەبینییەوە، بەڵام ترسێکی زۆرم هەبوو بۆیە دووبارە ڕەتمکردەوە.

*مانگی یەکی ٢٠١٤ گەڕامەوە بۆ کوردستان، پاش بەراوردکاریی جیا بە جیای هەریەک لە پزیشکانی سلێمانی و هەولێر (د.دانا ئەحمەد عەبدوڵا، د.ئاری سامی، د.ئاسۆ شێخ بزێنی، د.ئوسامە) کە ئەمەی کۆتاییان پزیشکێکی عەرەبزمان بوو لە سلێمانی، هەموو یەک وەڵامیان هەبوو: سەرەتا نەشتەرگەریی.

*١٧-٤-٢٠١٤ فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لەسەر ڕاسپاردەی د.دانا ئەحمەد کەیسی نەخۆشییەکەیان خستە بەردەم لیژنەیەکی پسپۆری نۆرۆلۆگی.

*٢١-٤-٢٠١٤ وەڵامی لیژنەکە بە سەرۆکایەتی (د.هاوار عەدنان) و ئەندامێتی (د.هێمن محەمەد، د.سامر عەبدولعەباس، حەمید عەبدلڕەحمان) گەڕایەوە کە پێداگریی لە نەشتەرگەریی و پاککردنەوەی مێشکم دەکات لە وەرەمەکە لە سەنتەرێکی پێشکەوتووی پزیشکی.

*١-٨-٢٠١٤ لە ئونی کلینکی کۆڵن جارێکی تر وێنەی ئێم ئاڕ ئەیم بۆ گیرایەوە، پێیان ڕاگەیاندم ئەگەر تا شەش مانگی تر نەشتەرگەریی نەکەم هیچ ئومێدێک نییە بۆ ژیانت.

*٥-٩-٢٠١٤ ڕۆژی هەینی، چوومە ژێر نەشتەری پزیشکەکان، ئۆپەراسیۆنەکە دوای حەوت کاتژمێر بە سەرکەوتوویی تەواو بوو.

*١-١١-٢٠١٤ تا دە ڕۆژ، چارەسەری تیشکیان بۆ کردم.

*بەهاری ٢٠١٥م بە بێ هیچ چارەسەرییەک لە ناو کەش و سرووشتی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا گوزەراند.

*٢٢-٥-٢٠١٥ لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە دووبارە گەڕامەوە ئەڵمانیا.

*٦-٧-٢٠١٥ پرۆسەی چارەسەرکردنم لە ئونی کلینکی شاری کۆڵن ئەپ کردەوە (رامگرت).

*٣-٩-٢٠١٥ پرۆسەی چارەسەرییم لە نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس- بیلەفێلد دەستی پێکرد.

*٩-١٠-٢٠١٥ چارەسەری رۆژانەی تیشک (شترالون)م لە فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ دەستپێکرد و لە رۆژی ١٨-١٢-٢٠١٥ کۆتایی هات.

*لە ناوەڕاستی مانگی یانیوەی (جێنیوەری) ٢٠١٦ تاکو کۆتایی یانیوەی ٢٠١٧ لە نەخۆشخانەی گلیاد چارەسەری کیمیاییم وەرگرت.

*هاوینی ٢٠١٨ بۆ یەکەمین جار کەوتمە باری کۆماوە و ٥٩ رۆژی خایاند.

*مانگی ئۆگەستی ٢٠١٩ تاکو ئۆگەستی ٢٠٢٠ وێڕای تووشبوونم بە پەتای کۆرۆنا چارەسەری کیمیایم بەردەوام بوو لە نەخۆشخانە گلیاد.

*رۆژی ٣٠-١١-٢٠٢٠ بۆ جاری دووەم نەشتەرگەریی هەڵدانەوەی کاسەی سەرم بۆ ئەنجامدرایەوە.

*٨-١-٢٠٢١ تاکو ٤-٤-٢٠٢٢ بۆ جاری سێیەم چارەسەری کیمیاییم بۆ کرا هەر لە نەخۆشخانەی گلیاد.

*سپێتامبەر و ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ دووبارە چارەسەری رۆژانەی

تیشکم (شترالون تێراپی) بۆ ئەنجامدرایەوە دووبارە لە فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ.

*لە مانگی نۆڤەمبەر (١١)ی ٢٠٢٢ەوە تا ئەمڕۆ (١٧-٧-٢٠٢٣) بۆ جاری چوارەم چارەسەری کیمیایی وەردەگرم، بە پێی پلانەکە بێت تا کۆتایی ئۆکتۆبەر بەردەوام دەبێت.

# بەشی دووەم

# رامانەکانی نەخۆشخانە

## یەك

نە-خۆشی. لێرەدا لەبەردەم وشەیەکی لێکدراوداین کە لە (نە+ خۆشی) پێکهاتووە، ئەم (نە)یە درز یان نەفییەکە بۆ (خۆشی). ئەگەر لە رووی ئیتمۆلۆژییەوە سەیری بکەین وشەی (نە-خۆشی) زیاتر لە مانایەکی لە خۆیدا هەڵگرتووە. پاش گەڕانێکی زۆر بەناو کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکەمدا، فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ی (هەژار موکریانی)م دۆزییەوە، کەوتمە پشکنین بە دوای وشەی نەخۆش و نەخۆشییدا. هەژار بۆ وشەی نەخۆش دوو بەرامبەری داناوە کە بریتین (ناخۆش، لەش بەبار)، بۆ وشەی نەخۆشیش دیسانەوە دوو بەرامبەری داناوە (لەش بەباری، بیماری). لەلاپەڕە (٨٧٤)ی فەرهەنگی (کوردستان)ی (گیوی موکریانی)دا کە بە کتێبی کاغەزیش لەبەردەستمە، دوو دیارترین بەرامبەری داناوە (ناساز، نەساغ) و لە بەرامبەر وشەی (نەخوەش)یشدا هەردوو وشەی (نەخۆش، نەخۆشی) داناوە. بە پووختی لە زمانی کوردییدا زاڵترین مانا ئەوەیانە نەخۆشی کەلێن یان دیستانسێکە (دووریی) لە نێوان تاکی نەخۆش و خۆشییدا بە فۆرمە ئەبستراکتەکەی. ئەمە یەکەم کوشتنی رەمزییانەی ئەویتری نەخۆشە، ئەمە رووبەر و دەلاقەیەکە ئیمکانی پووچ سەرنجدانی نەخۆشیی دەرەخسێنێت، وەک ئەوەی نەخۆش چیتر کەسێک نییە بەشداریی بکات لە بەرهەمهێنانی شادیی کۆمەڵایەتیی و خودییدا، لە ژێر ئەمەدا ژیلەمۆی بەزەیی و کینە و سووک سەرنجدان لە گەشانەوەدایە. هەروەتر بە پێوەری کولتووری ئێمە نەخۆشی تەشەر و توانج و یەکێک لە پیسترین جنێوەکانە، زۆرجار بە کەسێک دەڵێن

نەخۆش واتە چیدی قسە و کارەکانت بەها و سەنگیان نییە، چوونکە لە نەخۆشییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەمە ئەو فاشیزمەی لەسەر دامەزراوە کە نەخۆشەکانی کردووە بە موزلمانە هاوچەرخەکان. (لە کەمپەکانی هۆلۆکۆستدا ئەو جووانەی سلاڤۆی ژیژەک بە «زیندووە مردووەکان» ناودێریان دەکات، پێیان دەوترا مزولمان یان موسلمان، ئەمانە وەک بلێی رادەستی چارەنووسی خۆیان ببوون و وازیان لە ژیانیان هێنابوو).

ئەگەرچی بە یاسا مافی نەخۆش پارێزراوە لە زۆرێک لە ولاتە تازە پەرەسەندووەکانیشدا، کەچی هێشتا لە رووی زەینییەوە ئەگەر لە چوارچێوەی بەزەییشدا بێت مرۆڤی نەخۆش پلەیەک لە خوار مرۆڤی ساغلەمەوە راگیراوە. بە باشی بیرم دێتەوە لە هەموو ستادیۆمە بچووک و گەورەکانی عێراق بە تایبەت ئەوانە لە بەغداد بینیوومن دێڕێکی فاشییانە زەق کرابووەوە: (العقل السليم فی الجسم السليم- ئاوەزی دروست لە تەنی تەندروستدایە). وەک بلێی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و نەخۆشان بە گشتیی، هیچ ئاوەزمەندییەکیان نەبێت، ئەمە روویەکی تری کۆمەلگەی روالەتگەرا و پێرفۆرمانسی ئەمڕۆیە، ئەگەر لە رووی تێرمۆلۆژییەوە لە وشەی (لەش جوانی- كمال الاجسام) وردبینەوە تەنیا بوارەکە تەسک کراوەتەوە بۆ دەستەبژێرێک لە مرۆڤانی لەش ساغ، ئەگەرچی فۆکۆ دیدە ئەفلاتۆنییەکە پێچەوانە دەکاتەوە کە وایدەبینی جەستە قەفەزی رۆحە، فۆکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە پرسەکە لنگەوقووچە و راستەکە ئەوەیە جەستە لە زیندانی رۆحدایە و پێیوایە شارستانی مرۆیی

زۆرترین نکۆڵی لە جەستە دەکات، بەڵام بۆ نەخۆشان ئەم پرسە دووجایە. تەنانەت زمان بوارێکی توندوتیژانەیە لە هەمبەر نەخۆش، ئیریش فریدی شاعیری ئەڵمانزمان لە دێڕە زۆر بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: (منداڵەکان بە گاڵتەوە بەردیان دەگرتە بۆقەکان.. بۆقەکان بە راستی دەمــردن)، هەندێک جار توندوتیژیی دژی نەخۆش توندوتیژییەکی داپۆشراوە و نەخۆش دەهێنرێتە سەر ئەو بڕوایەی نەخۆشیی کە زۆرتر دەرکەوتەیەکی فیسیۆلۆژیی و جەستەییە، باجی تاوانێکە یان دەکەوێتە بری لێخۆشبوون لە گوناهبارییی، ئەمەش پێویستی بە قەرەبووکردنەوەی رۆحیی هەیە، وەک بڵێی جەستە مەسیحێک بێت و تاوانی هەموو شتێک بە خوێناوی خۆی بشواتەوە. تێرمی (کەفارەتت بێت) لە سەر ئەم زەوییە بێرونە رسکاوە کە نەخۆشی ئاوێکی پیرۆزکراوە و پەڵە و لەکەکانی پێ دەسڕدرێتەوە. ئەم دیدە نەریتییە پێش هەر ئەکتێک پووچکردنەوە و لە جەستەخستنی جەستەیە، لە دەمێکدا بۆ هزرمەندی فەڕەنسی میشێل فۆکۆ، جەستە قەفەزی رۆح نییە، بەڵکو هەموو ئەوەی هەیە بریتییە لە خودی جەستە. ئەو پێشنیاری دەرپەڕاندنی یۆتۆپیاکان لە جەستەدا دەکات، بەوەی چیتر جەستە فڕێنەدرێتە ناو هەرێمی یۆتۆپیاکانەوە، تاکو شکۆی بۆ بگەڕێتەوە.

وەک گووترا لە دنیابینی فاشیستیدا مرۆڤی باڵا ئەو مرۆڤە ساغڵەمەیە هیچ گیروگرفتێکی تەندروستی نییە، کەمپەکانی نازیزم هەر تەنیا بۆ جوولەکان نەبوو، جمەشی دەهات لە نەخۆش و کەمئەندامان کە بە زیادە و ناپێویست لێیان دەڕوانرا. لە سەدەکانی

ناوەڕاستیشدا هەموو ئەوانەی نەخۆشییە نۆرۆلۆگییەکانیان هەبوو وەک شێت رەفتاریان لەگەڵ دەکرا، بۆ نموونە لە شارێکی وەک پاریس لە نەخۆشخانە|زیندانی چارنتۆن توندکرابوون، تا ئەو رادەی شا جۆرجی سێیەم بە هۆی لە دەستدانی ئاوەزییەوە ئەشکەنجەیەکی ناکامی زۆر درا، گوایە بە ئـازاردان شەیتان لە جەستەیدا دەردەپەڕێنن، خورافاتەکە لە ئاستێکدا بوو دەستی لە پاشا و میرزادەکانیش نەدەپاراست، لەلای خۆمان حاڵی حازریش شێتەکان بەو بیانووەی جنۆکە چووەتە لەشیانەوە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی زۆر دەدرێن. نیشانەکانی وەک پەرکەم و بوورانەوە و هاوشێوەکانیان تا بە ئەمڕۆ دەگات بە پێی کولتووری کوردەوارییی لە ریـزی شێت و بەخشراوەکاندا پۆلێن دەکـرێن، چـون توانای جیاکردنەوە و ناسینەوەی عوساب (نیورۆسیس) وەک نەخۆشییەکی دەماریی و مێشکی نییە. (لێرە مەبەست لە عوسابی فرۆیدیی نییە کە بریتییە لە نەخۆشی دەروونی و لە ئەنجامی ململانێی نێوان ئارەزوو و پێداویستیەکان لەگەڵ حەرامەکاندا دروست دەبێت، هەرچەند ئەم کێشە دەروونییەش ماف بە هیچ کەس نابەخشێت بەدڕەفتاریی لەگەڵ نەخۆش بکات). ئەو فەرهەنگە لە ئاستی زەینیدا بە تەواوەتی ئامادەیی هەیە و دەژی، بۆیە سۆشیال میدیای کوردیی لیپاولیپە لە گرتە ڤیدیۆیی نەخۆشانی دەروونی و نۆرۆلۆگی وەک ئۆبێکتێک بۆ بەرهەمهێنانی پێکەنینێکی سادیستانە. ئەگەر (عەقڵی سەلیم لە لەشی سەلیمدا) بووایە دەبوو ستیڤن هاوکینگ گەورەترین شێتی جیهان بووایە. تەنانەت تا ئێستاش کەم نین ئەوانەی هەمان روانگەی

ئەنترۆپۆلۆژیستی بە نامیَ (ڕاڵف لینتۆن) دووبارە دەکەنەوە گوایە جیاوازییە بایۆلۆژییەکان، سەرداریێتی بە پیاو بە ڕەوا بینیوە، بەوەی هەڵکەوتەی بیۆلۆژیی ژنان بەرگەنەگر و لاوازتـرە لە بیۆلۆژیای پیاوان، ئەم دیدگایە تا هەنووکە بیانوویەکی پووچی پیاوسالارییە، بە هەمان شێوە نەخۆشی بە درز یان شەبەقێک دەبینرێت مرۆڤ لە خۆشی و داهێنان و بەشداریی چالاکانە لە ژیانکردندا دوور و دوورتر دەخاتەوە، ڕەنگبیَ ئەمە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕاستییەکی بچووک لە خۆبگرێت، بەڵام ڕاستییە گەورە و ڕەهاکە ئەوەیە نەخۆشی و ئازار، خۆیان هەڵدەگێڕنەوە و لە پرۆسەیەکی نەفیگەرابیدا دەستیان هەیە لە ئافراندنی تەواوی جوانییەکانی ژیاندا.

سەرەکیترین پرس لەگەڵ نەخۆشکەوتنی هەر کەسێکدا دۆزی ژیان و مردنە، کاتێک هەواڵی ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل دەبیستین پێش هەر شت، هیواخوازین زیانی گیانی لێنەکەوتبێتەوە. خودی نەخۆش ئەکتەرێکی سەرەکییە لە ژیانی دەوربەرەکەیدا، هەمووان چاویان لەسەر ئەوە تاکو چاک بێتەوە، یان هیچ نەبێت ئازار نەچێژێت. لە پەنا ئەمەدا دیتنێکی کۆمەڵایەتی هەیە نەخۆشی بە هاوشان یان بە هاوتای مردن ئەژمار دەکات، ئەمە هیچ ڕاستییەکی لە خۆ نەگرتووە. با نموونە بە خۆم بهێنمەوە: زۆرجار بێدەنگ و ماتم، چواردەورم ئەو هەستەیان بۆ دروست دەبێت کە بیر لە نەمان دەکەمەوە، ڕاستە نەخۆش هەست بە نزیکیی دەکات لە مەرگەوە، بەڵام هیچ نەبێت ئازار ناهێڵێت بیری لیَ بکاتەوە، هیچ نەخۆشێکی شێرپەنجە کاتێکی وا ئارام و گونجاو و بیَ ژانی لە بەردەستدا نییە، بۆ بیرکردنەوە

لە مـەرگ تەرخانی بکات، بە پێچەوانەوە سپینۆزاییانە هۆشی لەسەر ژیان چڕ دەکاتەوە. من خۆم زیاتر هیوای چاکبوونەوەم هەیە، ئەگەرچی هیچ نەخۆشیێکی شێرپەنجە لەو پلەیەدا بێت هیوای چاکبوونەوەی نییە. وا بڕوا دەکەم ژیان لە پێشترە بۆ بیر لێکردنەوە تا مەرگ، لانیکەم ئێمە دەزانین ژیان چۆنە، چوونکە ڕۆژانە ئەزموونی دەکەین، هەرچی چۆنێک مەرگ وێنا بکەیت، کارێکی ڕاست نییە، لە سۆنگەی ئەوەی کەسمان مەرگمان نەدیوە و هیچ کاتیش نایبینین، مردن ئەزموونەکراوە، بگرە لە خۆیدا ئەزموون نییە، بەو پێیەی نەبوون (عـەدەم)ە، هەرچی پێیدەوترێت ئەزموون سەر بەماڵی بوون (وجود)ە. نهێنی ژیانیش لەناو فەنتازیاکانماندایە، هەموو کات وایدەبینین ئایندە لە ئێستا باشتر دەبێت، سبەینێ لە ئەمڕۆ خۆشی زیاترمان پێشکەش دەکات، لە مردندا هیچ فەنتازیکردنێک نەماوە، ئەوەی هەیە لە کیس چووە. بۆ من پرسی تەمەن پرسێکی ماتماتیکی پەتییە، وایدابنێ هەشتا ساڵ یان پتر دەژیم لە شێوەی پڕۆلیتاریا یان هۆمۆساکەرێکدا، ئەوەیان باشە یان ٥٠ ساڵێک بژیم بە بوونی ڕەسەنانەی خۆمەوە؟.

بۆ ئەوانەی ژیانی رووتیان دەوێت هەشتا ساڵەکە هێشتا کەمە، لە بەرامبەردا من پەنجا ساڵەکە دەخوازم، هەڵبەتە چی لەوە باشترە هەشتا ساڵەکە بە دۆزینـەوەی ماهیەت و ڕەسەنایەتی خۆتەوە بژیت؟. (پێش ئەوەی باز بدەم بەسەریدا، دەمەوێت لە بارەی زاراوەی پڕۆلیتاریاوە روونکردنەوە بدەم، وشەکە بە ڕەسەن لاتینییە و ئەو دەستەیە لە خەڵک دەگرێتەوە تەنیا ژیان بەرهەم دێنن، بە مانایەکی

تر ئەو هۆمۆساکەرانەن دەبێت ئاژەڵانە بژین، سۆشیالیستەکان بە ئاگاییەوە ئەم وشەیان لە قوڕاوی مێژوودا هەڵگرتەوە و کردیان بە چەمکێکی ئابووری- سیاسیی). بەم ئاسۆیەوە دەستم بە هەر پرۆسەیەکی چارەسەر کردووە، مەزەندەم کردووە میدالیای بردنەوە لە مل دەکەم، خۆشبەختانە تا ئێستاش وا دەرچووە. خوویەکم هەبوو لە سەرەتای لاوییدا دەچوومە گۆڕستانەکان، ئەو هۆنراوانەم دەنووسینەوە لەسەر کێلی گۆڕەکان نووسرابوون، وامدانابوو ئەم هۆنراوانە ماددەی خاو و کەرەستەن بۆ توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی کە هەموو کات ئارەزووی خوێندنم لەو بوارەدا هەبوو، لەگەڵیدا دیقەتم لە تەمەنی مردووەکان دەدا کە لەسەر کێلەکان نووسرابوون، تەمەنی دوو مردوو بە تەنیشت یەکترەوە سەرنجیان راکێشام، یەکەمیان ژنێک بوو نەوەد و شەش ساڵ ژیا بوو، ئەویتریان کچەکەی بوو کە چل و هەشت ساڵ ژیابوو، دایکەکە بیست و یەک ساڵ دوای کچەکەی مردبوو، بەم پێیە دایکەکە دوو ئەوەندەی کچەکەی لە ژیاندا مابووەوە و دوو دەیەش پاشی ئەوی بینیبوو، ئەوسا بیرۆکەیەکی ساکار لە مێشکمدا دروستبوو، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا لەوە تێگەیشتم، گرنگ ئەوە نییە چەندێک ژیاون، پرسە گرنگەکە ئەوەیە چۆن ژیاون؟. پرسەکە چەندێتی نییە، چۆنێتییە!، لە خۆیدا تەمەندرێژیی بەخششێکی سرووشت نییە، ئەگەر چۆنێتی ژیانەکە لەگەڵ مەرگ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووبێت، بەڵام ئیدیەکی تر لە سەرمدا سەریهەڵدا، مرۆڤ ئازارەکانی ژیانی لە مەرگ خۆشتر دەوێت، بەم هۆیەوە خوازیاری تەمەنە. ئەگەرچی من لەو تیپەم ژیانی

رووتی درێژ ڕەتدەکەمەوە. تانهۆ بیر لەو دوو مردووە دەکەمەوە، ئایا کامیان خۆش و بەختەوەرانەتر ژیـاون، کچەکە کە جەنگی عێراق-ئێران و کیمیاباران و ئەنفال و مەرگەساتەکانی تری نەبینی؟، یان دایکەکە کە جگە لە بینینی ئەو کارەساتانە، خۆشی ڕاپەڕین و تاڵی شەڕی ناوخۆ و ئابڵووقەی ئابووری دیتبوو؟. ئەگەر بابەتەکە بە کەسیی بکەینەوە تۆ بڵێی کامیان هاوژین و ژیانێکی کەمێک بەختەوەرانەی هەبووبێت لەو زەمەنەی ئازادیی و بەختەوەریی لە حەفتا کون و ئەشکەوتدا خۆی لە تاک بەتاکی کورد دەشاردەوە؟. لە توانامدا نییە بەرسڤی ئەو پرسیارە بدەمەوە، ئێوە کەمێک لە پرسیارەکە رابمێنن، بە کاوەخۆ وەڵامی بدەنەوە.

## دوو

لە جێگەیەکدا سلاڤۆی ژیژەک یەکێک لە کۆتا ڕستەکانی کتێبی (تراکتاتۆس)ی فەیلەسووفی ئۆتریشی لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین: (ئەو شتەی ناتوانین لە بارەی بدوێین، باشترە لێی بێدەنگ بین) هەڵدەگێڕێتەوە و لە پێچەوانەیەکی قەناعەتپێکەردا فۆرمۆڵەی دەکاتەوە: (ئەوەی ناتوانین بیڵێین، دەبێت نیشانی بدەین)، ئەم ئایرۆنییەی ژیژەک هەڵدەگرمەوە و لە کۆنتێکستە ڕەسەنەکەی جیای دەکەمەوە، پاشتر لە بوارێکی تردا کەڵکی لێوەردەگرین: ئێمەی گرفتارانی شێرپەنجە زۆرینەمان ناتوانین ئاڵنگاریی و چیرۆکی خۆڕاگریی خۆمان باس بکەین و بە وشەکان بهۆنینەوە و ملوانکەی ڕستەی واتاداری لێ دروست بکەین، بە تایبەت ئەو منداڵە تووشبووانەی نەگەیشتوونەتە

تەمەنی پێگەیشتن چ لە رووی فسیۆلۆژیی چ لە رووی ئەزموونەوە، بەڵام هەر یەکێکمان دەتوانین ئەو خۆڕاگریی و بەرەنگارییە سەختە نیشان بدەین کە زمانمان لە ئاستیدا لاڵ و کپە. پێش تووشبوونم بە شێرپەنجە کەمترین سەرنجدانم هەبووە لە هەمبەر ئەم نەخۆشییە، جار جار کەسێکی نزیکی خۆم دەبینی زۆرترین بەرگریی دەکرد، لە هەر بزە و خەندەیەکیدا ئەو خۆڕاگرییەی نیشان دەدا نەیدەتوانی بە زار بیدرکێنێت. وەک خۆم تا ئێستا زانیارییەکانم لە بارەی ئەو تومۆرە نەفرەتییەی ناو مێشکم بەشی ئەوە ناکەن باسیان بکەم، کەچی لە هەر چوار لاوە گەمارۆم داوە، بە زەبری ئیرادە بەرم بە پێشڕەوییەکان و پەلهاویشتنی گرتووە. ئامانج لەم فراگمێنتانەش وتن نییە ئەوەندەی نیشاندانە، ئامانج لە نیشاندان بۆ یاریکردن نییە بە سۆزی ئەوانی تر، دەرۆزەکردنی بەزەییش نییە، کتومت مەبەست لەو کاتیگۆرییەی نیشاندانە دەچێتە بری زمان. لە زۆربەی جارەکاندا وتن هێندەی نیشاندان کاریگەریی نییە، لێرە هەوڵێک لە ئارادا نییە بۆ جەختکردنەوە لە پەندە چینییەکە: (وێنەیەک هەزار وشەیە)، رەنگە ئەمە پێشەنگایەتی شارستانی نمایشیگەرانە و رواڵەتیی ئەمڕۆ بکات، بەڵکو زیاتر پێداگرییە لەسەر ئیدیۆمە کوردییەکە (قسە هەژارە هەموو کەسێک پێی دەوێرێت). ئەریێ بە راست وانییە یان وای لێ نەهاتووە؟. ئایا بە پشتبەستن بەوەی لە گۆڕەپانی رۆشنبیریی کوردیدا دەیبینین و دەگوزەرێت کە هەرچی زڕە نووسەریشە سواری کۆڵی وشە بووە و بەشێوەیەکی شیزۆفیرینی ئەوەی دەیڵێت پێچەوانەکەی نیشان دەدات و ئەنجام دەدات، بەڵگەی گردەبڕمان بۆ

ڕاستیی و دروستی پەندە کوردییەکە دەستناکەوێت؟.

لێرەدا لێدان نییە لە بایەخی گووتن، هێندەی ئەوەی وتن زۆرجار دەستەپاچەیە جارێک لە بەرامبەر خەیاڵ، جارێکی دیکە لە بەرامبەر هەندێک واقیع. دەزانم ئەمە لایەنگرانی (زمان بوون)ە بە قەولی جیانی ڤاتیمۆ قەڵس دەکات، بەڵام ئەمە دەکرێت بە دوو نموونە ڕوونتر بکرێتەوە. شاعیری هەڵکەوتووی کورد عەبدوڵا گۆران دەڵێت: (هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم.. بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم). ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە خەیاڵەکە لە وشەکان تەنانەت لە خودی زمان فراوانتر بووە؟. ئایا شیعر چوارچێوەیەک نییە هەموو خەیاڵێکی تێدا ڕام نەکرێت؟ ئەگەر بە میتۆدی تراکتاتۆس لەو دێڕە شیعرە بڕوانین (ئەوەی نەتوانین نیشانی بدەین، ناشتوانین بیڵێین)، خەیاڵی شاعیر زۆرجار دەگاتە مەرزێک زمان دەرەقەتی نایەت، هەندێ خەیاڵیش هەن لە کاتی ڕاکێشانیان بۆ نێو دەق، بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆیان بۆ ڕاڤەکار بە دەستەوە نادەن، پێویستە هیرۆمۆنتیکیانە مانای تری لێ بار بکەیت. ئەمە دەستەپاچەیی وتنە بەرامبەر خەیاڵ، لە ڕەهەندی دەست و پێ سپێتی وتنیشدا لە بەرامبەر واقیع، هۆلۆکۆست باشترین نموونەیە. پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی کوردیش دیسانەوە نموونەیەکی تری بەرجەستەیە لە چارەکی کۆتایی هەمان سەدەی هۆلۆکۆستدا، تیۆدۆر ئادۆرنۆ جارێک وتبووی: (دوای ئاوشڤیتز شیعرنووسین کردەیەکی بەربەریانەیە). لەوە زیاتریش فەیلەسووفی بە بنەچە جووی لیتوانی ئەمانوئیل لیڤیناس پێیوایە دوای هۆلۆکۆست و ئاوشڤیتز تەنانەت

خودی چەمکی مرۆڤایەتی کەوتووەتە بن گوومان و پرسیارەوە. ئەمەیان جێی مەبەستی ئێمە نییە و دەگەڕێینەوە بۆ لای وتەزاکەی ئادۆرنۆ.

رەهەندی قووڵی ئەو دێڕە ئەوەیە، شیعر کە بە تێڕوانینی ئالان بادیۆ ئامانجی دەرخستنی شتێکی نوێیە لە زماندا، ئەو توانستەی نییە گەورەیی ئەو کارەساتە لە خۆیدا جێ بکاتەوە، دەتوانین ئەو مانایەشی لێ بار بکەین شیعر کردەیەکی ئیستاتیکییە و بە ئیستاتیکیکردنی هۆلۆکۆست بۆ خۆی بەربەریزمە. بەڵام لە شانۆی کلاسیکی گریکییدا بە تایبەت لە تراژیدیای یۆنانیدا، دیمەنە زۆر تاڵ و کارەساتبارەکان نمایش نەدەکران، بەڵکو حکایەتخوانێک دەیگێڕانەوە، تا ئەوەی ژاپۆنییەکانیش تا ئێستا نەیانهێشتووە جگە لە یەک دوو فیلم، هیچی تر لەمەڕ مەرگەساتی هێرۆشیما و ناکازاکی بەرهەم بهێنرێت!، چوونکە کارەساتە ریالیتەکە لە هەر کایەیەکی ئەدەبی و هونەریی گەورەترە، کەواتە ئێمە لە بەردەم دوو فۆرمی دژ بە یەکداین، یەکەمیان پێیوایە زمان (شیعر) ناتوانێت لە ئاست تراژیدیاکاندا بێت، دووەمیان مەترسی ئەوە لە نمایش و نیشاندان هەیە لە خوار قەبارەی تراژیدیاکەوە بێت. وەک خۆم پێموایە ئارگۆمێنتەکەی ئادۆرنۆ درووستترە، لە سۆنگەی ئەوەی شیعر گووتنی شتێکە کە ناگووترێت (بە ئیحای بادیۆ)، چۆن هونەری نیگارکێشان وێنەیەکی فۆتۆگرافی نییە، بەڵکو وێنەیەکی بێ وێنەیە، هۆلۆکۆست و ئەنفال دوو تراژیدیای واقیعین و روویانداوە، شیعر ئەگەر وتنی ئەوە بێت ناوترێت، وێنەکێشانیش ئەو شتە بێت وێنەی

نییە، کەواتە ئێمە دەکەوینە نێو تەڵزگەیەک کە ئەو دوو بوارە دەرەتانی ئەوەیان نییە ئەو جۆرە ئەکشنە مەرگبارانە لە خۆبگرن، ئەوەی دەتوانێت بەو رۆڵە هەستێت بە بۆچوونی ئەز تەنیا سینەمایە، بەڵام ئایا ئێمە چیمان کردووە بۆ ئەنفال و مەرگەساتەکانی خۆمان، جگە لەو پیشەسازیی گریانەی هەموو ساڵێک لە رۆژی ئەنفالدا بەرهەم دەهێنرێتەوە؟. بۆیە زۆر خۆم دەپارێزم لە شیعر گووتن بۆ تراژیدیاکان، هەرچەندە جار جار ناچاربووم زۆر نابەدڵانە شیعری لەو بابەتەش بنووسم.

دەچمە سەر کاکڵەی مەبەست، ئەو شتەی ناگووترێت، دیارە ئیمکانی گووتنی نییە، بەڵام خودی شتەکە هەیە، بۆیە هیچ دەرفەتێک نامێنێتەوە جگە لە نیشاندانی، نیشاندانیش تەنیا گرتەیەکی نمایشکارانە نییە، ئەوەندەی هەستپێکردن و مامەڵەکردنە لەگەڵیدا وەک فاکتێکی بەرجەستە و هاشاهەڵنەگر. لێرەدا جارێکی تر پرسەکە دەبەستمەوە بە شێرپەنجەوە، وەک گووترا شێرپەنجە بە جۆرێک لە جۆرەکان هۆلۆکۆستێکی ژێنەتیکییە و هەڕەشەیە بەسەر ژیانی ملیۆنان کەسەوە، هەڵبەتە ئەمە چوواندنێک نییە لە نێوان شێرپەنجە و هۆلۆکۆستدا، هەر چوواندنێک لەم رووەوە ئەوپەڕی بێمانابیە، بەڵام نیشاندانی ترسناکیی نەخۆشییەکەیە، کە ئەگەر بە ژمارە حیسابی بکەین ساڵانە لە ئاوشڤیتزەکاندا (لێرەدا میتافۆرێکە بۆ نەخۆشخانەکان) هێندەی هۆلۆکۆست قوربانی لێ دەکەوێتەوە. نیشاندانی ئەو خۆڕاگرییەی نەخۆشانی شێرپەنجە روو بەدەرەوە نییە، هێندەی رووی لە خۆیە، تۆ بە خۆتی نیشان دەدەیت، لە سەختترین ساتەکانیشدا نەبەزیوویت،

باوەشت کردووە بە ژیاندا وەک چۆن رۆڵەیەک بە توونديی دایکی لە ئامێز دەگرێت، پێویستە پێش هەر کارێک لە قووڵایی ناخ و بە بڕوایەکی مەحکەمەوە بۆ خۆمانی بسەلمێنین، ئەوەی دەبەزێت و لە گۆڕەپانەکەدا ئاڵای سپی هەڵدەکات شێرپەنجەیە نەک ئێمە، ئەگەریش ئەوەندە بەهێزیت و دەتوانیت وانەی ئیرادە و ئەزموونی خۆت بگوازیتەوە، فەرموو نیشانمانی بدە، ئەم فۆرمە نیشاندانە لە خۆیدا زمانە، بەڵام فێرمان مەکە، چوونکە ئیرادە شتێک نییە فێری ببین، بەڵکو وزەیەکی نوستووە و دەبێت هەر یەکێکمان بە شێوازی خۆمان بێداری بکەینەوە. جۆن هۆڵت یەکێک لە کتێبەکانی بە وتەی ئەو زانا دەروونناسە دەستپێدەکات، گوتبووی: (ئەگەر ئێمە وانەی قسەکردنمان بە منداڵان بووتبایەتەوە، هەرگیز فێری قسەکردن نەدەبوون). کەواتە تۆ هیچمان فێر مەکە، ئەو خۆڕاگرییە لە خۆتدا دروست بکە و لە پێشدا نیشانی خۆتی بدە، کارێکی خراپ نابێت ئەگەر دوای خۆت ئێمەش بێبەش نەکەیت لە بینینی.

## سێ

کات بۆیە هەیە چوونکە بوون هەیە بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، نەبوون نەبوونی کاتیشە، ئێستا ئێمە هەین، کاتیشمان هەیە، کەواتە هیچ شتێک ناتوانێت هەبێت لە دەرەوەی کات. ئەو دەرککردنە بە گرنگیی کات بۆ سەردەمی پێش نەخۆشییەکەم دەگەڕێتەوە، لێ نایشارمەوە لەوەتی نەخۆشم زۆرتر لە پێشوو بە بایەخەوە لێی دەڕوانم. هەرچی هەیە لە ناو کاتدا بە دەستمانهێناوە و ئەوەشی لە

دەستدراوە هەر لە ناو ئەودا بووە، کەواتە کات بازنەیەکی داخراوە و رۆژەکانی ژیانی تێدا دەگوزەرێنین، گەرچی کاتی ئێمە لە ژیاندا بـەراوورد بە تەمەنی گـەردوون تەنانەت زەویـش زۆر کـورت و تیژتێپەڕە، بەڵام ئەم هەبوونە کورتە مرۆڤی لە کەڵکەڵەی بەدیهێنانی خەونەکانی نەخستووە. پێموایە ژیان نە خۆشە نە ناخۆش، تەنیا شتێکی دانسقە و مەتەڵێکە، ئەمەش فاکتۆری بەردەوامیمانە تاکو مەتەڵەکە هەڵبهێنین و ناوازەییەکەی کەشف بکەین و کاتیش وردە وردە یارمەتی داوین لە هەڵماڵینی ئەفسوونەکانیدا. ئەوەی ئەمڕۆ شارستانییەکی دیجیتاڵییمان لەسەر زەوی دروستکردووە، هۆشی دەستکرد و رۆبۆتسازیی بوونەتە سیمای سەرەکیی سەردەمەکەمان، ئـەوەی هیچ ئەفسانەیەک لە ئـارادا نـەمـاوە، بـەو مانایەی ئەگەر مەکینەی دورمان بۆ مرۆڤی چەند سەدە پێش ئێستا ئەفسانەیەک بووبێت، بۆ مرۆڤی ئەم چاخە لوتکەترین داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان نابنە جێگەی شۆک و ئەفسانەیان لەبارەوە بۆ داناتاشێت، هەموو ئەمانە چەند قەرداری ئەزموون و ئاوەزن، دە هێندەش چاکەی کاتە، ئەگەر ژیان سەدەیەک یان دوو سەدە بووایە، پێش ئەوەی مرۆڤ لە باخچەی ئاژەڵان بێتە دەرەوە کاتی تەواو بووبا و ئەپۆکالیپۆس بهاتبا، چی دادەهێنا؟. تۆ ئەگەر کاتت لا بەنرخ نەبێت، هیچ نرخێکیش بۆ خۆت دانانێیت، ئاخر تۆ بوونەوەرێکی کاتنشینیت. رەنگبێ زۆرتر نەخۆشەکان (نەخۆشییە جەستەییەکان مەبەستە) لە ساغڵەمەکان، نرخی کات بزانن، نەک لەبەرئەوەی لە مردنەوە نزیکن، چوونکە کات لەلای ئەوان خاو دەبێتەوە، چرکەیەک بە ئازارەوە بە ساڵێک

تێدەپەڕێت، بەم بۆنەوە هەمیشە چاویان لە سبەینێ بڕیوە گەڕابنەوە دۆخی تەندروستباشی، نەک هەر خولەک دەخوێننەوە، بەڵکو چرکەیەکیش دەکەن بە هەزار لەتەوە و چاودێریی تێپەڕینی دەکەن.

وەک خۆم هەموو کات چاوم لەسەر میلی کاتژمێرەکەیە، ئەگەرچی هەموو رۆژێک دەورانێکی دووبارە ئەنجام دەدات، لێ شەوەکان دەڕۆن و رۆژەکان دێن، وەرزەکان دەڕۆن و دووبارە دێنەوە، کەچی ئەوە مرۆڤە دەڕوات و ناگەڕێتەوە. حەزدەکەم لەم سووڕەدا واتایەکم هەبێت، نەخۆش بم یان نا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. لەو بڕوایەدام مردن دوا وێستگەیە و چرکەیەکی پڕ ئازاری ژیان نادەم بە هەزار پارادیسی گریمانەکراو، تەنانەت ژیان بە هەموو دژوارییەکانەوە لە نەبوون باشترە، بە نیازی پارادیس نیم لەسەر زەوی، تەنیا شێت و شەیدای ژیانم، دەنا خۆ مرۆڤی سەرەتاییش لەوە تێگەیشتبوو ناتوانێت لە ژیاندا بەهەشت بەدیبهێنێت، بۆیە خستییە دوای مردن. ئەگەرچی (کات) بە تەواوەتی بووەتە بابەتێکی زانستی بە تایبەت فیزیک، منیش سەر لە فیزیا دەرناکەم، هەوڵدەدەم خۆم لە قەرەی پێناسە زانستییەکان نەدەم، بەڵام هەندێک ئایدیام هەیە لەم بارەیەوە پێم خۆشە لەگەڵتاندا بەشی بکەم. کات ناکوژم، لەناو کاتدا مەلەوانی دەکەم و ناهێڵم باڵندەی هیچ ساتێک لە دەستم بفڕێت، چاوم نەبڕیوەتە رۆژی زەماوەند (چاکبوونەوە)، وەک زیندانییەک هەموو هۆشم ناخەمە ئەودیو شیشی بەندیخانە و لە گۆدۆی رۆژی ئازادبووندا سەر نانێمەوە، نرخی کات دەگرم، وەک کاسێتێکی بەتاڵ بە چالاکیی پڕی دەکەمەوە. ژیان هیچ گرەنتییەکی تێدا نییە، تا (کاری

ئەمڕۆ بخەمە سبەی). ئەوسا لە سلێمانی دەژیام و بە باشیش لە بیرمە جارێک ئەمبولانسێک بریندارێکی لە شارە دێیەکەوە دەگواستەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەڵام لە ڕێگەدا تووشی وەرگەڕان بوو، بریندارەکە وەک خۆی دەرباز بوو، بێ ئەوەی هیچ برینێکی نوێ چووبێتە سەر برینەکانی تری، بەڵام شۆفێری ئەمبولانسەکە گیانی لە دەستدا!.

ئەگەر چەند چرکە پێش ڕووداوەکە لە بەرچاو بگرین، ئاناتۆمی مێشکی هەریەک لە بریندار و شۆفێرەکەمان بکردبا، نەدەکرا ئەو هزرینە نەبینین: شۆفێرەکە خۆی لە شێوەی فریشتەی ڕزگارییدا وێنا کردووە، بریندارەکەش پێی خۆش نەبووە ئەم فریشتەیەی وا لەسەر باڵەکانی پاڵکەوتووە پەلەتر بکات و کەمێک زووتر بیگەیەنێتە تیمارگە، بۆیە تیژڕەویی شۆفێرەکە بە خاتری بریندارەکە بوو، ئەوەی شۆفێرەکە لەبەرچاوی نەگرتبوو کات بوو، ئەوەیشی مێشکی بریندارەکەی بە خۆیەوە خەریک کردبوو کات بوو، بۆ ئەوەی ڕیتمی خۆی خاو بکاتەوە تا دەگاتە شوێنی مەبەست، کەچی شۆفێرەکە کاتی بۆ گرنگ نەبوو، چوونکە پێیوابوو کاتێکی زۆرتری لە بەردەمدایە لە ئایندەدا. لە جێگەیەکی تری ئەم ڕامانانەدا زانیارییەکی دەروونزانەکان دەخەمە بەر دیدتان کە هەموو ئێستایەک سێ چرکەیە، ئیدی چرکەی چوارەم پاڵیان پێوە دەنێت بۆ دواوە و دەبن بە ڕابردوو، بۆ ئەنیشتاین (ئێستا) ئەو کێشەیە بوو نیگەرانی کردبوو، نیگەرانییەکەی ئەزیش ئەوەیە ئێستا بە چاوتروکاندنێک دەبێتە ڕابردوو، کەواتە دەبێت لە ساتدا بژین، ئەڵبەتە بەو مانایە نا مرۆڤێکی ئەبستراکت

و دابڕاو لە یادەوەریی و بێ خەون بۆ داهاتوو، بکەینە ئایکۆن و نموونە، بگرە ئەوە نەریتی ئاژەڵەکانە کە هەردەم لەو ساتانەدا دەژین تێیدان، مرۆڤی راستەقینە هەم رابردووی هەیە هەم غەمی ئایندەی هەیە. فرۆید لەگەڵ سەرکەوتنی نازییەکاندا لە ١٩٣١ و دووبارە چاپکردنەوەی کتێبی (شارستانییەت و ناکامییەکانی) ترسەکەی بە راست گەڕا و ساڵی پێشتر لە نامەیەکدا بۆ ئارنۆڵد زویگ دەنووسێت (سەردەمێکی تاریک بەڕێوەیە، من کە پیر و پەککەوتەم پێویست ناکات نیگەرانی ئەمە بم، بەڵام ناتوانم خەم بۆ حەوت کوڕەزا و کچەزاکەم نەخۆم).

فەیلەسووفی ئەڵمانی ئیمانوئێل کانت پێیوایە کات پێدراوێکی راستەهێڵییە و هەرچی ئەوەی روودەدات لە ئامێزی کاتدایە، ژیل دۆلۆزی بیریاری فەڕەنسیش ئەم بیرۆکەیەی (کانت)ی هەڵگرتەوە و درێـژەی پێدا، بە پێی میتۆلۆژیای گریکی کە هەمیشە شەڕی بنەماڵەی خودا و تیتانەکان دەگێڕێتەوە پێش ئافراندنی مرۆڤ، دەشێ بگووترێت شەڕی مرۆڤەکان درێژکراوەی شەڕی خوداکان و نیمچە خوداکانە، لەو میتۆسەدا کۆرنۆس (کات) کوڕی گایا (زەوی) و ئۆرانۆس (ئاسمان)، کۆرنۆس بۆ پشتگیریی دایکی سەرکردایەتی راپەڕینێک دەکات لە دژی باوکی، لە ئەنجامدا بەسەر باوکیدا سەردەکەوێت و نەزۆکی دەکات، کاتێکیش خۆی دەبێتە باوک و لە هێرای خوشکی شەش منداڵ (خواوەند) دەخاتەوە، بەڵام یەک یەک منداڵەکانی قووت دەدات تاکو رێگە لە دووبارەبوونەوەی کودەتاکردن بگرێت بەسەریدا. ئەمەش لە رووی هێماییەوە ئەوەمان

بۆ دەخاتەڕوو کات دەریالووشێکە و هەموو شتێک قووت دەدات، هیچ شتێک نییە لەناو کاتدا ون نەبێت و نەبێتە هەڵم. لەگەڵ مندا سەرنج بدەن چۆن هەرچی ئیمراتۆرییەتە مەزنەکانە لە نێو کاتدا بوون بە تەپوتۆز و بە هەوادا چوون!؟. دەزانم هەرچی هەیە کات رایدەماڵێت، ناخوازم پاش پەنجا ساڵیم دەستم بخەمە ژێر چەناگەم و بە حەسرەت و ئاە هەڵکێشانەوە داوای گەڕانەوەی کات بکەم بۆ دواوە، ئەمە نە رووددەدات و نە سرووشت یاساکانی خۆی بەخاتری ئاهونزولەی من پێشێل دەکات. بەم هۆکارە ئەو کردەیەی دەتوانێت دڵخۆشم بکات ئەنجامی دەدەم، بە مەرجێک لەسەر پەژارەی کەسانی تر هەڵنەچنرابێت. مرۆڤ ناتوانێت لە ژیانیدا پەشیمانی داینەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بچمە ریزی ئەوانەوە هەموو ژیانیان بریتییە لە پەشیمانییەکی گەورە، لەبەرئەوەی زۆرترین کاتی خۆیان بە فیڕۆداوە. هەر لەبەرئەمەیە لە رۆژی لە دایکبوونمدا تەفرە ناخۆم و ئاهەنگ ناگێڕم، چوونکە ترسێک لە دەروونمدا دەکەوێتە شەپۆل، ئەو رۆژە بیرم دەخاتەوە ساڵێکی تر، کاتم لە ژیاندا کەم بووەتەوە، ئەگەرچی ئەزموونم لەو ساڵەدا پتر هەڵکشاوە، لە پرسی کاتدا هەست دەکەم زۆر ریالیستم و پاش نەخۆشییەکەشم زۆرتر چاوکراوەتر بووم، خۆم وا دەبینم کاتم هەیە بۆ هەرچی شتە سەر بە ژیان بێت. هیچ کاتێک ناڵێم کاتم نییە، تەنیا بۆ مەرگ نەبێت، هاوکات دەبینم زۆرینەی خەڵک زۆرترین کاتیان هەیە بۆ شترێس و مردن، تۆ لە نۆڕینگەی پزیشکێک دانیشتوویت و دەڵێی لەسەر ئاگریت، بۆت بکرێت هەوڵی نۆرەبڕی دەدەیت، لە بری ئەوە ناتەوێت رۆژنامەیەک

بخوێنیتەوە، ئەمە ناودەنێم کات بۆ شترێس، یان ئۆتۆمبیلەکەت بە خێرایی تیشک دەئاژویت، شەڕی کات ناکەیت شەڕ لە دژی کات دەکەیت، ئەمەش ناو دەنێم کات بۆ مەرگ، ئەمە تەنیا دوو نموونەیە لە دەیان نموونەی هاوشێوە.

## چوار

مرۆڤ نابێت بە مرۆڤ بەبێ کولتوور، ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە تەنیا فەرهەنگە، رۆشنبیریی و کولتووری ئێمە پیشەسازیی و دەستکردی چەند مەلا و سۆفییەکی شاعیرە، بناغەی رۆشنبیریشمان تا بە ئەمڕۆ دەگات پتر شیعرە، تەنانەت نازناوی زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیک و نوێ هەڵگری جۆرێک لە نائومێدیی و داماوییە، ئەگەرچی تاکوتەرا، سەید کامیل ئیمامی هەڵکەوتووە کە ریزپەڕانە نازناوی (ئاوات)ی هەڵبژاردووە، ئەگەرنا لە ناوەکانی وەک مەحوی، ناڵی، حەریق، هەژار، جەفایی، بێکەس، رەنجوری، ئەسیری، زاری، عاجز، مەزڵوم وهتد.. وردبینەوە لەوە دڵنیادەبینەوە، ئەو قووڕە کولتوورییەی هەنووکەمانی پێ شێلدراوە دەربڕی ئێش و ئەلگۆدیزمە (ئازارپەروەریی)، ئەم داماوپەرستیی و فیلۆ بێهیواییە ریشەیەکی قووڵتری هەیە لە سکێجکردنی خەیاڵدانی کوردییدا. هەر بەم بۆنەوە تاکو ئێستا بێهیوایی و هەژاریی یان خۆهەژار نیشاندان، ئەو میکانیزمە کاریگەرەیە پێی دەچیتە دڵەکانەوە، لە رووی سیاسییەوە ئەوانەی بە ناوی شۆڕشی هەژارانەوە هاتن، زۆرتر لەوانە خەڵکیان هەڵخڕاند بانگەوازی ژیانێکی شایستەتریان دەکرد.

دەمەوێت زۆرتر باسی ئومێد بکەم، لە سەدەی بیست و یەکەمدا، کورد یەکێک لەو میللەتانەیە حەزێکی راددەبەری بۆ نیهێلیزم و بێ هیوایی هەیە، لای مرۆی کورد هەموو بەها کوردییەکان زڕەبەهان، ماڵی ئایندە بە قووڕ گیراوە، لە توانای خۆی رانابینێت هیچ کارێکی مەزن ئەنجام بدات، ئەمەش لە ئێستادا نەهاتووتە بەرهەم، باکگراوەند و مێژوویەکی زەنگین لە ئەدەبیاتی نوزەنوزکەر و بێهیوا و پووچ سەرنجدان لە ژیان لە پشتییەوە وەستاوە و بەپێی پرۆسەیەکی مێژوویی بووەتە دیاردەیەکی پاندێمی و کۆمەڵایەتی.

سەردەمانێک کە تەمەنم لە خوار سی ساڵییەوە بوو، دیلی نێو ئەم تەڵزگە کولتوورییە بووم، شیعرەکانی منیش (خۆشبەختانە چاپ نەبوون) بە هەمان ئاوازی ناساز و دەنگی گڕەوە ژیانی دەدواند، من لە خۆم رامکرد و چیتر ئامادە نەبووم لە وشک و برینگی و دنیا سەرابئاساکەی مەحویدا مەلە بکەم. بەڵام تا بە ئەمڕۆش دەگات بێ هیوایی هەژموونی هەیە، گۆڕەپانی دەقەکانی جێهێشتووە بەرەو پانتاییەکانی ژیان، ئەگەر ئەمە تەسک بکەینەوە بۆ ئاستی تاکەکەس، مرۆی کورد لە بەرامبەر بچووکترین نەخۆشی یان پەتا چۆک دادەدات، تاکی ئێمە لە رووی سایکۆلۆژییەوە متمانەی بە توانا و ئیرادەی خۆی نییە، چەکی هیچ هیوایەک شک نابات بۆ شەڕ لەگەڵ نەخۆشی، جگە لە نزا و پاڕانەوە، زۆرترین نەخۆشانی شێرپەنجە بە هۆی ئەم بێ متمانەییە و ونکردنی ئومێدەوە بەرەو جیهانی ژێرەوە دەڕۆن. دەمەوێت بە ئەزموونی خۆم ئەم ئایدیا زاڵە بگۆڕم، ژێستی من بۆ تێپەڕاندنی ئەو بێ ئیرادەییەیە بەرەو ئیرادەگەریی، جێ

پێ لێژکردنی نائومێدییە لەلایەن هیواوە، پێش ئەوەشی بەسەرمدا تێبپەڕێت باشتر وایە بڵێم بە ئامانجگرتنی هیوا و تەنیا بە ئومێدەوە ژیان ئەوپەڕی هیچگەرایی و پاسیڤیزمە، جیهان و ژیان بە هیوای پەتی ناگۆڕدرێن، بەڵکو بە پراکتیسی ئومێدەوارانە دێنە گۆڕین. تواناکانی خۆم بە کەم ناگرم، زۆر نموونەم لایە بچووکترین ئەکت گەورەترین گۆڕانی مێژوویی دروست کردووە، دیقەت بدەن، کلۆدیت کالڤین ژنە رەشپێستێک بوو بە چۆڵنەکردنی کورسییەکەی بۆ پیاوێکی سپی پێست لە پاسێکدا لە ویلایەتی ئەلاباما، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرپاکرد، ئەم ئاکتە بچووکە سەرەتای کۆتایی هێنان بوو بە چەوساندنەوەی پێست رەشەکان. با نموونەیەکی تریش وەربگرین هەر لە ئەمەریکا، رۆمانی (کوخەکەی مام تۆمOnkel Toms Hütte) رۆماننووسی ئەمەریکی هاریت بێچیر ستۆ ١٨١١-١٨٩٦ توانی جەنگێکی پیرۆزی ناوخۆیی لە ئەمەریکادا هەڵبگیرسێنێت، سەرئەنجامەی ئەو جەنگە چوار ساڵییە بە کۆتایی هاتنی کۆیلایەتی پێسترەشەکانی ئەمەریکا تەواو بوو، ئەبراهام لینکۆڵن سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا یاسای کۆیلایەتی لە سەرتاسەری وڵاتدا هەڵوەشاندەوە کە ئەمەش ملنەدانی باشوورییەکانی لێکەوتەوە و لە ئاکامدا جەنگی نێوخۆیی ئەمەریکای گرتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لینکۆڵن بەسەریاندا سەرکەوت.

ئێمە کارەکەی خۆمان بە کەم ناگرین و مەیلمان هەیە بۆ ئەوەی دەستمان هەبێت لە گێڕانەوەی هیوا بۆ مرۆڤی کورد بە گشتیی و نەخۆشەکانمان بە تایبەت، ئەڵبەتە بۆ ئەمە رێگای ئەفۆریزم و

ستاتوسە هەرزەکانی ناو سۆشیال میدیا هەڵنابژێرین، هەوڵدەدەین بە بیرکردنەوەی قووڵ نەریتی ئومێدگەرایی لە ناو کولتووردا بچێنین، ئێمە تۆوەکە دەچێنین بەو ئومێدەی هەبن لە دوای ئێمەوە ئاوی بدەن، ئەگەرچی ئەم دێڕانە هەر دەمێننەوە ئەگەر مردنیش بە زوویی رووومان تێبکات، سارتەر وتەنی جیهانی ئەمڕۆ زۆرتر مردووەکان هەڵیدەسووڕێنن. لێرەدا گەرەکمە وەک دەسپێک قسەیەک بدرکێنم زۆر کەم وتراوە لە کۆمەڵی کوردەوارییدا: نائومێدیی ئومێدێکی هەڵگەڕاوەیە. بە درێژایی بوونی ئێمە (کورد) بۆ بینینی جوانی سەیری شتە جوانەکانمان کردووە، بە دەگمەن (عەلادین سەجادی)یەکمان تێدا هەڵدەکەوێت لە پەسنی مەیمووندا بڵێت: (حەیوانێکی ناشرینی جوانە)، ئەگەرچی خودی جوانی رێژەییە، بەڵام هەردەم لە باسکردنی جوانیدا خەیاڵمان نەچووەتە سەر نیگارێکی شێواو، سەر درەختێکی کرمێ، سەر ژنێکی گۆشتن، سەر شێوە نائەندازەییەکان، هیچ کات بە ئەندێشەماندا نەهاتووە لەناو ناشرینی و نارێکییەکانیشدا وێڵ بین بە دوای جوانیدا، ئەمە هەمان ئەو ناواخنەیە فەیلەسووفی ئەڵمانی تیۆدۆر ئادۆرنۆ لە کتێبی (دیالەکتیکی ئیستاتیکا)دا تیۆریزەی کردووە. لە پرسی رەشبیینشدا هەر بە هەمان شێوە نەمانتوانیوە گوێزەکە بشکێنین و بزانین کاکڵەکە تامی چۆنە! وەک خۆم زۆرترین هیوام لە ناو رەشبینییەکانمدا دۆزیوەتەوە، بە پێچەوانەشەوە زۆرێک لە گەشبینیەکانم سەرئەنجام گۆڕاون بۆ نائومێدیی.

ئەگەر روونتر بپەیڤم، زۆرێک لە نائومێدییەکان لە بنک و ریشەی

خۆیاندا ئومێدێکی سیسەوە بوون یان با بڵێم پووکانەوەی ئومێدەکان بوون، وەک لە کتێبی (شارستانی کۆلاپس)یشدا بە خێرایی تیشکم خستووەتە سەر، خۆکوشتن لە خۆیدا بیرکردنەوەیەکی نائومێدانە نییە، بەڵکو گەڕانە بە دوای هیوایەکی تردا، کە وا مەزندە دەکەین بەلەناوبردنی خود پێی دەگەین، لەو باوەڕەدام نائومێدیی دۆخی گۆڕاوی ئومێدە، دوورییە لە ئومێد و نەفییەکی ناچاریی ئومێدە. هیچ مرۆڤێک نییە لە ژیاندا ئامانجی نائومێدیی بێت، مرۆڤ لەسەر هیواکانی بۆ ئێستا و داهاتوو دەژی، نائومێدیی کردار نییە بە هەمیشەیی پەرچەکردارە، نائومێدیی نەوەی ئێمە لەوەدابوو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە بری ئازادیی، سەرکوتکاریی خۆماڵی هێنا، لە بری خۆشگوزەرانیی شەڕی ناوخۆی کردە دیاری دەستی، بەڵام تۆ ئەگەر سەیری چرکەساتی پرۆسەکە بکەیت هەموو بە هیواوە ڕاپەڕین، تەنانەت بە هیواوە کۆڕەومان کرد، بۆیە بە بەردەوامی بنەڕەتەکە ئومێدە، چرۆکان بۆ وەرین سەر دەرناهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ویستم هەیە ئومێد و گەشبینی لە یەکتر جیا بکەمەوە، بەو پێیەی گەشبینی دایکێکی میهرەبانە و ڕۆڵەی نائومێدیی پەروەردە دەکات، لە کاتێکدا ڕەشبینی باوەژنێکی دڵڕەقە و لە ماڵەکەیدا ئومێد هەیە، نازانم چەند سەرکەوتوو دەبم دەریبخەم گەشبینی مودێرن کە پیشەسازییەکی زۆر پیشەسازییە جیایە لەو ئومێدە ئۆنتۆلۆژییەی لەگەڵ هەر مرۆڤێکدا لە دایک دەبێت؟. ڕەنگبێ ئەز روو بەدەرەوە یەکێک بم لە نائومێد و ڕەشبینە مەزنەکان، بەڵام ڕوو بە ناوەوە و خودی خۆم بە پێچەوانەوە گەورەترین هیوام، هەر ڕۆژێک ئومێدێکی نوێ

لە ناخمدا جیلوە دەکات. زۆربەی جار لە کەنار رووباری راین، لە نزیک بورجی ئیڤڵ، لە سەنتەری ستۆکهۆڵم، لە چەقی کۆپنهاگن، لە ناوەڕاستی ئەمستردام و برۆکسل، لەسەر قەڵای هەولێر، لە پارکی شاری سلێمانی، ئەو دەمووچاوە گرژ و مۆنانەم بینیوە، وەک بڵێی یەک دڵۆپ شادییان تێدا نەمابێت، چۆن لە کاتی وێنەگرتندا بزەیەکی درۆزنانەیان هێناوەتە سەر لێو و وێنەیان چرکاندووە، سەرنجیش بدەن سالآنێکە وشەی (فرمێسکی تیمساحانە) لە قسەکردن و پانتایی نووسینماندا سڕدراوەتەوە، چوونکە سەردەمی ئومێدی ساختە و پێکەنین و زەردەخەنەی درۆینە جێی پێ لێژ کردووە.

سرووشتی ئومێد وایە دووبارە و هەزار بارە سەرهەڵدەداتەوە، زستان دەڕوات دووبـارە بەهار دەژێتـەوە، تاریکایی شەو دێت، دووبارە خۆر هەڵدێتەوە، نائومێدییەکان شەوێکی چەند درێژیش بن، دیسانەوە رۆژ دەبێتەوە، لێ جار جار ئەگەر سەر بەرز بکەینەوە مانگەشەوی ئومێدیش لەو شەوە نائومێدانەدا بزەمان بۆ دەکات. زانـای فیزیک (ستیڤن هاوکینگ) جەختی لـەوە دەکـردەوە، هەتا هەناسەیەک مابێت، ئومێدیشی لەگەڵدایە. هیوابڕوا کەسێکە مردبێت، کۆتا هەناسە خۆی هیوایە، ئومێد شتێکە لەناو ژیاندا و بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەناو هەبوونماندا بڵاوبووەتەوە، ئەو ماتەوزەیەیە توانستی بەرەنگاریی و بردنەوەمان پێدەدات. ژیان خودی خۆی سەرکەوتن و بردنەوەیە، بەهیچ کلۆجێ مەرگ دۆڕان یان شکست نییە، بەڵکو لە کارکەوتنی رووکارە فیزیکاڵ و بیۆلۆژییەکەی ئێمەیە، دەنا کوانتۆم فیزیک گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامە شڵەژێنەرەی مرۆڤ لە مەرگدا

بە تەواوەتی لەناوناچێت، ئەڵبەتە من باسی سیناریۆ ئاینییەکان ناکەم لە دوای مەرگ، پێموایە ئەوانە لە خورافە زیاتر نین، هەروەک ئەنتۆنیۆ گرامیشی بیریاری کۆمۆنیستی ئیتاڵی، نەیاری سەرسەختی ئەو روانگە مارکسییەم بە تایبەت مۆدیلی لینینیزم، ترۆتسکیزم، پێگەی دەروونی و روحانییەتی مرۆڤ پشتگوێ دەخات، زۆرتر لەو ماتریالیزمە روحانییەوە نزیکم فەیلەسووفی هاوچەرخی فەڕەنسی ئەندرێ کۆنت-سپۆنڤیل بە تیۆریزەکردنییەوە سەرقاڵە. بەهەرحاڵ با زۆر لە تێماکە دوور نەکەومەوە، زانینێکی گردەبڕمان لە بارەی پاش مردنەوە نییە، ناچارین بە چڕیی ڤۆکەس بخەینە سەر ئەو ژیانەی هەزاران هەزار کانی ئومێدی لێوە هەڵدەقوولێت، ئەگەر کانییەکان بەشێوەیەکی کاتی لێڵ ببن، زۆر نابات دیسانەوە ئاوی سازگاریان لێوە هەڵدەقوولێت. نازانم چەندێک رستەکەم روونە ئەگەر بڵێم، نائومێدیی پێچەوانە و دژی ئومێد نییە، وەک چۆن، لاواز و قەڵەو، برسی و تێر، شەڕ و ئاشتی، وهتد.. پێچەوانەی یەکترن، چوون هیچکام لەوانە لەناویەکدا نین و لە باوەشی یەکتردا لە دایک نەبوون، کەچی نائومێدیی لە دامەنی ئومێدەوە هاتووە و لە باوەشی ئەودا گۆشکراوە، لەم سۆنگەوە ئیمکانی دووبارە هەڵگێڕانەوەی هەیە، بۆ فۆرمێکی تری هیوا، وەلێ هەموو کات پێم خۆشە هیوا و گەشبینی تێکەڵ نەبن، چوونکە زۆربەی جار گەشبینی بنەمایەکی وەهمی و یۆتۆپی و خورافی و پاسیڤانەی هەیە ئەگەرچی تەماحیشی زۆرە، بە پێچەوانەوە ئومێد هێزێکی واقیعبینە و دەچێتە زۆرانبازییەوە لەگەڵ ئەستەمەکاندا و سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت و زیاتر خۆی

مەبەستە نەک هیچی تر.

سەردەمەکەمان چاخی گەشبینە نائومێدەکانە، چەرخی نامۆ دەم بە خەندەکانە، لە هەر لایەک دەڕوانم جگە لە مرۆڤی نامۆ هیچتر نابینم، فریوەکەش لەوەدایە نامۆبووەکان پێیانوایە لە ریزی بەختەوەرترینەکانن، ئەگەر برێک وردتر بڕوانین نامۆبوون بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی سوبێکت بۆ ئوبێکت. ئەگەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا مارکس نامۆبوونی بەستبێتەوە بە بەشتبوونی مرۆڤ و هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە، بەو واتایەی کرێکار لە پەیوەندیی لەگەڵ ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان و لە میانی ئەو کاڵایانەی بەرهەمی دەهێنێت بۆ خۆیشی دەبێتە کاڵا و نامۆبوون سەر دەردەهێنێت، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەم بە کاڵاکردن و بە ئامێرکردنە زۆرینەی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، بۆیە نامۆیی دیاردەیەکی هەمەکییە و زیاتر لەوەیە تەنیا چینی کرێکار بگرێتەوە، لە کاتێکدا ماکینەکانی میدیای بۆرژوازی دەیانەوێت بڕوامان پێ بهێنن نامۆیی دیاردەیەکی دەروونیی یان ئەقڵییە. ئەم نامۆبوونە بریتییە لەو گەشبینییە درۆزنانەی رۆژانە لە هەموو جێگەیەک دەنووێنرێتەوە کە بەهیچ کلۆجێک هیوا نییە، ئەو مرۆڤەی ئومێدی هەبێت، رووبەڕووی دۆخی خۆی دەبێتەوە، من هیوام بە ژیان هەیە، بەرەنگاری سەختترین نەخۆشی دەبمەوە، تێدەگەم لەوەشی ژیان تەنیا بریتییە لە یاریکردن، خۆ منیش ئەو یارییەم خۆشدەوێت. لە بڕگەیەکی کۆمیدیای یەزدانیی (دانتێ)دا لەسەر شێوازی بابیڵ بەر ئەم دێڕە دەکەوین کە لەسەر دەرگای دۆزەخ نووسراوە: (هەموو ئومێدێک لێرەدا جێبهێڵە). من وەک

تووشبوویەکی شێرپەنجە لەو دۆزەخەدام و ناتوانم دەستبەرداری هیوای چاکبوونەوە بم، وەک ئۆرفیۆس بە دوای خۆشەویستەکەمدا (ژیان) تا بنی بنەوەی دۆزەخ دەچم، بەڵام لە ئۆرفیۆس خۆڕاگرتر و ئارامگرتم، رەچاوی رێنماییەکان دەکەم و ئاوڕ بۆ دواوە نادەمەوە، لەبەرئەوەی ناخوازم خۆشەویستەکەم لە دەست بدەم. ئا لەم ئانوساتەدا کۆپلەیەکی (شێرکۆ بێکەس) کەوتووەتە یادم لە دوا بەرهەمی چاپکراوییدا (ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە -٢٠١٢):

ئاسن... لە گیانەڵادایە
مردن... لە گیانەڵادایە
دوێنێ... لە گیانەڵادایە
سبەی... لە گەیشتن دایە

منیش هەردەم چاوەڕوانی سبەینێم، بە ئومێدەوە سەیری بەیانی دەکەم، کە نەک هەموو شتێک لە گیانەڵادا بێت، بەڵکو هەموو شتێکی تێدا مردبێت بە خودی مردنیشەوە جگە لە هیوا، ئەوەی نابێت بهێڵین بمرێت تەنیا هیوایە. ئومێد ئەگەر لە لیستی بەدکاریی و بەڵاکانیشدا بێت و لەو باوڵە خنرابێت زیۆس لە (پاندۆرا)ی قەدەغە کردووە (پاندۆرا یەکەم ژنی ئافرێندراو بەپێی میتۆلۆژیی گریکیی)، لە کاتی سەرپێچییەکەی پاندۆرادا فریای هاتنەدەرەوە نەکەوتبێت، من دەمەوێت ئەو هیوایە دەربهێنم، ئەو ئومێدە ببەشمەوە، هەرچەند ئومێد هەموو کات پۆزەتیڤ نییە، ئەمەیان مژارێکی کێشەسازی فەلسەفییە و ناچینە ناوییەوە. هەر لەم چرکەساتەدا بیر لە ناوی نەخۆشخانەی هیوا (سلێمانی) دەکەمەوە، لێ نازانم کێ ئەو ناوەی

بۆ هەڵبژاردووە، هەرکەس بێت جێگەی دەستخۆشییە، هەر ناوەکە لە رووی سایکۆلۆژییەوە بە قەد دەرمانەکان گرنگە، لە کاتێکدا لە خەیاڵدانی ئێمەی کورددا شێرپەنجە ناوی نەخۆشییەکی (پیس)ە، یەک گرام ئومێدی تێدا نییە، هیوای ژیان لەگەڵیدا لەناودەچێت.

## پێنج

دەمەوێت هۆشی خۆم لە دەرەوەی نەخۆشخانەدا چڕ بکەمەوە، نامەوێت وشەکانی پزیشک، شیمۆ تێراپی (چارەسەری کیمیایی)، رادیۆ تێراپی، نەخۆشخانە، MRA، ئەمبولانس و هتد... ئاسمانی بیرکردنەوە و خەیاڵم دابپۆشن، بۆ من ئەو تێرمانە هەمان مانایان هەیە کە بۆ کەسێکی ساغڵەم هەیەتی، هەر ئەوەندە بە کەڵکم دێن رایانبکێشمە هەرێمی تێکستەوە، لەوە بەولاوە وەک وشەی بێ سوود دەیانخەمە کۆلانی پشتەوەی یادەوەریی و میمۆری مێشکمەوە. زۆر قەڵس دەبم بە پرسیاری ئەو هاوڕێیانەی لە روانگەی دڵسۆزییەوە، پێمدەڵێن: (قسەی پزیشکەکان چییە؟). خاوەنانی ئەم پرسیارە ئەو هەموو ئیرادەیەی مۆتۆڕی مانەوە و ژیانمە نابینن، یان وەک بڵێی پزیشکەکان خولەک بە خولەک لەگەڵمدا بن، چەشنی پەیامنێرانی تەلەفزیۆنەکان بە پەخشی راستەوخۆ رەوش و دۆخی تەندروستیمم بۆ بگوازنەوە، ئەوان بەم چاکەیە خراپەم لەگەڵ دەکەن، لەبەرئەوەی لە دوورترین پنتی خەیاڵکردندا کە لە هەموو جێگەیەکم جگە لە نەخۆشخانە، دەمگەڕێننەوە بۆ قاوشی نەخۆشیی نۆرۆلۆگی. لێناگەڕێم وەک نەخۆشێک بمبینن، هاشاهەڵنەگرە شێرپەنجە لە

ناو بەش و دەڤەرێکی بەرتەسکی فسیۆلۆژیامدا هەیە، ئەوم لەو ناوچەیەدا زیندان کردووە و بەردەوامیش چاوم لەسەریەتی، ئەی دوای ئەوە چی؟!، هەموو فەلسەفەی بوونم بووە بەوەی نەخۆشێکم و چیتر ژیان کاری من نییە؟. ئەمە پرۆسەی بە ئیگۆیستکردنی نەخۆشە کە تەنیا بیر لە خۆی و هەلومەجەرجە تەندروستییەکەی بکاتەوە. بۆ خۆی کۆرۆنا ڤیرۆس سەربازێکی ئەرکداری ئەم پرۆسێسی ئیگۆیزمە بوو، هەمووومانی ناردەوە ماڵەوە، لە رۆژانی کەرەنتینەدا (کە لە دنیای ئاژەڵانەوە بۆ مرۆڤ گواسترایەوە) پێیان گووتین، ئەرکی ئێوە بیرکردنەوە نییە لە جیهان و کەتوار، دەبێت هەر یەکێک بە جیا بیر لە خۆدەربازکردن بکاتەوە و خەمی خۆی بخوات، میدیاکانیش درێغیان لەم فەرمانبەرێتییەدا نەکرد، سەکۆکە کرا بە شانۆی پزیشک و رێنماییە پزیشکییەکان، لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا هەرچی ویستیان کردیان و هەرچی ئەجێندای شاراوەیە پراکتیسیان کرد، لەولاشەوە دێوێک هەبوو (کۆرۆنا) ببووە پاسەوانی قەڵاکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و گەمە لوسیفەرییەکانیان. کرۆکی مەبەستم ئەوەیە نەخۆشییەکەم فاکتێکی تاکەکەسییە، لەولاوە هەڕەشەکانی ژینگە و پەتا و جەنگ و قەیرانی ئاو و خۆراک و ئابووری لە ئاستی جیهانییدا فاکتێکی هەمەکییە، نەشیاوە بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە بەشدارییی نەکەم لە هەڵماڵینی زیاتری ئەو راستییانە. رەنگبێ بڵێن جا تۆ بە لەشێکی نەخۆشەوە چیت پێدەکرێت؟.

پرسیارێکی بێزارکەر و فاشیستیانەیە، ناچاریشم بەرسڤ

بدەمەوە و بڵێم ئەوەتا کتێب دەنووسم، نابێت رۆڵی کتێب لە گۆڕینی ڕێڕەو و شێمای مێژوودا نادیدە بگرین. پێم خۆشە چەند نموونەیەک بهێنمەوە. شراییێر لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ (سیمۆن دی بوڤوار) لە ساڵی ١٩٧٥ لە پەسنی کتێبی (رەگەزەکەی تر)ی دی بوڤوار، چوواندنێک دەکات لە نێوان ئەو کتێبە و کتێبە بەناوبانگەکەی مارکسدا (کاپیتاڵ) و پێیوایە ئەگەر بۆ کۆمۆنیستەکان کاپیتاڵ کتێبێکی هەرە بنچینەیی بێت، ئەوا کتێبەکەی دی بوڤوار بۆ تەواوی فێمینیستەکان لە هەمان پێگەدایە. لە هەمان چاوپێکەوتندا سیمۆن خۆی دەڵێت: (سەرەتا کارەکە تیۆریک بوو، بە ئومێدی بەرەنگاریی نەنووسرابوو، بەڵام دواتر کتێبەکە بوو بە مانیفێستێکی گرنگی ژنانی خەباتکار. کتێبێک چارەنووسی ژنی گۆڕی و ڕێخۆشکەر بوو بۆ لە دایکبوونی دەیان رەوت و شەپۆلی جیاجیای فێمینیزم). با سەیری نموونەیەکی تر بکەین، لە یادی سەد و پەنجا ساڵەی بڵاوکردنەوەی (مانیفێستی کۆمۆنیست)دا فەیلەسووفی ئەمەریکی ریچارد رۆتێ وتی: مرۆڤی خۆرئاواریی تا ئەمڕۆ دوو تێکستی رزگاریخوازانەی هەیە کە بریتین لە ئینجیل و مانیفێست. پێش بڵاوبوونەوەی (مانیفێست)یش لە ساڵی ١٨٤٨، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دوو کتێب شانبەشانی یەکتر کۆمەڵگە و بیرکردنەوەی گشتییان بەڕێوە دەبرد، ئەوانیش کتێبی پیرۆز و کتێبی (شاری خودا)ی قەشە ئۆگەستین بوون لە بیست و دوو بەرگدا، لە بنەماشەوە کتێبەکەی ئۆگەستین ئاوێتەکردنی ئەفلاتۆنیزم بوو لەگەڵ کریستیانیزمدا. بە کورت و کرمانجی ئەوە کتێبەکانن دنیا دەگۆڕن، شێوازی نوێی ژیان پێشنیار دەکەن، ژێرخانی فەرهەنگی

کۆمەڵگەکان دادەڕێژنەوە. قورئان کتێبێکە، مانیفێستی کۆمۆنیست هەر کتێبێکە، کۆماری پلاتۆش دیسان کتێبێکە، بیردۆزی ڕێژەیی ئەنشتاین تەنیاناملیکەیەک بوو.

لە جیهانی کوردییدا کەم نین ئەوانەی بە هۆی هێزی کتێبەکانەوە کـوژران لە نموونەی (عەبدولخالق مـەعروف، رەئـوف زوهـدی، عومەر تۆفیق، فەرهاد فـەرەج و هتد..). لە پەنا ئەمەشدا لەوانەیە هیچ پرسیارێک لەوە رەواتر نەبێت، ئەگەر پرسیار بکەن، ئایا کتێب لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەو وزە و توانایەی هەیە شتێک لە دنیای کوردەواریی بگۆڕێت؟. ئەگەرچی رەشبینم، بەڵام بڕیارمداوە کۆڵ نەدەم نەک دەستەپاچە بم. ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا دەبینم نەک هەر کتێب، هیچ رووداوێکی گەورە یان بچووک هیچ شۆکێک دروست ناکات، ئەنفال کارەساتێک بوو دەبوو مێژووی کورد شەق بکات و بیکات بە دوو پێڤاژۆوە، لە بواری رۆشنبیریشدا هیچ شۆکێکی رۆشنبیریی نابینین لەناو دەستەبژێردا و بڵێین ئەمە پچڕانێکە یان بازدانێکی ئێپستمۆلۆژییە. وەک چۆن کێشەی ئەفسەرێکی جوو (دریفۆس)، رۆژنامەنووسێکی ئاسایی ئۆتریشی (تیۆدۆر هێرتزل)ی کرد بە سەهیۆنی. لە مێژووی ئێمەدا دیاردەیەکی لەو جۆرە نابینینەوە، بە تایبەت رۆشنبیری ئێمە رووناکبیرێکی دۆگم و ستاتیکە و ژیان تا کۆتایی لەسەر یەک ریتم و تەرزە بیرکردنەوە دەباتە پێشەوە و هەمان شتی سەدبارە بەرهەم دەهێنێتەوە. لەگەڵمدا دیقەت بدەن لەو شۆڕشە هزرییەی بەسەر کەسێکی وەک (تۆماس مان)دا دێت، ئەگەر ئەو لە رۆمانی (کەوتنی بنەماڵە بودنبرۆکەکان)

لە ساڵی ١٩٠١دا شیوەنگێڕییەکی نوستالیژییانەی بۆ ئاوابوونی چاخی ئەریستۆکراتی گێڕابێت، لە دووەم ڕۆمانیدا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩٢٤ بە ناوی (کێوی ئەفسوون) هەموو ئەو بنەما ئایدۆلۆژییە کۆنەپەرستانەی خۆی هەڵتەکاندووە و بەرەو دادی کۆمەڵایەتی و ناوەڕۆکی یەکسانی ملی ڕێی گرتووەتە بەر، ئەمە گەورەترین هەڵگەڕانەوەیە لە مێژووی ئەدەبی ئەڵمانیدا.

لە مێژووی وێژەی کوردییدا بازدانێکی ریشەیی وەهامان بەرچاو ناکەوێت، هەر بەم هۆکارە بوو لە کۆڕێکمدا لە شاری هانۆڤەر لە کۆتایی بەهاری ٢٠١٨دا گووتم: ڕۆژنامەوانی و وێژەی کوردیی لانیکەم لە ماوەی سەد ساڵدا دۆگم و ستاتیکە و گۆڕانکارییەکان بایی ئەوەندە نین، هیچ توێژەرێک بخەنە دۆخی دۆشدامان و حەپەسانەوە. دەگەڕێمەوە سەر رستەکانی یەکەم، چیتر قایل نیم لە خانەی نەخۆشێکی پاسیڤی ئەبەدییدا پۆلێن بکرێم، کە نایەوێت هیچ بە دەرەوەی خۆی ببەخشێت، ئەو کەسە من نیم، چاوەڕوانی چارەنووسی خۆم بکەم، بەڵکو ئەو ئیرادەیەی بۆ زاڵبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی بەگەڕم خستووە، بەشی زیاتر دەکات، ویستم هەیە دەستم هەبێت لە کێشانی نیگارەکانی دەرەوەی نەخۆشخانە و وەک بکەرێکی ئەکرۆباتیک سەرکێشیی دەکەم. لەوە هەڵنایەم جەستەم لە نەخۆشخانە بەندە، ناشتوانم بەوە رازی بم، گیان و خەیاڵم بە کەلەپچەکراویی بگەڕێنمەوە ناو ئەم زیندانەی ناوی نەخۆشخانەیە. لێ زۆر ستایشی خەیاڵ دەکەم، بەڵام مەبەستم هەر خەیاڵێک نییە، بەگژ ئەو خەیاڵدا دەچمەوە ترس بەرهەم

دەهێنێت، وەک خەیاڵی ئەو گەشتیارەی نیازی گەشتێکی هاوینەی هەیە بە پاپۆڕ، هەردەم خەیاڵی نغرۆبوون ساتەکانی بکوژێت، من زیاتر باوەڕم بە خەیاڵی سەرکێشە، خەیاڵێک ڕێنماییت بکات بۆ داهێنان و دلاوەریی، هەڵبەتە نابێت لە بیری بکەن وەک خۆم بە بەردەوامی دژی تێزە (بابۆف)ییەکە بووم کە دەیگووت: با سەرەتا لە رووبارەکە بپەڕینەوە و ئەوسا بزانین هەقیقەتەکە چییە؟، پێموایە دەبێت لەمبەر رووبارەکەوە هەقیقەتەکە بناسین، ئەوسا ریسکی پەڕینەوە بکەین. (بابۆفیزم کە بلانکیزم درێژپێدەریەتی، لایەنگری ئەکشنی شۆڕشگێڕانەی خێرایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ روانینی فرانسوا بابۆف ١٧٦٠-١٧٩٧ی رۆژنامەوان و شۆڕشگێڕیی فەرەنسی کە ساڵی ١٧٩٧ برایە بەردەم گیۆتینەکەی شۆڕش و کوژرا).

## شەش

بۆ فەیلەسووفی تاریکبینی ئەڵمانی (ئارسەر شۆپنهاوەر) ئازار توخمێکی پۆزەتیڤی نێو بوونە. فریدریک نیچەش شوێن پێی ئەوی هەڵگرت و گووتی: (ئەو ئازارەی نەمکوژێت بەهێزم دەکات). چێژ یان شادیی ئەو چرکەساتەیە ئازارەکان ون دەبن، بەم پێودانگە ئازار و چێژ یان خۆشیی دوالیزمێکن و لە یەکتر دانەبڕاون، پەیوەندییەکی راستەوراستیان بە یەکەوە هەیە. هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی حەرفی مامەڵە لەگەڵ دیدی نیچە و شۆپنهاوەر رەفتار نەکەین، پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی هێرمینیۆتیکی تێزەکانیان لە بارەی ئازارەوە هەیە، ئەگەر نەڵێم تەنیا پێویستم بەو دوو وشەیە بووە (ئازار پۆزەتیڤە).

سروشتی ژیان ئەوەیە پڕیەتی لە ئازار، هەر لە ئازاری قسەیەکی ڕەقەوە تا ئازاری مەرگی ئازیزانمان، لە ئازاری دڕکێکەوە بیگرە کە لە بنی پێمان دەچەقێت تا ئازاری نەخۆشییەکی وەکوو شێرپەنجە، ئەگەرچی ئازاریش لە مرۆڤدا بە دوو فۆرم خۆی دەنوێنێت، ئازاری مانەویی یان میتافیزیکیی، لەگەڵ ئازار جەستەیی. ئێمە زۆرتر قسەمان لەسەر ئازاری جەستەییە بەو پێیەی باسی نەخۆشییەک دەکەین لەسەر فیسیۆلۆژیامان دەرکی دەکەین نەک سایکۆلۆژیادا. ئازار بەو دیوەدا پۆزەتیڤە وا بکات ببێتە سەرچاوەی توانا و هێز. لیاقەتی ئەوەمان تێدا بێت هەر چەشنە ئازارێک بگۆڕین بۆ وزەی ژیان، بەو جۆرەی ئازارەکان ژیانمان لە بەرچاو تاریک نەکەن، بە پێچەوانەوە هەڵپە و پەلەپەلی زۆرتر بکەین بۆ ژیان، خۆم بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ژیان دەکەم، لە بواری کارکردنی پێشوومدا وەک ڕۆژنامەنووس، بە دیقەتدان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی سۆزێکی گەرموگوڕم هەبوو بۆ ناوی ڕۆژنامەی ژیان-ژین کە پیرەمێردی شاعیر مۆتۆڕ و مێشکی هەردوو ڕۆژنامەکە بووە.

هەرگیز مرۆڤی خۆئازاردەر (مازۆخی)م خۆشناوێت، ئەوەی خۆئازاردان دەکاتە سەرچاوەی چێژەکانی. ئێمەی گرفتارانی شێرپەنجە لە هەموو کەس پتر نرخ و بەهای کات و ژیان و خۆشی دەزانین، چوونکە لە هەلومەرجێکداین هەر یەک لەوانەی باسم کردن خۆیانمان لێ دەشارنەوە و لێمان هەڵدێن و فێریش بووین چاوەڕوانی ژیانێکی نموونەیی نەبین، ئیتر ئەوە ژیانە و پڕیەتی لە شتی دژ بە یەک، بەڵام هەرچۆنێک بێت ژیان چاکترە لە مەرگ،

بوون باشترە لە نەبوون، ئەگەر ژیان تراژیدیاش خۆشترە لە مەرگ ئەگەر کۆمیدیاش بێت. لێرەدا بە هیچ کلۆجێک باس لە هیچ جۆرێکی بەختەوەریی ناکەم، چوونکە بەختیاریی نەک جۆری نییە بگرە هەر بوونی نییە، ئەگەر پێمانوابێت بە چینینەوەی زۆرترین بڕی چێژ دەگەینە بەختەوەریی ئادرەسێکی هەڵەمان هەڵبژاردووە، ئەم ژویسانسە (بە پێی ژاک لاکان) شکست و ئازاری لە خۆیدا هەڵگرتووە و بکەرەکانی تووشی گرێی ئۆدیب دەبن!. ئێستا بڕۆنە ئەو بازاڕە، جمەی دێت لەو پەرتووکە خراپ و سەفسەتەئامێزانەی ڕێگاکانی بەختەوەریمان نیشان دەدەن، لە کاتێکدا ئەمانە چیترمان فێرناکەن جگە لە خۆگوشین و زوهدێکی بێمانا. لای من ژیان ئەوەیە کە هەیە، بەختەوەریی وەهمێکە بۆ بەردەوامبوون و بەرگە گرتنی ژیان دامانهێناوە، خۆ ئەگەر بە زمانێکی شاعیرانە بدوێین بەختەوەریی زیاتر لە سەراب دەچێت، نەخۆشێک بەختەوەریی لە لەش ساغیدا دەبینێتەوە، بازرگانێک لە قازانجێکی زۆردا، بەڵام چ نەخۆشەکە بە چاکبوونەوە چ بازرگانەکە بە قازانجە زۆرەکە هێشتا پێیانوایە بەختەوەرییان چنگ نەکەوتووە و دەبێت بە دوایدا بڕۆن، ژیان کورتە و چێژ و خولیاکانی مرۆڤ بێ ئەژمار و گەردوونێکی بێ کەنار، ئامانجی من بەختەوەریی نییە، تەنیا ژیانە بە هەموو دژوارییەکانییەوە.

لەوەش دڵنیام خودی ژیان نە خۆشە و نە ناخۆش، پانتاییەکە ئێمەی تێداین، لێ دەشێ جیهان لەوە نەرمتر بکرێت کە هەیە تاکو بەرگەگرتنی ژیان ئاسانتر بێت. ئەمە هونەری ژیانە بە پێودانگی من،

لە ترۆپکیشدا لەگەڵ ئەو چەمکەی لە شارستانێتی گریکیی دێریندا بەناوی (هونەری ژیانtechnique of life ) سەرنجکێشمان دەکات بە لای خۆیدا یەکدەگرێتەوە، دواجار ئەم هونەرە یۆنانییە یارمەتیدەرە بۆ بوون بەخۆ یان بکەر (سوبێکت)، هەر لەسەر بنچینەی ئەم چەمکە ستۆیسیزم نەشونمای کرد، کرۆکی چەمکەکەش بریتییە لە فێربوونی چۆنێتی ژیان لە ڕێگەی تێڕامان و لە خۆڕوانینەوە، نەک بیرکردنەوە لە پاش مەرگ. ئەگەر لە ستۆیسیزمدا لە خۆگرتنەوە و دەروون پاکژیی ئەکتێکی تاکەکەسی بووبێت، نەگبەتییەکە ئەوەبوو کریستیانیزم ئیدیەکەی دزی و کردی بە ئەکتێکی کۆلێکتیڤ (کۆگەلی)ی میکانیکی وشک هەڵاتوو، دەکرێت بەوەی کریستیانیزم لە خۆکۆنترۆڵکردنی ڕەواقییەوە پەرەی پێدابوو بگووترێت (هونەری مەرگ)، چوونکە نەک هەموو رایەڵێکی بە چاپە ئۆرگیناڵەکەی ناو ژیاری گریکییەوە پچڕاند، چەمکەکەشی سەرلەبەر ژێراوژوو کرد و پێچەوانەیەکی ڕاستەقینەی لێ هەڵهێنجاند، ئەمە هەمان ئەو دۆزەیە میشێل فۆکۆ بە درێژایی چەند بەرگی کتێبی (مێژووی سێکسوالێتە) شیکاری دەکات. پوختەی مەبەستم ئەوەیە ژیان بەختەوەریی تێدا نییە ئەگەر لە شاری چاکەکاری فارابی یان کۆمارەکەی ئەفلاتۆن یانژی یوتۆپیاکەی تۆماس مۆردا بژین، ڕەنگبێ هەبن ئەم دیدگایە بە پاشەکشکردن لە ڕادیکاڵیزم ببین، هەر چۆنێک لایەنگرانی ئەو بۆچوونە، مرۆڤ لە ماشێنێک زیاتر نابینن، ئەوەی دەرکی ناکەن بەشە فراوانە میتافیزیکیی و نابەرجەستەکەیەتی، داخەکەم ئەمەشیان ئەو

سەقامگیرییەی پێشووی نەماوە و لە ژێر هەڕەشەی بیۆتەکنیکدایە.

## حەوت

داپیرانمان بهێننە پێش چاو، ئەوان لەبەرچاو کزییان زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی دەزوولەیەک بکەن بە کونی دەرزییەکی دورماندا، ئەگەرچی بۆ من و تۆی منداڵ ئەو کارە ئاسان بوو، بگرە ئەو خۆسەغڵەتکردنەی ئەوان مایەی پێکەنین بوو، بەڵام ئەوە سەبارەت بە ئەوان کردەیەکی بە بایەخ بوو. داپیرانمان کۆڵیان نەدەدا تاکو دەزوولەکەیان لە کونە دەرزییەکەوە دەهێنایە دەر، ئەمە بەختەوەرییە راستەقینەکەی ئەوان بوو. ئەگەرچی ژیانی ئێمەش وەک کونی ئەو دەرزییە باریک و تەسک بووەتەوە، کۆڵنەدان لە رووبەڕووبوونەوەدا دەمانگەیەنێتە ئەنجام. وەک خۆم کار بۆ سەرئەنجام یان پاشەڕۆژ ناکەم، راستیتان دەوێت بڕوام بە دوارۆژ (مستقبل) نییە، ژیان هەر ئەو چرکەیەیە هەناسە هەڵدەمژین، لەوە دوورتریش دەڕۆم پێموایە خەبات و بەرەنگاریی بۆ پاشەڕۆژ نییە، بۆ گۆڕینی شتێکی قرێژە لە ئێستادا، بۆ بنیادنانی بەهەشت نییە لە داهاتوودا، بۆ هەڵتەکاندنی دۆزەخەکانی ئێستایە. بردنەوە بە دەستهێنانی شتێک نییە لە کۆتاییدا، بردنەوە بریتییە لە جەنگان، کۆڵنەدان، خەباتکردن، ئاڵنگاریی و رووبەڕووبوونەوە. ئەگەر چاو ببڕینە ئایندە کە تێیدا چاک بووینەتەوە و پڕۆژەکانمان بۆ ئەو دوارۆژە هەڵبگرین ئازارمان نەماوە، کارێکی راستمان نەکردووە، ئەی چی لەو کاتانەی ئێستا بکەین؟!، دانیشین هیوادار بین؟، ئەم

جۆرە ئومێدەوارییە لە بێ ئومێدیی وێرانکارتر و کوشندەترە، لە دەستدانی ئەوەی هەتە لە پێناوی شتێک لەوانەیە لە داهاتوودا هەتبێت، کردەیەکی گێلانەیە، کورد وتەنی (هەشت بێت لە مشت بێت، نەک نۆ بێ و نەبێ). ئەگەرچی لە بنکی ئەم ئیدیۆمەدا جۆرێک لە قنیات هەیە، دیوێکی تریشی هەیە ئەویش مامەڵەیەکی ریالیستیانەیە لەگەڵ پێدراوەکاندا، لینین دەیگووت (سیاسەت هونەری مومکیناتە). ئەم قسەیە بۆ خودی ژیانیش هەر راستە، پێویست ناکات لە دۆزەخەوە خەون بە بەهەشتەوە ببینین، ئەکتە راستەقینەکە ئەوەیە جارێ خۆمان لە دۆزەخ رزگار بکەین، ئەوسا بزانین دەتوانین بەهەشت رۆبنێین یان نا؟.

ناکرێت پێتبڵێم واز لەو ئاوازە بهێنە بە نیازیت دایبنێیت، یان واز لەو کتێبە بهێنە خواستتە بینووسیت، یانژی دەست لەو بیرۆکە باشانە هەڵبگرە داهاتێکت بۆ دەهێننەوە، ئەگەر بە تەمای بڕۆیت بۆ کۆنسێرت یان سینەما برۆ و بە هیچ بیانوویەک دوای مەخە. ئەوەی دەتوانین بیکەین با ئەنجامی بدەین نەک بەڵێنی گەورە گەورە بە خۆمان بدەین بۆ ئایندە. ئێستا دەربڕینێکی لیۆن ترۆتسکی وەک برووسکە بە مێشکمدا تێپەڕی کە لە کۆنگرەی دووەمی حزبی کرێکاریی سۆشیال دیوکراتی رووسیا لە ساڵی ١٩٠٣دا، گووتی: (بەڵێنی خوێنڕێژییەکی زۆری پێداین کەچی چۆلەکەیەکی خوارد)، لە کوردیشدا پەندێکی نزیک لەمەمان هەیە: (شاخ ژان گرتی و مشکێکی بوو). ئەوەی ئێستا پێتدەکرێت با زۆر گەورەش نەبێت ئەوە بکە. نەخۆشانی شێرپەنجە مردوو نین چالاکییان نەبێت، بنووسە و سەما بکە و ئەکتیڤ بە، خۆی

ئەمە بەشێکە لە تێراپی (چارەسەر). بەشبەحاڵی خۆم ڕۆژانە گوێ لە موزیک دەگرم و دەنووسم و دەخوێنمەوە و خەونیش دەبینم، تەنیا قەپاغە گۆشتییەکەم لەبەردەستی دکتۆرەکاندا جێهێشتووە و هەمیشە لە جیهانە تایبەتییەکەی خۆمدام، زۆرجار پزیشکەکان بە سەرسووڕمانەوە سەیرم دەکەن وەک بڵێی بیانەوێت بڵێن ئەوە هێشتا ماویت؟!، هەردەم چاوەڕێ بووم یەکێکیان قسەیەکی وای لە دەم دەربچێت، وەڵامی کورتی خۆم ئامادە کردبوو بڵێم، بەڵێ تاکو بڕوا بە ئێوە نەکەم، بیر لە ژیان بکەمەوە و نەخۆشی پشتگوێ بخەم قنج و قیت دەوەستم. زانستی سەردەمیش دەمێکە سەلماندوویەتی لەش بە قسەی مێشک دەکات، هەر ئێستا بڕۆ ژێر بەتانییەوە بڵێ نەخۆشم، سبەی دەبێت یاسینت لەسەر بخوێندرێت. ئەگەر هەموو کات تەرخان بکەین بۆ بیرکردنەوە لەوەی چیمان بەسەردێت؟ بێگوومان ئەوەمان بەسەر دێت بیری لێ دەکەینەوە. روونە ستایشی هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکیش ناکەم، تەنیا دەتوانم تەبا بم لەگەڵ بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ، زۆرجاریش ئەم هزرە پۆزەتیڤە لە خۆیدا نێگەتیڤە. کاری منیش ئەوەیە ئەوەتان پێ رابگەیەنم پێتان خۆش نییە بیبیستن. ئایا نیچە وتەنی نووسەرێکی دڕندە نیم (ئەو وتی فەیلەسووف) یان دراماتۆرگێکی تۆقێنەر نیم؟.

ئەوەی شادیی و بەختەوەرییم بۆ دەهێنێت درێغی لێ ناکەم، لێ زۆر مەراقم بوو لە واتای بەختەوەریی تێبگەم؟، ئایا بەختەوەریی وەهمە یان فاکت؟، لە کوێدا خۆی دەرخات و لە کوێشدا ون دەبێت؟، ئایا بەختەوەریی ئەکتێکی تاکەکەسییە یان کۆگەلی؟، بۆچی بەختەوەریی

رازئامێزە لەجیاتی ئەوەی روون بێت؟، ئایا چۆن دەتوانین بزانین ئـەوەی لەناویداین بەختەوەرییە بێ ئـەوەی هەستی پێ بکەین؟. وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەم لە ئەزموونی نەخۆشیدا دەستکەوت، لە ناو هەموو پێدراوە میتافیزیکییەکاندا هیچ کامیان رێژەیی نەبن، بەختەوەریی تەواو رێژەییە، زۆرینەی جار گرێدراوی خۆڕاهێنانە لەسەر وەهمێک، لەسەر خەیاڵێک، لەسەر هیوایەک کە رەنگە تا کۆتایی وەک ئومێدێک بمێنێتەوە یان وەربگەڕێت بۆ هیچگەرایی و رەشبینی، دیوە ریالییەکەی بەختەوەریی لەوەدا مانیفێست دەبێت، بەختەوەریی بۆ نەخۆشێکی وەک من تێپەڕاندنی دۆخی ناساغڵەمییە، هەرچەند ئەمە ناکۆکە لەگەڵ دیتنی فەیلەسووفێکی گرنگی وەکوو (ڤۆڵتێر)دا، لەو سۆنگەیەی ئەو دەیویست بەختەوەر بێت چوونکە تەندروستی باش بوو، منیش دەمەوێت تەندروست بم بۆ ئەوەی کەمێک لە کێکی بەختەوەرییم بەربکەوێت، بەختەوەریی بۆ یەکێکی تر پێکەوەنانی سامان و سەرمایەیە، بۆ ئەوی تر بە دەستهێنانی دڵ و خۆشەویستی یەکێکی تری بەرامبەرە. لەگەڵ ئەوەشدا زەمەنی بەختەوەریی کورتخایەنە، هەندێک جار بەرهەمی زێدەڕۆییکردنە لە فەنتازیا و ئیدیاڵیزەکردنی شتێک یان کەسێکدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕەمەکی خواردن یان سێکس دەچێت، هەر جارێک تێر دەخۆیت هەست بە ئاسوودەیی و ئۆرگازم دەکەیت، ئەم ئۆرگازمە زۆر بڕ ناکات جارێکی تر ڕەمەکەکە هەراشانەتر سەرهەڵدەداتەوە.

لەبەر ئەو هۆکارە بەختەوەرییم بە ئامانج نەگرتووە، تەنیا بە پێی سرووشتی خۆی لەگەڵیدا مامەڵە دەکەم و دەمەوێت وەک خۆی لێی

تێبگەم کە هەمیشەیی نییە، بگرە بە خێرایی تێدەپەڕێت و دێتەوە، وەک بڵێی ماخۆلانی بێت و لە جێگەیەکدا هەناسەیەکی ئۆخژن هەڵنەمژێت. بەختەوەریی لە قوتابخانە ناخوێندرێت و لە توێی کتێبەکاندا خۆی پەنا نەداوە، دێت و دەڕوات و رەوشتێکی جیوەیی هەیە، خراپترین کتێبەکانیش ئەوانەن رێنمایی و مۆچیارییمان دەکەن بە چ رێگەیەک بە بەختەوەریی بگەین؟. جارێک کچێکی گەنجی خوێنەر و ئالوودەی جادووبازیی گەشەپێدانی مرۆیی بۆی گێڕامەوە، پێش ئەوەی ئەو جۆرە کتێبانە بخوێنێتەوە، هەستی بە بەختەوەریی زیاتر کردووە!، کەچی لە سایەی ئەم کتێبانەوە لە دەستیداوە، وەک ئەو ژنانەی بە مەبەستی دەستگەیشتن بە جوانییەکی ڤینۆسیی لە رێگەی نەشتەرگەریی جوانکارییەوە خۆیان ناشرین دەکەن!. بە زانینی ئەم فاکتە تاڵەش هێشتا دەتوانین بەختەوەریی لە زۆر شتدا تام بکەین کە لەوانەیە شتانێکی زەبەلاح نەبن، لایەنگری قنیات و ئەو تەڵەکەبازییە عیرفانییە نیم بە کەم رازیبوون دەکاتە میکانیزمی بەدەستهێنانی بەختەوەریی، لە هەمان کاتیشدا نابەختەوەرترین کەس ئەوەیە پتر لەوەی بەدەستهێنابێت پێویستی پێیەتی، دیقەت بدەن مرۆڤی بەکاربەر و بەرخۆری کورد لەم پێڤاژۆ دیرۆکییەدا، لە هەر قۆناغێکی تر هەست بە بێزاریی و نابەختەوەریی دەکات، بۆچی؟، با وەڵامێکی ناباو و جیاواز بدەمەوە: نەک ژبەرئەوەی هیچی نییە، بەو هۆیەی زیاد لە پێویستی هەیە. ئیدی ئەمە رووخساری سەردەمێکی نوێیە، بەختەوەریی و رزگارکردنی مرۆڤ لە ڕاڕایی و سایکۆسیسی بە بازاڕکردن و پارە خەرجکردنەوە دەبەستێتەوە، نەک لانیکەم بە

کۆمەڵە بەهایەکی وەکو سۆلیداریتی و خۆشەویستی و ئازادیی و مافگەرایی و لانیکەم لە بری یەکسانیی، دادپەوەریی.

سەربارێکی تریشم هەیە، پرچی سپیم لە چاوەڕوانی بەختەوەرییدا نەهۆنیوەتەوە، ئەمەیان کتوپڕ دێت و لە ناکاویش ون دەبێت، ئەوەی مەبەستمە ژیانکردنە، ژیانیش لە خۆیدا جۆرێک ئاڵنگارییە لە بەرامبەر زۆرترین شت و ئەگەردا، عاشقی ئەو بازییانەی ناویم، ئەگەر وا نەبووایە ژیان دەبوو بە پارادیسێکی مردوو، لە چەشنی ئەو بەهەشتەی ئاینەکان وێنای دەکەن، هەرگیز بەختەوەریی لە بەهەشتێکی ئامادەکراودا نابینم، لەو شەڕە دەستەویەخەی ناو ژیانی ئاکتوێلدایە. بەم نەخۆشییەشەوە لەگەڵ برێک لە بەختەوەریی و ئازاردا رۆژەکانم دەگوزەرێنم، ناتوانم بیشارمەوە زۆرینەی جار بە هەقیقی رەشبین و تۆسن و ڕاڕام، ئەوەش لە دەموچاو و پەیوەندییەکانمدا بە دەوروبەرەوە رەنگیداوەتەوە، هیچ کات نەمتوانیوە درۆ لەگەڵ بەختەوەریی بکەم و بە چاکەتە شڕەکەی غەمگینی بڵێم، پاڵتۆی بەختەوەریی. ناشمەوێت ئەو رێژەیە لە بەختەوەریی کە لە کاتی نەخۆشیی و دوای نەخۆشییدا گۆڕانێکی شایانی باسی بەسەردا نایەت، بخەمە گریمانەی دوای چاکبوونەوە، راستە بە پێی زانستی پزیشکی ئەوەی بۆم دەکرێت بە مەبەستی درێژکردنەوەی تەمەنە نەک بنبڕکردنی شێرپەنجە، بەڵام ئەوە رێگەم لێ ناگرێت چێژ لە ژیان وەربگرم، بە هەمان ئەندازەی ژانەکانی ناوی. هەر ئەوەی دەنووسم و عاشقم و بیر دەکەمەوە بەڵگە و گەواهین بۆ دەربڕینەکانم. ئەم ساتەوەختەش چرکەساتی بەتاڵبوونەوەی ئەو بیردۆزەیە پێیوایە

نەخۆش جگە لە نەخۆشی هیچی تر بڵاو ناکاتەوە، بە پێچەوانەوە دەتوانن ببینن چۆن لە ڕێگەی بیرۆکەکانمەوە تەندروستی و بیردروستی دەبەشمەوە؟.

## هەشت

ئاگام لێیە چیم وتووە و بە تەمام چیتر بیڵێم، دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئایدیالیزمێک رابکێشم کە پزیشکەکانی خستووەتە شوێنی خودا. لە مودێرنێتەوە زانست نەک چووە جێگەی ئاین بەڵکو بوو بە خودای تاک و تەنهای قسە ڕەتنەکراوە، چوونکە تەکنۆلۆژیای پزیشکی هاوچەرخ توانای زانینی ئەو شتەی هەیە تا ئێستا لە سنووری زانینی خودادا بووە ئەویش ئافراندن و مردنە، هەنووکە خەریکە پرۆسەی بەرهەمهێنان و کۆپیکردنی مرۆڤ لەلایەن زانستی ژێنەتیک و پزیشکییەوە دەبێتە فاکتێکی حاشاهەڵنەگر، هاوکات زانستی تازە بەتایبەت بیۆلۆژیا لە هەناوی رامانی فەلسەفیی و ئەفسانەناسییەوە پەرەی بە تیۆرییەک داوە کە مردن وەک هەڵەی بوون یان سرووشت سەیر دەکات، دەشێ ئەم هەڵەیە راست بکرێتەوە و رۆژێک بێتە پێشەوە مردن لەناوببرێت، ئەمەش لە خۆیدا شوێن پێ لێژکردنی خودایەکی بان سروشتییە و چیدی بیۆ تەکنیک بەوە رازی نابێت بڵێین مرۆڤ دانسقەترین ئافرێندراوی خودایە، تەنانەت بەوەش قایل نییە چیتر مرۆڤ بە سروشتیی لە (دایک) بێت، ئیتر سەردەمی ئەو مرۆڤەیە خۆی بە سەرداری سروشت و بوونەوەران دەزانێت لە ڕێگەی زانستەوە یەک یەک خوداکان دەکوژێت یان لە خودایەتییان

دەخات، دۆخەکە بە جۆرێکی لێهاتووە نەوێ ئاسمانی جیهان لە بری یەک تاکە ئاسکلێپیوس (خواوەندی پزیشکی بە گوێرەی ئەفسانەی گریکی) ملیۆنان ئاسکلێپیوس تێدا دەدرەوشێنەوە. نەخۆشێک لە ژوورەکەی مندا بوو ناوی (ئەناتۆلی) بوو، تەکنۆلۆژیای ژێنەکان فریای ئـەوە نەکەوتبوون دەستیان لە ئافراندنیدا هەبێت، بەڵام سەرکەوتوو بوون لە دیاریکردنی کۆتاییەکەیدا. ئەو کوڕێکی گەنجی یۆنانی خۆشمەشرەب بوو، بەیانییەکی زوو پزیشکەکان بردیان بۆ ژووری چاودێریی چڕ، لەو کاتەی ئەو شۆخیبازیی دەکرد بێ ئاگابوو لەوەی تەنیا شەش ڕۆژ تەمەنی ماوە، ئیدی بردیان و لەو ماوەیەی پزیشکەکان بۆیان دیاری کردبوو، خولەکێک زیاتر نەژیا. هەر بەو جۆرەی یوڤاڵ نوح هەراری بە پوختی دەریبڕیوە، چیتر سەردەمی قەشە بەرگ ڕەشەکان بەسەرچووە، چاخی پزیشکە بەدلە سپییەکانە. ڕەش وەک هێمای تاریکیی و ترس دەربـاز دەبێت بۆ سپی ڕەنگی ژیان و ئارامی. (لە بنکی ئەم تێڕوانینەشدا جگە لەوەی فاشیزمێک لە هەڵاواردنی ڕەنگەکاندا وەستاوە کە ئاپارتایدی لەسەر دامەزرا). میتافیزیکیایەکی پووچیش هەیە، بەوەی هیچی دیکە بوار بۆ هەڵهاتن لەم ئاینە نوێیە نەماوەتەوە کە جۆرجیۆ ئاگامبێن پێی دەڵێت ئاینی پزیشکیی. بەو مانایەی هەمیشە ژیانمان لە ژێر شاڵاوی بێ بەزەییانەی ڤایرۆس و درمە درێژخایەنەکان و ئەو پەتا و نەخۆشییە ناو نەزانراوانەدایە بەدڵنیاییەوە دەبنە ئەکتەری سەرەکی فیلمی ژیانی ئایندەمان، دەنگوباسە ناخۆشەکەش ئەوەیە ئێمە تازە دەزانین جەنگی درم و پەتا پێشبینیکراوەکان تا کۆتایی یەخەمان بەرنادەن و

نەک هەر دەبنە مایەی دڵەخورپە و سەرئێشەی داهاتوومان، بەڵکو جەنگەکەشیان پێ دەدۆڕینین!.

فەیلەسووفی هاوچەرخی فەڕەنسی کۆنت-سپۆنڤیل دەڵێت: جارێک پاتۆلۆجێک پێی گووتم شەڕی نێوان مرۆڤ و میکرۆب کۆتایی نایەت، تەنانەت ئەگەر کۆتایی بێت لە بەرژەوەندیی میکرۆبەکان بە کۆتا دەگات. لەم دۆخەشدا ئەوەی دەکرێت پەنای بۆ ببەین ئاسمان یان نزاکردن نییە، بەڵکو ئەو پێغەمبەرانەیە (شیفا)ی ئێمەیان بەدەستە و ئەو ئەولیا بەرگ سپییانەن (پزیشک) دریغی ناکەن لە رزگارکردنماندا، وەک چۆن دریغی ناکەن دەست وەربدەنە ناو وردەکارییەکانی ژیانمانەوە، وەک هەر بانگخوازێک لیستێک تابۆیان پێیە، ئەویش سەپاندنی شتێکە و چیتر دەبێت شێوازی ژیان و خۆراکت بدەیتە دەست قسەی ئەوان، ئەگەر نا چیتر چاوەڕێت ناکات جگە لە خەوتنێکی بێ هەستانەوە. بەو جۆرەی کۆنت-سپیۆنڤیل فەیلەسووفی فەڕەنسی، وێنەی ئەو کڵێسەیە بیر دەهێنێتەوە لە یەکێک لە گۆڤارەکاندا بینیوویەتی، کەنیسەکە بە دیزاینێکی قەشەنگ رووکاری دەرەوەی دروستکراوە کە گوومەزێکی بەتاڵی هەیە، لە ناوەوە دیمەنی ژنێکی بەسۆز هەیە، نزا دەکات و دەبێژێت: (خودایە، خودا گیان، ئەوەندە متمانەم پێتە، تا ئەو رادەدەیەی دەخوازم بە دکتۆرەکەم بانگت بکەم). تاکە جیاوازییش وەک ئاگامبێن دەستنیشانی کردووە لەم ئاینەدا بە پێچەوانەی سرووشتی تێکڕای ئاینەکانی پێش خۆی کۆتاییەکی دڵخۆشکەری تێدا نییە و پەردەی شانۆگەرییەکە بە سەرکەوتنی ئاهورامەزدا بەسەر ئەهریمەندا

دانادرێتەوە، بەڵکو بە پێی نەریتی ئەم ئاینە ئەهریمەنەکان یان ڤایرۆس و نەخۆشییە چارەنەکراوەکان کۆتاییان نایەت و مژدەی هیچ رزگارییەکی یەکجاریی نـادەن، بگرە درێـژە بەو تەبیعەتەی سەرمایەداریی دەدات بە قەیرانی هەمیشەیی نـاوزەد دەکرێت. ئەز دژی پێشکەوتنەکانی زانستی پزیشکی نیم، ئەگەر زۆریش خۆپەرست نەبم هەر دەبێت پشتگیریی لێ بکەم، بەڵام ئایا زانست بە گشتیی و پزیشکیی بە تایبەتی گەیشتووەتە ئەو سەرئەنجامەی بێ قوربانی ژیانی ئێمە رزگار بکات؟، خۆم گوومان دەکەم لە بنەڕەتەوە پزیشکیی وەک ئاینێکی تازە هەم نیازێکی وا و هەم دەسەڵاتێکی لەم شێوەیەی هەبێت، بەڵکو ئەم ئاینە نوێیە بە زگماک دێوێکی یەک چاوە لە نموونەی ئەو دەعبا یەک چاوەی (سیکلۆپ) رووبەڕووی ئۆدیسیۆس بووەوە، تەنیا ئەو بەشە فسیۆلۆژییەی مرۆڤ دەبینێت دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی شیکارییەکانی خۆیەوە.

زانست هیچی بۆ مرۆڤ نەهێشتووەتە جگە لە جەستەیەک کە هەمیشە لە ژێر ئامبازی پەتا و نەخۆشیدایە، زانست کوێرە مرۆڤی کـورت کـردووەتـەوە بۆ تـەن و بارستەیەکی بیۆلۆژیی بینراو و بەرهەست و بـەردەست. هـەروەتـر زانستی پزیشکیی، زانستی دۆزینەوەی دەرمانە نەک رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی یان بنبڕکردنی نەخۆشی ئەوەتا تا دێت لیستی نەخۆشییەکان زیاد دەبن، هەر پەتایەک بە خێرایی دێت و ئاسایی دەبێتەوە و کاری پزیشکەکان لە دۆزینەوەی پێکوتە شتێکی زیاتر نییە، ئەمەش بە بازاڕکردنی تەندروستی مرۆڤە. پێموایە وتەزاکەی مارتین هایدیگەر (زانست بیر

ناکاتەوە) فرەڕەهەند و تانوپۆیەکی زیاتری هەیە لەوەی لە تاک ماناییدا قەتیسی بکەین، یەکێک لەو مانایانەی دەتوانین لەو رستە کورتە هەڵیهێنجین ئەوەیە لە دۆخی زانستی پزیشکییدا وەها بیر لە مرۆڤ دەکرێتەوە تەنێکی فیزیکاڵی ئەبستراکتە نەک بوونەوەرێکی ئاڵۆز و میتافیزیکی. ئەوەی هەیە لە دۆخی شێرپەنجەدا تەنیا کەمێک درێژکردنەوەی تەمەن و راگەیاندنی بایەقووش ئاسای مردنمانە، فرانتس کافکا چیرۆکێکی هەیە بە ناوی (پزیشکی لادێ) ئەگەرچی ئەو چیرۆکە لە مانا هەرە قووڵەکەی خۆیدا باس لە خودی کافکا خۆی دەکات، بەڵام لێرەدا ئەم دێڕەتان بەیاد دەهێنمەوە لە زاری پزیشکەکەوە: (ئەی کوڕیژگەی بەدبەخت، هیچ شتێک بۆ تۆ ناکرێت و لە دەستم نایەت بۆت بکەم، من زامە گەورەکەی تۆم دەستنیشانکرد، ئەو گووڵەی لە لاقەبرەغەتدایە دەتکوژێت). ئەمە پرەنسیپی تا ئێستای پزیشکییە لە هەمبەر شێرپەنجە، تەنیا ئەو گووڵەمان پێ نیشاندەدەن سەرئەنجام دەمانکوژێت.

## نۆ

با بێینە سەر جۆر و شێوازی خۆراک کە پەیوەندییەکی کۆنکرێتیی بە تەندروستیمانەوە هەیە تەنانەت بە جیهانبینیشمانەوە وەک نیچە پێداگریی لەسەر دەکرد (پێم بڵێ چی دەخۆیت، پێت دەڵێم تۆ کێی!)، ناخوازم و کاری من نییە لە جێی هیچ پزیشکێکی تایبەتمەند بڕیار بدەم، تەنێ لە روانگەیەکی ترەوە سەیری ئەم پرسە دەکەین. کێشەکەی ئێمە خودی خۆراک نییە بەڵکو ناندێن (موبەق)ە. ئەو

ساتەوەختەی مرۆڤ موبەقی داهێنا و فێری کوڵاندن و برژاندن و چلێسی و ئامادەکردنی خـواردن بـوو بە فۆرمە شارستانییە ناسرووشتییەکە، کێشە تەندروستییەکان زیـاتـر تەشەنەیان کرد. موبەق لەگەڵ شارستانیدا هاتووە و تا ئەو بمێنێت ئەمیش لەگەڵماندا بـەردەوام دەبێت. دەمەوێت بوێریی خۆم بەکاربهێنم و بڵێم ئەو تەکنیکانەی فێری بووین لە ئامادەکردنی گۆشتی ئاژەڵان و گیانەوەرە ئاوییەکان و بەروبوومە ئاژەڵییەکان هیچیان لەگەڵ خۆمان و گەدەماندا دۆست نین، بەڵکو بەدۆستکراون، شێوازەکانی لێنان و برژاندن و خۆشکردن بەرپرسیارن لە تێکچوونی رەوشی تەندروستیمان و ئەو نەخۆشییانەی سەرهەڵدەدەن. لەم دیمەنە بڕوانن: شێفێکی پلە دووی ئیتاڵی ڤیدیۆیەکی ئامادەکردنی (پاستا)ی لە چەناڵی یوتوب بڵاوکردەوەتەوە، ژمـارەی ڤیۆی گەیشتووەتە ٩٠٠ ملیۆن بینین، لە بەرامبەردا سەرکەووتووترین کتێب لە جیهاندا یەک ملیۆن دانەی لێ دەفرۆشرێت، رەنگە بڵێن خزمەتگوزارییەکانی یوتوب بە خۆڕایین، بەڵام سبەی دکتۆر یان تایبەتمەندێکی خۆراک هەمان ڤیدیۆ بڵاوبکاتەوە، ئایا ژمارەی بینەرانی دەگەنە ٩٠٠ هەزاریش نەخاسمە ٩٠٠ ملیۆن؟. لە کوردستانیش پڕ بینەرترین بەرنامەکان ئەوانەن شێفێک تیایاندا خواردن راستتر وایە بڵێم ژەهر ئامادە دەکات، بێ هۆ نییە زۆرترین ژمـارەی چێشتخانە و کەبابخانە و دوکانەکانی خواردنفرۆشیی لە شار و شارۆچکەکانماندا هەن، ئەگەر شارەدێیەک رێستۆرانتی نەبێت گلەییمان دەگاتە ئاسمان، هەر لەو شارەدێیەدا کتێبخانە نەبێت هیچ کێشەیەک نییە، بە دڵنیایشەوە کێشە نییە.

باش لە بیرمە دوای راپەڕین بوو، بۆ یەکەمین جار لە تیڤی گەلی کوردستانەوە، فیلم کارتۆن بە دۆبلاژی کوردیی نیشان دەدرا، زۆریکیانم لە یاد ماوە، لەوانە فیلمی کارتۆنێک بوو بە ناوی (بزنە بچکۆل). ئەم بزنە هەموو کات دەمی دەجوولا، هەر لە گەلاوە تا پۆلای دەخوارد، لە یەکێک لە دیمەنەکاندا دەیهاونە ناو ئۆتۆمبیلێک بۆ ئەوەی دووری بخەنەوە، تەنانەت مەکینەی ماشێنەکەش دەخوات. لێرەوە نزیک دەکەومەوە لە تێڕوانینە (دریدا)ییەکە و سەرباریکیشی دەخەمە سەر، مرۆڤی مودێرن، هەموو شت دەخوات چ بە بەرجەستەیی، چ بە مانەویی، مرۆڤی نوێ کە بەرهەمی سیستمێکی هۆڤ و قریژ، بە قەولی دریدا کانیبالیستییە (مەجازەکانی کانیبالیستی)، هەردەم دەمی دەجوولێت و دڕندەیەکی تێرنەخۆرە، دواجار هیومانیزم ئایدۆلۆژیای هەموو شت خواردنە لەلایەن مرۆڤەوە، تەنانەت ئەم پرۆسەیە لە سکی دایکمانەوە دەستپێدەکات و لەگەڵ چاوکردنەوەماندا ئارەزووی خواردنی جیهان کەڵلەمان داگیر دەکات. من کە هاوڕێی تۆم، دەبێت لێ بتخۆم، مەرج نییە لێخواردن هەر ماددیی بێت دەشێ بەشی ئۆرگازمی خۆم بەدەستبهێنم لە تۆدا، بە دیویکی تردا ئێمە هیچ نین جگە لە گەدەیەکی گەورە بۆ هەڵلووشین. وەک ژاک دریدا جەختی لێدەکاتەوە: (ئێمە هەموومان تەنانەت رووەکخۆرەکانیشمان بە مانایەکی رەمزیی گۆشتخۆرن). لە قامووسی زمانەوانیی کوردییدا ئەم لێ خواردنە روونتر دەبێتەوە لە وشەکانی وەکوو: پارەخۆر و قەرزخۆر و تێرنەخۆر و مفتەخۆر وهتد.،، لەم سۆنگەوە سەردەمی نوێ چاخی خواردنە بە هەردوو بارەکەدا، سەردەمی

قووتدانی بێ بیرکردنەوەی هەموو شتێکە. ئـەوەی ئێمە لێرەدا جەختی لێدەکەینەوە، ئـەو خۆراکـەیـە بـە بەرجەستەیی لـە رێی دەممانەوە دەیخۆین و دەینێرینە ژێرژەمینی گەدەوە، ئای گەدەی دامـاو تۆ کارگەی پۆڵاتواندنەوەش بیت، هەر بەرگەی دە دوانزە ساڵ دەگریت. لێکەوتە تەندروستییەکانی ئەم فرەخۆرییە کوێرانەیە، ئاوەدانبوونەوەی گۆڕستان و نەخۆشخانەکانە، یان ئەو قەڵەوییە نائاساییەیە بووەتە رووخساری سەردەمەکەمان، لە ئەمەریکا لە چوار کەس کەسێکیان گرفتاری قەڵەوییە، ئەویش دەرئەنجامێکی راستەوخۆی فرەخۆریی و زۆرخۆرییە بە تایبەت دەم نەپاراستن لە خواردەمەنییە پرۆسێسکراوەکان، ئەمەریکا بە هیچ لەناو نەچێت قەڵەویی هەرەسی پێدەهێنێت. لێ دژی هەر فاشیزمێکم لەهەمبەر قەڵەوەکان، بەڵام ناتوانم وەک پاتۆلۆژیا بیر لە قەڵەویی نەکەمەوە. ئیبن سینای بەڵخی زانستکاری دێرینی رۆژهەڵاتی زەوی، زیاتر لە هـەزار ساڵە بۆی ئاشکرا کردووین، کەمخۆریی چارەسەرە و مامناوەندخۆریی خۆراک، هەرچی زۆرخۆریشە ژەهرە.

کاتی ئەو پرسیارەش هاتووە و بڵێین ئایا ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە ناو سرووشتی ناسرووشتی و لەوێوە خۆراکمان پەیدا بکەین؟. بێگومان ئەمە کارێکی شێتانەش بووایە دەمانکرد، لێ لە یەکەم مرۆڤەوە کە هێشتا بە چوارپەل دەڕۆیشت سرووشت دۆستمان نەبووە، ئەوە ئێمە بووین دۆستی سرووشت بووین و رێزمان لێ ناوە تا رادەی پەرستن، بەڵام هیچ ئیمکانێک نەماوە سرووشت وا لێ بکەین وەک پێشان بە دڵڕەقییەکانی خۆیەوە سرووشتی

بێت تا نەفرەت لە پرۆمسیۆس بکەین ئاگری لە کێوی ئۆلۆمپ بۆ مرۆڤ دزی و مرۆڤیش شارستانی و چێشتلێنانی لێ بەرهەم هێنا، رەنگە پێتان سەیر بێت ئەگەر بڵێم زۆر شارستانیبوونیش فۆرمێکی تری کێوییبوونە!. دواجـار ئێمە مەحکومین بە چاکەکارییەکانی شارستانییەت، دەبێت بەرگەی ئازارەکانیشی بگرین لە نەخۆشیی و ناخۆشییەکان و بۆن و هـاڵاوی موبەقەکان، لەناو ئەم جیهانە بە کـاڵاکـراوەدا دۆزینـەوەی خۆراکی تەندروست لە گەڕانەکەی گلگامێش دەچێت بە دوای رووەکی نەمرییدا. هەر ئەم بێ چارەییەیە فەیلەسووفی ئەڵمانی پیتەر سلۆرتەدایک بە تەنگژەیەکی ئاکاریی دەیبینێت و دەڵێت: (قەیرانی ئاکاریی مودێرنێتە لـەوەدایـە وەک رووەکخۆر بیر دەکەینەوە و وەک گۆشتخۆر دەژین). لە دوماهیدا هیچ لیستێکم لە بەردەستدا نییە بڵێم فلانە خواردن باشە یان خراپ بۆ شێرپەنجە، چوونکە رۆژانە تاقیکارییە زانستییەکان ئەوانیتری پێشوو بە درۆ دەخاتەوە، ئەمڕۆ دەڵێن تۆوی کەتان و زەنجەپیل یـان ناوکی قەیسی و چوالەی تـاڵ بۆ فـلان نەخۆشیی باشـە، بۆ نموونە یارمەتی لەناوبردنی خانە شێرپەنجەییەکان دەدەن، شەوێکی بەسەردا ناڕوات زانست خۆی بەدرۆ دەخاتەوە و توێژینەوەیەکی تر دەرئەنجامی پێچەوانە دەخاتە ڕوو!!. یەکێک لە دوا توێژینەوە زانستییەکان دەریخستووە ژەهری (دووپشک) ئێستا بۆ چارەسەرە پزیشکییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێت بە تایبەت بۆ شێرپەنجە و تومۆری مێشک، بۆچی نا ئەگەر سبەی توێژینەوەیەکی تری لابورە پزیشکییەکان پێمانبڵێت بابەتەکە تەواو پێچەوانەیە؟!. ئەمە بێجگە لەوە

ڕەهەندی بزنس لە بەهادان بە نرخ و پێگەی خۆراکەکان لەبەرچاو دەگیرێت. لەوە دەچێت هیچ کام لەوانە ڕاست نەبن، بەڵام گوومانم نییە هەموویان هەڵەن. لەم ساڵانەی دواییدا دووگ ببووە چارەسەر و بەشێکی بنەڕەتی کیتۆ ڕیجیم، هیچ بەڵگەیەکم لە بەردەست نییە دژی دووگ، ئەوەی لێم روونە قاچاخچێتی ژمارەیەک بەرپرس بوو بەم (خۆراکەوە)، کە هیچ کات ناتوانم وەک ژەهرێک بیری لێ نەکەمەوە.

## دە

سرووشتی مرۆیی خاڵێکی لاوازی تێدایە، ئەوەی هەمانە نایبینین، ئەوەی لە دەستمان نەداوە هەستی پێناکەین تا لە دەستی نەدەین (گۆرانییەکەی ماریا سام). بیر لە هەر مرۆڤێک دەکەمەوە، پێموایە چرکە بەختەوەرەکانی (لە روانگەی شۆپنهاوەرەوە بەختەوەریی پیواربوونی ئێش و ئازارە) زۆر زیاترن لە چرکە ئازاردەرەکانی، کێشەکەمان ئەوەیە چاوی ئێمە راهاتووە لەسەر بینینی فرمێسک نەک پێکەنین. نامەوێت خۆم بخەمە کەوڵی دانایەکی بودابیەوە و بڵێم ژیان واتە رازیبوون بە بەشی خۆت، ئەمە مەبەستی کەسێکی رادیکاڵی وەک ئەز نییە، تەنێ دەخوازم سەرنجتان رابکێشم بۆ ئەوەی ژیان و سرووشت هەندێک شتی پێبەخشیووین بیری لێ ناکەینەوە، با باسی خۆم بکەم، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات لە سییەکانی تەمەنمدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببم، خەون و ئامانجی درێژخایەنم دەستنیشانکردبوو، ئامانجەکانیش تەنیا هیواخوازییەکی پاسیڤانە

نەبوو، دەمزانی واقیع دژی زۆرینەی ئامانجەکانمانە، لێ هەوڵم دەدا بە تێکۆشانی تاکەکەسی و کۆگەلی یەک بە یەک بیانهێنمە دی و واقیع دەستەمۆ بکەم نەک بە پێچەوانەوە. ئەوەی لە بیرم کردبوو تەندروستیم بوو، ناڵێم هەموو پرۆژە و خەونەکانم لەگەڵ تووشبوونم بە شێرپەنجە کۆتاییان هات، نەخێر زۆرینەیان وەک خۆیان مانەوە، بەڵام ڕێگەیەکی هەورازتر و دژوارتر بووە. زۆربەی جار وا دەبینرا قسەکانم لە واقیع گەورەترن، ئەمە تا ڕاددەیەکی زۆر پێچەوانە بوو، ئەوپەڕی ریالیست بووم، سەرنجم لە شتێکی دەدا لە پێشمەوە لەم کاتەدا ئەوانیتر ئاوڕیان بۆ دواوە دابووەوە. لینین لە (تێزەکانی ئاپریل)دا کە بانگەوازێک بوو بۆ شۆڕش، بە تەنیا مایەوە، ئەوەی ژیژەک ناوی دەنێت (تەنیایی لینین). تەنانەت لە ناو پارتەکەشیدا بە یۆتۆپیایەک بینرا، بۆگدانۆڤ ئەو تێزانەی بە (وڕێنەکانی پیاوێکی شێت) پێناسە کرد، تا ئەو رادەیەی نادیژا کرۆپسکایای هاوسەریشی تووشی بەدگومانی ببوو لە بارەی تێکچوونی عەقڵیی لینینەوە. سەرەنجام ئەو تێزانە شۆڕشی ئۆکتۆبەریان بەرهەم هێنا و یۆتۆپیا لینینییەکە بەری گرت، ئامانجەکانی منیش بینینی ڕووناکییەک بوو لەودیو چڕە دووکەڵەکەوە.

با بگەڕێمەوە بۆ دێڕەکانی سەرەتا، دەمەوێت هێما بۆ ئەوە بکەم، ئەوەی بە دەستمانەوەیە کەم نییە، ئەگەر بڕیارە کارێک بکەین، با ئەو کارە بە ئەستەمیش لێکبدرێتەوە. مەبەستە ڕوونەکە ئەوەیە تۆ وەک نەخۆشێکی شێرپەنجە خۆت بدەرە دەست زانست و ڕێنماییە پزیشکییەکان، هەموو باری سەرنجت مەخە سەر ئەوەی نەخۆشیت،

وایدابنێ نەخۆش نیت، ژیان بۆ ئەرکێکی گەورەتر رایسپاردوویت، ئەگەر وەرزشەوانێک بوویت، شێرپەنجە بواری چالاکی کەم و تەسک کردوویتەوە، کارێکی تر بدۆزەرەوە لە توانای جەستەیی و فیکریی خۆتدا بێت. بەشبەحاڵی خۆم پێش شێرپەنجە رۆژنامەوانێکی مەیدانی بووم، وەک سەگی پێ سووتاو لە هەموو عێراقدا لە باشوورەوە تا کوردستان کارم دەکرد، دانیشتنم نەبوو، کاتێک شێرپەنجە پەستامییە کونجی نەخۆشخانە، بە خۆمم گووت: ئەم ئادرەسە هەڵەیە تۆیان بۆ هێناوە، هیچ نەبێت بەشدار بە لە وێنەکێشانەوەی جیهان ئەوەندەی لە دەسەڵاتی تۆدایە، گەڕامەوە بۆ لای نووسین. رەنگبێ هەبن بڵێن بیرکردنەوە لە تەندروستی خۆت لە هەر کارێک لە پێشترە، رێک هاوڕام، ئەم دڵدارییە لەگەڵ ژیان بایەخی یەکەمە بە تەندروستیم. بە هیچ جۆرێک وەک زۆرێک بێ هیوا نەبووم لە نووسین، پێموایە مادام هێشتا دەنووسم ئومێدم ماوە، مادام کتێب بڵاو دەکەمەوە تێدەگەم لەناو ئەم دنیا دیجیتاڵیزەکراوەشدا دەکرێت شتێک بگۆڕدرێت، واقیعێک لاببرێت و واقیعێکی تر بخرێتە جێگەی، بێهیوایی ئەو کاتەیە دەستم نەچێتە نووسین، تەنانەت نەتوانم نائومێدانەش بێت قسە بۆ تیڤی یان خەڵکانێک بکەم لە هۆڵێکدا. تا لە چالاکیی بەردەوام بم، لە زۆر دووریشەوە بێت ئاگرێک دەبینم، ئەمجارە نابمە پرۆمیسیۆس!، لە بری ئەوەی ئاگر بۆ مرۆڤ بدزم وترووسکەی شارستانێتی داگیرسێنم، پاڵ بەم شارستانێتییە ساردوسڕەوە دەنێم بەرەو ئاگرەکە. لێ منیش چەشنی مام هێمن موکریانی دەهزرێم کە لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت: (خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم)، بەڵام لەگەڵ

ئەمەشدا مەرگ دوا شتە بیری لێ بکەمەوە، هەر بە سرووشتی خۆیشی دوا شتە و کەوتووەتە پاش دوا هەناسەمانەوە. بێگومان زۆرینەمان فیلمی (تایتانیک)مان بینیوە، کاپتنی کەشتییەکە دەزانێت لە نێوان خۆی و مردندا چەند چرکەیەک هەیە، کەچی لە شوێنی خۆی مەحکەم دەوەستێت، بە بێدەنگی و چاوی کراوەوە پێشوازیی لە مەرگی خۆی دەکات، هەر یەکێکمان هەروەک ئەو کەشتییەوانە دەزانین مەودای نێوان لە دایکبوون و مەرگ زۆر دوور نییە، پێویست بە پەشۆکاون و لەرز ناکات، با بەدەم سەماوە نقووم ببین. وەک خۆم نامەوێت ئەو چارەنووسە هەڵبژێرم جۆناسان برایلی هەڵیبژارد. ئایا ئێوە ئەو دەناسن؟. ئەمەیان فەیلەسوفێک نییە، ئەو پیاوە ئازا\\ ترسنۆکەیە فۆبیای مەرگ وایلێکرد لە نهۆمی سەد و حەوتی تاوەری بازرگانی جیهانییەوە لە رووداوەکەی یانزەی سێپتامبەری ٢٠٠١دا خۆی هەڵبداتە خوارەوە، ئەو لە تراوما یان ترس و بیمی مەرگ، مردنی هەڵبژارد!.

لە هەموو کەس باشتر دەزانم زۆرێک لە تووشبووانی شێرپەنجە ئەوەندەی بیر لە مردن دەکەنەوە لە ژیان ناڕوانن. بۆ خۆم دوو سێ مانگێک لەگەڵ ئەو هەستە تفتەدا ژیاوم، لێ هەنووکە بە پێچەوانەوەم، ئەوە دەبینم دەبینرێت نەک ئەو نادیارەی هیچ کات نابێتە دیار و هەر لەودیوەوە دەمێنێتەوە. بۆ هەندێک کەس مادام سەرەنجامی ژیان بە مەرگ دەگاتە پایان، بوون و نەبوونی ئێمە هیچ واتایەکی نییە، ئاوەزی ئاینیی کار لەسەر ئەم دیسکۆرسە دەکات، بە هۆی ئەوەی مردن هەیە ژیانی دنیا هیچ نییە، دیسانەوە بە پێچەوانەوە دەهزرێم و پێموایە

بەهۆی مردنەوەیە ژیانمان واتای هەیە و گرنگە. ئەوەشی جێگەی خۆشحاڵییە کەس مەرگی خۆی نابینێت، کەسیش سەیری تەرمی خۆی لە کاتی ئەسپەردە یان سووتاندندا ناکات، کەواتە ترسەکە لە کوێدایە؟، ڕەنگبێ لەوەدا بێت ئەو واتایەی لە ژیاندا دروستمان کردووە لەناودەچێت و بۆ هەمیشە بزر دەبێت، پێموابێت ئیمپراتۆری ڕۆم (مارکۆس ئۆرێلیۆس) بوو لە فراگمێنتێکی (تێڕامان)ەکانیدا نووسیبووی: هیچ شتێک جاویدانی نییە، هەموو شت بەر یاسای گۆڕان دەکەوێت و لەناودەچێت. وەرن تەماشا بکەین، گۆڕستانەکان خاڵییە لە هەر لاشەیەک، لەوانەیە پڕ پریاسکەیەک ئێسک و پروسک لە هەر گۆڕێکدا مابێتەوە، دەی مادام ئەوە سەرەنجامەکەیە بۆچی بە مردوویی ژیان بگوزەرێنین؟. ئەو هەستەم نییە لە پێناوی مردندا بژیم، لە پێناوی ژیاندا دەژیم، کاتێک لە پەنجەرەی نەخۆشخانەکەمەوە سەیر دەرەوە (پانتایی گشتیی) دەکەم، ژیان دەبینم، چاوم لەوە بڕیوە ببمەوە ئەکتەرێک لەسەر سەکۆی ژیان نەک تەرمێکی ساردی بێ ناز، خۆم بە جیا لەوانە دانانێم لە پانتایی گشتیدا ژیان دەکرۆژن، من لەوێم و دەمەوێت لەناویاندا بم. حەز بە ئاڵۆزکردنی تێماکە ناکەم، نەکا (ئیمێل سیوران)ێک لێمان ڕاست ببێتەوە و بڵێت بابەتەکە زۆر سادەیە ئاڵۆزی مەکە، چوونکە ئەو نووسەر و بیرمەندە فەڕەنسییە بە ڕەگەز ڕۆمانییە پێیوایە گووتاری فەلسەفیی ئەڵمانیی فۆرمێک چنینە هەم بازنەی تێگەیشتن هەم بازنەی بەشداریی تەسکتر دەکاتەوە، بۆیە دەڵێت: (ئەو کاتەی هایدگەر دەربارەی مەرگ قسە دەکات، زمانێکی زۆر قورس و ئاڵۆز بۆ گووتنی شتانێکی زۆر سادە بەکاردەهێنێت).

بە کورت و کرمانجی ژیان بۆ من یەکەم و دوا شتە.

## یازدە

پێم خۆشە لێرەدا زۆرتر لە بارەی ئەو هێزە ناوەکییەوە قسە بکەم پێی دەڵێین (ئیرادە). لێ بەردەوام ئاخاوتن لەمەڕ ئیرادە لە جێگەیەکی سەخت و عاسیدایە، بەڵام بەر لە هەر شتێک دەبێت ئاگامان لەو فاکتە بێت، ئیرادە کلیلێکی سیحریی نییە هەموو دەرگا داخراوەکان بکاتەوە، تەنیا دەتوانێت هەندێک دەرگا بکاتەوە و لێوەی تێپەڕین. بە زانینی ئەمەش ناکرێت رۆڵی ئیرادە لە زاڵبوون بەسەر خۆمان و بارودۆخە سەختەکاندا فەرامۆش بکرێت. هەندێک هەلومەرج کۆت و بەندێکی ئەبەدیی و دیتێرمینیستییە (جەبرگەرایی) و راکردن لێیان ئەستەمە. هەرگیز ناتوانیت رەنگی پێست، نەژاد و نەتەوە، جوگرافیای لە دایکبوون هەڵبژێریت، ئەم بابەتانە جەبرێکی سرووشتکردن، لە بەرامبەردا هەندێک بواری هەن دەتوانیت بە ویست و ئیرادە، بە دەستیبهێنیت. ژیان خۆی یارییەکی لەم جۆرەیە و کەوتووەتە نێوان ریال (ئەستەم) و مومکینەوە. لە پرسی نەخۆشییدا رەنگە ئیرادە جێگەی دەرمان نەگرێتەوە، نکۆڵی لەوەش ناکرێت یەکێکە لە دەرمانە هەرە کاریگەرەکان لە ئامبازی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکاندا. بە بێ ئیرادە مرۆڤی ساغڵەمیش بەرگەی ژیان ناگرێت، لە سۆنگەی ئەوەی سرووشتی ژیان یەک ریتم نییە، دەبێت بە زەبری ئیرادە جڵەوگیری بکەیت و بیخەیتە خزمەتی خۆتەوە، بەم پێیە ئیرادە هونەری ژیانکردنە. با نموونەیەکی سیاسیی بهێنینەوە، لەوەتی

کورد هەیە وەک نەتەوە کە لە فۆرمە ساکارەکەیدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە دەرسکێت و لە سەدەی بیستەمدا دەخەملێت، بەردەوام هۆکاری نەبوون بە دەوڵەتی بەستووەتەوە بە نیازخراپیی دەرەوە، ویژدانی خۆی بەم پاساوە فریودەرانەیە ئاسوودە کردووە، هەموو دیسکۆرسی سیاسیی کوردیی بە درێژایی ١٤٣ی رابردوو لە شۆڕشی شێخی شەمزینییەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بریتی بووە لە کولتووری کڕوزانەوە و شینگێڕیی چەشنی (شێوەنێک بۆ ئور) کە شیوەنێکی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەری خەڵکی ئورە بۆ تراژیدیای مەملەکەتەکەیان بەبۆنەی هێرشی ئیلامییەکانەوە بۆ سەر شارەکە.

کورد فێری فریوێکی پاسیڤانە بووە، هەردەم باس لەو هەلومەرجە دەرەکییانە دەکات کوردستانی دابەشکردووە بەسەر چوار دەوڵەتدا، بەڵام سەرنج لەو پاشخانە دوورودرێژ و ناوەکییە نادرێت فەرهەنگ و جیهانبینی مرۆڤی کوردی بۆ چەندان دەستە و تاقم و خێڵ و تەریقەت و حزب دابەشکردووە. کوردێک لە لوڕستان هیچ رایەڵێکی زمانیی و کولتووریی بە کوردێکی ئێزدی لە شێخان نایبەستێتەوە، یان کوردێکی عەلەوی دێرسیم کەمترین نزیکایەتی زمان و فەرهەنگیی هەیە لەگەڵ کوردێکی دیکە لە موکریان. ئەمانە ئەو توخمە نانەتەوەییانەن لە مێژووی ئێمەدا خۆمان دروستمانکردوون و دروستبوون، سووچ و دەستی هیچ کۆلۆنیاڵیستێکی تێدا نییە. بۆچی ئەمە وایە؟، چوونکە هیچ ویست و ئیرادەیەکمان نییە بۆ ئەوەی ببیین بە نەتەوە و لەو رێگەیەوە دەوڵەت دروست بکەین!. لە باری واقیعیشەوە دەوڵەت نەتەوە (ناسیۆنالیزم) بۆ ئەوانەیە بوون

بە نەتەوە و ئیرادەی دەوڵەتسازییش لە خوێنیاندا قووڵپ دەدات نەک بۆ چەند هۆزێکی لەرزۆکی بێ ویست و ئیرادە. ئەمە ڕێسایەکی کۆنکرێتییە و زۆر ڕەهەندی تری ژیانیش دەگرێتەوە بۆ نموونە نەخۆشی. جیاواز لەمەش ئیرادە لە دیوە هەرە ئاشکراکەیدا بریتییە لە ئازادیی، ئەمەش خاسیەتی مرۆڤی ئازادە، ئەدگارێکی بکەری ئازایە (ئازایەتی وەک ئەو چەمکەی لە فەلسەفەدا شیتەڵ کراوە و دەکرێت)، لەم سۆنگەوە مرۆڤی ئاینیی لەم ئاستە بەرزەی ئیرادە بێبەشە، چوونکە لە بناغەدا ئاین لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە. کۆمەڵی کوردەوارییش تا ئەم مێژووە لە ئاین زیاتر شک نابات بۆ سەیرکردنی خۆی و دنیای دەوروبەری.

جارێک لە کۆمێنتێکی فەیسبووکدا بۆ هاوڕێیەکی نەخۆش نووسیبووم: (دەیناسووڕەکان مردن، کیسەڵەکان مانەوە). لە ناو هەموو کۆمێنتەکاندا تەنها وەڵامی کۆمێنتەکەی منی نەدابووەوە، زانیم هەستی بە سووکایەتی کردووە و وا تێگەیشتووە بە ئەو دەڵێم کیسەڵ، لە ڕاستیشدا مەبەستێکی میتافۆرییانەم هەبوو کە ڕووی لە ئەو بوو، ویستبووم ڕووداوێکی زۆر گرنگی گەردوونی بیر بهێنمەوە، ئەویش پێش ٦٦ ملیۆن ساڵ بە هۆی کەوتنە خوارەوەی نەیزەکێک، کارەساتێکی ژینگەیی گەورە لەسەر زەوی ڕوویداوە و زۆرینەی ئاژەڵان و ڕووەکەکان لەناوچوون، بەم هۆکارە خێڵی دەیناسووڕەکان قڕیان تێکەوت و کیسەڵەکان مانەوە، بیهێننە بەرچاو دەیناسووڕ بەو قەبارە گەورەیە بەرگەی نەگرت، کیسەڵەکانیش بەو لەشە سست و خاوەیانەوە مانەوە. ئەمە هەر پەیوەندیی بە سرووشتی فیسیۆلۆژیی

کیسەڵەوە نەبوو، ئەوەندەی پەیوەندیی بە ئیرادەی مانەوەی کیسەڵەکانەوە هەبوو بۆ مانەوە لەناو ژیاندا، ئەگەر وایش نەبێت، خۆ دەکرێت ئێمە بەم شێوەیە و لەم گۆشەیەوە سەیری بکەین و ئەو مانایەی لێ بار بکەین. باوەڕم بەو هێزە هەیە لە ناوەوەی ئێمەدا نووستووە، ئەو مۆتۆڕەی پێویستە بەگەڕی بخەین، ئەو ئیرادەیەیە مرۆڤی لە ئاژەڵێکی دیلی سرووشتەوە کرد بە سەرداری سرووشت، هەرچەند هایدیگەر پێی دەڵێت (شوانی بوون). دیقەت بدەن هەر شۆڕشێک چەند تینووی تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە بووە، ئەوەندەش ئاتاجی ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانە بووە بۆئەوەی دنیا بە ماجیکێکی تر ڕەنگ بکاتەوە. وەک خۆم ئەم ئاڵنگارییەی شێرپەنجەم ناوناوە شۆڕش. سەرەتا تووشی ترسێکی کاتی بووم، کەچی نەڕووخابووم، پزیشکەکان هەواڵی ناخۆشیان پێ دەدام، ئیرادەم لەولاوە وەستابوو باوەڕی نەدەکرد و دەیگووت بەردەوام بە ژیان زۆری بە بەرەوە ماوە. ئەم ئیرادەیە شتێک بوو لە هیچ کتێبێکەوە فێری نەبووم، لە ناو خۆمدا دۆزیمەوە، لە چیرۆکەکەی (پیتەر پێکسل)دا بە ناوی (کابرای بیرتیژ)، دێڕێک هەیە: (شتێکی دەزانی کە لە دنیادا لە هیچ کتێبێکدا نەبوو). ڕێک ئەو شتەم دۆزییەوە لە هیچ کتێبێکدا نەبوو، دەرمانخانەی کتێب پڕیەتی لە پیاهەڵدان بە ئیرادەدا، بەڵام بینیم ئیرادە رووخسارێکی هاوبەشی نییە، هەر کەس ئیرادەی خۆی هەیە وەک چۆن هەر کەسێک پەنجەمۆری خۆی هەیە. بە هێزی ئەو ئیرادەیە شەڕی خۆم دەکەم، وا بیر لە کاری پزیشکەکان دەکەمەوە ئەوان بە جیا شەڕی خۆیان دەکەن، هەریەکەمان لە میحوەرێکەوە

ئامبازی و هێرش دەکەینە سەر خانە شێرپەنجەییەکان. سەرنجیشم داوە ئەگەر ڕۆژێک ئیرادەم سست بوو، نیشانەکانی نەخۆشیی زیاتر بە رووخسارمەوە دەرکەوتووە، هەر ئەوەی تا ئێستا دەژیم چەندێک قەرزاری تێراپییەکانە، ئەوەندەش پەیوەستە بەو رادده بەرزەی ئیرادە کە وەک کارەبای ژیان دەیگەیەنمە مێشکم.

لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێم ئیرادە بە واتای ویست بە کارهێنراوە کە پێدراوێکی سەربەخۆ و جیایە لەو will (ویست)ەی ئارسەر شۆپنهاوەر چەمکاندوویەتی بگرە پێچەوانەیەتی، ئەگەر (ویست)ی شۆپنهاوەریی ویستێکی نێگەتیڤ بێت و ژێدەری ئازارە نەبڕاوە مرۆییەکان بێت، ئەم (ویست)ەی ئێمە ڕوویەکی پۆزەتیڤە و لە بنکی خۆیدا رەمەکی ژیاندۆستی هەڵگرتووە. ئەم ویستە تەحەدا و شەڕی ئەستەمەکان دەکات و لە هەوڵی دەستەمۆ و رامکردن و گۆڕینی هەر مەحاڵێکدایە بۆ حاڵ. ئەوەی ئەمڕۆ بارێکی ئاساییە و بە دڵنیاییەوە تێیدا دەژین، بۆ باپیرانمان ئەستەمێک بووە، ئەوەشی لای ئێمە وەک ئەستەم ماوەتەوە، بۆ نەوەکانی داهاتوو زۆر بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە دەدات. ئەوەی مرۆڤی لە ئەشکەوتەوە گەیاندووەتە باری نیشتەجێبوون لە تەلارە هەوربڕەکاندا هیچی تر نییە جگە لە ویست، هەرچەند نامەوێت لایەنگریی هیچ کام لەو دوو پێڤاژۆیەی ژیان بکەم ئەوەندەی مەبەستم وێناکردن و نیشاندانی دۆخەکە بووە. رەنگبێ هەبن وا بیر لەم پرسە بکەنەوە ئەم هەموو گۆڕانکارییە گرنگە و پەڕینەوە لە شارستانی بەردەوە بۆ شارستانی دیجیتاڵ بە هۆی ئاوەزەوە بووە، ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە،

کەچی ئەوەش فاکتێکی ئاشکرایە مرۆڤ بە هۆی ویستەوە عەقڵی وەک ئامرازێک بەگەڕ خستووە، مرۆڤ ئیرادەی هەبووە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی، هۆشی کردووەتەوە و کاری بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە کردووە. (جا چەندێک سەرکەوتوو بووە لەم ڕەهەندەوە و دنیای باشتر یان خراپتر کردووە، باسێکی ترەوە و لە شوێنی تردا بە چڕیی لەسەری وەستاوین، بۆ نموونە لە کتێبی «شارستانی کۆلاپس»دا کە ساڵی ٢٠٢٢ چاپکراوە). بۆیە ئیرادە لە خۆیدا جۆرێکیشە لە ئارەزووکردنی ژیان، دووبارە ئەم ئارەزووەش جیایە لە ئارەزووە (لاکان)ییەکە، بە پێی تیۆری دەروونشیکاریی (ژاک لاکان) ئارەزوو ئەژدیهایەکی تێرنەخۆرە و گەدەی فراوان و گەورەترە لە پانتایی گەردوونی بینراو، هەموو شتێک هەڵدەلووشێت بێ ئەوەی بگاتە ئۆرگازم، بەڵام ئەم فۆرمە ئارەزووەی جێگەی مەبەستی ئێمەیە، بەریانێکە بۆ ژیاندۆستی و لە خودی خۆیدا سروشتێکی بزۆز و ناجێگیری هەیە، لە ڕاستیشدا ناجێگیریی مامانی هەر داهێنان و پەرەسەندنێکی ئێمەیە، مرۆڤ بە خۆی بوونەوەرێکی دۆخ تێپەڕێنە، جێگیریی ناناسێت، چوونکە ویستی هەیە بۆ ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ و نوێبوونەوە. لە دۆخی شێرپەنجەدا ئەم ویستە کە هەڵە نییە ئەگەر ناوی بنێم ویستی ژیان، مۆتۆڕی تێپەڕاندنی هەلومەرجی نەخۆشییەکەیە، هەرچەند بەهیچ کلۆجێک حەز بە داتاگەریی ناکەم، بەڵام داتایەکم لەبەردەست نییە پشتی پێ ببەستم بۆ نیشاندانی ڕۆڵی ئیرادە یان ویست لە پرۆسەی چارەسەرییدا، لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێت ئەوانەی دەتوانن بەرگەی شێرپەنجە بگرن یان

توانیوویانە تێپەڕێنن لە بەرزترین ئاستی ئیرادەوە سەیری حاڵی خۆیان و ژیانیان کردووە. کاکڵەی قسە ئەوەیە مرۆڤ چاوی لە تێپەڕاندنی دۆخی خۆی بڕیوە، هیچ دۆخێکیشی تێنەپەڕاندووە بە بێ ئیرادە یان ویستێکی بەهێز بەو ئاقارەدا، شێرپەنجەش یەکێکە لەو دۆخانەی کەمتر بەرگەی ویستێکی بەهێزی ژیاندۆستانە دەگرێت. کورد وتەنی تاقیکردنەوە باشترین بەڵگەیە.

ئیرادە یان ویست ئەو سووتەمەنییەیە چەشنی شەمەندەفەرێک رێگە دوورەکان نزیک دەکاتەوە، ئەو وزە شاراوە و نادیارەیە دەشێ لە رێگەی جۆرێک لە تێڕامان و لەخۆڕامانەوە (میدیتەیشن) پەروەردە بکرێت و بەگەڕبخرێت. هەڵبەتە هەرگیز نامەوێت مرۆڤ وەک ئامێر و ماشینەیەکی بیۆلۆژیی رووت تەماشا بکرێت، ئەوە چ لەلایەن مارکسیزمەوە بێت یان لیبرالیزمی کێویی و نوێ یانژی لەلایەن بایۆتەکنیکەوە، بۆ من مرۆڤ لە بوونە فیزیکاڵەکە زیاترە، گەردوونێکی پەنهان و تاریکە، زانست مۆمێکە، بەڵام لە خۆڕامان و تێڕامان مەشخەڵێکە بەردەوام تاریکییەکان راو دەنێت و بە زۆر نهێنیمان دەگەیەنێت پێشتر بە زەینماندا نەهاتووە، لەبەرئەوە شێلگیرانە لایەنگریی لە میدیتەیشن دەکەم بەو مەرجەی نەگاتە عیرفانێکی پاسیڤ، بەڵکو تا ئەو جێگەی هاندەرێکی دۆزینەوەی ژیان بێت. خۆم ئەوەم ئەزموونم کردووە، ناڵێم گەیشتوومەتە ئارامی رۆحی، رۆح ئەو شتەیە نییە و لە فانتازیایەک زیاتر نییە، بەڵکو گەیشتوومەتە دۆخێکی دەروونی وا نەک هەر خۆڕاگربم بگرە شێوازێکی تری ژیان بۆ خۆم دابهێنم، هیوادارم لێم نەپرسن

ئەو شێوازە ژیانە چییە و چۆنە؟. ئاخر وەک قەشە ئۆگەستین لە (دانپێدانان)ە سیانزە بەرگییەکەیدا رستەیەکی مشتومڕئامێز دەردەبڕێت: (ئەگەر لێم نەپرسن کات چییە، دەزانم چییە، بەڵام گەر لێیان پرسیم دەڵێم نازانم!)، منیش بە هەمان شێوە دەزانم ژیان چییە تا ئەو کاتەی پرسیارم لێ نەکەن، هەر لێیان پرسیم، ئاخۆ ژیان چییە؟، هیچ وەڵامێک لە نازانم بە گونجاوتر نابینم، تەنیا ئەوەندە ئاگادارم لە نێو ئەو ستایلە ژیانەدام و توانای ئەنالیزکردنیم نییە. خۆ ئەگەر نیچە وتەنی (هەمووان گیرۆدەی ئازارێک بین ناوی ژیانە)، بێ چارەییەکە ئەوەیە هیچ کێک نییە لەم قاوە تاڵە شیرینتر بێت.

دوای ئەم هەموو پێچاوپێچکردنە و لادانە، دەگەڕێمەوە سەر بابەتی ویست و ئیرادە، دەخوازم بە ناوەڕۆکی چیرۆکێکی بڵاونەکراوەم کۆتایی پێبهێنم: (سێ هاوڕێی مێردمنداڵ دەیانەوێت گەشتێکی دوورودرێژی تەمەن بکەن، سەرەتا سواری پاسێک دەبن تا بڕۆنە ئەو جێگەیەی دەبێت گەشتەکە لێوە بکەن، لە رێگادا پاسەکە بەهەر هۆکارێک بێت پەکی دەکەوێت، سەرنشینەکان دادەبەزن و چاوەڕێی پاسێکی تر دەکەن، ماوەیەکی درێژ و تاقەتپڕوکێن چاوەڕێ دەکەن، هیچ پاسێک دیار نییە و وەک بڵێی ئەمە دوا پاسی ئەم شەقامە بووبێت. سەرنشینەکان هەریەکەی بە لایەکدا بڵاوەی لێ دەکەن، سێ هاوڕێکە لە نێوان خۆیاندا دەپەیڤن و دوو بۆچوونی جیاوازیان دەبێت، یەکێکیان سوورە لەسەر ئەوەی چاوەڕێ بکات، دووانەکەی تر بڕیار دەدەن، بەرەو وێستگەیەکی تر بڕۆن، دوو هاوڕێکە لە سێیەم جیا دەبنەوە، بەرەو وێستگەیەکی پاشتر دەگەڕێنەوە بەو

ئومێدەی لە وێستگەی دواتر لەگەڵ هاوڕێی سێیەمیان یەکبگرنەوە، وردە وردە دوو هاوڕێیەکە ڕێ دەبڕن و ئارەقێکی زۆر دەکەنەوە، بەو شێوەی کەوتبنە رووبارێکە جلەکانیان تەڕ دەبێت، سا کاتێک دەگەنە وێستگەی پشتەوە، دەبینن ئاگادارینامەیەک بە دیوارێکدا هەڵواسراوە و لەسەری نووسراوە چیتر هیچ پاسێک بەم ڕێگەیەدا تێناپەڕێت. ئەم دوو هاوڕێیە تووشی حەپەسان دەبن، خۆ زۆر نییە بەم شوێنەدا تێپەڕیبوون، بۆچی وا خێرا هەموو شتێک گۆڕا؟. یەکێک لەو دوو هاوڕێیە بڕیار دەدات دەست لە گەشتەکەی هەڵبگرێت و بڕواتەوە بۆ ماڵ، ئەویتریان سوورە لە سەر بڕیارەکەی، پاش ماندووبوون و بە پێ ڕۆیشتنێکی زۆر و برسێتی و تینوویەتی دەگاتەوە ئەو شوێنەی بڕیار بوو سێقۆڵی گەشتەکەی لێوە دەستپێبکەن، بە تەنیا دەڕوات و زۆر دوور دەکەوێتەوە و سێ دەیە و نیوی بەسەردا دەڕوات، ئەوسا هاوڕێی سەرکەوتوو بڕیار دەدات سەردانی ئەو شوێنە بکاتەوە و یادێک لە دوو هاوڕێکەی بکاتەوە، سەرەتا دەچێتە ئەو وێستگەیەی هاوڕێی یەکەمیان چاوەڕوان بوو لێی، کەس نابینێت تەنیا پیاوێکی ریش و ماشی برنجی نەبێت، لێی دەچێتە پێشەوە و پرسیاری لێ دەکات، دەمێکە چاوەڕێ دەکات؟ پیاوەکە بە دەنگی کوڕێکی تازەباڵق بوو وەڵامی دەداتەوە بەڵێ زۆر نییە، بەڵام دەمێکە. دواتر بەهۆی پەنجەی شەشەمی دەستی دەیناسێتەوە، ئەوە هەمان ئەو هاوڕێیەتی جێیهێشتووە و هێشتاش هەر چاوەڕوانە، هیچ ناڵێت، دەڕوات بۆ ماڵی هاوڕێی دووەمی، سەیر دەکات لە شوێنی هەموو خانووەکانی گەڕەکەکەدا ئاپارتمانێک دروستکراوە جگە لە

خانووەکەی ئەوان، پرسیار لە ڕێبوارێک دەکات ئایا ئەمە ماڵی کوڕە چاو دووڕەنگەکەی حاجی فیسار نەبوو؟. لە وەڵامدا دەڵێت بەڵێ بۆ نا، من کوڕە گەورەکەیم و باوکم لە هەیوانەکەیە، ئەمە چەندین ساڵە بەرنامەی گەشت دادەنێت هێشتا هەر بەرنامەیە و هیچی تر)، نازانم بڕوا دەکەن یان نا، گەر بڵێم ئەم چیرۆکەم لە خەوندا بینی؟! واتە من تەنیا ڕۆڵی گێڕەرەوەی خەونێکم هەبووە، ئەگەرچی داڕشتنە ئەدەبییەکەی جیاوازترە لەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە، ئەوەی بە لامەوە گرنگە یەکێک لە مەدلوولاتی چیرۆکەکەیە و باسی ئیرادە دەکات، لێ چیرۆکەکە لە قووڵاییدا لە بابەتی ئیرادە فرە ڕەهەندترە. زۆر پرس و ئەندێشەی فەلسەفی لە خۆگرتووە.

## دوازدە

نۆسۆفۆبیا واتە نەخۆشی ترس لە نەخۆشی، بۆ خۆی نەخۆشییە. ترس سیستمی بەرگریی لەش کەم دەکاتەوە، دەرفەت دەڕەخسێنێت لاوازترین بەکتریا زیانی زۆر کوشندە و مەزن لە جەستە بدات. لە سەردەمی ڕۆمانسیزمدا نوسۆفۆبیا نووسا بە تەوێڵ و چارەنووسی نووسەران و هونەرمەندان و دەستەبژێری وێژەییەوە، فرانتس کافکا وەک بڵێی دوا باڵیۆزی ڕۆمانسیزم بێت لە سەدەی بیستەمدا، دووچاری ترسێکی قووڵ ببوو لە نەخۆشیی، سەرئەنجام تووشی سیل بوو، هەر بەو دەردە بێ دەرمانەی ئەو ڕۆژگارە ئۆغری کرد. لەم ڕۆژانەدا سەیری ئینتەرڤیویەکی ئەکتەرێکی کوردم دەکرد کە بەم دواییانە سەمپتۆمەکانی شێرپەنجە لێی دەرکەوتبوون، لە

شیکارییەکانی تاقیگەدا دەرکەوتبوو شێرپەنجەی هەیە لە پلەی یەکدا. ئەوەی لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر بوو بەلامەوە لە قسەکانیدا گووتی: (هەمیشە هەستم کردووە شتێک هەیە لە لەشمدا!)، لە هەمان چاوپێکەوتندا وتی: (ئەمە رۆژەکە بوو لێی دەترسام). نازانم ئەو خانمە هونەرمەندە بۆچی لە کەنسەر دەترسا.؟ سەرەنجامیش بەداخەوە دیستۆپیاکەی کتومت هاتەدی، لێ من یەکەم کەسی خانەوادەکەم نەبووم تووشی نەخۆشی نۆرۆلۆگی و شێرپەنجە ببم، بە پێچەوانەی (بۆرخیس)ەوە هیچ کات ئەو هەستە قووڵەم نەبووە ئەو نەخۆشییە لە رێگەی ژێنەکانەوە خۆی درێژ بکاتەوە بۆم، نایشارمەوە ترسێکی لەو جۆرە هەردەم لە ئەندێشەمدا سەرەتاتکێی دەکرد، لە کۆتایشدا یەخەی گرتم. با لەمە بگەڕێین و بچینە توێکاریی تێماکەوە. هۆمیرۆس لە ئۆدێسە یان (ئۆدیسیۆس)دا، باسی گەڕانەوەی ئۆدیسیۆس دەکات بۆ ماڵەوە (نیشتمان)، لە یەکێک لەو وێستگەکاندا هۆشداریی دەداتە هاوەڵەکانی بە دوای دەنگی خۆشی سیرێنەکاندا نەڕۆن. ئەمانە ئەو پەرییە دەریاییانە بوون، سۆزی دەنگ و جادووی جوانییان مرۆڤ و دەریاوانان راپێچی گێژەنگ و بنی بنەوەی دەریاکان دەکەن. ئەم ترسە بە پێچەوانەی سیرێنەکانەوە ئەو دەنگە ناساز و ناخۆشەی ناخە، بەرەو خنکان رامادەکێشێت. لێرەدا پێویستمان بە کردنەوەی کەوانەیەکە تاوەکو سەرنجکێشتان بکەم بە لای تەرزی بیرکردنەوەی خودیی ئەزدا، هیچ کات نەخۆشیی وەک سزا یان بەسەرکردنەوەیەکی ئاسمانی لەلایەن هێزێکی میتافیزیکییەوە نابینم، ئەوە سرووشت و ئەودیو سرووشت

(میتافیزیکیا) نییە چارەنووسمان دیاری دەکات، بەو شێوەیەی لە (کارما)ی هندییەکان و (ئاکاشی) بودیی و یۆگۆییەکاندا هاتووە کە ئێمە دەبێت سزای سەرپێچی باپیرانمان وەربگرینەوە، یانژی بەو فۆرمەی لە تراژیدیا گریکییەکاندا هەیە، کاتێک ئۆرێس دایکی خۆی دەکوژێت لە تۆڵەی کوشتنی باوکیدا (ئاگامێمنون)، ئێرنیس یان سەگەکانی تیمێس (خواوەندی دادی یۆنانی) تا کۆتایی دوای خۆی و نەوەکانی بکەون، هەمان ئەوەش نییە لە ئایندا و لە تابلۆی پارێزراودا (لەوحلمەحفوز) باس کراوە، گوایە ژیانمان لە شوێنێکی ترەوە دیاری کراوە.

لە پرسی نەخۆشیشدا زانستی سەردەم بە رەهایی بۆ سەلماندووین نەخۆشی بریتییە لە تێکچوونی سیستمی میکانیکی و فیسیۆلۆژیی لەش، هیچ هۆکارێکی نەزانراو و نادیار نەماوەتەوە زانست پەی پێ نەبردبێت، با ئەوەشمان لە یاد نەچێت زانست بە گشتیی تەنیا لەسەر رووبەرە فیزیکاڵ و دیارەکەی ئێمە کار دەکات و نهێنی دەدۆزێتەوە، رووە میتافیزیکییەی مرۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان لە گەردوون دەچێت، ئاسمانگەڕ و زانستی گەردووناسی هێشتا لەسەرەتای رێگەکەدان، بۆیە زۆر تەلسیم و راز ماونەتەوە لە مرۆڤدا رادەستی هیچ زانستێک نەبوون، باوەڕیش ناکەم وا زوو خۆیان بە دەست زانستەوە بدەن. بۆیە کاتێک دەڵێم ترس لە نەخۆشی، نەخۆشت دەخات، باس لە هیچ روانگەیەکی میتافیزیکی و چارەنووسگەرایی ناکەم، جگە لەو فاکتەی زانست سەلماندوویەتی کە ترس و بیم و رووخانی دەروونی یارمەتیدەری سەرەکی

لاوازبوونی دەزگای بەرگریی لەش دەدەن، سەرەنجام نەخۆشیش بریتییە لە کەمتوانایی و شکستی سیستمی بەرگریی لەش لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕە فیسیۆلۆژییەکاندا. وەک خۆم ترس یان فۆبیای بەرزاییم هەیە، ناتوانم لە شوێنە بەرزەکانەوە لە خوارەوە بڕوانم. جارێکیان لەسەر یەکێک لە پردەکانی رووباری (راین) لە شاری دوسڵدورف، ویستم وێنەیەکی خودیی (سێڵفی) بگرم، کاتێک چاوم چووە سەر دیمەنی خوارەوە کە پەنجا مەترێک نابێت، سەرم گێژی خوارد و لەشم تەزی، پێموابوو ئێستا شەبەنگێک پاڵم پێوە دەنێت بۆ خوارەوە، چارم ناچارە خۆم توند نووساند بە پەرژینە ئاسنەکە (محاجەرە)ی پردەکەوە، بە ماتەمات وەک ئەوەی بۆ دزی بچم، بە ئاستەم پێم لەسەر پردەکە دادەنا، بێ ئەوەی بە لاچاویش سەیری خوارەوە بکەم بەو ریتمە خاوە پەڕیمەوە، کاتێک گەیشتمە ئەوبەری پردەکەوە و قاچم لەسەر زەوی گیر کردبوو، شڵەژانە دەروونییەکە هێور بووەوە و ترپەکانی دڵم چوونەوە دۆخی ئاسایی خۆیان، بیرم کەوتەوە ئەم پردانە توانایان هەیە شەمەندەفەریش بەسەریاندا بپەڕێتەوە بە سەدان سەرنشینەوە، نەک منێک کە کێشێکی هەشتا کیلۆیم هەیە و لە زۆرێک لە ئەڵمانەکان لاوازترم، پێی لێ دەنێم بە قەد سەیرکردنی رووباری راین لەسەر پردەکەی دوسڵدورفەوە لە مەرگ دەترسم، بگرە بۆ من ترسی بەرزایی لە ترسی مەرگ بەهێزتر و کاریگەرترە. بەم جۆرە زۆرێک لە ترسەکان لەسەر بناغەی وەهم و سیناریۆی خەیاڵئامێزی ئەستەم رۆنراون.

کاریگەریی رووخانی سایکۆلۆژیی و تۆقینم لە خۆمدا ئەزموون

کردووە، لە کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ بۆ نەشتەرگەریی دووەمی هەڵدانەوەی کاسەسەر و دەرهێنانی تومۆرێکی گەشەسەندوو لە مێشکمدا، پێویست بوو پێشوەختە لەگەڵ پزیشکی تایبەتی جەڕاحی قسە بکەم، تاکو زانیارییم پێ بدات لە هەمبەر ئەو ریسک و مەترسییانەی بۆ ئەم جارە ئەگەری روودانیان هەیە، هەستم کرد مووەکانم گرژ دەبوون و نوقمی ترسێکی بێ کۆتایی ببووم، لە نیوەی قسەکانیدا ئاگام لە وتەکانی نەما و ئارەقەی ساردم دەکردەوە، پاش نیو کاتژمێر هەستم بە بێهێزیی و لاوازییەکی سەیر کرد، بە درێژایی نەخۆشیی و پرۆسەی چارەسەرەکەم بێهێزیی لەو جۆرە رووی تێنەکردبووم، پێش ئەوەی بچمە لای پزیشکی بێهۆشکاریی (بەنج)، کرانک شڤێستەکان (پەرستارەکان)م ئاگادار کردەوە لە بارودۆخەکەم، نازانم بە رێکەوت بوو یان بە مەبەست، یەکەم کار فشاری خوێنیان گرتم، بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو فشارم رووی لە خوارەوە کردبوو کە چەند جارێک فشاریان بۆ گرتمەوە هەموو جارێک بەم جۆرە دەردەچوو ٥٥ بەرامبەر بە ٨٠، پێشنیاریان کرد قاوەیەکی تاڵ بخۆمەوە، قاوەکەم خواردەوە، ئەوسا بوومە پزیشکی دەروونی خۆم، هانی خۆمم دا بەرگریی بکەم و نەڕوخێم و رۆژی جوان و خۆشتر بەڕێوەیە بۆ من، ئیدی وردە وردە هاتمەوە سەرخۆ. بیرم کردەوە یەکێک لە خەسڵەتە هەر باش و جوانەکانی مرۆ بریتییە لە بوێریی، وەک بیریاری ئەڵمانی- کۆریایی (چول هان) جەختی لێ دەکاتەوە، تەنانەت بۆ تیۆدۆر ئادرۆنۆی فەیلەسووفی قوتابخانەی فرانکفۆرت نەفیکردنی ترس تایبەتمەندیی و ئەلەمێنتێکی جوانییە.

ئەوەبوو رۆژی ٣٠-١١-٢٠٢٠ بە سەرکەوتوویی ئەو نەشتەرگەرییە تەواو بوو شانسی سەرکەوتنی پێنج لە سەد بوو، ئەم سەرکەوتنەشم ناونا بەختەباشە رەشەکەی من. ئەوەش چەند پابەندی لێهاتوویی و پسپۆریی پزیشکەکان بوو، بە قەدەر ئەوە پەیوەست بوو، بەوەی ترسم گۆڕی بۆ هێزی دەروونی و مانەویی و بەردی بناغەی ئەو جیهانەی بۆ ئایندە لە ئەندێشەی خۆمدا بنیاتم نابوو. ئەمە هەمان ئەو چرکەساتە بوو (جوانی و نەخۆشی تێکەڵی یەکتر بوون)، ئەوەی ناو کەوانەکە قەردکردنێکە لە گووتەیەکی هزرمەندە دڵخوازەکەم (چول هان).

## سێزدە

زۆر جار غەمبارانە لە پەنجەرەی ژووریکی نسرمی نەخۆشخانەوە سەیری دەرەوە دەکەم، روانینێک لە چەشنی نیگاکردنەکانی سامسا، تامەزرۆی دەرەوەم، ئەو دەرەوەیــەی مودێرنە خستییە جێگەی ماڵەکانمان، زۆر حەزم بە ناو کەشتییە، لە چوون بۆ سینەماشدا چالاک بووم، چەند جارێک چوومەتە ئۆپێراکان کە ژانرێکی تراژیدیکی سەردەمی رێنسانس و کۆرپەی سەدەی حەڤدەیەمی ئیتاڵیایە، بە گشتیی حەزم بە پیاسەی ئێوارانی شارە، تا لە کوردستان بووم ژیانم دابەش ببوو بەسەر ماڵ و کتێبخانەی گشتییدا و جار جاریش مەیخانەی تێدەکەوت. وەک بڵێی پێیەکم لە ناو مودێرنە بێت بە کەشی دەرەوەی ماڵ بە تایبەت قاوەخانەکان ئاسوودە بووم، ئەوەی لای دوا میراتگری قوتابخانەی تیۆری رەخنەیی یۆرگن هابرماس

پێی دەگووترێت (پانتایی گشتیی)، پێیەکەی تریشم لە قۆناغی پێش مودێرنیزم بێت، بە ئەتمۆسفێری ماڵەوەش فرە بەختەوەر بووم، نەهۆ خۆم دەبینم لە نەخۆشخانەم، ئەمیش دامەزراوەیەکی تری سەر بە مودێرنێتەیە، بەڵام هەست دەکەم هۆمۆساکەرێکی لە ژیان داماڵدراوم، چەشنی چیرۆکێکی کورتی فرانتس کافکا، پێشتر پانوپۆڕیی جیهان و راومی بێ تخووبی دنیا دەیترساندم، نووکە لەو دیوارانە تۆقیوم لە جیهانی بەرین دایبڕیوم و وەک مشکە بێچارەکە دەکەومە بەردەم چنگی پشیلە چاوەڕوانەکە. هەست بە مەیلە کۆنەپەرستییەکەی خۆم دەکەم، ئەویش ئارەزووی گەڕانەوەیە بۆ ماڵەوە چەشنی ئەو زەمەنەی هەر ئێوارانی لێدەهات فڕکان فڕکانی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەستی پێدەکرد، وەک بڵێی حەشاماتێک هۆمۆساپینسی سەرەتایی بووبین لەسەر ئەوە راهاتبین بەرەو ئەشکەوتەکانمان بگەڕێینەوە، بە حوکمی ئەوەی ئەوێ رۆژێ پانتایی گشتیی لە شارەکانماندا زۆر دەگمەن بوو، کەچی ئەوەتا من نە لە فەزای گشتییدام نە دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ماڵ. لەوە دەچێت خواوەندێک نەفرەتی لێکردبم، وەک ئۆدیسیۆس هەنگاوەکانی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە هەرەس دەهێنن و هەر شەقاوێکیشم بە هەزار و یەک دژواریی و ناڕەحەتی گەمارۆ دراوە. ئەوە چییە ئایا من پاڵەوانێکی سەرکێشی نێو داستانەکانی هۆمیرۆسم یان باستاردێکی نێو ئەفسانە یۆنانییەکان؟ ئەی ئەو هەموو لێکچوونە چییە لەگەڵ پاڵەوان و نیمچە خودا و باستاردەکاندا هەمە؟.

هەست دەکەم لە دەرەوەی زەمەن بە پێخاوسیی و بێ چارەیی

دەسووڕێمەوە، لە دەرەوەی شوێنیشم یان راستتر وایە هیچ جێگەیەک نامگرێتە خۆی. گۆرانییەکەی فەیروزم بیردێتەوە: (دەڵێن کات ئەوین دەکوژێت.. هەروەها دەڵێن خۆشەویستی کات دەکوژێت.. سا وەرە خۆشەویستم.. بەر لە کات و بەر لە ئەوین بڕۆین). ئەم کۆپلەیە تەواو گوزارشت لە هەستی ئەم چرکەساتەم دەکات. زۆرجاری تریش وەک ئەو کەسە خۆم دێتە پێش چاو سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکراوە، رێگەی پێ دەدەن دوا خۆزگە بخوازێت!، من ئەو خۆزگەیەم بۆ نووسین خواست، هەرچەند دەبێت جارێکی تر (ئەگەر ژیان دەرفەتی تێدا بوو بۆ ئەو جارە)، پێداچوونەوەیەکی وردتر بۆ بەشێک لە نووسینەکانم بکەمەوە بە تایبەت شیعرەکان کە هەندێک هەڵەی زەقی وەهایان تێدایە شانسی خۆم بەر چنگی خوێنەری زرنگ نەکەوتوون. بۆیە لە زۆر نووسینمدا پەلەپەلی بە روونی پێوە دیارە. بۆ وێنە کاتێک نامیلکەی (دووبارە پێناسەکردنەوەی کوردبوون)م نووسی، دەمزانی کێشەیەک هەیە لەو پێناسە باوانەی بۆ کوردبوون کراون، دەمویست وەڵامێک بۆ پرسیاری (بۆچی دەبێت پێناسەی کوردبوون بکرێتەوە؟) بدۆزمەوە!، جگە لەوەی دەستبردن بوو بۆ تێمایەکی هەڵاساز، نیشاندانی ئەوەیش بوو کوردبوون بە مانا ئایدۆلۆژییە رووتەکەی لە قەیراندایە، دەبێت بۆ پێناسەکردنەوەی نوێ بگەڕێین بۆ ئەم مژارە. بە گوێرەی توانستی خۆم لەو کاتەی کۆرۆنا ڤیرۆس تەنگی بە مرۆڤایەتی هەڵچنیبوو، منیش لە سەختترین دۆخی تەندروستی خۆمدا بووم، بە خێرایی هەوڵمدا لا لەم پرسە ئاڵۆزکاوە بکەمەوە. زیاتر لە جارێک لە خۆم دەپرسی، کوردبوون

چییە؟، ئایا هەر بابەتێکی جەبرییە؟ هەوڵمدا زیاتر قووڵ ببمەوە، بەڵام ئەوێ رۆژێ لە ناکاو نەشتەرگەرییەکی ئێجگار سەخت لە بەردەممدا قووت بووەوە و ناچاری کردم بە پەلەپڕوزکێش بێت لا لەم تێما گرنگە بکەمەوە، چوونکە دۆخەکە پەیوەندیی بە مردن و ژیانی خۆمەوە هەبوو. با کاکڵەی مەبەست بخەمە مشتانەوە، نەخۆشی ئەگەرچی هەندێک جار رێگرە، بەڵام هەموو کات رێگر نییە، ئێوە نیچە بهێننەوە یاد تا ئەو کاتەی نەخۆشی، عەقڵی لێ وەرنەگرتبووەوە، بەدەم نەخۆشییەوە هەم عەقڵانییەتی فۆرمەڵە دەکرد، هەم دژی عەقڵسالاریی مۆدێرنێتە وەستایەوە.

زۆرێک لە نووسینەکانم لەسەر حیسابی تەندروستیم تەواو بوون، بەڵام نازانم ئەوە کێ بوو دەیگووت: (نووسەر ناتوانێت نەنووسێت)، کاتێک لەو بارودۆخە سەختەی تەندروستیدا بووم و نەمدەتوانی نەنووسم، نووسەربوونی خۆم ئاشکرا کرد، ئەم ئاشکراکردنە چەندێک دڵخۆشکەر بوو ئەوەندەش بە سوێ. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤دا زیاتر لە پانزە چیرۆکی خۆمم لە لاپتۆپەکەمدا بۆ هەمیشە ڕەش کردەوە، بڕوام بەوە بوو شیعر کاری منە!!، بە پەلەپڕوزکێ هەندێک شیعرم نووسین، لەو هەلومەرجە تەندروستییەی ئەو رۆژگارەدا کە لە دۆخێکی چەشنی زیندەخەوندا دەژیام بڕیاری چاپکردنیانم دا، هەرچۆنێک بێت خۆم بە خاوەنیان دەزانم، گەرچی نە بە دڵی خۆمن نە خوێنەری راستەقینەی شیعر تێر دەکەن، دەمەوێت جارێکی تر بە کەمێک دەستکارییەوە ئەو شیعرانە دابڕێژمەوە، هەندێک لەنگی و هەڵەی زمان و رێزمانیان تێدایە پێویستیان بە راستکردنەوە هەیە.

دوای لەناوبردنی چیرۆکەکان بڕیارمدا رۆمانێک بنووسم بە ناوی (مۆتەکە)، لە نووسینی رۆمان دەسڵەمیمەوە، کارێکی هەوانتە نەبوو لام، بۆیە لەمساڵ بۆ ئەو ساڵ دوامدەخست، هەندێجاریش بەسەرمدا دەهات خۆم لەو ئەنگێزەیە رزگار بکەم هانم دەدات و پێم دەڵێت رۆمانەکەت تەواو بکە، دەمزانی تووشی سکەنداڵ دەبم، ناشێ رێگە بدەم ئازایەتی و عینادی ئەو کارەم لە دەست بقەومێنن، زۆریش دەترسم لەوەی ئاستی ئەو چیرۆکانەی لەناومبردن لەسەروو ئاستی رۆمانەکەمەوە بووبن کە تا ئەمڕۆ وەک پەیکەری یۆلیۆسی دووەم (تراژیدیای گۆڕ)ی میکانیلۆ بە تەواونەکراویی ماوەتەوە، ئەم دڵەڕاوکێیە ئاکامی زیانباری بۆ تەندروستیشم هەبوو، وەک چۆن کاتێک کتێبی (شارستانی کۆلاپس)م تەواو کرد، پێش چاپکردنی پزیشکەکان بایەقووشئاسا هەواڵی چالاکبوونەوەی تومۆرەکەی ناو مێشکیان پێدام، دووبارە گەڕامەوە چوارگۆشەی یەکەم و لە پایزی ٢٠٢٢ەوە گەڕامەوە پایزی ٢٠١٤ سەرلەنوێ بە هەمان ئەو تێراپییانەدا تێپەڕیم لە دوای نەشتەرگەریی یەکەم بۆم کرابوو، ئەم چرکەیە زۆر بێزارکەر بوو، لەبەرئەوەی دووبارەبوونەوەی ئازار، قورسترین جۆری ئازارە، وەک ئازارە چەند پاتەوەبووەکەی پرۆمیسیۆس، بەڵام کاتێک شیعر دەنووسم ناکەومە دنیایەکی جەنجاڵی وەک رۆمانەوە نەک لەبەرئەوەی شیعر ژانرێکی ئەدەبیی ئاسانە، شیعری من سەرلەبەر سۆزاوین و گیان دەکەنەوە بە بەری مردووی هەست و ئەوینی خۆمدا، خۆ بڕیاریشە لە پێش هەر کەسدا بۆ خۆم بنووسم. بۆرخیس وتەنی ئەوەی لە خودی خۆمەوە نزیکە

شیعرەکانمە با خەڵکانێکی تر هەبن پێیانوابێت سەرکەوتنەکانم لە بـواری کـاری رۆژنامەوانیدا زۆر گـەورەتـرن لەو شکستانەی لە شیعرنووسیندا تۆمارم کردوون. بە نەخۆشیی بۆ ژیان دەنووسم و نامەوێت وا زوو ژیان خانەنشینم بکات، لە کاتێکدا زۆرێک هەن بە لەشساغییەوە بۆ مـەرگ دەنـووسـن، من شاعیرێکی ئیرۆسیم نەک نابیغەیەکی ساناتۆسیی، بێبەرییم لە نەژادی مەرگپەروەران و ئامانجی باڵام ژیانی پەتییە، ئەم ژیانە پەتییەش جیایە لە کۆنسێپتی (ژیانی رووتbare life ) کە نهۆ مرۆڤایەتی ناچارکراوە لەناویدا بژی و بمرێت، ئەو ژیانەش تەنیا لە هیچ زۆرترە.

هەندێک جار تێبینی دەکەم من بووم بە زۆرنووس و بەکاربەرێکی بێفەڕی وشەکان، وەک بڵێی هێشتا ئەوەم نەنووسیوە خۆم دەمەوێت، ئاخر لە هەرزەکارییدا کرمی ناو کتێبەکان بووم (ئایرۆنییە لەگەڵ شیعری خێڵی درۆی سوارە ئیلخانیزادە)دا، خوێنەرێکی سەرسەختی رۆمان و چیرۆک بووم، فێری خوویەکی تایبەت ببووم کە نازانم باش بوو یان خـراپ؟، ئەویش ئەوە بوو هەندێک لەو چیرۆک و رۆمانانەی دەمخوێندنەوە پێم ناخۆش بوو بەو جۆرەی نووسەر گەیاندوویەتییە پایان تەواو ببێت، لای خۆمەوە دەفتەرێکی بچووکم دەنووساند بە بەرگی کتێبەکەوە و بەشێوەی دڵخوازی خۆم دوماهیم پێ دەهێنا، ئەمەم لەگەڵ زۆر بەرهەمی کوردیی و بیانیدا ئەنجامدابوو، بۆ نموونە کۆمەڵە چیرۆکی (گەلەگورگ)ی حوسێن عارف، رۆمانی (ئەژدیها)ی موکری، تەنانەت ژیانی (کەریم)ی پاڵەوانی رۆمانەکەم بە جۆرێک لای خۆم گۆڕیبوو، ئەگەر موکری ئێستاش دوای مردنی

پێی بزانێت داوای یاساییم لەسەر تۆمار دەکات. لە بیانییەکانیشدا ڕۆمانی (دان چەرمو)ی جاک لەندەن بە وەرگێڕانی عەبدوڵا حەسەن زادە، ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)ی جیمس جۆیس، بە وەرگێڕانی ئازاد حەمەشەریف، ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی و ڕۆمانی (حیزبی کەرامەت و سەلامەت)ی عەزیز نەسین، ڕۆمانی (ئاناکارنینا)ی تۆلستۆی بە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی، یان (مەزرای ئاژەڵان)ی جۆرج ئۆروێل دیسان ئەمیش بە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی، چەندان چیرۆک و ڕۆمانی تر. (بەدەر لەوەی ئەودەم سەرنجم دابێت زۆرینەی ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی دەمخوێندنەوە ناونیشان یان کارەکتەرە سەرەکییەکانیان سەر بە جیهانی ئاژەڵان بوون). ئەم دەستکارییکردنە بەرەو نووسین رایکێشام، تا ئەم کۆتاییەش بەوەم نەزانیبوو ڕۆماننووسی ناودار ماریۆ ڤارگاس یۆسا بە منداڵی هەمان کاری کردووە. تا ماوەیەکی زۆریش دەمویست هەر خوێنەر بم، بەڵام هەردەم تێبینیم لە بارەی هەر کتێبێکەوە دەنووسی کە دەمخوێندەوە، سەرنجەکانم ڕەنگە بەهایەکی ئەوتۆیان نەبێت ئەگەر بە تەرازووی هۆشیاریی ئێستام بیانکێشم، کەچی بۆ ئەوسا لای خۆم گرنگ بوون و دەمسەپاند بەسەر خۆمدا فڵان چیرۆک و فیسار ڕۆمان بەو جۆرەی ئارەزووم دەکرد کۆتایی پێبێت، دروست بەو فۆرمەی ئەلیس مۆنرۆ ئارەزووی دەکرد پەری دەریای ناو چیرۆکەکەی (ئەندرسن) هاوسەگیریی لەگەڵ شازادە بکات. ئەم تێبینییە نەفرەتییانە لە خوێنەرەوە وایانلێکردم وردە وردە بنووسم. هەرچەند تا ئەمڕۆش کتێبە دڵخوازەکەی خۆمم نەنووسیوە و هیچ

کاتیش ناتوانم بینووسم.

زۆرجاری تریش هەر کتێبێکی خوێندراوەم لە چەند پەرەگرافێک یان چەند لاپەڕەیەکدا بۆ خۆم کورت دەکردەوە، بەو جۆرە مامەڵەم لەگەڵ خوێندنەوە و کتێبەکاندا کردووە، ئێستاش کە زۆرتر بە ئەلیکترۆنی دەخوێنمەوە هەر کتێبێک بخوێنمەوە دەیخەمە فۆڵدەرێکەوە و لە ۆردێکدا تێبینی و کورتکراوەکەی هاوپێچ لەگەڵیدا ئەرشیف دەکەم. زۆرتریش حەزم لە هەڵگێڕانەوە و گەمە زمانەوانییەکان بوو، بۆ وێنە بیرم دەکردەوە رۆمانێک بنووسم بە ناوی (هەزار رۆژ و رۆژێک) وەک هێمایەک بۆ هەڵگێڕانەوەی داستانی (هەزار شەو و شەوێک). ئارەزوویەکی بێ سنوورم هەیە بۆ کتێبە کۆنەکان، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا، چەندان کاتژمێری هەموو رۆژێکم لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەسەر دەبرد، وێڵی ئەرشیفی رۆژنامەوانی کۆنی کوردیی بووم، هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد کاتێک بە وریاییەکی زۆرەوە لاپەڕە زەردهەڵگەراوەکانی کتێبێک یان رۆژنامەیەکم هەڵدەدایەوە وەک ئەوەی (دەست لە مێژوو بدەم). خۆم کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی بە پوختەکراوی بڵێم، کات لەسەر کەس ناوەستێت، کاتەکانم لە ناو خوێندنەوە و نووسیندا زووتر لێ تێدەپەڕێت، وەک لەوەی نەخۆشێکی پاسیڤ بم، ئەمەش سوودێکی تری نووسین، لێ لە (بێرگسۆن)ەوە فێربووم کات بۆ هەر کەسێک بە سروشتی خۆی دەڕوات، ئیدی ئەوە هەلومەرجی ئێمەیە خاویی یان خێرایی بە کات دەبەخشێت و هەر سێ چرکە جارێک لە بەردەم ئێستایەکی تازەداین. لە ژوانی ئازیزماندا نهۆ و

کات باڵ دەگرن، لە ڕۆژانی ئازاراویی نەخۆشخانە کە هێزت نییە پەرداخێک ئاو بەدەستەکانت بگریت، چرکەیەک هێندەی سەدەیەک خۆی درێژ دەکاتەوە. ئەم شەویش لێرەدا دەوەستم، دوای کەمێک پشوو دەگەڕێمەوە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانی (بنووسە خوێن)ی جەبار جەمال غەریب کە نووسەر خۆی لەگەڵ حەوت بەرهەمی تری خۆیدا بە دیاری بۆی ناردبووم. خۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ببمەوە بە ڕۆژنامەنووس، یەکەم پرسیار لە نووسەری ناوبراوی بکەم ئەمەیە: بە نیاز نیت کتێبێکی خراپ بنووسیت؟.

## چواردە

وەک هەر کەسێکی دیکە ئایدیایەکی کۆنکرێتیم نییە لەمەڕ پاش مردن، هەموو ئەوانەی هەن باوەڕ یان ئەفسانەن نەک فاکتی هاشاهەڵنەگر، نازانم دوای مردن چی ڕوودەدات، بۆیە بە ڕژدیی دەستم بە ژیانەوە گرتووە، جارێک لە یەکێک لە تێکستەکانمدا نووسیبووم من ژیان پەرستم، چوونکە بە ریالیتە لە ناویدام، دنیام لا پووچ و فریودەر نییە، وەک مەحوی لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت: (دنیا بە حیلە مەیلی بە ئەبنای ئەگەر ببێ.. ئەم دایە ڕێزبارە بە فرزەندەی شوو دەکا)، بابایەکی ریالیستم و بایەخ تەنێ بە دنیا و ژیان دەدەم، ئەودیو ژیان کە نازانم چییە جێگەی بایەخم نییە، تەنانەت چەشنی لیڤیناس جوامێریی ئەوەم هەیە بە دەنگی بڵند بڵێم مەرگ دیکتاتۆرێکی کەللەوشکە. ئەگەر ڕێگە بدەن جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ داستانی ئۆدێسای هۆمیرۆس، دەتوانین لە میتافۆری

ئۆدیسیۆس و دێوەکە کەڵک وەربگرین. کاتێک ئۆدیسیۆس دەگاتە بەردەم دەروازەی ئەشکەوتەکەی پۆلیۆفیمۆس کە دێوێکی دڕی مرۆڤخۆری یەک چاوە، تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان دەبێت، بە هۆکاری ئەوەی گوێی لە خشەی پێی ئەوانە دەبێت دەچنە ئەشکەوتی دێوەکە، کەچی هەرگیز گوێی لە دەنگی پێیان نابێت کە بێنە دەرەوە. مەرگیش ڕووداوێکی لەم چەشنەیە، هەمووومان دۆست و ئازیزمان بەڕێکردووە بۆ گۆڕستان، بەڵام هیچ کات ناتوانین ئایدیا یان تێڕوانینێکمان هەبێت لەودیو مەرگەوە بە راستی چی ڕوودەدات. هەڵبەتە پێم خۆشە زیاتر باسی ژیان بکەم، وەلێ مەرگ و ژیان وەک جمکێکی پێکەولکاو لە یەکدی جودا نابنەوە. لەم سۆنگەوە هەر قسەکردنێک لە بارەی ژیانەوە، ئەگەر بۆ نەفیکردنی مەرگیش بێت پەیوەست دەبێتەوە بە مردنەوە. کەواتە با بگەڕێمەوە سەر ژیان، ئاشکرایە ژیان لەسەرجەم ئەزموونی مندا پانتاییە هەرە گەورەکەیە، لە واقیعیشدا هەرچی هەیە لە ناو ژیاندایە، ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی ژیان بوونی نییە، زۆرجار رەخنە لە شیعرەکانم یان ناونیشانی کتێبەکانم گیراوە بەوەی فەرهەنگی زمانەوانیم زۆرتر بەسەر هەردوو وشەی ژیان و خۆشەویستیدا داخراوە، خۆشەویستی و ژیان لە روانگەی ئەزەوە یەک شتن، لە زمانی ئینگلیزیی و ئەڵمانیشدا هەروان.

بەڵێ زۆر راستە نەک هەر لە شیعردا، بەڵکو باسکردنی ژیان ڕووبەرێکی فراوانی لە پەخشانەکانیشمدا داگیر کردووە. سینیکا کە

لە رووی فەلسەفییەوە سەر بە ستۆیسیزم بوو، دوو هەزار ساڵ زیاترە پێشنیاری بیرکردنەوە لە مەرگی کردووە تا ببێتە ئەکشنێکی ئاسایی تاوەکو هیچ ترس و پانیک (شڵەژان) و بیمێک لە خۆیدا هەڵنەگرێت!. فەلسەفەش بە لانیکەمەوە لە دوای سوکراتەوە بوو بە هونەری چۆنێتی مردن نەک ژیان، ئەم مەرگتەوەرییە سەدە تاریکەکانی بە دوادا هات لە خۆرئاوادا، بەڵام کاتێک لە دوای رێنسانس و سپینۆزاوە فەلسەفە چاوی بڕییەوە لە ژیان، تەکانێکی گەورەی ژیاریی بۆپێشەوە دا، هەرچی دەستکەوتی خۆرئاوایە بە جۆرێک لە جۆرەکان قەرداری ئاوڕدانەوەیە لە ژیان. رێک بە پێچەوانەی فەلسەفەی پاش سوکراتەوە، دیدی ئێمە وایە: ژیان پڕیەتی لە سامناکیی و ئەکشنی خێرا و تراژیدیک، کەچی هیچ کات بوێریی ئەوەم نییە بڵێم ژیان لە خۆیدا کاتەستڕۆفا (بەڵا)یە، دەبێت زۆرتر بیر لە ژیان بکەینەوە نەک بۆ ئەوەی سامان بشکێت، بۆ ئەوەی لە ناو ئازارەکاندا شادییە داپۆشراوەکە ببینین. سەیری ئەنەناس بکەن، ژیان رێک وەک ئەنەناس وایە، لە رووکاری دەرەوە تەنیا رەقی و زبریی هەیە، ئەدی ناوەوەی؟. ئارەزووم بۆ ژیان وەک ئارەزووی رۆماننووسی بەناوی خوان کارلۆس ئۆنێتی وایە بۆ جگەرەکێشان کە لە ژیانی راستەقینەی خۆیدا کەسێک بوو سیگاری بە سیگار دادەگیرساند، ئەمەش سەرنجی گاری هاڵدێمان رادەکێشێت و وای لێ دەکات ئەم ئارەزووەی نووسەر لە ناو رۆمانەکانیدا بدۆزێتەوە. هاڵدێمان نووسیوویەتی: (رۆمانی کورتە ژیان «١٩٥٠» سی و نۆ جار جگەرەی تێدا کێشراوە. رۆمانی بۆ ئەمشەو «١٩٤٣» سی و

شەش جار، ڕۆمانی خاکی هیچ کەس «١٩٤١»یش چل و شەش جار). زۆرێک لە نووسەران بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سایکۆلۆژیا و ئارەزووەکانی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەگەرچی خۆم پێ نووسەرێکی باش نییە، بابەتەکە بۆ منیش هەروایە. حەز بە جیهانی ژێرەوە (هادێس) ناکەم، ژیانم خۆشدەوێت، پێم خۆشە بیکەمە هەراوزەنا و بە هەمیشەیی باسی خۆشەویستەکەم بکەم، ئەگەر لە پەسندانەکەمدا زێدەڕۆیی ناپێویستیش بکەم.

(چۆن پێناسەی ژیان دەکەیت)؟. ئەمە پرسیارێکە دوو جار بە قوورسی ڕووبەڕووم کراوەتەوە، ئەگەر ئەز ئەو پرسیارەم بکردبا، لەم فۆرمەدا دامدەڕشتەوە: (چۆن لە ژیان دەڕوانیت)؟. پێناسەکردن چشتێکی جیایە لەوەی لە چ گۆشەنیگایەکەوە لە هەر پێدراوێک دەڕوانین. ڕێگەم بدەن لە بری شیتەڵکردن و بەندکردنی ژیان لە چێوەی یەک پێناسەی گردەبڕ و ڕەهادا بڵێم: ژیان پێدراوە هەرە مەزنەکەیە، دیارییە هەرە ناوازەکەی سرووشتە، هەموو پێدراوەکانی ترمان لە ناو ژیاندان. لەم گۆشەیەوە لە ژیان دەڕوانم، ئەگەر جیهانیش لنگەوقووچ بێت، ناشێ بە هیچ بیانوویەک بکەوینە دژایەتی ژیانی پەتی، مەبەست لە ژیانی پەتی چییە؟. زۆر سادەیە، ئەوەیە بەیانی لە خەو هەڵدەستین و دەچینە ڕۆژێکی نوێوە، هەناسە دەدەین و هەستی بە زیندوویێتی دەکەین، ئەمە خودی ژیانە بە ئەبستراکتی، ئەوەی پێدەکەنین یان دەگرین، تووڕە دەبین یان ئارامین، ئەوەی ناچارین ڕووبەڕووی بینەوە یان لەگەڵیدا هەڵبکەین، لەناو ژیاندان، بەڵام سەر بە ژیان نین، شتانێکی دەرەکین لە هەلومەجی ژیانگە

یان جیهانەوە بۆمان دێن. بۆ من ژیان شتێک نییە بۆ پێناسەکردن، نەخێر لە فێرگەکانیش هیچ کات کۆک نەبووم لەگەڵ پێناسە و لە چوارچێوەنانی هەر چشتێکدا، وا دەهزریم کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ ژیان نییە، لەگەڵ جیهانی دەوروبەرە کە چەند مایەی ئارامیمانە، دە هێندە هەڕەشەیە بەسەرمانەوە، هەم لە دیاردە سرووشتییەکانەوە بیگرە (وا باشترە ناوەکە راست بکەینەوە بۆ دیاردە ناسرووشتییەکان) تاوەکوو دەگاتە ئەو سیستمەی جیهانی پێ بەڕێوە دەبرێت. ئەمە بابەتێکی تر دەهێنێتەوە بەردەممان، مرۆڤی کوردی دابڕێندراو لە مێژوو و ناسنامەی خۆی، لە بری دەسەڵاتدارانی سیاسیی جنێو بە نیشتمان دەدات، بە هۆشیارییەوە دەڵێم جنێو، هەروا لە خۆڕا ئەو زاراوەیەم بەکارنەهێناوە، بەو پێودانگەی جنێو بە جۆرێک لە جۆرەکان کەوتووەتە بری کوشتن و گۆڕین، کورد وتەنی (جنێو نیشانەی بێ دەسەڵاتییە)، بە مانایەکی تر جنێوفرۆش کەسێکە لە بری ئەکتی رادیکاڵ و کوشتن و گۆڕینی سیستم، جنێو دەدات، وەک چۆن چینی خانەدانی دەسەڵات لە دەستچووی پاش شۆڕشی فەڕەنسی کە کارڵ مارکس باسیان دەکات کار و کاسبیان ببوو بە جنێودان و هەجو. نیشتمان و ژیان زۆر لە یەکتر دەچن، دوو بێلایەنن رووبەڕووی زۆرترین ستەمکاریی بوونەتەوە، دەستیان نییە لە هیچ ئاریشەیەکدا، کەچی نەک هەر سەرزەنشت دەکرێن، بەڵکو جنێوی ئابڕووبەریان ئاڕاستە دەکرێت. پاش ئەم ئارگۆمێنتە نۆرەی ئەوەیە جارێکی تر بگەڕێمەوە سەر ژیانی پەتی، کە بریتییە لە رووداوێکی فیسیۆلۆژیی و بایۆلۆژیی، من بەم جۆرە لە ژیان

دەڕوانم، بەڵام ئەم ژیانە کاتێک مانا وەردەگرێت بەر سیاسەت و کولتوور و یاسا و نۆرمەکان بکەوێت.

## پازدە

چی بێت لە ئێوە شاراوە؟ کاتی ئەوەیە جبەخانە و چەکە قورسەکانم ببینن! پێکەنین و نوکتە دوو چەکی منن. نەریتێکی تایبەت بە خۆم هەیە، لەوپەڕی بێزاریی و ئازار و ناڕەحەتیدا، کە هیچ کەسم دەست نەکەوێت نوکتەی بۆ بگێڕمەوە و لەگەڵیدا پێبکەنم، ئەوسا خۆم دوولەت دەکەم وەک ئەوەی لە هەردوو کتێبی خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجە و شارستانی کۆلاپسدا پێی هەستاوم، وای دادەنێم من گوێی بۆ خۆم گرتووە و نوکتەیەکی بۆ دەگێڕێتەوە قەت من نەیبیستووە، جوکەکە دەگێڕمەوە، خۆم چەندین جار لەبەر پێکەنین دەوەستێت لە گێڕانەوە. نهێنییەکتان بۆ ئاشکرا دەکەم بەردەوام وا بەڕێز و فەرمی نیم، لە هەندێک چرکەساتدا زۆر کۆمیدییترم لەوەی تێیگەیشتوون. جارێک هاوڕێیەکی فەیسبووک لە کۆمێنتێکدا بۆی نووسیبووم: (بە راستی تۆ پاڵەوانیت)، لە ژێر کۆمێنتەکەیدا، وەڵامم دایەوە: (زۆرتر دژە پاڵەوانم). دواتر بە پریڤات پەیامێکی نارد و گووتی هیچ لە وەڵامەکەت حاڵی نەبووم. جارێکی تر بۆم نووسییەوە: هەموو کات دژە پاڵەوان لە فیلم یان رۆماندا دەبێتە کۆمیدیا بۆ نموونە جۆکەر یان دۆنکیشۆت، بەڵام پاڵەوان سەر بە نەریتی تراژیدیایە. لایکێکی لەسەر قسەکانم دا، پێموابێت حاڵی بوو. جیا لەوە بە پێکەنین و تەنز لایەنگری ژیان و نەیارەکانی

لە یەکتر جودا دەکەمەوە، ئەم ئامرازی ناسینەوەیەشم بەهۆی میلان کوندێرای رۆماننووسەوە دەستکەوت، ئەو شێوازێکی سەیری هەبوو بۆ ناسینەوەی لایەنگرانی ستالین لە نەیارانی، ئەویش لە رێگەی نوکتە و فشقیات و پێکەنینەوە بوو.

دڵنیام بەشێکی زۆرتان رۆمانە دیستۆپییەکەی (جۆرج ئۆروێڵ)تان خوێندووەتەوە (١٩٨٤)، سەرنجی ئەوەشتان داوە، چۆن دەوڵەتە داپڵۆسێنەرەکەی (برا گەورە) لە پێکەنین و قسەی نەستەق و نوکتە تۆقیوە؟!. بەپێچەوانەوە نهۆ نەزمی باو سەرقاڵی هەرمێندانە بە جۆرێکی دیکە لە پیشەسازیی پێکەنین، ئەو پێکەنینە بێ تامەی بەبێ هیچ هۆکارێکی پێکەنیناویی لە شاشەی تیڤییەکان و لە فەزای گشتییەوە دەیژنەوین، هەمان ئەو دۆخەی لە رۆمانی (گەمژە)ی (دۆستۆیڤیسکی)دا دەیبینین، پاڤلۆڤیچ ناچارە بە پێکەنینی دەستکرد و بێ هۆکاری سێ کچە هاورێکەی بکەوێتە پێکەنین. لەم ماوەی رابردوو کورێکی لاو کە خوێنەرێکی بەردەوامی کتێبەکانمە بە نامەی دەنگی (ڤۆیس) لە ماسینجەرەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم، منیش وەک هەمیشە لە ناوەڕاستی قسەکانمدا پێدەکەنیم، ئەویش بە سەرسوورمانەوە گووتی: ئەوە تۆ پێدەکەنیت؟!. پێموابوو شادیی لە تۆ نزیک نابێتەوە!. ئەوسا جوکێکی خۆشم بۆ گێڕایەوە کە پێم خۆشە بۆ ئێوەشی بگێڕمەوە: کەسێک بە سواری کەرێکەوەیە و گەنجێک بە لایدا تێدەپەڕێت، کورە رووی تێدەکات و دەڵێت فلان کەس دەزانی ئەگەر گوێدرێژەکەت نەبووایە تۆم نەدەناسییەوە، کابراش پێی دەڵێت بێگوومان کەرەکان باشتر یەکتر دەناسنەوە.

ماوەی چوار ساڵی بەردەوامیش (٢٠٠٤-٢٠٠٨) گۆشەیەکی تەنز ئامێزم هەبوو لە رۆژنامەی نێوەند بە ناوی (پانۆراما)، لەوێدا لە گۆشەی هەر ژمارەیەکدا زیاتر لە بیست تێمام ئامادە دەکرد بۆ تەنز و گاڵتەپێکردن، چەندان ستوونی ساتیرئامێزیشم لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە بە درێژایی ساڵانی دووهەزارەکان. لە بنکی هەر یەک لەو ساتیرانەشدا تراژیدیایەکی نووستوو هەبوو. (لە میتۆسی یۆنانیدا ساتیر بوونەوەرێکی تێکەڵە: نیوە بزن و نیوە مرۆڤ. پێکەنیناویترین ساتیش ئەو ساتەیە زیۆسی مێباز خۆی دەخاتە بەرگی ساتیرێکەوە).

لێ داخەکەم تەنز لە پانتایی نووسینی کوردییدا زۆر لەوە دەستکورتترە وەک ژانرێک لێی بڕوانرێت، ئەوەی هەیە بەناوی تەنز و ساتیری کوردییەوە لە ئاکامدا ئەدەبی داشۆرین (هیجا)ی دەوڵەمەند کردووە نەک لە رێگەی کۆمیدیا و گەپەوە تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە و رادیکاڵی پێشکەش کردبێت، لانیکەم نەیتوانیوە ئەو قاقایە بێت هەموو شتێک دەلەرزێنێت کە میشێل فۆکۆ لە کتێبی (وتەکان و شتەکان) دا لە بارەیەوە دەدوێت. هەندێک پێیانوایە کۆمیدیا کەرەستەیەکی زۆر رادیکاڵە بۆ بەرەنگاریی، نکۆڵی لەمە ناکرێت، بەڵام ئایا ئەو هەڵەوەڕیی و هەجوانەی کۆمەڵگەی ئێمە نەوە بە نەوە بەرهەمی دەهێنێتەوە، کۆمیدیان؟، بێگومان نەخێر. کۆمیدیا بریتییە لە دۆخێکی پێکەنیناویی و گەپ و رستەی جۆکئاسای بە توێکڵ نەک پێ ڕابواردن و قەشمەربوون چەشنی ئەو قەرەقۆزانەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ ترلێدان و قوون هەڵتەکاندن لە دەرباری پادشاکاندا کرابوون بە

مووچەخۆر. کۆمیدیا بەرهەمهێنی ئەو فۆرمە لە کەسایەتییە ستایل و خودی خۆی پێکەنیناوییە وەک چارلی چاپلن، بەڵام ئەو دۆخەی چارلۆی تێدەکەوێت لە بناغەوە بریتییە لە تراژیدیا. کۆمیدیای رەش یەکێک لە گرنگترین چەکەکانی شەڕکردنە لەگەڵ فاشیزم و دیکتاتۆرییەتدا. چارلی چاپلن بە تایبەت لە فیلمی (دیکتاتۆری گەورە) دا بە چڕیی کار لە بلاک کۆمیدییدا دەکات، ئەویش شکاندنی ئەو تەلیسمە پیرۆز و تراژیدیکەیە لە دەوری کەسایەتیی ئادۆڵف هیتلەر دروست کراوە، بەو پێیەی هیتلەر یان هەر دیکتاتۆرێکی تری تراژیدیک لەسەر ئەو کولتوورە ئەفسانەیی و پیرۆزییە دەژی بە دەوریدا کێشراوە و ناهێڵێت کەسایەتییە رەسەنەکەی ببینرێت، وەک چۆن جاڕچییەک دوای لە سێدارەدانی مۆسۆلینی هاواری دەکرد: (مۆسۆلینی مرد)، ئەم چرکەساتە شۆکهێنەر بوو بۆ جەماوەر، چوونکە پێیانوابوو مۆسۆلینی نامرێت!!. کۆمیدیای رەش داماڵینی ئەو بەرگە ئەفسوناوییەیە لەبەری ئەو رابەرە کاریزماتیکیانە، لێرەوە کۆمیدیا دەبێتە رادیکاڵترین فرمان، بۆیە بە هەموو شێوەیەک فاشیزم و نازیزم دژی پێکەنین و تەنز وەستابوونەوە و کاریان لەسەر پیشەسازیی گریان و مرۆڤی تراژیدیک دەکرد.

لە ساڵی ١٩٧٥ کاتێک جەنەراڵ فرانکۆی گەورە دیکتاتۆری ئیسپانیا دەکەوێتە کۆمایەکی درێژخایەنەوە و پێش ئەوەی لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا بمرێت، لەو چەند مانگەی کۆمادا چەندین تەنز دروستکران، یەکێک لەوانە ئەوەبوو: رۆژێک فرانکۆ بە هۆشی خۆی دێتەوە و لە دەرەوەڕا گوێی لە هەرا و هوتافکێشان و

ماڵئاواییکردنە، بە حەپەساوییی لە هۆکارەکەی دەپرسێت، پێی دەڵێن: ئەوە هەموو گەلی ئیسپانیایە هاتوون ماڵئاواییت لێبکەن. ئەویش بە واق وڕماوییەوە پرسیار دەکات، گەلی ئیسپانیا بە نیازە بۆ کوێ بڕوات؟. ماوەتەوە بڵێم لە ئێستادا لە دەرەوەی ئەم رامانانە، سەرقاڵم بە نووسینی وتارێکی فرە گرنگەوە بە ناونیشانی (پێکەنین و فەلسەفە)، تییدا بە خەستوخۆڵی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان پێکەنین و فەلسەفەم دەرخستووە، لەم کارەدا پێڕەوی هیچ میتۆدێکم نەکردووە، وەک شێوازی ناسراوی خۆم میتۆد تێکدەشکێنم و لێی لادەدەم، هێندەی نیولیبرالیزمیش بە داخم لە میتۆدگەرایی و ئەکادیمیگەرایی، بۆیە لەوێدا بە باندۆری فەیلەسووفی دانیمارکی کیرکەگارد دەست پێدەکەم. لەو وتارەدا پێش هەر کارێک بە سەروپۆتەڵاکی میتۆد و ئەکادیمیادا دێمە خوارێ تا دەگاتە سەر پەیوەندیی نێوان پێکەنین و فەلسەفە و ژیان. با بیریشمان نەچێت کیرکەگارد لە ئەیلولی ساڵی ١٨٤١دا بەرگریی لە نامەی ماستەرەکەی کرد لە هەمبەر چەمکی تەنز، لەو نامە زانکۆییەدا سوکراتی کردبووە نموونەیەک بۆ تەنزی فەلسەفی. فەیلەسووفە دانیمارکییەکە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و دڵنشینی هەیە بۆ من، تەنانەت لە ساڵی ١٨٤٣ کتێبی (ئەم یان ئەو)ی بە ناوی خوستراوی (ڤیکتۆر ئاریمیتا) بڵاوکردەوە، خوێنەران کەوتبوونە دۆخی دۆشدامانەوە، چوونکە نەیاندەزانی ئەم کتێبە لە خانەی کتێبێکی فەلسەفی یان رەخنەی وێژەیی یاخۆ ئەندێشەی شیعریی پۆلێن بکەن. ئەز هەمان کێشەم هەیە، بەڵام بە هەندی ناگرم، کەڵکی ئەوەم لە کەلەپووری پۆست مودێرنێتە

و فۆرمی فەیلەسووفەکانیان وەرگرتووە، بابەتەکان لە یەکتر نزیک دەکەمەوە بە شێوازێک کاتیگۆریی و پۆلێنبەندییان کارێکی دژوارتر بێت لە جەنگی رووسیا و ئۆکراین، چوونکە هەم بەسەر زۆرتر لە بوارێکدا کراومەتەوە و هەم تێکەڵ دەنووسم، سنووری ژانرەکان کاڵ و کاڵتر دەکەمەوە.

لە دوای پێکەنین و تەنز کە خۆم دەستێکی باڵام لە داتاشینیدا هەیە، رۆژانە بێ گوێگرتن لە موزیک کاتم لێ تێناپەڕێت. بۆ من لە هونەرەکاندا موزیک لە سەرەتای لیستەکەدایە، عەشقی موزیک یەکەمین عەشق بوو تێمدا ڕسکا، وەک چۆن یەکەمین زمانی مرۆڤ لە سپێدەی هەبوونەوە بریتی بووە لە موزیک، بەو مانایەی مرۆڤ پێش فێربوونی وشەکان و ناونانی شتەکان، ئاواز یان ریتمی بەکارهێناوە. چوونکە مرۆڤ هەوڵیداوە لاسایی سرووشت بکاتەوە، پلاتۆ پێیوابوو هونەر لاساییکردنەوەی سرووشت و هەقیقەتە، بۆ نا ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی لاسایی هاژەی تاڤگەکان و ریتمی شەپۆل و خوڕەی بارانی کردبێتەوە؟. هەر لە منداڵیشەوە لە چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی لەسەر دەستی مامۆستای شادڕەوان (ولیەم یوحەننا) هەنگاوم نا بۆ فێربوونی موزیک، لە سایەی سەخاوەتی ئەو مامۆستایەدا و پاشتر بە هاندانی مامۆستا (فڕەنسیس داود) خەونەکانم بۆ فێربوونی ژەنینی دوو ئامێر چرۆیان کرد. لەوساوە تا بە ئەمڕۆ دەگات گوێگرتن لە موزیک پیشەی رۆژانەمە، ئەگەرچی توێژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە سوودەکانی موزیک بۆ تەندروستی مرۆڤ لە ژماردن نایەن بە تایبەت لە رووی نۆرۆلۆگییەوە، خۆ ئەگەر

پێچەوانەکەشیان بسەلماندبا هیچ کات نەمدەتوانی دەستبەرداری ئەم خولیا هەراشە بم کە وەک ڕەمەکی سێکس هەموو جارێک سەرهەڵدەداتەوە، وەک چۆن جگەرەکێشەکان ئامادەنین بە هیچ کلۆجێک ملکەچی ئەو ڕێنماییە زانستی و پزیشکییانە بن کە لە مەترسییەکانی سیگار ئاگاداریان دەکاتەوە، منیش ئاوها سەختگیر دەبووم لە بەرامبەر موزیکدا، چوونکە هیچ ئامڕازێکی تر نییە بەو هێمنییە بمگەیەنێتە ئۆرگازم، وەک بڵێی مێشکم بووبێتە ئەستێڵی دۆپامین و تەنیا موزیک بێت هێورم بکاتەوە. خۆ ئەگەر لە هیچ تێمایەکدا هاوڕای ئەفۆریزمە فەلسەفییەکانی نیچە نەبم، ناتوانم لە بیرکردنەوە لە موزیک تەبا نەبم لەگەڵ جەختکردنەوە شێلگیرانەکەی لە هەمبەر موزیک: (بەبێ موزیک ژیان لە هەڵەیەک زیاتر نەدەبوو)، دان بەوەشدا دەنێم، تەنیا موزیک هونەرێکە بۆ خۆم، زیاتر لە شیعر و کتێبەکانم خۆشم دەوێت، لە ڕوانگەی ئەوەی نووسینەکانم بۆ دەرەوەی خۆمن، ئەوەی بۆ خۆم ماوەتەوە بە تەنیا موزیکە، کاتێک لە ناو نۆتەکاندا وەک منداڵێکی حۆل ون دەبم، هەوڵی خۆدۆزینەوە نادەم، دەمەوێت دوورتر بڕۆم تا پتر ون ببم، ئیتر هەواڵێکیش لە ئازار و نەخۆشی نامێنێت. وەک بڵێی ئۆرفیۆس بم، ئەپۆڵۆن چەنگێک (قیسارە)ی خستبێتە ناو بێشکەکەمەوە.

## شازدە

نەمویستووە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکانمەوە لە نەخۆشخانە و لە دەمی چارەسەرکردندا لە شاشەی سۆشیال

میدیاوە، سواڵی فرمێسک و بارانی سۆزی دەرەوەی خۆم بکەم، ئەوەم بە لاوە گرنگ بووە بە ژیانی پڕ ئازار و تاڵی خۆمەوە ببم بە وانە یان نموونەیەک بۆ ئەوانی تر، کە چۆن دەکرێت بە دەردە قورس و درێژخایەنەکانیشەوە لە خەونبینین و پڕۆژەکانی باشکردنی دنیا رانەوەستین، بەو نیازە بووم بڵێم دووریی نێوان نەخۆش و ژیان چاڵێکی وەهمییە، ئەوەتا تووشی شێرپەنجەش بووم و نەکەوتوومەتە هیچ چاڵێکەوە، ئەگەر لە یەکێکی ساغڵەم زیاتر چاوم نەبڕیبێتە ژیان، بێگوومان کەمتر نییە، هەروەتریش بەزەییم بەو بەزەیی پێداهاتنەوەی ئەوانیتردا دێتەوە لەناو پاکەتی خەمخۆریی و هاوسۆزیدا خەریکی شاردنەوەین، خواستوومە بڵێم ئەم هاوسۆزییەتان شایانی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، ئەوەتا شێرپەنجە بە دەست منەوە تووشی شێرپەنجە بووە، زۆرتر لە تۆ، لە ئەو، پڕۆژەم بە دەستەوەیە، وەها دەژیم وەک بڵێی نیازی مردنم نەبێت یان لانیکەم مەرگێکی نزیک و ناوادە. زۆر جار لە خۆم رادەمێنم و تێناگەم بۆچی ئەم ئەرکە ئیتیکییەم بەسەر خۆمدا سەپاندووە ئەزموونی خۆم بۆ ئەوانی تر بگوازمەوە؟. لە ناخمدا پاڵنەر و دەنگێکی لاسار هەیە هانم دەدات بۆ ئەم کارە. لە کتێبی (سێشەممان لەگەڵ مۆریی)ی میچ ئەلبۆم کە وەرگێڕانە کوردییەکەم خوێندووەتەوە و هاوڕێیەکم لە دانیمارک پێشکەشی کردم، گوایە کەڵکی بۆ من دەبێت، گفتوگۆیەکی کورتی میچ و مۆریی دەهێنمەوە یادتان. میچ بە مۆریی دەڵێت: (ریکۆردەرێکم هێناوە بۆ تۆمارکردنی قسەکانت، چوونکە دوایی بیرم نامێنن، مۆریی بە پێکەنینەوە دەڵێت: دوای مردنم؟. میچ دەڵێت: شتی وا مەڵێ). من کە دۆخی تەندروستیم

لە مۆریی خراپترە بۆ خۆم ئەو ئەرکە رادەپەڕێنم، چ بە نووسین چ بە وێنە و ڤیدیۆ ئەم ساتانە ئەرشیف دەکەم، جیاوازییەکی تریشم ئەوەیە، ئەوەی من بۆ دوای مردنم نییە، بەڵکو بۆ ئێستایە و بۆ ئەو کاتەشە ئەمڕۆ دەبێت بە رابردوویەکی دوور.

ئەزموونی من لەگەڵ نەخۆشیی دەوڵەمەندترین و تا راددەیەک درێژترین ئەزموونە، هەمیشە ئەگەر مشتێک برنجم هەبووبێت حەزم کردووە خوانی لە دەور گەرم بکەم، ئاوها زۆرترین ئارەزووم هەبووە ئەم ئەزموونە لەگەڵ هاوچارەنووسانم بەش بکەم و پێیان بڵێم لە دەرەوەی چارەسەرە پزیشکییەکان، کۆمەڵێک رێوشوێنی گرنگتر هەیە، بێ ئەوانە رێکارە تەندروستییەکان سوودێکی وەهایان نابێت، ئەویش بریتییە لە هێز و ئیرادەی بەرەنگاریی و نەڕووخان لە رووی دەروونییەوە لە بەردەم باهۆز و گەردەلوولی هەر پەتا و دەردێک .با بیر لەوە بکەینەوە هەموو ئەو جیهانەی لەسەری دەژین، بیست و نۆ لە سەدای رووبەری زەوییە (وشکایی)، زەوی خۆی هێندە هەڵماتێکیش نییە لە کەشکەلانی خۆردا، گەلەئەستێرەکەشمان (رێگەی کاکێشان) لە ناو ملیارەها گالاکسی تر و لە گەردوونی بینراودا، قەبارەیەکی وەهای نییە شیاوی باس بێت، مرۆڤ لەم گەردوونە تاریکەدا خۆی راپسکاند، زانین و هۆشی دژی ناچارییە زۆرەکانی ژیان و بوون خستەگەڕ، بزووێنەرەکەش ئەو ئیرادە و لە خۆڕابینینە مەزنەی مرۆ بوو، قۆناغ بە قۆناغ بەسەر دەوروبەر و سرووشتی کێوییدا زاڵ دەبوو، ئەمەش هەر لە رەوتدایە و سرەوتن و لەنگەر ناناسێت، بە دیتنی من ژیریی ئامڕازە، (سەر)

ئیسنکلۆپیدیایەکە و ئەندامانی لەش زانیارییەکانی تێدا تۆمار دەکەن، بزووێنەرە میتافیزیکییە سەرەکییەکەش ویست و خۆڕاپسکاندنە، بە کورتی ئیرادە لێرەدا بە مانای تەماح و کۆڵنەدانە. لە میتۆلۆژیای سۆمەرییدا (ئینکی) خواوەندی دانایی لەسەر راسپاردەی دایکی (نەمۆ)ی خودای بەدیهێنەر (ئاو)، مرۆڤ بۆ خزمەتی خواوەندە شەکەتەکان دەئافرێنێت (هەر ئەم ئایدیایە دزەی کردووەتە ناو ئاینە ئیبراهیمییەکانەوە- ئاینە سامییەکان)، مرۆڤ گوریسی ئەم کۆیلایەتییەی پساند، بە ئیرادە و ژیریی خۆی گووتی: نەک بێدەسەڵات و خزمەتکاری خوداکان و ناچارییەکانی سرووشت نیم، بەڵکو سەرداری بوون یان بە واتا هایدگەرییەکە (شوانی بوون)م. لێرەوە مرۆڤ بە دەستی دەستیگرت بەسەر سرووشتدا، دەستکاریی زۆر یاسای بوون و جیهانی کرد و بێشوومار دیتێرمینیزم (جەبر)ی هەڵوەشاندەوە، بۆ هایدگەر مرۆڤ تەنیا گیانداڕێک نییە بەڵکو (دەستدار)ێکیشە. لە فەرهەنگی زمانەوانیی کوردییدا ئەگەر سەرنج لە وشەکانی (دەستەڵات، سەردەست، ژێردەست، دەستێوەردان، دەستڕۆیشتوو، دەستبەسەراگرتن، دەسیسە، دەستپیس، دەستکورت، دەستکاریی، هتد..) بدرێت مەبەستەکە باشتر روون دەبێتەوە.

لەسەر مەبنای ئەم فاکتە بە توندیی بەگژ ئەو تیۆرە پاسیڤەدا دەچمەوە ژیان وەک ماترێکس و گەمەیەکی کۆمپیوتەریی وێنا دەکات، ئەمە لێدانە لە پێگە و شکۆی مرۆڤ وەک بزێوترین بوونەوەری نێو گەردوون، چوونکە هەر داهێنان و دۆزینەوەیەک پووچ دەکاتەوە و وایدەبینێت ئەمە تەنیا ئاشکراکردنی شتێکە پێشتر هەبووە! لێرەدا

پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە، ئەگەر ژیان سیمولەیشنە، بۆچی تا مرۆڤ هیچی دانەهێنا، هیچ نوێیەک دەرنەکەوت؟. بۆچی تا مرۆڤ بە هۆش و ئیرادەی خۆی رووبەڕووی ژیان نەبووەوە، ژیان هەر تاریکییەک بوو؟. راستە گەردوون ماتریاڵ و رێساکانی خستووەتە بەردەست کە دەور و دەستێوەردانی هیچ زیندەوەرێکی تێدا نییە و وردە وردە پەیان پێدەبەرێت، بەڵام ئەمە مانای وانییە مرۆڤ بکەرە راستەقینەکە نییە، مرۆڤ بە ئامڕازی هۆش، بە ویست و کۆڵنەدان و چاوبڕینە باشتر و باشترین کە زۆرجار خراپ و خراپتری لێ دەکەوێتەوە، بزاڤ دەکات و ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە. ئەگەرچی لەسەر ئاستی سیاسیی سەدای گەڕانەوە بۆ رابردوو هەر لە ئەمەریکا و رووسیاوە بیگرە تا وڵاتانی عەرەبی و هیندستان و تورکیا وهتد.. لە هەر دەنگێکی تر بەرزترە، خودی ئەم نوستالیژیایەش چیتر نییە جگە لە خولیایەکی دیکەی بەرەو پێشەوەچوون، شیوەنێکە بۆ (رۆژگاری زێڕین)ی لە دەستچوو، وەک بڵێی هەندێک جار پێشکەوتن لە گەڕانەوە بۆ دواوە لەنگەری گرتبێت و پێویست بێت چەند هەنگاو بۆ پاشەوە بگەڕێیتەوە، لە پەنا ئەم رابردووخوازییە سیاسییەدا، گەشەی تەکنیکی و ئامێریی و شۆڕشی هۆشمەندیی زیرەک دینامیکیانە بەرەو ترۆپک پێنگاڤ دەنێت، ئەمە مژدە نییە بەڵکو هەواڵێکی ناخۆشە و ئایندە بۆ رۆبۆتە نەک مرۆڤ، وەک جارێک یوڤاڵ نوح هەراری لە وەڵامی پرسیارێکی (ئەندەرسن)دا گووتی: (ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا دەیبینم پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتە لە مرۆڤەوە بۆ ئەلگۆریتمەکان).

دەنگووباسە خۆشەکە ئەوەیە هێشتا جیهان بە دەستی

مرۆڤ خۆیەوەتی، ئەگەر بە چاویلکە مارکسییەکە تەماشا بکەین، مرۆڤەکان بەدیهێنەری مێژووی خۆیانن. بەو واتایەی ئەوەی جیهان هەڵدەسووڕێنێت، ئەندێشە و ئیرادەی مرۆڤە نەک شتێکی تر، لێ ئەم دەسەڵاتەی مرۆڤ لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرەو کزیی و نەمان دەڕوات. جیا لەمانە بڕوام بەوەیە هۆشی خۆم بۆ ئەکتیڤکردنی ویست و ئیرادە بەکاربهێنم. با سەربردەیەکی تەمەن بیست و سێساڵەی خۆم بگێڕمەوە، ئەوێ رۆژێ بە مەبەستی گەیشتن بە ئەورووپا لە یەختێکی شڕەڵەی تورکیدا بووین لە ناو دەریادا، شەپۆلەکان یاخی ببوون، تاوە تەرزەیەکی ناوەخت هێندەی تر دەریای سەرشێت کرد، ماکینەی یەختەکەشمان لە کار کەوت، هەموو واماندەزانی بەرەو مەرگێکی مسۆگەر دەڕۆین، هەموو هاواریان بۆ خودا دەکرد، کاتی ئەوەم نەبوو بیر لەوە بکەمەوە بۆچی مرۆ لە کاتی دەستەوەستانیدا هانا بۆ ئاسمان دەبات؟، یان نەپەرژامە سەر ئەوەی مرۆڤ بۆ لە تەنگانەکاندا چاو دادەخات و دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، لە کاتێکدا بە پێی خودی ئاین خودا لە هەر شوێنێکە؟. فریای ئەم بیرکردنەوانە نەکەوتم، تەنیا مێشکم سیگناڵی پێدەدام، دەریا نابێتە گۆڕم، ئەم بیرکردنەوەیە پێویست بوو، بەڵام هۆش و زیرەکی لەم هەلومەرجەدا هیچی پێ ناکرێت!، گریمان یەختەکە قڵپ بووەوە، دەبێت چی بکەم؟، دەمزانی هۆش پێم دەڵێت (خۆت مەخەرە شەڕی دەریاوە)، تازە چۆن خۆم لە گێچەڵی دەریا لا بدەم؟، هەر ئاژەڵێکی تریش بگریت بایی ئەوەندە ژیریی هەیە خۆی لە ئاژەڵێکی دڕتر بپارێزێت. وایدابنێ ئێستا کەوتوویتە دەریاوە، چی دەکەیت؟. بەخۆمم

دەگووت راستە مەلە نازانم، بەڵام هەوڵدەدەم رادەست نەبم، هەرچۆنێک بێت بپەڕمەوە سەر وشکانی، من ئەو رۆحە رادەست نەبووەم، ناونا ئیرادە، ئەمەشم لە ساڵانی نەخۆشییەکەمدا بە چڕیی پەیڕەو کردووە، هەر ئێستا دەتوانم دەستکەوتێکی مەزنی ئەم ئیرادەیەیان نیشان بدەم، ئەویش ئەوەیە هێشتا زیندووم و دەخۆم و پێدەکەنم و دەنووسم.

لە دەرەوەی ئەم پرسە و تا ئەندازەیەکیش پەیوەندیدار بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی کاتی چارەسەر لە سۆشیال میدیادا، دەرفەت دەقۆزمەوە بۆ باسکردنی مژارێکی ئازاردەر، لانیکەم ساڵانێک ئەم بابەتە ژان و شترێسی زۆری بۆ دروستکردبووم، ئەویش ئەو دەنگۆیانە بوون لەلایەن کۆمەڵێک خێو و ماسکبەستووی ناو نێوەندیی رۆژنامەوانی و (رۆشنبیریی) کوردیی، بە فراوانی دژم بڵاو دەکرانەوە و گوومانیان لە هەمبەر کەیسی نەخۆشییەکەم دەورووژاند، لە سەرەتادا دەنگۆکە ئەوەندە خەستوخۆڵ بوو، بێجگە لەوەی سووکە پارۆنیایەکی تووش کردبووم، ئەو گوومانە لەلام قووڵتر دەبووەوە، تۆبڵێی ئەوانەی تەمومژ دەخەنە سەر دەردەکەم، مەبەستیان نەبێت نهێنییەک بشارنەوە؟، تۆ بڵێی ئەمانە شتێک نەزانن کە خۆم نایزانم و بیانەوێت کەیسەکە بەلاڕێدا ببەن؟، بەتایبەت کە ژێدەری دەنگۆکە نەیارانی فیکریی و ئایدۆلۆژیی و سیاسیی بوون. ئەم گوومانانە جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی بۆ هێنابوومە پێشەوە، رەنگدانەوەی نەرێنی زۆری هەبوو لەسەر دڵ و دۆخی دەروونیم. ئاشکراشە شترێس بۆ نەخۆشی شێرپەنجە رۆڵی ئەو دەنکەشقارتەیە

دەبینێت لە پووش و پەڵاشی بەر دەدەیت. پێویستم بەوە نەبوو، بزانم چۆن تووش بووم، دەمزانی لە کۆتاییدا دەمکاتە کەسێکی پارۆنی (بەدگوومان)، چاوم لەوە بڕیبوو چۆن دەتوانم هەنگاو بنێم بەرەو تەندروستییەکی باشتر. سەرەتا ترسێکی زۆرم هەبوو لە بارەی شێرپەنجەوە، بەو هۆیەی نەمدەزانی چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەم، شۆڕشێکی گەورەم لە تێڕوانینی خۆمدا بەرپاکرد لە مەڕ نەخۆشیی، ئەوەش یارمەتیدەر بوو ترسەکەم لە شێوە سرووشتییەکەی خۆی تێنەپەڕێت بەرەو تراوما (تۆقین). بیرم دەکردەوە ئەگەر لەم تەمەنە گەنجییەدا بمرم کە لە سەرەتای سییەکانی تەمەندا بووم، کارەساتە پێش هەر کەس بۆ خۆم و ئەو خەونانەی بە داهاتووەوە دەمبینین، بڕیارمدا ئەو قەناعەتە تا کەوشەنی سڕینەوە کاڵ بکەمەوە کە من نەخۆشێکم، هیچ کات باوەڕم بە نەخۆشی خۆم نەکرد (بە قسەی نەیارانم کرد)، تەنانەت خۆم بەشێوەیەکی دوالیزمی دابەشکرد: منی بایۆلۆژیی لەگەڵ منی میتافیزیکیی، بە قووڵی هاتمە سەر ئەو بۆچوونەی ئـەوەی نەخۆشە بەشێکی بچووکی جەستە یان فیسیۆلۆژیامە، بەڵام بەشە هەرە گرنگەکە کە بریتییە لە کارەبای ژیـان و ویست و ئەنێرژی بۆ هۆبییە تاکەکەسییەکان لەوپەڕی ساغڵەمی خۆیاندان، لەوە زیاتریش دەمگووت چۆن لوویەکی گرگنی چەند سانتیمەتری لە مێشکمدا پێی دەکرێت ١٧٣ سانتیمەتری باڵام بخوات، بیرم دەکردەوە یاساکە وایە ماسییە گەورەکان بچووکەکان قووت دەدەن، یان زۆر جار دەمگووت بە لایەنی زۆرەوە کێشی ئەو تومۆرە (وەرەم) ناگاتە ١٠٠ گرام، چۆن توانست و وزەی ئەوەی پێیە هەرەس بە هەشتا و یەک کیلۆ گۆشت بهێنێت و قووتی بدات؟.

(کێشی لەشم لەوکاتەدا هەشتا و یەک کیلۆ بوو).

## حەڤدە

زۆرجار پێمدەڵێن ئەوەتی تۆ نەخۆشیت و باس لە مەرگی خۆت دەکەیت، سەدان مرۆڤی ساغڵەم بە هۆکاری جیا جیا مردن، بەڵام خاوەنانی ئەم قسەیە ناتوانن دەرکی دۆخێک بکەن، من و نەخۆشانی تری شێرپەنجە پێیدا تێدەپەڕین، ئێمە بۆنی مەرگ لە نزیکترین شوێنەوە دەکەین، وەک ئەوەی هەر نەخۆشێکی شێرپەنجە شمشێری دیموکلیتسی لەسەر راگیرابێت، هەمیشە مەرگ لە ژیان لێیەوە نزیکترە، بەڵام ئەوانی تر کە بە کتوپڕانە دەمرن، ئەگەرچی تراژیدیایە بۆ ئازیزانیان، هیچ نەبێت هێندە لە نزیک و باوەشی مەرگدا نەژیاون وەک ئێمە گرفتارانی کەنسەر پێوەی دەناڵین، لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی ئەوە ناکەم شێرپەنجە یەکسانە بە مردن، بەڵام شەڕێکی دەستویەخەشە لەگەڵیدا. ئێمە دەتوانین لە رێگەی سیستمی هۆشەوە هەندێک پێشبینی بکەین، با گریمانەیەک بخەینەڕوو، من ئۆتۆمبێلێک دەئاژۆم لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر، ئەگەر لە بەرزاییەکانی کەڵکەسماق یان هەیبەت سوڵتانەوە بەبێ ویستی خۆم سووکانەکەم لە دەست دەربچێت و ئۆتۆمبیلەکەم وەربگەڕێت، لانیکەم پێشبینی شکانی ئەندامانی لەش دەکەم ئەگەر نەڵێم مردن. ئەم هەلومەرجە هەروەک ئەوەیە، ئێستا من لە پلەی چواری شێرپەنجەدام، هەر گۆڕانێک لە دۆخمدا، پێشبینی مردنی لێ دەکرێت نەک چاکبوونەوە. لەلایەکی ترەوە ئێمە لە ژێر ستەمکارییەکی گەورەتردابن، هەمیشە پێماندەڵێن هۆکاری کەنسەر هەڵبژاردەی نادروستی خۆتان و

بەرئەنجامی ئەوەیە خواردووتانە و خواردووتانەوە، مەگەر لەم سەردەمەدا هیچ خۆراکێک هەیە لە شاڵاوی مادده کیمیاییەکان و ڤیرۆس دەربازبووبێت؟. یان هەندێک جاری دیکە بە تۆنێکی نەرمتر دەڵێن نارێکخراویی سیستمی خۆراک یان ئالکهول خواردنەوە و سیگار بەرپرسە لە تووشبوون بە شێرپەنجە، زۆرجاریش بۆ خاڵیکردنەوەی شانی سیستم، ژێنەکان لە قەفەسی تاواندا رادەگرن، ئەمەش لە ئەمڕۆوە سەریهەڵنەداوە بەڵکو بیردۆزێکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بایەخی پێدراوە، لەو ساتانەوەی ستایلسازیی جەستە و لەشرێکیی وەک ئایدیایەک زەقکرایەوە، لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کتێبە بەناڤدەنگەکەی پیتەر مۆلەری مامۆستای دانیمارکی سەرنجی هەمووانی راکێشا، تەنانەت کافکا بە رێبەری خۆی دەزانی و بەردەوام لە پەنا تەختەخەوەکەیەوە دەبینرا!.
مۆلەر لە کتێبەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، نەخۆشی بە پلەی یەکەم سووچ و گووناهی کەسەکە خۆیەتی بە تایبەت کرێکاران کە بە هیچ شێوەیەک نازانن رەچاوی تەندروستی خۆیان بکەن، ئەمەش لە دەرئەنجامدا بە زیانی خاوەن کار و فابریکەکان تەواو دەبێت، لە کاتێکدا پزیشکێکی چەپی وەک سوزان رۆزینتاڵ بە پشت بەستن بە ئەزموونی پەنجا ساڵەی لە بواری کارەکەی خۆیدا بە گردەبڕیی هۆکاری سەرەکی شێرپەنجە بۆ (ژەهراویبوونی ژینگە) لەلایەن سیستمی کاپیتالیستییەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئێمە ناچارکراوین خۆمان تاوانبار بکەین بەوەی نەزان و کەمتەرخەم بووین بەرامبەر بە جەستەی خۆمان.

لە ڕۆمانی (نیشانەکراوەکان- I Promessi Sposi بە ئیتاڵی)ی ئەلێساندرۆ مانزۆنی دا (ساڵی ١٨٢٧ چاپکراوە) باس لە ڕووداوەکانی شاری میلانۆ دەکات لە سەروەختی بڵاوبوونەوەی پەتای ساڵی ١٦٣٠دا، ڕوانینی گشتیی لە بارەی تووشبووانی پەتاکەوە دەخاتەڕوو کە وەک کەسانی گوناهبار و نەفرەتلێکراو بە قێزەوە تەماشاکراون. ئاگامبێن لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانەی هێنایەوە بەر باس، منیش لەو گۆشەنیگاوە لە ڕۆمانەکە دەڕوانم، لە خەیاڵدانی کۆگەلیدا زۆرینەی تووشبووانی شێرپەنجە بە تاوانبار دادەندرێن، ئەو گوناهکارانەی نەیانتوانیوە پارێز و خۆگریی بکەن لە خواردن و خواردنەوەدا، دەی ئەو منداڵە دە دوانزە ساڵەی تووشی ئەم بەڵایە بووە چی؟. لە جێی ئاو یان نیسکافە ئالکهولی خواردووەتەوە؟. جگە لەمە زۆربەی نەخۆشانی شێرپەنجە سزایەکی تریشیان بەسەردا دەسەپێنرێت، ئەویش ڕاوێژکردنە بە سایکۆلۆژیست تا زۆرتر هەست بە لاوازیی خۆیان بکەن، ئەوان بەوەوە ناوەستن لەسەر ئاستی جەستەیی قوربانی بیت، دەیانەوێت لەسەر ئاستی دەروونیش تێکبشکێیت. پێموایە زۆرینەی ئەوانەی بە نەخۆشانی دەروونی ناسراون دووبارە قوربانی ناو ئەو سیستمە ستەمکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی هەناوی سەرمایەدارین. ئیدی بەم جۆرە نەخۆشییە دەروونییەکانیش بوون بە پانتایی ستەمکاریی و بە قازانجی سیستم کەڵکی لێ وەردەگیرێت دژی هەر مەیلێکی نارەزاییخوازیی، وەک چۆن پێناسەکانی شیزۆفرینیا لە ئەمەریکا

بە دژی ژێستی رادیکاڵ سەرلەبەر هەڵگێڕدراوەتەوە. وەک خۆم دووجار قوربانیم، یەکەمیان وەک هەر مرۆڤێکی تر، ئەویتریان وەک نەخۆشێکی شێرپەنجە، بابەتەکەش ئەوە نییە پزیشکەکان بە کۆدەنگی سوێندی (هیپۆکراتیس)یان شکاند بێت، بابەتەکە لەوە گەورەترە لە سنووری پریڤاتدا بیری لێ بکرێتەوە، سیستمێک هەیە (نیولیبراڵیزم بە نموونە) هەرچی لە بووندا هەیە بە بازاڕی دەکات، یەکێک لەو سێکتەرە بازاڕسازییە پڕ داهاتانەش بریتییە لە بواری تەندروستی و دەمارنسازیی. لە فیلمی (The Usual Suspects) تاقمێک دز دەبینین، گوایە هەر یەکێکیان ئیش بۆ خۆی دەکات، لە کاتێکدا ئەوان کرێگرتەی کەسێکن بە ناوی کەیزەر، دزەکان جارجار هەست بە کەیزەر دەکەن لە نێویاندا، هەندێ جاری تریش بە وەهمێکی مێشکی خۆیان تێیدەگەن. ئەمە وێنە رەسەنەکەی جیهانی ئەمڕۆیە، هەموو وا دەزانین بۆ بەرژەوەندیی خۆمان کار دەکەین، بەڵام نازانین ئیش بۆ سیستمێک دەکەین لە ناوماندایە، بە پێچەوانەی دزەکانیشەوە هەست بەوە ناکەین کەیزەرەکەی ئێمە لە ناوماندا بە کپیی کاری خۆی دەکات و هەموو قوربانییەکی بێ چارەی ئەوین، لە ترسی لە برسا مردن، (بارتێلبی)یەک لە ئارادا نەماوە لە کارەکەی یاخی بێت و بڵێت ئیتر (وام پێ چاکترە نەیکەم).

ئێمە بەردەوام هەوای ژەهراویی و شێرپەنجاویی هەڵدەمژین، زانست سەلماندوویەتی مرۆڤ دەتوانێت بۆ سێ مانگ بەبێ خۆراک خۆی رابگرێت، توانای ئەوەی هەیە ١٥–٢٥ رۆژ ئاو نەخواتەوە و نەمرێت، بەڵام بەرگەی پێنج خولەک زیاتر ناگرێت ئەگەر

هەناسە نەدات، سەیر بکەن ئێمە لە خولەکێکدا چەند جار هەناسە دەدەین؟، ئەو هەوا پیسە هەڵدەمژین کە بەرهەمی ژینگەیەکی پیسە!. کێشەکە خواردن نییە و سەرمایەداریی دەیەوێت ئەو هەستی خۆ گوناهبارکردنەمان تێدا دروست بکات. من پاڵپشت بە ئەزموونی خۆم ئەو رایە دەردەبڕم. ناخوازم وا لێکدانەوە بۆ تێڕوانینەکانم بکرێت، رووی سەرمایەداریی دزێو دەکەم (خۆی دزێوە)، بەڵام هیچ نەبێت لەم پێڤاژۆیەدا داوای پارادیسی سۆشیالیزمیش ناکەم، چوونکە جیهان لەوە خواروخێچترە ببێتە هەسارەیەکی نموونەیی، تەنیا داوای راگرتنی پرۆسەی بە دۆزەخبوون دەکەم. سەردەمانێکی زۆر تا ئێستاش بە شێوەیەکی پرەنسیپی کارم بۆ ئایندە یان جیهانێکی لەمە باشتر دەکرد و هێشتاش دەیکەم، ئەوەی لە هەنووکەدا گۆڕاوە هەمان حاڵەتی ئەو مرۆڤەیە هیچ مەلە نازانێت و کەوتووەتە رووبارێکەوە، ناچارە ئومێد بە چڵەپووشێکیشەوە ببەستێتەوە، ئەو دڵگەرمییەی پێشووم بۆ داهاتوویەکی گەشتر ساردبووەتەوە، نەک لەبەرئەوەی میکانیزمەکانی پێشوو کەمتواناترن بۆ دەستەبەری ئەو پرۆژەیە، لەبەرئەوەش نییە ماندووم و پێموایە بەم شمشێرە کۆنانە شەڕی چەکە مودێرنەکان ناکرێت، بەڵکو ئەوەی تاکە بینراوە لەسەر لۆکەیشنی جیهان تەنیا کۆتاییە، جارچییەکی خوێنسارد نیم لە چەشنی ئەو بانگخوازانەی بانگەشەی ئەپۆکالیپۆس دەکەن لەلایەن هێزێکی دەرە سرووشتەوە، بەڵکو غەمە هەرە گەورەکە ئەوەیە هێزێکی بەرجەستەی ناو سرووشت و هاوتوخمی خۆمان (مرۆڤ) بە پێی پرۆسەیەک نەک وەک فرمانێکی خێرا و پەنجەداگرتن

لەسەر دووگمەیەک (کن فیکن)، هەوای سیخناخ کردووە و ژینگەی گەند کردووە لە پێناوی زێدە بەرهەمی نێو پرۆسێسی شێتانەی بەرهەمهێنان و هەوەسی بەرخۆریی و ویستی بازاڕگەرایی، سا کاتێکیش بازاڕ دەبێتە ئامانج، مرۆڤ و ژیان و ژینگە دەبنە ئامڕاز. خۆ ئەگەر ئەم کۆتاییە وا بە زوویش روونەدات هیچ دڵنیاییەکمان پێ نابەخشێت، مادام هەموو زەنگەکانی مەترسیی لێدراون، مادام دەزانین کەرەستەکانی کۆتایی لەسەر زەوی ئامادەن (بۆمبە ئەتۆمییەکان وەک نموونە)، ئەم نادڵنیاییەی پێش کۆتایی لە خودی کۆتایی دژوارترە، چوونکە مەرج نییە ئەو کۆتاییە سەرەتای شتێکی تر نەبێت. بە کورتی پێشان وا لە دینامیکییەت و بەرەوپێشەوەچوونی مێژوومان دەڕوانی کەلەپچەکانی تێدا دەشکێندرێت، لێ بەداخەوە وا دەرنەچوو.

قسەیەک هەیە نازانم لە کوێ بیستوومە یان خوێندوومەتەوە، دەڵێت: لە سەدەی بیست و یەکەمدا ژمارەی ئەو دەردانەی دەدۆزرێنەوە زیاترە لەو دەرمانانەی دادەهێنرێن. رەنگە یەکێک قووت بێتەوە بڵێت ئەم تیۆرە سەرێکی لە ناو کۆمپلۆتیزمدایە و بیردۆزێکی لنگەوقووچە، بە بەڵگەی ئەوەی دوای ساڵ و شتێک کۆمپانیاکان و ناوەندە پزیشکییەکانی چەشنی سەنتەری رۆبێرت کوخ بە رژدیی هەوڵیاندا بۆ دۆزینەوەی پێکوتە دژی کۆڤید نۆزدە. ئایا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ناڕاستیی ئەو قسەیەی سەرەوە؟. بێگوومان نەخێر، بەو پێیەی خاوەنانی ئەم روانگەیە پەی بە فاکتۆری پشت ئەو تەقەلا زۆرە لە بەرەنگاریی کۆرۆنادا نابەن، سەرەتا

با بچینە دەرەوەی بیرۆکەی پیلانگێڕیی ئایا کەس دیکۆمێنتێکی هەیە بەرپەچی ئەوە بداتەوە کۆرۆنا ڤیرۆس، بەشێک نەبووە لە رامیاریی و جەنگێکی بیۆلۆژیی.؟ لە دەرەوەی ئەوەش مرۆڤایەتی و زانستی مودێرنی پزیشکیی لە باریدا هەیە دەرمانی پێویست بۆ دەردەکـان دابین بکات، ئـەوەی دەگووترێت دەرمـان کەمترە لە دەردەکـان بەشێوەیەکی رێژەیی نەک رەها تـەواو و دروستە، چوونکە نیاز و ویستی قازانجخوازیی سیستمی نیولیبراڵیستی کێویی و بازارگەرایی، نەخۆشییەکانیش وەک بوارێک بۆ بزنس و بازارسازیی دەبینێت، هیچ بزنسێک ناتوانێت وەک نەخۆشیی ببێتە بزنسێکی یونیڤرساڵی بەردەوام، زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێین چیتر نەخۆشیی بە ناتەواوییەکی بیۆلۆژیی ئەبستراکت نەماوەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەک لە شێوەکان بەستراوەتەوە بە بیۆپۆلەتیکەوە (ئەو تێزە بنچینەییەی فۆکۆ بە تایبەت لە پەرتووکی «لەدایکبوونی کیلینک» تیۆریزەی کرد و ئاگامبێن دەوڵەمەندتری کرد و ژیژەکیش پێیوایە بیۆپۆلەتیک لە دوا واتای خۆیدا بریتییە لە پۆست پۆلەتیک)، بووەتە کاڵایەکی هاوچەرخ و تەبا لەگەڵ رۆحی سوودخوازانەی سیستم و سیاسەت. لەم روانگەوە وەک جارێکی تریش گووتوومە هەر نەخۆشییەک نەبێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە بازار و جووڵەی ئابووری پەک نەخات، دەبێتە بوارێک بۆ سەرمایەگوزاریی و کاسبیکردن، ئەمە رێک دۆخی شێرپەنجەیە. بە پێچەوانەوە کۆرۆنا تا جووڵەی ئابووری پەکنەخست، زۆر نائاکارییانە چاوپۆشیی لە مردنی ملیۆنان مرۆڤ و هەرەسهێنانی ئابووری بۆرژوا بچووکەکان دەکرا، بۆیە

هەوڵە چڕەکان بۆ دۆزینەوەی پێکوتە (ڤاکسین) دەستی پێنەکرد. بەدەر لەوە با بەراووردێکیش بکەین لە نێوان کۆرۆنا و شێرپەنجەدا، هەرچەند بەراووردەکە نائیتیکییە، بەڵام دیقەت بدەن لە وڵاتێکی وەکوو فەڕەنسادا زیانە گیانییەکانی کۆرۆنا لە سێ ساڵدا نەگەیشتە زیانە گیانییەکانی شێرپەنجە لە هەر ساڵێکدا، بەو پێیەی هەر ساڵێک ڕێژەی مردن بەهۆی شێرپەنجەوە لەو وڵاتەدا دەگاتە سەرووی ١٥٠ هەزار کەس. لێ ئەمە داوایەکی ئاکاریی نییە لە سیستمێکی کانیباڵیی تا ترۆپک بێ ئابڕوو، بەقەدەر ئەوەی خستنەڕووی ماک و ماهیەتێتی.

لەوانەیە سەیر نەبێت، ئەگەر بڵێم لە ژێر سەیوانی سەرمایەداریی لە نەسکە نیولیبراڵیستییەکەیدا، بیۆلۆژیا نەک هەر گرێدراوی سیاسەتە بەڵکو بوارێکی گەرمی بازاڕسازییە، چیدی لەشی مرۆڤ لەلایەن خۆیەوە خاوەنداریێتی لێ ناکرێت، ئەوەی لە پشتی کەوالیسەوە خاوەنداریێتی دەکات بریتییە لە ئەویترێکی پەنهان و نادیار کە بازاڕگەراییە. من ئەوە بە ستەمکاریی بازاڕ ناوزەد دەکەم، تاکە جیاوازییش لە نێوان ستەمکاریی ڕۆژهەڵاتی و ستەمکاریی ڕۆژئاوایی تەنیا یەک شتە، ئەویش ئەوەیە لە ستەمکاریی ڕۆژهەڵاتیدا ستەمکار دیارە یان کەسێکە لە پێگەی پادشا یانژی سەرۆکێکدا، هەرچی ستەمکاریی ڕۆژئاواییە، ستەمکار دیار نییە، هەموو کات ئەوەی بەرپرسە لەو ستەمکارییە بریتییە لە سیستم یان دامەزراوەکان، بە ناولێنانی هانا ئارێنت (ستەمکارییەکی بێ ستەمکار)ە. لەو کاتەوەی نیولیبراڵیزم دەوڵەتی کەنارگیر کردووە

و بازاڕی خستووتە شوێنی، ئیدی ئێمە لە بەردەم پارادایمێکی تری ستەمکاریدایین. لە ئاینە نوێیەکەی جیهاندا (نیولیبراڵیزم) ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک پێشنۆرە و بایەخدارە سوودە، ئەمە سرووشتی ئەبەدیی کاپیتالیزمە: پێش هەر شتێک قازانج. ئەگەر بازنەکە تەسک بکەینەوە بۆ یەک تاکەکەس، رۆحی قازانجخوازیی نەزم لە کوێدایە؟ تۆ مرۆڤێکی نەخۆش یان ساغ بیت، ئەو بەرهەمهێنان لەسەر جەستەی تۆ دەکات، هەزارەها دەرمانی جوانکاریی و ئارایشت و هۆڵی فیتنس کە زیاتر گەمەیەکی ئابوورییە وەک لە وەرزش، ئەو هەموو ستایلە جۆراوجۆرانەی بەژنرێکی و لەشجوانی و هتد.. دەخرێتە روو، لەولاوە ماکینەیەکی گەورەی میدیایی خراوەتە گەڕ، مێشکمان بەرەو ئەو ستایل و شمەکانە رادەکێشن، ئایدیایەکیان لا بەرهەم هێناوین، بێ دەستگەیشتن بەم شێوازە نوێیەی لەش، مرۆڤێکی دواکەوتوو و جێگەی بەزەیین، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر جەستەت نەخۆش بێت، هەر مەپرسە کۆمپانیاکانی دەرمانسازیی و بزنسە گەورەکانی ئەو بوارە، چ دواڕۆژێکی تەژی لە مۆتەکەی دەرمانت بۆ ئامادە دەکەن، کاتێکیش زانرا چیتر کەڵکی ئیشت نەماوە بە هۆی پیریی بێت یان کەنەفتبوونی پاش نەخۆشی یانژی هەر زانییان بوویت بە ئامێرێکی کۆن و لەکارکەوتووی کایەی بەرهەمهێنان و بازارگەریی، بەشێوەیەک لە شێوەکان خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانت کەم دەکەنەوە بەو جۆرەی شیانی مردنت بکات، واتە چیتر چارەسەر بە پێی تەمەن پێوەرە. خۆم دەکەم بە نموونە، هێشتا ئومێدیان پێم ماوە، بتوانن رۆژێک لە رۆژان بمکەن بە کرێکارێکی سیستم، هەر

بۆیە دەبێت هەر چوار هەفتە جارێک مۆڵەتی کارنەکردن لە پزیشکی خێزانییەوە ببەم بۆ فەرمانگەی ناوەندی کار (جۆب سەنتەر).

## هەژدە

هەست دەکەم لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا فۆبیایەکی نادروست هەیە لە بەرامبەر شێرپەنجەدا، تەنانەت تێرمی (نەخۆشییە پیسەکە) بووەتە جێگرەوەی ناوە راستەقینەکەی!. ئەم ترسە زادەی چییە؟، هیچ بەدواداچوونێکی کۆمەڵناسییانەم لە بەردەستدا نییە، تا بە روونی سەرچاوەی فۆبیاکە دەستنیشان بکەم، بەڵام هەرچی چۆنێک بێت ئەو ترسە ناقۆڵایە، ئامادەکردنێکی زەینیی تۆقێنەرانەیە پێش تووشبوون یان لە پەسنی کەسێکی تووشبوو بە شێرپەنجەدا. ئەو سڵەمینەوەیە لە ناوهێنانی نەخۆشییەکان بە ناوی رەسەن و زانستیی خۆیانەوە، زادەی کولتووری ئێمە نییە، لە زۆر فەرهەنگ و کۆمەڵگەی تریشدا بە هەمان شێوە بووە، کامۆ گووتەنی: (کە خۆشەویستێکمان تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت، زمانمان نایهێنێت بە راشکاویی ناوی نەخۆشییەکە بهێنین، ئەوە نییە کە یەکێکمان تووشی سیل دەبێت، دەڵێین تووشی نەخۆشی سینگ بووە، یان لە بری شێرپەنجە دەڵێین لوو)، جیاوازییەکە ئەوەیە رۆژئاواییەکان لە فۆبیاوە ناوی رەسەنی نەخۆشییەکان فەرامۆش ناکەن، بەڵکو دڵ نەهاتنە لە بەرامبەر ئازیزانیاندا. نەخۆشییە (پیسەکە) هیچ دڵنەواییەکی تێدا نییە، هێندەی تۆقین و سڵکردنەوە دەبینین. دیقەتیشم داوە نەخۆشانی شێرپەنجەی کورد جا لە هەر کوێی جیهان بن کەمتر بەرگە دەگرن بەراوورد بە نەخۆشانی تری ئەورووپی یان رۆژئاوایی!، بەو پێیەی لە تێڕوانینی

فەرهەنگیی ئێمەدا پێشوەخت چارەنووسی نەخۆشەکە دیاریکراوە کە مردنێکی زۆر نزیک و خێرایە، ئەم تراومایە راست نییە و لە جێگەی خۆیدا نییە، دەکرێت مەودای نێوان تووشبوون و مەرگ گەلەک درێژتر بێت وەک لەوەی بیری لێ دەکرێتەوە، فاکتۆرەکەش تەنیا چارەسەرە پزیشکییەکان نییە، لە پەناییدا بەکارهێنانی ئەو ماتەوزە یان ئەو ئێنرژییە شاراوەشە لەناو ئێمەدا هەیە.

ئەڵبەتە نامەوێت وانەیەکی بێ خوێی گەشەپێدانی مرۆیی پێشکەش بکەم، یان بچمە بەرگی هیچ دانایەکەوە مۆچیاریی (ئامۆژگاریی) هیچ کەس بکەم، نەخێر باوەڕم بەو هێزە شاراوە و توانا راددەبەدەرە سرووشتکردەی مرۆڤ هەیە لە بەرەنگاریی و خۆڕاگرتندا. ئەو مرۆڤەی شارستانی لە تیروکەوانەوە گەیاندووەتە نانۆ تەکنۆلۆژیی و ژیریی دەستکرد لە باریدا هەیە رووبەڕووی نەخۆشییەک بێتەوە لە قازانجی کۆمپانیاکانی دەرمان نییە بنبڕ و ریشەکێش بکرێت، لە دەرەوەی دەرمان (هەرگیز دەرمان رەت ناکەمەوە) لە ناوەوەڕا دەریایەکی شەپۆلاویی وزە هەیە دەتوانین بە ئاسانیی بیخەینە خزمەتی خۆمانەوە، برێخت وتەنی: دەتوانیت بە دوا هەناسەت سەرلەنوێ دەستپێبکەیتەوە. پێشتر سووکە ئاماژەیەکەشمان بەوەدا زانستی نوێ ئەوەی سەلماندووە لەش بە قسەی مێشک و بیرکردنەوە دەکات، بۆیە پێش ئەوەی دەست لە دنیا بشۆیت، پڕۆژە بۆ ئایندە دابنێ، ئەم رێگایەش تاقی بکەرەوە، دڵنیابە سوودی نەبێت هیچ زیانێک ناگەیەنێت. هیچ کات ناڵێم شێرپەنجە پەتایەکی ئاسایی و ئاسانە، دەردێکی قورسە، خۆ ناکرێت بە خۆڕووخاندن

و چۆکدادان لە بەردەمیدا قورستری بکەین لە خۆمان. پێم خۆش نییە ببمە قەشە و ئەم رستانەم ببێتە پەند و ئامۆژگاریی، چون تەنیا دەمەوێت لە بارەی خۆمەوە قسە بکەم. زانستی سەردەم رۆژانە نهێنیی زیاتر لە بارەی چییەتی مرۆڤەوە ئاشکرا دەکات، دوورگە بزرە دەرەماددییەکان دەدۆزێتەوە، ئەم دۆزینەوانە سەرەتایان هەیە، بێ ئەوەی هیچ کۆتاییەکیان هەبێت. مرۆڤ بەشێکە لە سیستمی گەردوون، ئەوەی لە بارەی گەردوونەوە زانراوە و لەسەر رێگەی زانینداین، شۆکهێنەر و بەرگە نەگیراوە. گـەردوون پڕیەتی لە وزە و شەپۆل، توانستی پێکەوەبەستنیان هەنگاوی زۆری نەناوە بە بـەراوورد بەوەی لە تواناداا دەبێت لە ئایندەی دوور و نزیکدا پێی بگەین. ئێستا هەر کامێکمان دەتوانین لە رێگەی پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیاوە بە دەنگ و رەنگ و شێوەی زیندوو یەکتر ببینین، بێ ئەوەی کەسمان تووشی واق وڕمان بین، ئایا ئەمە هەردەم وابووە؟. ئەگەر باپیرانی ئێمە زیندوو ببنەوە ئەم دۆخە ببینن، هیچ کات باوەڕ بەوە ناکەن ئەمە هەمان ئەو زەوییەیە رۆژێک لە رۆژان لەسەری ژیاون!. سەر دەرناکەن لەوەی چۆن دەتوانین لە رێگەی ئامێرێکی بێگیانی وەک موبایلەکانمانەوە ئەوانی تر لەوسەری دنیاوە ببینین، ئەمە چییە جادووە؟ نەخێر ئەوە پێکەگرێدانی وزە و شەپۆلە. لە راستیدا زۆر سەر دەرنـاکەم لە بابەتەکانی فیزیا و کوانتۆم فیزیک، هاروهاجانەش لە هەوڵی تێگەیشتندام لێیان، لەو ماوەیەی رابـردوو مژۆڵی خوێندنەوەی بابەتێک بووم لەمەڕ دووریی!، تێڕوانینم لە بارەی دوورییەوە گۆڕاوە، لە شیعردا دووریی

زۆرینەی جار لەناو نزیکیدایە، یاخۆ دووریی جوگرافییە، لە فیزیادا تێماکە بەم شێوەیە نییە، لەو بابەتەدا یانزە جۆر دووریی خرابووە ڕوو، دووریی یانزەیەم هیچ کات ناتوانرێت بیری لێ بکرێتەوە، تیایدا هیچ ئەستەمێک نەماوە، هەر شتێک بیری لێ بکەیتەوە یان بە بیردا نەیەت لەوێ هەیە. کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو ئەو ئاقارە ملی ڕێگەی گرتووەتە بەر.

دکارم دوای ئەم شێر و ڕێوییە، کاکڵەی مەبەستم بگەیەنم، توانای ئێمە هەر ئەو توانا فیزیکیی و بینراوە نییە، زۆر توانای شاراوەمان هەیە نەبینراوە و بریتییە لە وزە، وزە شتێکە لە دەرەوە نابینرێت کەچی لەناوەوەماندا ئۆقیانووسێکی بێ کەنارە، دەتوانین لە بەرامبەر شێرپەنجەدا بگەڕێینەوە بۆ ئەو وزەیەی سرووشت بە دیاری و خۆڕایی پێی بەخشیووین، دەبێت پێمانوابێت لە دووریی یانزەیەمی فیزیکداین، هیچ ئەستەمێک ئەستەم نییە، نەک هەر شتێک بیری لێ بکەیتەوە، ئەوەشی بیری لێ ناکەیتەوە ئەگەری ڕوودانی هەیە. دەبێت خۆمان بەو جۆرە تەڵقین بکەین، وزە و توانای ئێمە لە شێرپەنجە بەهێزترە، ئەمە بزڕکاندن و خورافەیەکی تازە نییە، نا زانستێکی بەڵگەدارە، یۆگۆییەکانیش لە هەزاران ساڵەوە ئەم رووکارە میتافیزیکییەی مرۆڤیان ئاشکرا کردووە و ئەو وزە نوستووەیان بێدار کردووەتەوە لە ناوەوەی خۆماندایە نەک لە دەرەوە و لە کەسێکی تر بخوازین و وەک پاسکیل سووڕێک لێی بخوڕین. خاوەنی ئەم هێزە پەنهانەین، بۆیە زیرەکترین کەس ئەوە نییە شیعری جوان بنووسێت، ئامێر دروست بکات، بەڵکو ئەوەیە

بتوانێت ئەو ئێنێرژییە شاراوەیە بدۆزێتەوە و بیخاتە خزمەتی خۆی و مرۆڤایەتییەوە. ئەگەرنا تۆ هەرچی چەندێک توانات هەبێت، ئەگەر پیشەسازییەکەت ببێتە ژێدەری فرمێسک و گریانی ئەوانی تر سوودێکی نابێت و هەتوانی هیچ برینێک نییە. نەخۆشی لە کۆتاییدا نەخۆشی بڵاودەکاتەوە!. بۆیە خۆم و ئێوەش بانگهێشت ناکەم بۆ خوانێکی عیرفانیی و تەرککردنی ژیان، نەخێر خۆم مرۆڤێکی شادم، سەرەڕای ئەو غەمە ئۆنتۆلۆژییانەی لە مێشکمدا بەردەوام چەشنی گڕکان لە هەڵچووندان. لاموایە ئەو مرۆڤەی ژیان دادەهێنێت رەنگبێ رەشبین بێت، بەڵام  قەبز و داڕووخاو نییە و کانگای ویستی ژیانە، ئەم روانگەیەشم خزمایەتییەکی نێزیکی هەیە لەگەڵ تێزی ئیلان ڤیتاڵ (هێزی ژیان)ی فەیلەسووفی فەڕەنسی هێنری بێرگسۆن.

لەسەرێکی ترەوە و لە گۆشەنیگای بوونگەراییەوە، ئێمە فڕێدراوین، ئەگەر لەم فڕێدانە هایدگەرییە رابمێنین و لە بۆتەی یونیڤۆکالیزم (تاکواتایی)دا زیندانی نەکەین، دەربڕینێکی نێگەتیڤ نییە، بە قەدەر ئەوەی دەتوانێت هەڵگری ئەو واتایە بێت، ئێمە دەستمان لێ هەڵگیراوە، تا بە ئازادیی خۆمان بڕیار بدەین و هەڵبژێرین، بە مانایەکی تر بۆ ئەوەی بوونی رەسەنی خۆمان  بدۆزینەوە (بە قەولی هایدگەر) نەک ژیان بە جەبر و ماتریکسێک بزانین کە لە دەرەوەی ئێمە هەڵدەسووڕێندرێت. ئەگەرچی لە تیۆری پەرەسەندنی داروینەوە تا ئەندازیاریی ژێنەتیکی سەردەم تەبان لەسەر ئەوەی بوونە بایۆلۆجییە پێکهێنەرەکانی هەر زیندەوەرێک بێ هیچ مەبەست و ئامانجێک بەرەو یەکتر چوون و جیا دەبنەوە، هاوکات دی ئێن

ئەی مرۆڤ شتێکی ستاتیک نییە، بەڵکو بـەردەوام لە پەرەسەندن و بازداندایە، لەگەڵ زانینی ئەم فاکتە تۆقێنەرەشدا، سوورم لەسەر خۆدۆزینـەوە، دۆزینـەوەی رەسـانـەی خۆمان لـەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات، هەوڵبدەین ببینە دازاین یان سوبێکت (بکەر) و شوێن پەنجەمان بەسەر ژیانەوە بەجێبهێڵین، بە جۆرێک دوای ونبوونمان چ بە فیزیکی چ بە مەعنەویی، چەشنێک لە ئامادەییمان لای ئەوانی تر هەبێت کە قابیلی نکۆڵیکردن و گوێ لێ خەواندن نەبێت، بە واتا (نیچە)ییەکەش بوونی رەسەنانە لەو کاتەوە دەستپێدەکات بڕیار بدەین لە بری (کۆتا مـرۆڤ) ببین بە (بـەرزە مـرۆڤ)، ئـەوەش بە جۆرێک لە جـۆرەکـان نزیک دەبێتەوە لە فەلسەفەی (ئیکیگای-ئامانجی ژیان)ی یاپانی. ئەزموونی نەخۆشیی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەم کردەیە، وەک خۆم دوای نەخۆشییەکەم کەوتمە پەلەپەل و خێراکردن لەو پڕۆژە فیکریی و تایبەتانەی نەخشەم بۆ دانابوون، نەک لەبەرئەوەی هەستم بە نزیکیی مەرگ دەکرد، بە پێچەوانەوە هەستم بە نرخی زۆرتری کات کرد، هەستم بە بەهای زۆرتری ژیان کرد، لە دوماهیشدا بووم بە یەکێک لەو کەسانەی ئازارەکان نەتوانن شکستم پێبهێنن، ئەگەریش ساتمەم کردبێت، نەهێڵم نووچ بدەم و بکەوم.

دەبێت ئەوە زیاد بکەم، لە خۆپەروەردەکردنێکی بەردەوامدام تاکو ترسم لە مردن بشکێت، نایشارمەوە هەوڵمدا خۆم فریو بدەم لە پێناوی ژیاندا، بە خۆمم دەگووت وای لەو رۆژەی چارەسەری شێرپەنجە دەبێت بە یەک دەنک حەب و شوێنەواری وەک شارستانی

ئەکەدیی کوێر دەبێتەوە، یان وەکو تاعوونی ڕەش دەبێت بە بەشێک لە دیرۆک!، ئەم فانتازیاکردنە بەشێکی بەهۆی ئەو پەرجووانەوەن زانست دەیئافرێنێت. هەندێک جاری تر مۆنۆلۆگم دەکرد و پێموابوو یان وایە تا نۆرەی مردنم دێت، مردن بنبڕ کراوە، ئەوانەشی نان لە گۆڕستانەکاندا پەیدا دەکەن دەبنە ئەندامی سەندیکای بێکاران و بیمەی بێکاریی وەردەگرن تا ئیشێک لەناو ژیاندا دەدۆزنەوە. ئەگەر هێشتا ترسێکم هەبێت لە دیارنەمان ترسێکی سرووشتییە و تێنەپەڕیوە بۆ فۆبیا. ترسە سرووشتییەکان لە زۆرینەی جاردا بنیاتنەرن، هەرچی ترسی ناسرووشتییە (فۆبیا) لە زۆرینەی جاردا خۆی هەڵدەگێڕێتەوە و کاولکاریی دەنێتەوە، هەر هۆڤیگەرییەک ترسێک لە پشتییەوە هەیە، هەموو تاوانکارییەک مۆتیڤ و پاڵنەرەکەی فۆبیایەکە!. لەوەتی جەنگاوەران و پاڵەوانبازیی گلادیتاتۆریی هەیە، زانینێکیش بە تەریبیی بە تەنیشتییەوە دەبینین، ئەویش ئەوەیە ئازا و دلاوەران لێبووردنیان زۆرترە لە بوودڵەکان، بەپێچەوانەوە دڵڕەقترین پیاو (بە ئاگاییەوە ناڵێم ژن) ترسنۆکترینیانە. ڕاسڵ وتەنی نازییەکان لە کۆتا ترسیان بۆ لەناوچوون پرۆسەی کۆکوژیی جووەکانیان خێراتر و دڵڕەقانەتر کرد. ئەو ئیسلامییە جیهادیستەی لە ترسی دواڕۆژ و تۆقین لە ئەشکەنجەی نێو گۆڕ ئامادەیە ئێستامان بکات بە خوێن و کابووس، نموونەیەکی تری هاوشێوەیە.

## نۆزدە

هەندێک جار نەک هەموو جار، گەمژە بین یان خۆمان لە گێلی بدەین باشترە. زۆرزانیی لە زۆر بارودۆخدا مایەی ئازارچەشتنە،

مەبەستم لەو سەفسەتەیە نییە هەندێک رۆشنبیری کورد دەیجوونەوە و دەڵێن خۆزیا هیچمان نەزانیبا، راستەکەشی ئەوەیە هیچ نازانن، بە پێچەوانەوە مەبەستم لەو نەزانینە بە ئەنقەستەیە ئاسایشی دەروونیمان بە تایبەت لە کاتی نەخۆشیدا دەپارێزێت، یان وەک ئەو خوێندکارەی لەسەر تەختەرەشی قوتابخانە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزکاوی ماتماتیکیی دەبینێت و وا تێدەگات ئەمە ئەرکێکە و دەبێت لە ماڵەوە ئەنجامی بدات، رۆژی دواتر خوێندکارەکە دەچێتەوە پۆل و کاغەزێک نیشانی مامۆستاکەی دەدات، مامۆستاکە لەگەڵ بینینی کاغەزەکە شۆک و وشک دەبێت!، چوونکە دەبینێت ئەو هاوکێشەیەی حەل کردووە بە درێژایی مێژووی بیرکاریی گرێکوێرە بووە، ئەگەر سەرەتا خوێندکارەکە بیزانیبا ئەم هاوکێشەیە بنبەستە لە دیرۆکی ماتماتیکدا، بێگوومان خۆی پێوەی سەرقاڵ نەدەکرد. خۆی هەر لە راستییدا خۆشبەختی ئێمە تا ئەو کاتەیە لە وەهمدا دەژین!، زانین و راستیی لە زۆرینەی جاردا دەبنە هۆکاری لەناوچوونمان، چەشنی مکوڕبوونی دڵدارە مرۆڤەکەی زیۆس (سیمێلی)، کە بە هاندانی (هێرا)ی هاوسەرینی زیۆس، پێداگریی لەسەر بینینی وێنە هەقیقییەکەی زیۆس دەکرد، لەگەڵ بینینی راستییەکەدا (زیۆسی هەورە برووسکە)، سیمێلی بەدشانس چنگێک خۆڵەمێشی لێ دەمێنێتەوە. رەنگبێ بڵێن تۆ بانگەشە بۆ نەزانین دەکەیت؟، ئەگەر جەربەزانە قسە بکەم، بەڵێ هەندێک جار نەزانین رزگارکەرە نەک هەقیقەت. زۆربەی داهێنان و دۆزینەوەکانی ناو مێژوو بە هۆی هەڵە و نەزانینەوە بووە نەک بە هۆی فرەزانینەوە، کۆلۆمبۆس بە دوای کانەکانی ئاڵتوون و رێگەی

وڵاتی هینددا دەگەڕا، ئەمەریکای دۆزییەوە.

با باسێک لە کەیسی خۆم بکەم، من لە یەکێک لە پێشکەووتووترین وڵاتەکاندا دەژیم لە بواری تەندروستییدا، ئەمە بەختی بەدشانسێکە، پزیشکەکانم لە شارەزاترین پزیشکەکانن (ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بووایە هیچ جیاوازیی نەبوو)، چ پێویست دەکات شەو و رۆژ چاوم لەسەر گوگڵە و یوتوب لانەبەم و زانیاریی لە بارەی شێرپەنجەوە بخوێنمەوە و فێربم، ئەمە تایبەتە بە کاری پزیشکەکان، هەرچەند فێربم ناگەمە ئاستی پسپۆریی پزیشکەکان، گریمان گەیشتمە ئاستی پزیشکەکانیش لە رووی زانیارییەوە، ئەوە چ کەڵکێکی دەبێت بۆم؟. دوور ناڕۆم لەو ماوەیەی رابردوو هاوڕێیەکم بە نیازێکی باش ڤیدیۆ کلیپێکی زانیاریی لەسەر شێرپەنجە بۆ ناردم، من ئەمە ناودەنێم خراپەی خۆشەویستی، ئەو بە نیازێکی باش کاریگەریی خراپی دەروونی بۆ دروستکردم، چوونکە لە کونجکاویی خۆمەوە رۆچوومە ڤیدیۆ کلیپەکەوە و جەنابی پزیشکی ناو ئەو ڤیدیۆیە دەیگووت ئەوانەی نەخۆشی شێرپەنجەی مێشکیان هەیە ناتوانن سیانزە ساڵ زیاتر بژین. لای خۆمەوە کەوتمە حساب و کتاب ئاخۆ من کە یانزە ساڵ و شەش مانگە تا ئەمڕۆ (ئاگۆستی ٢٠٢٣) تووشی ئەم نەخۆشییە بووم، چەند مانگ و رۆژم ماوە؟، زیاتر وردم کردەوە بزانم چەند دەمژێرم ماوە؟. لەم ژماردنەدا بووم وەک ئەوەی یەکێک سیخوڕمەیەک بکات بە کەلەکەمدا راچڵەکیم و بە خۆمم وت ئەوە تۆ خەریکی چیت؟، دەنگە رەسەنەکەی ناخم کەوتە هاوارکردن: چۆنت دەوێت ئاوا بژی ئەگەر بڕیارە ئەمڕۆ کۆتا رۆژت بێت. لەو دەمەدا

گرتەیەکی کۆمیدیی (لۆریل و هاردی)م هاتەوە یاد کە دەتوانرێت بە بلاک کۆمیدیی دابنرێت، هاردی بە لۆریل دەڵێت: (سبەی لەگەڵ کازیوەدا لە سێدارە دەدرێین)، لۆریل سەیری ئاسمان دەکات و مانگ دەبینێت، لە وەڵامدا دەڵێت: (چەند چاکە، ئەمشەو شەوی یەڵدایە).

رەنگبێ ئەم وەڵامەی لای سەرەوە زۆر گەمژانە بێتە بەر دیدمان، کەچی بۆ من وانییە، ژیان بریتییە لە مەودای نێوان دوو مردن، هەر ئەو شەوی یەڵدایەمان بەدەستەوەیە و تێرخواردنیش لە تەمەندا نییە، نەشیاو نییە بڵێین دەی مادام ژیان هەر ئەو شەوی یەڵدایەیە، با سەما بکەین و چێژ وەربگرین، لەمە بەولاوە هیچ دەرفەتێکی ترمان نییە، لەمە جیاوازتر هەر کارێکی تر بکەین بە هەدەردانی شەوەکەیە. کەواتە لە نێوان ئێمە و مردندا شەوێک هەیە و هیچیتر. ئەگەرچی هەموو دەزانین مەرگ دوا چارەنووس و وێستگەیە هەر یەکێکمان پێی بگەین، لە راستیدا دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە ئۆنتۆلۆژییەکەی مرۆڤ مردنە نەک هیچی تر، بەڵام ئێمە دەبێت لەسەر ژیان خۆمان رابێنین و وەک گووتم واتا ببەخشین بە شەوە درێژەکە. تا ئێستا دووجار وادەی مردنم دیاریکراوە، خۆشییەکەی ژیان ئەوەیە کاتی مەرگ نازانین، ئەی ئەگەر وەک من لێت تاڵکرا و رۆژ و مانگ و ساڵی مردنیان پێ گووتیت؟. هیچ جارێکیان لە قووڵایی ناخ و هزرەوە باوەڕم بە ونبوون و لە ناوچوونی خۆم نەکرد، ئەگەرچی بڕوام بە زانست هەیە نەک خورافیات، ئەو بەشەم لە باوەڕە میتافیزیکییەکە هەڵگرتەوە کۆتایی من زۆری ماوە، هەموو شتێک ئەگەر لە جێگەیەکی بەرزترەوە بڕیاری لەسەر درابێت بە تەمەنیشەوە، لەوێوە بڕیاری

مەرگم دەرنەچووە و سەرکێشی زۆرتر ماوە بیکەم، وامدانا ئەمە هەڵە و خەملاندنێکی چەوتی زانستە، هەرواش دەرچوو! چون پزیشکەکان تەنە فیسیۆلۆژییەکەی منیان لەبەرچاو گرتبوو، نەک ئەو ئۆقیانووسە پەنهانەی وزە و ویستی مانەوە، دواجار نەڕۆیشتم لەبەرئەوەی تەنیا نیازم بەم ژیانە هەیە، دڵنیاشم لەوەی ئەم ژیانە کەموکوڕە تەنانەت لە خەیاڵدان و نائاگایی کەسانی پەڕگیری ئاینیشدا سەد جار چاکتر و خۆشترە لە بەهەشتی پێرفێکت.

لە ٥-٩-٢٠١٤ یەکەم نەشتەرگەرییم بۆ هەڵدانەوەی کاسەسەرم لە نەخۆشخانەی زانکۆی کۆیلن (ئونی کلینیک) بۆ ئەنجامدرا. پێش دەستپێکی نەشتەرگەرییەکە پزیشکی بێهۆشکاریی (نارکۆزە) گەیشتە هۆڵی نەشتەرگەریی، یاریدەدەرەکەی پیاوێکی عەرەبزمان بوو کە بە ئەکسێنتەکەیدا زانیم لوبنانییە، ئەو لێم هاتە پێشەوە، وتی هیچ ناترسیت؟. من گووتم، لەوە دڵنیام تووشی فۆبیا نەبووم، بەڵام ناتوانم بڵێم ترسم نییە، لە دڵی هەر نەخۆشێکدا ئومێدێکی گەورە هەیە، ئەوەم گووت و خەوم لێکەوت. دەڵێن قسە قسە رادەکێشێت، جارێکی تر خوێنەرێکی هاوتەمەنی خۆم، کە هەردوو شیعری (سەمای مەرگ) و (دەرگاکە دابخەن مەرگ بەڕێوەیە)ی خوێندبووەوە، لە رێی تێلی ماسینجەرەوە پێی گووتم، ئەم شیعرانەت زۆر بێ هیوایانەن، لە شیعرەکانی ترت ناچن، رەنگە لەبەر نەخۆشییەکەت بێت وا وەڕسی لە ژیان؟. وا بەرسڤم دایەوە: ئەو دوو شیعرە و سەرجەم شیعرە هاوشێوەکانی تریشم کە یەک دڵۆپ هیوایان تێدا نییە، منی نەخۆش نەینووسیوون، بەڵکو منی شاعیر نووسیوونی کە لە دڵیدا غەمێکی

ئۆنتۆلۆژیی هەیە، ئەو شیعرانەی ژیان دەلاوێننەوە و بەتووندیش لە ئامێزی دەگرن بە پەڕەمووچی منی نەخۆش نووسراون، لێ شادیی و نیگەرانییەکانی نێو شیعر هەمان ئەو نیگەرانی و شادییانە نین لە ژیانی رۆژانەماندا بەرجەستە بوون. بەهەرحاڵ هەمان ئەو قسەیەی ئۆنی کلینیک فریام کەوت و دووبارە گووتم نەخۆش هەر هیچی نەبێت ئومێدی هەیە. رەنگبێ خەڵکانێک هەبن لەبەر گوزەران و رەوشی ئابوورییان (ئەوپەڕی مافی خۆیانە) لە ژیان نائومێد بن، یان خەڵکانێک بە هۆی جەنگ وماڵوێرانییەوە مافێکی سرووشتی خۆیانە نیگەران تەنانەت نائومێد بن، هەرکەسەو بەهۆکارێک دەتوانێت نائومێد بێت، بەڵام لێرەدا دەتوانم دوو شت بە تۆ بڵێم، یەکەم نائومێدیی و ئومێدەواریی ناو شیعر زۆر کەمتر پەیوەندییان بە بابەتە وردەکانی ژیانی رۆژانەوە هەیە، ئەویتریش بە رەهایی دڵی هەر نەخۆشێک شەلاڵە لە ئومێدی گەڕانەوەی تەندروستیی یان ئەوانەی زگماکانەش نەخۆشن هیوادارن رۆژێک لە رۆژان چاک ببنەوە. کوردیش دەڵێت کوێر تا دەمرێت بە تەمای دوو چاوی ساغە. (نەمویست پەندەکە بشێوێنم، ئەگەر نا هەردەم نابینا بەکاردەهێنم).

## بیست

ئایا کەمێک لە جەنجاڵیی دوورکەوتووینەتەوە، لە خەڵوەتنشینیدا دیقەت لە وێنای خۆمان بدەین؟. (پیتەر سلۆتەردایک دەنگ دەخاتە پێش وێنەوە، ئەمەش رەتکردنەوەیەکی بێ چەندوچوونی تیۆری ئاوێنەی ژاک لاکان و فینۆمینۆلۆژیای «مێرلۆپونتی»یە). تاوەکوو

بە قووڵی سەرنجی خۆمم نەدا، نەمزانی مرۆڤێکی دوولەتم و هەر لەتێکیشم بەرەو ئاقارێک مل دەنێت، میدیتەیشن بەو شێوازە تایبەتەی خۆم کە لە بری خۆتێکشکاندن بریتییە لە هەستانەوە و خۆناسینەوە لە دەرەوەی ئەو وێنانەی لەلایەن ئەوانیترەوە نەخش کراون، دوولەتیمی کردەوە بە یەک پارچەیی، لەوەش تێگەیشتم ئەو وێنانەی لە بارەمەوە دروستکراون با زۆر دۆستانەش بن لە زڕە وێنەیەک زیاتر نین. لە دەرەوەی خۆمی راستەقینە، دابەش کرابووم بەسەر چەندین کاتیگۆرییدا: لە پێگەی مرۆیەکی نەخۆش، رۆژنامەوانێکی بزێو، پیاوێکی رۆژهەڵاتی، نووسەرێکی ئەفەرۆزکراو، عاشقێکی شێت و سەرکێش، چالاکوانێکی چەپڕەو، کۆمۆنیستێکی بەدفەساڵ، یاساولێکی چەپەڵ، میتامۆرفۆسێکی بەدخوو، مامۆستای درۆ و هتد.. قەتیسیان کردبووم، وێنە راستەقینەکەی خۆمم دۆزییەوە، یان خۆم تێپەڕاند بۆ جەنگاوەرێکی ژیان و هیچی تر. ئەم هەلی گۆشەگیرییەشەم بۆ نەڕەخسا تا نەخۆشی یەخەی نەگرتم. نامەوێت رۆمانسیزەی نەخۆشی بکەم، دەرد بە کەس خۆشەویست ناکرێت نەک هەر بە من، سەرباری ئەوەش نەخۆشی ئەگەر وەک نەخۆشییەکەی من درێژە بکێشێت، دەرفەتی زۆر دەرەخسێنێت بۆ لە خۆ ڕوانین و خۆناسینەوە، پێموایە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان تووشی کەنسەر نەبوومایە، خۆناسینەوەم زۆر دوا دەکەوت، ناڵێم شکستخواردوو دەبووم، نرخی ژیان هەمان ئەو نرخەی نهۆی نەدەبوو، لەوانەیە رۆژنامەوانێک یان نووسەرێکی چالاکتر و بە دیقەتترم لێ دەرچووبا، بەڵام زۆر زەحمەت دەبوو هێندەی

ئەمڕۆ لە خۆم و ژیان و ئەوانی دیکە تێگەیشتبام، بە دۆزینەوەی خۆم، توانای خۆتێپەڕاندنیشم بەدەستهێنا لە لاوازییەوە بەرەو بەهێزیی، بەرەو کەسێکی تر و ناسنامەیەکی تر خۆم تێپەڕاند، ئەم شوناسگۆڕکێیە کارێکی قەبوڵکراو نییە. جاک رانسییێر هزرمەندی هاوچەرخی فەڕەنسی و نووسەری کتێبی (شەوی کرێکاران) کە کرۆنۆلۆژییەکی فەلسەفییە لە بارەی شیعری پڕۆلیتارییەوە، باس لەوە دەکات بۆرژوازی نەیدەویست کرێکار لە یەک شوناس زیاتری هەبێت، با بڵێین کرێکاران تەنها ئەوانەن هێزی کاریان دەفرۆشن. بە وتەی رانسییێر کاتێک کرێکار شوناسێکی تر بە خۆی دەدات کە بیەوێت بپەڕێتەوە بۆ شاعیر یان نووسەر و فەیلەسووف، بۆرژوازی هەست بە مەترسیی دەکات و پێیانوایە ئەمە (لادانێکە لە شوناسی راستەقینەی خۆیان) کە مانەوەیە لە دۆخی کرێکاری ئەبەدییدا.

سرووشتی کارەکەشم پێش نەخۆشی (رۆژنامەوانی) بە جۆرێک بوو دەبوو زۆرتر ئاگامان لە دەرەوەی خۆمان بێت نەک ناوەوە، دەبوو هەرچی لە دەرەوە رووبدات بیکەین بە ئاشی میدیادا و ئاردی هەواڵ و راپۆرت و ستۆری و ریپۆرتاژی لێ بەرهەم بهێنین، تا ئەوەی ئەوەندەی خۆپارێزییمان دەکرد لەوەی ژیانمان لە کوشتن و ڕفاندن و تیرۆر بپارێزین، نیو هێندە بیرۆکەیەکمان نەبوو سەبارەت بە نەخۆشی. وەک چۆن مرۆ لە سپێدەی بوونەوە لە دەرەوەی خۆی ترساوە چ دیاردەی سرووشتییەکان بووبێت چ ئاژەڵ و بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، پێشان تیتان و ئەژدیها و زەبەلاحەکان بە هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر ستاتۆس (قەوارە)ی

مرۆڤ دادەنران، کەچی لە ئێستادا دوژمنە دەرەکییەکان هێندە وردیلە بوونەتەوە بە چاو نابینرێن، ئەگەر لە لابور و بە زەبری میکرۆسکۆب نەبووایە زەحمەت دەبوو تاجە شاهانەیەک (کۆرۆنا) لە بەرگی ڤیرۆسێکی بکوژدا ببینین کە لە ماوەیەکی پێوانەییدا نەک (کولاگ) ی بەزاند، بوو بە بەڵایەکی ئینتەرناسیۆناڵیش، لەمەش ترسناکتر شێرپەنجەیە لە ناوەوە وەک ماری ئەناکۆندا غافڵگیرانە خۆیمان لێوە دەئاڵێنێت. بۆ منێکی رۆژنامەوانی بزێو کە شوێنی کارکردنم عێراقی سەردەمی تیرۆر و (عبوە ناسیفە) و فەلوجە و مەرگەساتی سامەڕا و تەقینەوەی کەنیسەی سەید نەجاتی بەغداد و زنجیرە تەقینەوەکانی کەرکووک و شێخان و هتد.. بوو، نائەقڵانی نەبوو دوا شت دوژمنێکی ناوەکیم بیر بکەوێتەوە و بە تێکدانی سیستمی فیسیۆلۆجیم بمدات بە زەوییدا، وەک پاڵەوانی (کۆشک)ەکەی کافکا لە دەرەوەڕا گوێم لە دەنگی ئاژەڵێکی هۆڤ بوو، زۆری ویست تا بزانم ژێدەری دەنگەکە لە ناوەوەی خۆمدایە، دوژمنە نادیارەکە وەک ئەسپەکەی تەروادە دەمێکە گەیشتووەتە ناوەوە، ئەوێ رۆژێ چاوێکمان کردبوو بە هەزار چاو تا تیرۆر نەکرێین، لە کەرکووک کەوتینە نێوان شەڕی نەقشبەندی و ئاسایشەوە، هەر فیشەک بوو بە لای گوێچکەماندا گیزەی دەهات، سەیر بوو بە ساغی دەربازبووین!، رۆژی تەقینەوەی مەرقەدی ئیمام عەسکەرین لە سامەڕا و کوژرانی (ئەتوار بەهجەت)ی پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبیە لە دووریی چەند مەترێک لە منەوە، چیرۆکێکی (سۆمەرست مۆم)م بە یاد هاتەوە کە ژوانی گیانکێشانێک بوو لە سامەڕا،oh my god ئەمە ژوانەکەی

منیشە لە سامەڕا؟. هەمان ڕۆژ بۆ یەکەم جار بڕوام بە پەرجوو هێنا، نەمزانی لەسەر باڵی کام فریشتە دەرباز بووین یانژی چۆن کەوا و سەڵتەی (کاک ئەحمەدی شێخ)مان لەبەرکرد و گەیشتینەوە کەرکووک، کە لەگەڵ گەیشتنەوەماندا بە تەقینەوە لەسەر پردی غەڕناتا پێشوازییمان لێکرا؟!.

بۆ خۆی کارکردن لە میدیاشدا مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیعی ڕووت، گواستنەوەی کتومتی ڕووداوە بۆ وەرگر، ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە بەگەڕخستنی خەیاڵ نییە، زیاتر گرنگی بە ڕووداو و دیارەکان دەدەن تا نەبینراوەکان، ئەوەی نەبینرێت لای ڕۆژنامەنووس نییە یان ڕووینەداوە، منیش وەک ڕۆژنامەنووسێک بەدەر نەبووم لەم نەریتە فەرمییە، هەروەتر لە لیستی هەرە ریالیستترین و بزێوترین ڕۆژنامەوانەکاندا خانەبەند دەکرام. زۆربەی جار ئەم سەرکێشییانەم کەسوکارمی تەواو تۆقاندبوو، لە دێرینەوە داپیرەم دەیگووت ئەم سەرە سەری خۆت نییە!، منیش بە شۆخیبازییەوە دەمگووت ئەم سەرە تاکە شتە خاوەنی بم. کەس وەها نەیدەخڵەماند لەناو ئاگربارانی دەرەوە وا بە ئاسانی قووتاربم، کەچی ئاگربارانی ناوەوە و خانە شێرپەنجەییەکان پەلوپۆم بشکێنن. ئەمە ڕووداوێکی سەیر و تا رادەیەک شۆکهێنەر بوو، پێش هەر کەس بۆ خودی خۆم. ئەگەر ژیان بوار بدات، یادداشتی ئەو ڕۆژانەش دەنووسمەوە، ناڵێم هەمووی، دەتوانم تەنیا باسی ئەوانەتان بۆ بکەم، جێگەی بڕواتانن، دەنا شتی زۆرتر هەیە ئەگەر بینووسم، هەموو کۆراڵئاسا دەڵێن گوێمان لە درۆکانت بوو، ئەی کەنگێ راستییەکان دەدرکێنیت؟. لەوانەیە لە

ریزی ئێوەدا هەبن بڵێن سڵ لە گووتنی هیچ راستییەک مەکەرەوە، ئەگەر لەو قسەیە دڵنیابوومایە هیچم نەدەهێشتەوە نەیڵێم. ئەزموونی تاڵیشم هەیە لەم بارەوە، جارێکیان تراژیدیای خانەوادەی خۆمانم بێ زیاد و کەم بۆ سێ کەس دەگێڕایەوە، یەکێکیان لە رووداوەکان ئاگادار نەبوو، ئەوانیتر وەک ئەوە بوو فیلمێکی بینراویان بۆ بگێڕیتەوە، کەسی سێیەم کە هیچ لەو تراژیدیانەی نەبینیبوو، باوەڕی نەکرد، دووەم و سێیەم لە خۆم زیاتر ئاگاداری ورد و درشتی تراژیدیاکان بوون، وەک بڵێی پەیمانێکی رانەگەیەندراو لە نێوانیاندا هەبێت متەقیان نەکرد! تراژیدیاکان مینا هەقایەتێک مانەوە یان چوونە بەرگی چیرۆکێکی دووری ئەفسانەییەوە. هەرچەند هەنووکە گێڕانەوەکانی ئەو رۆژەی سامەڕا وەک داگیرکردنی کۆشکی زستانەی تزاری بەسەرهاتووە لەلایەن بەڵشەفیکەکانەوە، راستییەکە لە نێوان گێڕانەوە جۆربەجۆرەکاندا بۆ ئەبەد ون بووە. نووسینی یادداشتی رۆژانی رۆژنامەنووسیم، بەڵێنێکە و ئەگەر یادەوەرییم کۆمەکم بکات دەستوبردی لێدەکەم، چوونکە یادەوەرییم عەمباری سەدان چیرۆکی نەبیستراو و نەگێڕدراوەیە. زانستی دەمارناسیی و نۆرۆلۆگیش بۆی سەلماندووین میمۆری یان کۆگای یادەوەریی هەر زانیارییەک لای خۆی تۆمار و ئەرشیف بکات لە باوڵی چیرۆک یان سیناریۆیەکدا هەڵیدەگرێت بۆ ئەوەی لە فەوتان قووتار بێت. تۆ بیر بکەرەوە دوای بیست ساڵ یان زیاتر هاوڕێیەکی کۆنت دەبینیتەوە، بۆ نموونە هاوپۆل بوون لە قوتابخانەی سەرەتاییدا و شێوەی دەموچاوی هیچ لەو منداڵە ناچێت پێشتر بینیووتە، کاتێک دەیەوێت

خۆیت بیر بخاتەوە، رابردووت بیر دەهێنێتەوە، مێشکت لە کەمتر لە چریەکدا هەموو ئەو چیرۆک و سیناریۆنانەت نیشان دەداتەوە لە بارەی ئەو هەڤاڵە دێرینتەوە لای خۆی پاراستوویەتی، ئەمە چۆنێتی ئیشکردنی سیستماتیکییانەی یادەوەرییە.

## بیست و یەك

ئێریش هیلەر، نووسیوویەتی: (لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شۆڕشەکان شێوەی زەوی ناگۆڕن، بەڵکو شێوەی مرۆڤ دەگۆڕن). ئەگەرچی ئەم دێڕەم لە کۆنتێکستی رەسەنی خۆی جیاکردووەتەوە کە ئەنالیزەی شیعری نوێیە، بەڵام لەو رەهەندەوە سوودی بۆ ئێمە هەیە، ژیان شتێکی ئەبستراکت و تا رادەیەک وەهمە، ئەگەر ئێمە نەبین ژیانیش نییە، هەر شۆڕشێک گۆڕینی ژیان نییە، ئەوەندەی گۆڕینی تێڕوانینی منی مرۆڤە لە هەمبەر ژیان و دەوروبەر، کاتێک تۆ شۆڕشێکی زەینی لە خۆتدا بەرپا بکەیت، مومکین نییە ژیان هەر بەو رەنگە ببینیت پێشتر تەماشات کردووە، مرۆڤی نەخۆش (لێرەدا مەبەست لە نەخۆشیی جەستەییە) بە یەکێک لە ماناکان شۆڕشگێڕیشە، بەڵام ئایا ئەمە رێسایەکی گشتییە؟، بێگوومان نەخێر. لانیکەم ئەوانە ناگرێتەوە چاوەڕێی (شیفا)ن لەلایەن هێزێکی ئەودیو سرووشتەوە، نەک (چارەسەر) لەلایەن دەسەڵاتێکی تەندروستی ئەمدیو سرووشتەوە. هەر لێرەدا هەردوو تێرمی (شیفا و چارەسەر) دەکەونە بەرامبەر بە یەک و ناکۆکییە واتاییەکەیان روونتر دەبێتەوە. زۆرینەی ئەوانەی چاوەڕێی پەرجووەکە لەسەر زەوی دەکەن نە لە

ئاسمان، شێرپەنجە دەبێتە هۆی شۆڕشێکی بێدەنگ لە ناوەوەیاندا، هەموو هێز و وزەیەکی جەستەیی و دەروونی تەرخان دەکەن بۆ رووبەڕووبوونەوە، هەندێکیش لەوانە لەگەڵیدا زەینیان لە بناغەوە دەگۆڕێت لە روانین بۆ جیهان و ژیان، هەرچەند من پشتگیریی هەموو گۆڕانکارییەک ناکەم، مەرج نییە هەموو گۆڕانێک بەرەو باشتر بێت، رەنگە هەندێک شۆڕش هەبن وەک بەهاری عەرەبی وابن، لە بری بەرەوپێشەوەچوون ئاوڕدانەوە بێت بۆ دواوە. لە بری بنیاتنانەوە داڕووخانی بەدەمەوە بێت.

ئەگەر باسی خۆم بکەم و قسەکانم لەگەڵ ناونیشانی ئەم کتێبە بچووکەدا تەبایانە بڵێم (ئەمڕۆ بڕیارمدا ئەمەی بەردەستتان بەشێوەی کتێب چاپ بکەم). وەک سرووشتی هەر شۆڕشێک، شێرپەنجە بۆ من رووداوێکی خۆش نەبوو، سەرەتا نەمدەزانی دەبێت چی بکەم؟، وەک ئەو سەربازانەی لە درەنگانێکی شەودا دەکەونە کەمینی دوژمنەوە، بیهێننە بەرچاوتان ئەو شڵەژانە زۆر خێرایەی لە ناو سەربازەکاندا دروست دەبێت چۆنە؟. شۆکی شێرپەنجەش هەمان شتە، بڕیارمدا دوای شڵەژانە کورتخایەنەکە تا دوا فیشەک بەرگریی لە گیانی خۆم بکەم. مەگەر رێگەچارەیەکی تر شک دەبەن؟. چەکەکەم فڕێ نەدا و تێکشکاوانە دەستم بۆ بەزەیی ئاسمان بەرز نەکردەوە، گوللەکان بە خۆم بوون، پشتم بە خۆم بەست و زانیم گەنجینەیەکی تەقەمەنیم لە بەردەستە کە ئەو وزەی ژیانەیە لە هەر یەکێکماندا بێ جیاوازیی بوونی هەیە، گرنگ ئەوەیە چۆن پەی پێ دەبەین و چۆنیش لە کاتی خۆیدا کەڵکی لێ وەردەگرین. با نموونەکە ببەستمەوە بە

سیاسەتەوە، عەرەبەکان لە بیاباندا هەر لم و سەرابیان دەبینی، شیعری عەرەبیش زۆر زەنگینە بە جیناس و میتافۆری سەراب و لم و ژینگەی سەختی بەداوەت، ئەمانە دیارەکانی بیابانن، ئەی ئەوەی دیار نییە؟، نادیارەکە لە ژێر لمەکەوە بوو، تا ئیمپریالیزمی ئینگلیزیی نەیدۆزییەوە، عەرەبەکان پەییان بەو هەموو نەوت و گازە نەبرد و لە تالآن و بڕۆی میللەتانی تر دەستیان هەڵنەگرت، ئیبن خەلدون لە (المقدمە)کەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات عەرەبە موسڵمانەکان رۆحێکی وێرانخوازیی وەهایان هەیە بەهەر شوێنێکدا تێپەڕیبن تەنها کاولستان و خەراباتیان جێشهێشتووە. لە ستروکتۆرەوە عەرەبەکان کۆمەڵێک هۆزی سەرەتایی بەدەوی بوون لە بیابانە وشک و برینگەکانی نەجد و حیجازدا، نانیان بە نووکی شمشێر پەیدا کردووە. بۆ نموونە شەڕی (حوشتر) لە نێوان هۆزی بەکر و هۆزێکی تری عەرەبدا ماوەی چل ساڵی خایاندووە!!. عەرەبەکان تاکو سەرەتای چەرخی بیستیش فیدراسیۆنێک بوون لەو عێڵ و هۆزە دەوارنشینانە پێکهاتبوون لە رێگەی غەزاوەتەوە بژێویی خۆیان دابین دەکرد. دەرکەوتنی ئیسلام وەک ئاینی عەرەبەکان هیچی لە سروشتی ئەوان نەگۆڕی لە رووی مێنتالێتی و کۆمەڵایەتییەوە، تەنانەت غەزەواتی بۆ کردنە دیاردەیەکی ئاینیی پیرۆز!. تا ئەو جێگەیەی ئایەتی «انا انزلنا قرانا عربیا لعکم تعقلون»، ئاوەزی بۆ عەرەب نەهێنا، چوونکە چاوگی وشەکەی قورئان (عقال)ە کە ئەو گوریسە دەگەیەنێت عەرەبەکان وشتریان پێ دەبەستەوە.

وا بزانم زۆر دوورکەوتمەوە، پێویستە بگەڕێمەوە و بڵێم، ئێمە دەبێت پێش ئەوەی لە دەرەوەی خۆمان پێمان بگووترێت گەنجێکی

زۆر لە وزەی پۆزەتیڤ کە سووتەمەنی ژیانە لە نـاوەوەی هەر یەکێکماندا هەیە، پێویستە خۆمان ئەو گەنجینە نهێنییە بدۆزینەوە، دواتریش بزانین چۆن کەڵکی لێ وەردەگرین، نەک وەک عەرەبەکان و تەنانەت کوردیش نەزانین چۆن سوود لە سەرچاوەکانی وزە وەربگرین. باوەڕم پێ بکەن مرۆڤ توانایەکی لە رادەبەری هەیە، ژیریی دەستکرد و تەلسکۆبی جیمس وێب و سیستمی ئەلگۆریتم هەر هیچ نین، بـەراوورد بە توانا شـاراوە و بەگەڕ نەخراوەکانی. گەرەکمە ئەوەش زیاد بکەم، زۆر گرنگە هەموو هێلکەکانمان نەخەینە سەبەتەی زانست و پزیشکەکانەوە، ئەوان تەنیا کار لەسەر بەشە فیزیکاڵەکەمان دەکەن، وەک من و تۆ وان لە زانینی ئەو گەردەلوولی وزەیـەی لە ئێمەدا هەیە کە لەگەڵ هەڵیکرد ئاڕاستەی زۆر شت دەگۆڕێت، بۆ نموونە وادەی مردنی من لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ دیاریکرا و پێیان گووتم لە شەش تا هەشت مانگی تر کاتت ماوە، کەچی لە مانگی ئاوگۆستی ٢٠١٧ لە مەراسیمی واژۆکردنی چوار کتێبی خۆمدا ئامادە بووم لە چەندین شاری کوردستان. لەگەڵ زانینی ئەو فاکتەشدا، هێشتا لایەنگریی لە هەڵوێستی لە فەیلەسووفی فەڕەنسی (ژان لوک نانسی) دەکەم، کاتێک ئەوە دەگێڕێتەوە سی ساڵ لەوەوبەر فەیلەسووفی ئیتاڵی جۆرجیۆ ئاگامبین پێی وتـووە گوێ لە قسەی پزیشکەکان نەگرێت، نانسی دەڵێت: (ئەگەر بە قسەی ئەوم بکردبا لەوساوە مردبووم)، لەگەڵ ئەمەشدا پێموایە رۆژێک دێتە پێشەوە پێشکەوتنی زانست بە جێگەیەک دەگات پزیشکیی لەناو دەبات!، بەڵام تا ئەو رۆژە لەبەرچاوگرتنی رێنمایی پزیشکەکان ناچارییە.

نهۆ زانست لە تەقەلایەکی رژدایە بۆ بەزاندنی مەرگ، وەک ئەو نادیارەی لە سەرەتاوە جێی پرسیار و دڵەڕاوکێی مرۆڤ بووە لە یەکەم مرۆڤەوە تا ئەمڕۆ و داهاتووش، ترسی دیارنەمان و ویستی سەرهەڵدانەوە و بەردەوامیی، ئەفسانە و ئاینەکانی هێنایە سەر شانۆ، لەوە دەچێت چیتر مرۆڤ بە سیناریۆی ئاینەکان قایل نەبێت، چاوەڕوانی زانست دەکات تەلیسمەکە بکاتەوە، زانستیش بە نۆرەی خۆی لە هەوڵی سەلماندنی دنیایەکی تردا نییە لەودیو ژیانەوە، یان با بڵێم دنیایەکی تر لە پاش مەرگ، ئەگەرچی ئێمە بە هۆی تەکنۆلۆژیاوە براوینەتە ناو دوو دنیاوە، جیهانێکی ئەکچواڵ (بەرجەستە)، وەک ئەو پانتاییە کەتوارییەی تێیدا دەژین، لەگەڵ جیهانێکی ڤێرچواڵ (مەجازیی، نابەرجەستە) کە دەشێ ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو جیهانە میتافیزیکییە ئەژمار بکەین لە تەنیشت جیهانی واقیعی ئێمەوە قوتبووەتەوە، ئەگەری رۆنانی جیهانێکی دیکە لەسەر داروپەردووی ئەم جیهانە هێشتا وەک خەونێک ماوەتەوە، لە بریدا جیهانێکی تر لە ناو هایپەر ریالیتێدا ئافرێندراوە. بەدەر لەمەش زانست مژدەی زیندووبوونەوەمان پێنادات، سەرنجمان بۆ جیهانێکی گریمانەیی راناکێشێت، ئەوەندەی لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی ئەم جیهانە لە وێنە هەرە رەسەنەکەی خۆیدا بخاتە بەر چاومان، دەیەوێت توانستەکانی خۆی بگەیەنێتە ئەو لیڤڵەی دەست بە مردندا بگرێت!. لەم بارەوە هەوڵێکی چڕ و پڕ لە ئارادایە، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات، بتواندرێت لە رێگەی هۆشی دەستکرد و پرۆگرامێکی سایبرییەوە ئامێرێک یان ریکۆردەرێک دابهێنرێت بەشە گرنگە میتافیزیکییەکەی مرۆڤ لە

هەست و سۆز و یادەوەریی و خەونەکان و تاد.. لەسەر هاردێک تۆمار بکات، پاشان بگوازرێتەوە بۆ ناو تەنێک باشترە وایە بڵێم لەشێکی تر، ئیدی ئەم ئەندرۆیدە تۆیت بە هەمان خەون و خەیاڵ و ئارەزوو و رابردووەوە، هەست بە خۆت دەکەیت وەک چۆن ئێستا دەست لە خۆت دەدەیت و هەستی پێدەکەیت!.

وەکووتر فیزیک کوانتۆم و تیۆری رێژەیی مژدەی ئەوە دەدەن بە قەولی یوڤاڵ نوح هەراری (گەر کات و بۆشایی بچەمێنرێنەوە، دەتوانرێت لە هیچەوە شتێک بێتە بوون)، ئەم بەستێنە زانستییە هەمان ئەو چرکەساتەیە رۆڵی پزیشکی وەک ئاینی سەردەم دەسڕێتەوە یان لانیکەم لە کزیی دەدات، لە روانگەی ئەوەی پزیشکی زیاتر کاری بە جەستەیە، لەم دۆخەشدا فیزیکاڵ بایەخێکی شایانی باسی نامێنێت، هەر کاتێک لەشێک کەڵکی نەما دکارێت دەستبەجێ ئەو بانکە میتافیزیکییە بۆ ئەندرۆیدێکی دیکە بگوازرێتەوە، ئەوەی لە نهۆدا نازانرێت چی بەسەر دێت، رەهەندی سایکۆلۆژیی و پرسی جوانی و دۆزی دەسەڵات و هتدە.. هایدگەر وتەنی لەوانەیە ئەم رۆژە روونەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دووگیان بێت بە (شەوی جیهانەوە). هەروەتر زانست لەم سەرکێشییەدایە و بگرە زیاتر دەخوازێت لە داهاتووی دووردا مرۆڤی دەستکاریکراو (ترانس) بکاتە مرۆڤێکی فۆتۆنی، هەروەک چۆن لە رۆمانی (دەوڵەتساز)ی (سەرکاو هادی) دا، شاژنە ماریا کەویار بە یارمەتی ماسما (خواوەندنی بیرکاریی)، سان سانی کوڕی لە فۆتۆن دروست دەکات، ئەمەش دەسەڵاتی پێدەبەخشێت لە یەک کاتدا لە دوو شوێن و کاتی جیاوازدا بێت، وەک

چۆن سان سان لە ساڵی ٢١٧٥ەوە دەگەڕێتەوە بۆ رواندزی سەردەمی پاشا کۆرە (سەدەی نۆزدە). بە پوختی پێشڕەوییەکانی زانست لە بەردەم ئاسۆیەکی کراوەتردایە، لەوانەیە سەدەی بیست و دوو ببێتە سەدەی کۆتایی مرۆڤی سرووشتی، لە هەمان کاتدا ئەو ئەندرۆیدانە جێگەمان بگرنەوە، هەم خۆمانین هەم بە جۆرێکیش لە ناو نەمریدا بژین. لە دەرەوەی هەموو ئەم ئەگەرانە و ویستم بۆ ژیان، مەرگ وەک رەهایەک لانیکەم تا ئەم سەردەمە گەوار دەکەم، خۆشحاڵیشم ناگەمە ئەو ساتەوەختە، مردنم لە کۆیلایەتی تەکنۆلۆژیا پێ باشترە. زۆرجاریش نەمریی هێندەی مەرگ دەمترسێنێت، لە میتۆلۆژیای یۆنانییدا قورسترین سزای ناو هادێس دووبارەبوونەوەیە، ژیان بە بەراوورد بە تەمەنی کورتی ئێمە رووداوگەلی زۆری تێدایە، ئەگەر نەمریمان بە دەستهێنا چیتر رووداوی دانسقە نابینین و جوانییەکانی ناوی چێژیان نامێنێت.

## بیست و دوو

ئەمڕۆ لە هەر کات پتر تەندروستی بەستراوەتەوە بە سیاسەتەوە، سیاسەتیش پێدراوێکی ئەبستراکت نییە، بەڵکو فۆکۆ وتەنی: (ئەوە سیاسەت نییە درێژە بە جەنگ دەدات، بەڵکو ئەوە جەنگە درێژە بە سیاسەت دەدات). لەم رەهەندەوە  تەندروستی بووەتە کەرەستەی جەنگەکانی سیاسەت. جەنگی بیۆلۆژیی (Biological Warfare) پارادایمێکی گەلەک دێرینی جەنگ و کاولکاریی و لەناوبردن بووە، بە

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیرۆک تەنیا پێشکەوتنی چەکەکان نابینین، بەڵکو لەگەڵ ڕەوتی شارستانیدا لەناوبردنی بیۆلۆژیی لە ڕێگەی تەشەنەپێکردنی دەردودوو ئامرازێکی گەورەی جەنگ بووە. ڕەنگبێ یەکەمین سەرکردەی سەربازیی (سۆلۆن)ی ژەنەراڵی گریکیی نەبێت کە بەم ئامرازە ڕووبەڕووی دوژمنانی بووبێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەگی میوەی (هێلیوروس)ەوە کە دەیانخستە ئاوە سازگارەکانی وەک ڕووبارەکانەوە، ئەم تاکتیکەش لە شەش سەدە بەر لە زایینەوە پیادە کراوە، بەڵام بۆی هەیە یەکەمین ژەنەراڵ بێت بەهۆی ئەو کارەوە ناوی چووبێتە مێژووەوە. هەندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن سوپای مەغۆلەکان کەڵکێکی زۆریان لەم تەکنیکە وەرگرتووە و تەنانەت تاعونی ڕەش لە ئەورووپادا لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەدا کە بووە هۆی مردنی ٢٥ ملیۆن کەس لە دانیشتوانی کیشوەری ئەورووپا، پەتایەکی سرووشتی نەبووە بەڵکو لە ڕێگەی سوپای مەغۆلەوە وەک تاکتیکی جەنگی بڵاوەی پێ کراوە و ئەو کارەساتە مرۆییەی لێ کەوتەوە. سەردەمی ئێستاشمان چەرخێکە لەنێو دیستۆپیاکاندا دەژین، دوور نەڕۆین مۆتەکەی کۆرۆنا دوێنێ بوو، هیچ بەڵگەیەکیش نییە سبەی پەتای لە کۆرۆنا ڤیرۆس بکوژتر نەیەت، نامەوێت هەموو شتێک ببەستمەوە بە بیردۆزی کۆمپلۆتیزمەوە، بەڵام ناشکرێت چاو لەو فاکتە بپۆشین، ئەگەر کۆڤید نۆزدە بەشێک نەبووبێت لە جەنگێکی بیۆلۆژیی، هاشاهەڵنەگرە لە دۆخێکدا هەناسە دەدەین هەڕەشەی ڤیرۆسە پەروەردەکراو و دابەستەکانی نێو تاقیگەکەکان سایە و سێبەریان

کردووە بەسەرمانەوە، ئێستا مرۆڤایەتی لەبەردەم دوو ئاڵنگاریی و مەترسیی گەورەدایە، یەکەمیان ڤیرۆسە نازدارەکان کە دیار نییە کەنگێ لە مرۆڤ هەڵدەگەڕێنەوە!، ئەویتریشیان ئەو زیادەڕەوییەیە لە ژیریی دەستکرددا دەکرێت، تەنانەت بیر لەوە دەکرێتەوە مێشکێکی ئۆرگانی بۆ ڕۆبۆتەکانیش دابنرێت، ئەمە وا دەکات هەر ڕۆبۆتێک شتێک کەمتر لە ئەنشتاین زیرەکتر بێت، بەڵام ئایا مرۆڤی نوێ هیچ لارییەکی لەمە هەیە؟، ئایا ئەم تایپە لە مرۆڤ، کۆیلە و دەبەنگکراوی ناو سیستمی مودێرن و ئالوودەی مەسرەفگەرایی و دیلی بازاڕگەرایی نیولیبرالیزم نییە؟.

با زۆر دوور نەکەومەوە و بگەڕێمەوە سەر تێما ڕەسەنەکە، بۆچی ئێمە نەخۆش دەکەوین؟. ئایا خودایەکی دڵڕەق هەیە بەرپرسیار بێت لە دەردەکانمان؟. وەڵامی من بە بەڵێیە!. بێگومان مەبەستم لە هێزێکی بانسرووشتی نییە، ڕێک ئەوەی مەبەستمانە ئەو شێوازی ژیانەیە سیستمی باڵادەست دروستی کردووە، لەم نەزمەدا تەندروستی ئامانجە نەک هیچ ئایدیا و پراکتیسێک بۆ دەربازبوون. لەوانەیە هەبن بڵێن بۆچی خراپە ئەگەر تەندروستی ببێتە ئامانج؟. لای منیش ئەوە خراپ نییە، بەڵام دیقەت بدەن زۆرینەی ئەو نەخۆشییانەی مرۆڤی سەردەم تووشی دەبێت، کەمترین پەیوەندییان بە فاکتۆرە ژێنەتیکییەکانەوە هەیە، تاوانبارە نادیارەکە ئەو سیستمەیە گوایە ڕێنماییمان دەکات بۆ تەندروستییەکی باش. لەگەڵ مندا سەرنج بدەن، ئایا ئەگەر ئێمە دە بازرگانی پڕ داهات و بێ کێشە ڕیزبەند بکەین، دەرمانەکانی شێرپەنجە ئەگەر لە کۆتایی ڕیزبەندەکەشدا بێت، یەکێک

نییە لەو دە بازرگانییە؟. وەک هەموو جارێک جەختی لێ دەکەمەوە شێرپەنجە ئەوەندەی بازرگانییە نەخۆشی نییە. پرسیارێکی رەوا لە مێشکمدا سەری دەرهێناوە، بۆچی لە ماوەیەکی پێوانەییدا پێکوتە بۆ کۆرۆنا ڤیرۆس دۆزرایەوە و لە ریزی پەتا بکوژەکان سڕییانەوە؟ ئەی بۆ تا نهۆ هیچ دەرمانێک بۆ شێرپەنجە نەبینراوەتەوە؟. ئایا ئەو ئاوەزە زانستیی و تەکنۆلۆژیی و دەرمانسازییەی ئەمڕۆ لە بەردەستە لەوە بێ تواناترە نەک چارەسەری بنبڕ لانیکەم ژمارەی قوربانیانی شێرپەنجە کەمتر بکاتەوە؟. ئەمە سکەندالێکی رەوشتییە بە ناوچەوانی سیستمەوە. کاتی خۆیەتی لەو هۆکارە تێبگەین چی وای کردووە چارەسەری شێرپەنجە نەدۆزرێتەوە و بگرە ئەو هەولانەش لەناو ببرێن بەو ئاقارەدا دەنرێن؟. بە یەک وشە بەهۆکاری ئابووری. ئەویش لەسەر دوو ئاست، یەکەمیان وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد شێرپەنجە ئەو مەترسییەی کۆرۆنای بۆ سەر ئابووری جیهان دروست نەکردووە، بۆیە گوێی لێ خەوێنراوە، دووەمیان شێرپەنجە لە خۆیدا ژێدەرێکی بە پیتی بزنسی کۆمپانیاکانە. ئەگەر شێرپەنجە بنبڕ بکرێت، ئەو بازرگانییە زەبەلاحانەش هەرەس دەهێنن وەک داڕووخانە مێژووییەکەی وۆڵ ستریت.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە سیستمی کاپیتالیستی ژینگەی تەواو وێران کردووە، زۆرینەی نەخۆشییەکانمان دەرئەنجامی ئەو وێرانکارییە ئیکۆلۆژییەن. رۆژانە و بگرە هەر چەند کاتژمێرێک جارێک هۆشداریی توند دەدرێت لە بارەی کاریگەریی پیسبوونی ژینگە لەسەر تەشەنەکردنی چەندین نەخۆشی و پەتای کوشندە لە گێتیدا و

تا دێت لیستی دەردودوو لە زیادبووندان، لە بری بەهاناوە چوونی زلهێزەکان، ئەمەریکا لە ماوەی فەرمانڕەوایی ترامپدا لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ ژینگە کشایەوە!. نووسەری چەپڕەوی گریکی (یانیس ڤارۆفاکیس) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە سەرمایەداریی کەوڵی خۆی گۆڕیوە و لە پێستی (تەکنۆ فیودالیزم)دا رووخسارە نوێیەی نیشان دەدات. ئەم فیودالیزمە تەکنیکییە دەست لە هیچ هەبوویەکی دوورترین پنتی گەردوون ناپارێزێت بە مەرجێک دەستی پێی بگات. من باسی ئەمڕۆتان دەکەم، کارم نییە بە مرۆڤی بیست هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە کە نەیدەزانی شارستانێتی چییە و نەیدەتوانی لە ئەشکەوت زیاتر شوێنێک بۆ حەوانەوە بە خەیاڵیدا بێت. هەموو دڵنیاییمان لە دەستداوە و دەستمان لەسەر دڵمانە نەبادا شێرپەنچە یەخەی خۆمان یان ئازیزێکمان بگرێت، چیتر شێرپەنجە نزیکترین ئەگەر و بەربڵاوترین نەخۆشی سەردەمە، بێ ئەوەی پرسیار بکەین، بۆچی وای لێهات؟- بەرسڤی ئەمە جارێکی تر دەمانباتەوە ناو سیاسەت، ئێمەش وا راهێنراوین حەز بە سیاسەت نەکەین. با لەمەش بگەڕێین سەیری ئەو تەفرەدان و فڕتوفێڵە بکەین لە هەمووومان دەکرێت، ئەویش هیرارکیزمە لەو خۆراکانەی دەیانخۆین. هەندێکیان بەناوی فرێش (بیۆ)ەوە لەوانیتر جیاکردووەتەوە، ناچارین بڕێکی زیاتر پارەی پێ بدەین، وەک بڵێی ئەم بەرهەمانە لەسەر هەمان ئەو زەوییە نەڕوابن و بەرهەم نەهاتبن هەناوی وەک کەسێکی جگەرەکێش رەش بووەتەوە!. گرەنتی چییە ئەو خۆراکانەی بە ناوی

بیۆوە دەرخواردمانی دەدەن، لە رووی جۆرییەوە لەوانیتر باشترن؟. هیچ گرەنتییەک نییە.

دەستم هەیە لە داتاشینی وتە و حکایەت بە ناوی کەسایەتی یان رۆژنامەکانەوە، نەک بۆ ساختەکاریی بەڵکو بۆ تێگەیشتن، هەنووکە کار لە کتێبێکدا دەکەم بە ناوی (دیالۆگی فەیلەسووفان) لە یەکێک لە بەشەکانیدا گفتوگۆ و شەڕە دەنوکێکی خەیاڵیم لە نێوان (مارکس و نیچە)دا چنیوە. جارێک قسەیەکی خۆمم بە ناوی فیساگۆرسەوە کرد، برادەرێکم راما و وتی ئەم قسەیە زۆر جوانە، بەڵام نازانم لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەم قسەیەت هێناوە؟ وتم: هیچ سەرچاوەیەکم نییە، بەڵام دەشێ فیساگۆرس قسەی وایکردبێت و تۆمار نەکرابێت. بۆچی هەمیشە ئەوانەی بۆمان گوێزراونەتەوە بە رەها سەیر دەکرێن، بۆ نا ئەگەر ئەمە قسەیەکی نەوتراو یان تۆمارنەکراوی ئەو بێت؟. لەسەر هەمان نەریت، جارێک نوکتەیەکم دروستکرد بە ناوی گۆڤاری (دێر شپیگڵ)ی ئەڵمانییەوە، نوکتەکەش ئەوەبوو: (گۆڤاری دێر شپیگڵ لە راپۆرتێکی سەرنجڕاکێشدا نووسیبووی ئەوەی سێ ساڵ بە تەنیا لە مارکێتی لیدڵ، بازاڕی کردبێت و زیندوو مابێتەوە شایانی پەیکەرە). هاوڕێیەکم بە پێکەنینەوە گووتی: کەوابێ دەبێت هەشت نۆ پەیکەرم بۆ دروست بکەن. ئەم نوکتەیە خەریکە دەبێت بە راست و سنووری پێکەنین بەرەو گریان جێدەهێڵێت، بەو هۆیەی رۆژانە لە هەواڵەکاندا دەبینین چەندین جۆر خۆراک کە چەندین ساڵە خەڵک دەیخوات، رادەکێشرێنەوە (سحب) لەبەرئەوەی لە کوالیێتی کۆنترۆڵ دەرنەچوون، ئەی کێ قەرەبووی تەندروستیمان دەکاتەوە؟.

هەر لەم ماوەیەی دواییدا دوو جۆرە بسکیت و جۆرێک نۆتێلا لە مارکێتەکانی ئەڵمانیادا راگیران، چوونکە لە تاقیگەکاندا دەرکەوتبوو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا شێرپەنجە دروست دەکەن!. ئەی چەند ساڵە کۆنترۆڵی جۆریی لە کوێ نووستووە؟. دواتریش کە کەسێک تووشی شێرپەنجە دەبێت، پزیشکەکان لیستێک خۆراکی لێ قەدەغە دەکەن، پاشتر دەردەکەوێت هەندێک ئەو خۆراکە یاساغکراوانە نەک خراپ نین، بەڵکو سوودیان هەیە بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە!. ئەمە ئەو شتەیە نە باس دەکرێت، نە نەخۆش پرسیاری لە بارەوە دەکات، بەردەوامیش سیستمی زاڵ هەوڵی شاردنەوەی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێت بڵێم گوایە سیستمی خۆراک هیچ رۆڵێکی نییە لە نەخۆشییدا، بگرە زۆرینەی نەخۆشییەکان بەرهەمی سیستمی خۆراکی خواروخێچ و ناتەندروستن، نەگبەتییەکە ئەوەیە زۆرینەی ئەو خۆراکە (باش)انەشی دەگەنە بەردەستمان، لە ژینگەیەکی پیس و نالەباردا بەرهەم هاتوون. ئاخر رەوایە ئەمڕۆ جوجەڵەیە و سبەی مریشک، دوو سبەی بە لێنراویی لەسەر مێزی نان خواردنمانە؟.

## بیست و سێ

ئەوەندەی زانیاریم هەبێت مافی مردن بۆ نەخۆشانی بێ چارەسەری وەک من، لە زۆرێک لە وڵاتانی خۆرئاواییدا بە یاسایی کراوە، هەڵبەتە قسەی خۆم هەیە لەم رەهەندەوە، ئەمەیان هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر. بێرتراند راسڵ لە (زبڵی رۆشنبیران)دا، لایەنگریی لەو مافە دەکات و رەخنە لە ئەنجوومەنی پیرانی ئینگلتەرا دەگرێت بەهۆی

بۆچوونی گەورە قەشەیەکەوە یاسای خۆمراندنیان ڕەتکردەوە، ئەو نموونەی نەخۆشی شێرپەنجە دەهێنێتەوە بە تایبەت ئەوانەی هیچ چارەیەکیان نییە و دەبێت زەجری دەرمانەکان بکێشن ئەوسا بمرن. من ئێستا لەو دۆخەدام، دەمەوێت پەرجوو بخوولقێنم، وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی خۆمدا سەر دەربهێنمەوە، ویستێکی زۆرم بۆ ژیان هەیە، پێموایە نابێت ئەو مافە یاساییە پیادە بکەم بۆ هەڵبژاردنی مەرگ پێم ڕەوا بینراوە، بە بۆچوونی ئەز ئەوە خراپترین مافێکە تا ئێستا یاسا ڕەوایی پێدابێت، لێ لە ریشەوە لەگەڵ تێکڕای یاساکانی جیهان لە کێشە و ناکۆکیدام. هیچ کات بیرم لەوە نەکردووتەوە ئەو مافە لەسەر خۆم پیادە بکەم، چوونکە وایدەبینم تا نهۆ بوونی ڕەسەنانەی خۆم نەدۆزیوەتەوە (بە باندۆری هایدگەر). خۆدۆزینەوەش لەوەدا نابینم بچینەوە ناو خۆمان و تەنێ میدیتەیشن بکەین، ناخمان لە ژیان پاک بکەینەوە، ئەوە خۆ ونکردنە، خۆدۆزینەوە ئەوەیانە بەشدار بیت لە زیادکردنی تەڵێکی تر بۆ تەمبووری ژیان، ڕەنگێکی تری نائاشنا بەکاربهێنیت لە نەخشاندنی نیگارەکانی ژیاندا، دەنا زیندووبوونت واتایەکی نییە ئەگەر دەستیشت بە میوەی نەمریی گەیشتبێت. بیرم لەوە دەکردەوە ئایا ڕێژەی خۆکوشتن لە نێو نەخۆشان یان ساغڵەماندا زۆر یان کەمترە؟ بە مەزندەی خۆم تاکو نەخۆشێک خۆی دەکوژێت، سەد ساغڵەم خۆکوژیی دەکەن، بە تایبەت لە هەنووکەدا فۆرمەکانی خۆکوشتن ئاسانتر بەردەستن، داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان یارمەتی ئەو ئاسانکارییەیان داوە، بۆ نموونە تایتڵێکی تریان بۆ ئەم فۆرمە خۆکوژییە دۆزیوەتەوە بەناوی (مردنی خۆویستانە). یەکێک

لە تازەترین داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکان (سارکۆ)یە کە ئامێرێکە لە شێوەی تابووتێکدا بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بێ ئازار و شۆک بمرن، ئەویش لە ڕێی زیادکردنی هایدرۆجین لەو تابووتەدا و لە ماوەی ٣٠ چرکەدا کەسەکە دەمرێت، ئەم ئامێرە لەلایەن پزیشکێکی ئوستراڵی (فیلیپ نیچک) داهێنراوە، لە ساڵی ٢٠٢١ تەنیا لە سویسرا ١٣٠٠ کەس لەم ڕێگەیەوە کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە، وەک خۆم سڵ لە وەها مەرگێک دەکەمەوە و زۆر جاریش لە خۆم دەپرسم بۆچی هێندە شەیدای ژیانم؟ ئایا مانەوە لە ژیاندا مانای کەڵەکەبوونی ئازارە بێ کۆتاییەکان نییە؟. خۆم بەرسڤ دەدەمەوە: دەمەوێت لە ژیاندا بمێنمەوە بۆ تەحەداکردنی ئازار و خواروخێچییەکانی جیهان. ئایا جیهانم پێ دەگۆڕدرێت؟، لەوانە نییە بتوانم هیچ بگۆڕم، تەنێ حەزم بە تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەیە.

هەندێک رادەمێنم و دەپرسم ئایا بە راستی دەمەوێت بەرەو کوێ بڕۆم؟، بۆ پێش نەخۆشی یان دوای نەخۆشی؟. پێش هەر شتێک لە قووڕی نەخۆشییەکی بێ چارەسەردا چەقیووم، بۆ کەسێک شێرپەنجەکەی لە پلە چواردا بێت چاکبوونەوە ئەستەمە، مەگەر بە ریزپەڕ کەسێک هەبووبێت لەو پلەیەدا بووبێت و دەردەکەی پەڕاندبێت، ئەوەی پزیشکەکان لە دەستیان دێت درێژکردنەوەیەکی کورتی تەمەنە، ئەمە خودی بێهیواییەکە نییە، نیهێلیزمەکە ئەوەیە خواستی گەڕانەوەت هەبێت بۆ ژیانێکی رووتی لە خەون و ئەکتی شۆڕشگێرانە داماڵدراو، لێرەدا ژیانی رووت بەو مانایە دێت ئاگامبێن لە زنجیرە کتێبەکانی (هۆمۆساکەر)دا تیۆریزەی کردووە، ئەوەی بۆ

هۆمۆساکەر دەمێنێتەوە تەنیا ژیانێکی رووتی مەترسیدارە، بەو پێیەی لە هەموو مافە سیاسیی و یاساییەکان و هەر جۆرە پارێزبەندییەک رووتکراوەتەوە، مرۆڤی مودێرن لە هەموو روانگە و ئاکسیۆنێک داماڵدراوە رووی لە باشترکردنی جیهان بێت، بڕوای پێهێنراوە گرنگترین کردە بۆ ئەو بایەخدانە بە تەندروستی خۆی. (هەموو شتێک لە پێناوی تەندروستی) تیۆرییەکە بەرهەمی ساتەوەختی پەتا و نەخۆشییە درێژخایەنەکان و شاڵاوی بێ بەزەییانەی ڤیرۆسەکانە، بە واتایەکی تر چاوبەست و فێڵێکی تری نەزمی باڵادەستە لە مرۆڤی سەردەم، گوومان هەڵنەگرە تەندروستی پێشنۆرەیە نەک هەر لە ژیانی مرۆییدا بەڵکو لە ژینی هەر زیندەوەرێکدا، بەڵام کارەساتەکە بۆ مرۆڤ ئەوەیە لە جیهانێکدا گەمارۆ بدرێت لە بری هەر ئەرکێکی تر بیر لە تەندروستی بکاتەوە، بە مانایەکی تر تەندروستی ببێت بە تاکە کایە بۆ بیر لێکردنەوە لەسەر فەرامۆشکردنی کایەکانی تری ژیان، وەک بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و هتد. هەوڵ نادەم بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی رووت، هەروەک چۆن پێشتر لە ژیانی رووتی دڵخوازی سەردەمەکەمان یاخی بووم، ئێستاش بە نەخۆشییە کوشندەکەمەوە (وەک خەڵکی تر دەڵێن نەک خۆم) بەردەوامم لە ئیزافەکاریی بۆ سەر ئەو جیهانبینییەی لە بەرامبەر ژیانی رووت دەوەستێتەوە، هەردەمیش کێشەم لەگەڵ ئەو ستایلەی زەق و داسەپاوەی ژیانی خۆرئاوادا هەبووە کە بە هەموو شێوەیەک بریتییە لە دەستگرتن بە ژیانی رووتەوە، سبەی شەشی بەیانی لە خەو رابە، نانی بەیانی لە کارگە یان لە ناو شەمەندەفەر بخۆ، هەشت کاتژمێر

یان زیاتر لەسەر کار بە، هەموو ئامانجت پشووی کۆتایی هەفتە و هۆلیدەیەک بێت لە ساڵێکدا، ئەوەی بۆ ئەم تاکە دەمێنێتەوە تەنیا ژیانی رووتە، ئەگەرنا لە دەرەوەی پیادەکردنی ژیانی رووت، هیچ ژێست و پێرفۆرمانسێکی دیکەی نییە.

هەر لە سەرەتاشەوە فەلسەفە و ئەدەب چاوی سەرنجیان خستووەتە سەر ئەم مژارە، لە ئەدەبدا کافکا باسی لە خۆبێگانەبوونێک دەکات دەزگاکان بەرهەمیان هێناوە، کافکا بۆ من شتێکی جیایە، سیمبولی ئەپسورد نییە، پێغەمبەری رەشبینیی نییە، ئەو کۆمەڵگە مودێرنەمان پێدەناسێنێت بیرۆکراسی هاڕیوویەتی، سامسا دەبێتە قالۆنچەیەکی زەبەلاح، بەڵام هەر غەمی ئەوەیەتی لە کار دوانەکەوێت، ئەمەش تێمایەک بوو پێشتر لە سەدەی نۆزدەدا دۆستۆیڤسکی لە رۆمانی (دەفتەرەکانی ژێرزەمین)دا بە قووڵی چووەتە سەری و باس لە پەڕینەوەی کۆمەڵگەی رووسی بەرەو ژیانی مودێرن و دەزگاییبوون دەکات. ئەمە بە خەست و خۆڵتر بەسەر ئەو دەستی کاری هەرزانەدا پراکتیس دەکرێت، لە دەرەوەی ئەورووپاوە دێت (خۆرهەڵاتی زەوی)، دەتوانم بە رەهایی بڵێم لەم هەلومەرجە مێژووییەدا کاری سەرەکی خۆرئاوا هاوردە و هەناردەیە، مرۆڤ بەرامبەر بە قەیران، قەیران هەناردەی رۆژهەڵات دەکات، لە رۆژهەڵاتیشەوە مرۆڤ (کرێکار-هۆمۆساکەر) هاوردە دەکات، وەک سیاسەتی نەوت بەرامبەر بە خۆراک کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە عێراقدا بە پێی بڕیاری ٩٨٦ پیادە دەکرا. هەروەتر ئەوەی تاکو ئێستا، خۆرئاواییەکان پێوەی دەنازن، لە خۆرهەڵاتەوە هاوردەیان کردووە. ئینجیل گرنگترینیانە،

بەڵام ئەمە بابەتێکی ترە و لە دەرفەتێک دەگەڕێم قسەی زۆرتری لە بارەوە بکەم. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم لەوەدا چڕ دەبێتەوە: تەنانەت لە گریمانەی تێپەڕاندنی شێرپەنجەدا ژیانێکی نوێ و نموونەیی لە دەروازەدا چاوەڕێ نییە، ژیان هەر ژیانەکەی پێشووی ناو ئەم جیهانە بێسەروبەرەیە، گرنگ ئەوەیە نەخۆشی وا زەبوونی نەکردووم ببمە دەرۆزەکـەی ژیانی رووت، بەڵکو لە پێگەی شۆڕشگێڕێکدا خۆم دەبینمەوە، هەڵبەتە شۆڕشگێڕیی بە هەموو تان و پۆی تێرمەکە خۆیەوە. وەکووتر ریسای راستەقینەی بەڕێوەچوونی گەردوون نەک هەر جیهان، هاوسەنگیی یان هارمۆنییە، هەر ئەو ئەکتەی زیۆس بە شۆڕش بەسەر نەوەی یەکەمی خوداکاندا بە مەبەستی رێکخستن و هارمۆنیزەی گەردوون پێی هەستا، مرۆڤی سەردەم پێویستی بەوەیە پەڕۆک لە نەریتی زیۆسیی دادڕێت.

هەندێک دەڵێن ریساکانی جیهان جەبرگەرایین و لە شوێنێکی تـرەوە بەسەرماندا سەپێنراون، وایدەبینن هـەر داهێنانێک تەنیا ئاشکراکردنی نهێنییەکی تری سیستمی گەردوونە، هێشتا گەردوون زۆری لێ ئاشکرا نـەکـراوە، گــەردوون خـۆی خـودایـە و هەموو ریساکانی لە دەسپێکەوە دیاریکراون و هیچ شتێک بە هەڕەمەکی روونادات و جیهانی ئێمەش بەو سیستمەوە بەستراوەتەوە، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو ریسایانە شێتییە. گوومان لەم بیردۆزە دەکەم و دەڵێم، کەواتە چۆن بزانم ریسای گەردوون چی بۆ هەڵبژاردووم؟، بۆ نا ئەگەر لەسەر هەمان لۆژیک بڵێم بەرەنگاریی خۆی بەشێکە لە ریسا نەگۆڕەکانی خودی گەردوون؟. ئێمە هیچمان لێوە دیار نییە،

ناکرێت دەستەوەستان بوەستین و بڵێین ئەمە یاسای سرووشتە، ئەی بۆ پێچەوانەکردنەوەی دۆخەکە بە یاسای رەهای سرووشت نەزانین؟. وەک خۆم وا بیردەکەمەوە جیهان لۆژیکی تێدا نییە و هەر شتێک بێتە پێشەوە بە هەڕەمەکی روودەدات و ئێمەین دەبێت هاوسەنگی بکەینەوە. لە دڵەوە پێم خۆشە چۆن دوای (کۆتایی مێژوو)م بینیوە، پۆست کاپیتالیزمیش ببینم، ئەمە هیوایەکی خورافیی نییە، ئەگەرچی ئومێدێک نییە لە نهۆدا، بەڵام تێزە باوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: (نائومێدیی بنەمای داهێنەرانەی هیوایە). سەربارى هەر تێبینییەکیش هەموو کات لەگەڵ دۆزینەوەکانی زانستدا هاوڕا بووم، ئەگەرچی سرووشتی زانست وایە راستییەکمان نیشان دەدات و پێچەوانەکەشی، یەکێک لەو نهێنییانەی زانستی سەردەم پەی پێ بردووە ئاڵۆزبوونی زێدەتری دنیا یان گەردوونە. ئەوەی دەگووترێت دنیای پێشوو سادە بوو، قسەیەکی سۆزئامێز نییە، فاکتێکی زانستییە!. تا دێت گەردوون سادەیی جێدەهێڵێت و هەرگیز ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە. تەنانەت ئەو ئاڵوگۆڕەی زانست ناوی لێناوە ئەنترۆپی کە هۆکاری دروستبوون و پووکانەوەی هەر شتێکە لە گەردووندا، دەگاتە ئەو رادەدەیە لە فراوانبوون هەموو شتێک هەڵدەلووشێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەری گەردوون بخوات و لە داهاتووی دووردا بوون نەهێڵێت و هەموو شتێک لەناوبچێت. بۆچی نا ئەگەر مارکس لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا پێشبینی خۆخواردنی سەرمایەداریی کردبێت؟. رووداو و شتەکانی نێو ماڵی بوون هەرچەند زەبەلاحیش بن، زانستی نوێ نەک نوقڵانەی

مەرگیان لێدەدات، بەڵکو بە ڕەهایی مردنیان دەبینێت، سەرمایەداریی سیستمێکی مێژووکردە، ئەمڕۆش نەبێت لە ڕەوتی مێژوودا دەبێت بە تۆز و خۆڵ، ئەمە میتافیزیکیایەکی رووت و قووت نییە، مانای ئەوە ناگەیەنێت دەبێت چاوەڕێ بکەین و بە چارەنووسی خۆمان قایل بین، ئێمە دەتوانین دەستمان هەبێت لە پێشخستنی مەرگە حەتمییەکەیدا. بۆیە ئەم ئێشە زۆر و قوورسانەی ناو ژیان و جیهانم خۆشدەوێت، لە مەرگ نەتۆقیووم، لەو نەبوونە زراوم رژاوە هیچ رووداو و بەرامبەرکێ و ئاڵنگارییەکی تێدا نییە.

## بیست و چوار

بێرتراند راسڵ لە وتارێکیدا گێڕانەوەیەکی جوکئاسای هەیە، دوای رێککەتننامەی ڤێرسای ئەڵمانیا ناچارکرا، قەرەبووی وڵاتانی هاوپەیمان بکاتەوە. رەسڵ دەڵێت: (پیاوە «ریالیستەکان» ئەوەیان نەدەبینی ئەو بڕە پارەیەی بۆ قەرەبوو دانراوە لە جیهاندا بوونی نییە)، ئیرادەی مرۆڤ شتێکی هاوشێوەی ئەمەیە، ناکرێت لە توانای خۆی پتر پشتی پێ ببەسترێت، ئەگەر تەمەن بە ئیرادەوە پەیوەست بووایە، ئێستا سەکۆی ژیان و جیهان جمەی دەهات لە پیرەمێرد و پیرەژنی تەمەن هەزاران ساڵە. لێرەدا فاکتۆرێکی تر رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت ئەویش پێکهاتەی فیسیۆلۆژیی و بیۆلۆژییە، ژێنەکانیش دەورێکی هەراشتر دەگێڕن، هەموو شتێک لە گەردووندا بە سووڕی خۆیدا تێدەپەڕێت، لە ئەستێرەیەکەوە بیگرە تا دەگاتە سەر کرمێک، ئەم سووڕی ژیانە لە جێگەیەک کۆتایی دێت، نامەوێت بچمە باسێکی

تەواو زانستییەوە کە سەری لێ دەرناکەم، تەنێ ئاگادارم مرۆڤ وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بەدەر لەلایەن دەروونی و میتافیزیکییەکەی، ماشێنێکی بایۆلۆژییەشە، لەگەڵ فەوتانی جەستە بەشە میتافیزیکیی و مەعنەوییەکەشی لە دەست دەچێت (بۆ خودی مرۆڤەکە نەک لە پانتایی گەردووندا). رەنگە بایۆلۆژیستەکان بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای ژێنەکان بگەنە ئەو توانستەی تەمەن لەمەی ئێستا زیاتر درێژ بکەنەوە، لەمەدا ئیرادە هیچ رۆڵێکی نییە، چاکەکە تەنها چاکەی زانستە بە ئەبستراکتی. ئەگەرچی ئارەزوو ناکەم زیاد لە خۆی بە سەرکەوتنەکانی زانست سەراسیمە بم، چوونکە دەزانم کۆنترۆڵ و ستەمکاریی پەرەپێبدەن، بەستینێک ئامادە دەکەن، نزار قەبانی وتەنی: لە پزدانی دایکمانەوە چاودێریی بکرێین. کەچی بمانەوێت و نەمانەوێت زانست واز لە سەرکێشییەکانی خۆی ناهێنێت، لەوانەشە رۆڵی ئیرادە لەوێدا کۆتایی پێبێت (چیپ)ێک لە کێڵگەی مێشکماندا بچێنرێت، ئەوەش لە ئەڤرۆدا نزیکترین ئەگەرە لێمانەوە.

ناتوانم نکۆڵی بکەم لەوەی مەرگ دوا گرتەی ژیانی هەر کەسێکە، نەک یاسایەکی ئاوارتە بێت و تایبەت بێت بە نەخۆشانی شێرپەنجە، بیر دەکەمەوە لەو یانزە ساڵ و نیوەی بە شێرپەنجەوە گرفتارم (ناڵێم دەناڵێنم چوونکە ناڵە و هاوار ناکەم بۆ شێرپەنجە، ئەگەر بناڵم بۆ جیهانێکە بە کەمتر لە هیچ قایل کراوە)، شەڕی داعش هات و گیانی هەزارانی برد؟ کۆرۆنا هات لە ئاستی جیهاندا مافی ژیانی لە ملیۆنان سەندەوە، لێ دووجاریش تووشی کۆرۆنا بووم کەچی لە (دەفتەری ژیندا ناوم نەسڕایەوە). ساڵانە هەر لەو وڵاتەی ئێمەدا هەزاران

کەس بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کارەساتە کتوپڕەکان دەمرن، بەم پێیە نەخۆشی هۆکاری مردن نییە! فاکتۆرەکە ئامادەییە لەناو ژیاندا، کەواتە بۆچی لە شێرپەنجە بترسم؟ ئەگەر پرسەکە مەرگ بێت وەک گووتم مەرگ ڕەهایەکە و کەس لێی دەرباز نابێت، ئەگەر دۆزەکە ژیانە، ئەمەیان قسەیەکی تر هەڵدەگرێت. بێگوومان ویستی مانەوەم هەیە لە ژیاندا، نەک بۆ ئەوەی بەشداریی بکەم لە پیسکردنی زیاتری ژینگەدا، بەڵکو بۆ ئەوەی دەستم هەبێت لە واتابەخشین بە هەبوون، ماکی ڕاستەقینەی ژیان و بوون بێ واتاییە، بە شێوەیەک لە شێوەکان نەبوونە، تا ئەو کاتەی من یان تۆ دێینە بوون و واتا بە شتەکان دەبەخشین، ئەگەر نا بوون لە هەموو شوێنێک هەر ئەو بوونەیە و لە پشتی کاکێشانیشەوە هەر هەمان بوونە، ئەی ئەوە کێیە مانای بە بوون بەخشیوە؟، ئەوە ئێمەی مرۆڤین ئەگەر بێ ئاوەزانە و بێمانایەش بێت واتایەک بە ژیان و بوونی خۆمان دەبەخشین.

دە دوانزە ساڵێک لەمەوبەر چەند فراگمێنتێکی کورتم نووسیبوو، پاشتر بوون بە هەوێنی دیالۆگێکی وەهمی (لیزا و ستیڤان) و لە بەرگی دووەمی کتێبی (قوتووی عەتار)دا چاپکران. بە بیرم دێتەوە لە یەکێک لەو پارچە کورتانەدا نووسیبووم: (زۆرجار بیر دەکەمەوە، جیاوازیی حەوجۆش و پارەی کانزایی چییە؟ جیاوازیی کاغەزی گوڵەبەڕۆژە و دۆلار چییە؟ تەنیا ئەوە نەبێت وەهمەکانی مرۆڤ بەهای بەوەی دووەمیان داوە). ئەگەرچی زۆرینەی واتاکان وەهم و زێدەڕۆییکردنن لە فەنتازیادا یان بەشێوەیەکی پەتیتر ئەفسانەن، کەچی هەر ئەوانەن ئێمە بە ژیانەوە دەبەستنەوە، بێ ئەفسانە و

واتاکان ژیانمان لە سوورِی ژیانی کرمێک بەهادارتر نییە، ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە ئەوەیە توانای مانابەخشینی هەیە بە ژیان و دەوروبـەری خۆی. حەز بە گەڕانەوە دەکەم بۆ دێڕەکانی سەرەوە و دەپرسم: نازانم ئایا پێکهاتەی فیسیۆلۆژیی یەکەم مرۆڤ، شیانی ئەوەی هەبوو تووشی شێرپەنجە ببێت یان نا؟، بەڵام دەزانم پێش شێرپەنجە و دوای شێرپەنجە مەرگ هەبووە و دەمێنێت، لەم روانگەوە ناخوازم شێرپەنجە یەکسان بکەم بە مەرگ، زۆر بە سادەیی لە دەرەوەی شێرپەنجە مەرگ زۆرتر نەبێت کەمتر نییە، دەربڕینەکەی ژۆرژ باتای هەڵدەگێڕمەوە: قێزەونکردنی ژیان بە بیانووی مەرگەوە پێویست نییە. ئەوەی هەیە لە هەلومەرجی شێرپەنجەدا، پرسەکە تەواو پێچەوانەی شەڕە، جەنگ دژی شێرپەنجە دژی سرووشتی جەنگە ریالیستییەکانە، لە شەڕدا ئەوەی زۆرترین ئەگەری مردنی هەیە جەربەزەکان، ئەوانەن وەکوو ئاخیل حەز دەکەن پاڵەوانانە بمرن نەک تەمەنێکی درێژی بەختەوەرانە بژین، ترسنۆک و باستاردەکان دەمێننەوە و بەری جەنگەکان دەخۆن، ئەو سەربازانەی میدالیای ئازایەتی وەردەگرن، زۆرینەیان لە جەنگەکانی دیکەدا تیادەچن، بەڵام لە شەڕی شێرپەنجەدا تۆقیوەکان دەتۆقن و بوێرەکان لانیکەم بۆ ساڵانێکی زۆرتر دەمێننەوە و مەرگی خۆیان دوادەخەن، لە خۆیدا ئەم پرەنسیپەش پشتگیریی لە داروینیزمی زانستی نەک کۆمەڵایەتی دەکات: (مانەوە بۆ خۆڕاگرەکانە)، ئەوەتا مانەوەم بەرهەمی ئەو بە جەرگی و خۆڕاگرییەیە لە بەرامبەر ئەم نەخۆشییەدا نیشانی دەدەم، لەوانەیە لە بەرامبەر ژیاندا ترسنۆک بم، کەچی لە بەرامبەر مردندا

کون لە جەرگمدا نییە و پاڵەوانێکی راستەقینەم.

لە ژێر رۆشنایی ئەم فاکتە ئازاردەرەدا ئەوەندەی لە تواناندا بێت و بەشی پێویست بۆ شەڕکردن لەگەڵ شێرپەنجە ئیرادە دەخەمە گەڕ، بەڵام لە چاوەڕوانی مەرگدا نەوەستاوم، ئەوەتا کۆشش دەکەم، هەموو شتێک نالێم بە رەوتی ئاسایی دەڕوات، بەو جۆرە دەڕوات کە بۆ زۆرێک لە ساغڵەمەکان ببمە جێگەی ئیرەیی، سەیریشم پێدێت من بە خۆم و پڕۆژەکانمەوە خەریکم، خەڵکانێک هەبن ئەوەندە بێکاربن، بە منەوە سەرقاڵ بن. دواجاریش ناتوانم خۆم لەو حەتمییەتە لابدەم ناوی مەرگە، چوونکە من و مردن پێکەوە لە دایک بووین، لە کۆتاییدا دەچینەوە ناو یەک. دروست بە پێچەوانەی (مۆریی)یەوە، کاتێک بە میچ دەڵێت: (با بە ئەمە دەستپێبکەین: هەموو کەس دەزانێت دەمرێت، بەڵام کەس باوەڕ بەو قسەیە ناکات). باوەڕم بە مردنی خۆم هەیە، هەروەک چۆن بڕوام بەوەیە لە ئێستادا دەژیم، خۆیشم رادەستی زوهدێکی بوداییانە ناکەم، چۆلەکەی سەرشانم پێم ناڵێت ئەمڕۆ رۆژەکەیە، دەڵێت ئەمڕۆ بڕۆ لاپەڕەیەکی تر لە کتێبی ژیان هەڵبدەرەوە. بچۆ ناو چالاکییەکانی واقیعەوە نەک بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت زیندوویت، بەڵکو بۆ سەلماندنی ئەوەی دەژیت. پێشبینی دوای مەرگی خۆم دەکەم چۆنە، وا بزانم زۆر پێویست ناکات لە شێوەی فاڵچییەکەدا دەربکەوم، پتر لە هەر ریتواڵێک، سیناریۆیەک دێتە بەرچاوم، پرسە و ماتەمینییەکەم گەرموگوڕترین پرسە و لە هەمان کاتدا چۆڵترین پرسە دەبێت، رەنگە هەر پرسەم بۆ دانەنرێت، خۆیشم ئەوەم پێ خۆشە، ئەی چۆن گەرموگوڕترین پرسە دەبێت؟

بەڵێ دڵنیام لە دڵی ژنێکدا تا مردنی ئەو، بە نهێنی و بێدەنگی هەموو ڕۆژێک پرسە دەگێڕێت (هەرچەند ئەوەم پێ ناخۆشە). دڵنیام هەوڵنادات بۆ لە بیرکردنم بەڵکو تەقەلا دەدات بۆ مانەوەم لە نێو یادەوەرییدا، ئەگەر دەسەڵاتی نەبووبێت ڕێگە لە مەرگم بگرێت، ئەوەی پێدەکرێت لە یادەوەریی خۆیدا زیندوو ڕامبگرێت. ئەوەش بۆ من بەسە.

کۆتایی هاوینی ٢٠٢٣
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# بەشی سێیەم

# هەڤپەیڤین



## ستیڤان شەمزینی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس:

# کۆششم بۆ ئەوەیە نەخۆشانی شێرپەنجە بگەیەنمە ئەو بڕوایەی بە هەموو ئازار و دەردەکانیانەوە دەست بە ژیانەوە بگرن

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ستیڤان شەمزینی ماوەی ١١ ساڵە تووشی شێرپەنجەی مێشك و پەرگالەی مۆخ بووە بەڵام بە ورەیەکی پۆڵاینەوە دەستەویەخەی شێرپەنجە بووەتەوە و تەسلیم نەبووە بەدەر لەمە خاوەنی ٢٣ کتێبی چاپکراوە سێ دانەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش تووشبوونی بە شێرپەنجە بەڵام لە ماوەی ئەم ١١ ساڵەی دوای تووشبوون بە شێرپەنجە ٢٠ کتێبی نووسی و ئامادەی کرد، ڕۆژەکانیش لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەوە نووسراون، ئێستاش پێنج کتێبی دیکەی بۆ چاپ ئامادەن. ئەمڕۆش لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا دیمانەیەکمان لەگەڵی ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

گوڵان: کۆسەلایی

## لە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا دیمانەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ستیڤان شەمزینی

**ئا: تارا محەمەد**

نووسەر و رۆژنامەنووس ستیڤان شەمزینی ماوەی ١١ ساڵە تووشی شێرپەنجەی مێشک و پووکانەوەی مێشک بووە، بەڵام بە ورەیەکی پۆڵاینەوە دەستویەخەی شێرپەنجە بووەتەوە و تەسلیم نەبووە، بەدەر لەمە خاوەنی ٢١ کتێبی چاپکراوە، سێ دانەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش تووشبوونی بە شێرپەنجە، بەڵام لە ماوەی ئەم ١١ ساڵەی دوای تووشبوون ١٨ کتێبی تری نووسیووە و ئامادەی کردوون، زۆربەشیان لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە نووسراون، ئێستاش پێنج کتێبی دیکەی بۆ چاپ ئامادەن، ئەمڕۆش لە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا دیمانەیەکمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە:

**پ: چۆن و بە چ شێوازێک رووبەڕووی نەخۆشی شێرپەنجە بوویتەوە و رێت لەوە گرت دەرئەنجامەکانی بگەنە ناخت؟.**

ستیڤان شەمزینی: پێش هەر شتێک وەک نووسەرێک بە ئەفسوونی وشە بەرەنگارییم دەستپێکرد، شۆکەکە زۆر گەورەتر دەبوو ئەگەر لە کایەی نووسیندا کارم نەکردبا. شێرپەنجە نەخۆشییەکی ئاوارتە نییە لەم سەردەمەدا، وەک هەر پەتایەکی ئاسایی بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ ئەوەی ساڵانە ژیان لە ملیۆنان دەسەنێتەوە لە جیهاندا، بەڵام چیتر لە لیستی دەردە کوشندەکاندا ریزبەند ناکرێت. ئەزموونی من

لە ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجە کەمێک جیاوازترە، پێش ١١ ساڵ کاتێک ئەنجامی دیاگنۆسەکەم ئەوەی دەرخست وەرەمێکی سەرەتانیی گەورە لە بەشی چەپی مێشکمدا بوونی هەیە، سەرەتا نەمدەتوانی ئەوە گەوار بکەم کە دەبێت بەمزووانە بڕۆم، بڕیارمدا خۆم وەک نەخۆشێک نەبینم، ئەمە ئەو پرەنسیپەیە هەر لە سەرەتاوە پیادەم کرد، نەمهێشت بڕوا بەوە بهێنم بەوەی نەخۆشێکم و دواڕۆژێکی لێڵ چاوەڕێمە، ڕێگەم نەدا ئەو تومۆرە لە ناو مێشکمدا ببێتە برینێک لە بیرکردنەوەدا یان ببێتە دراگۆنێک مێشک و لەشم بخوات، شێرپەنجەم لە ناوچەیەکی تەسکی جەستەدا وەک پارچەیەکی زیادە و دەرەکی سەیرکرد. لە پەنایدا بە دوای بیۆگرافی ئەو نووسەر و فەیلەسووفانە گەڕام نەخۆشی بڕستی لێ بڕیبوون، ژمارەیەکی زۆرم دۆزییەوە لەو داهێنەرە مێژووییانە، ئەوەی لە هەمووی کەمەندکێشتر بوو بەلامەوە دۆزی نەخۆشی هەر یەک لە دۆستۆیڤسکی و نیچەی فەیلەسوفی ئەڵمانی بوو، لە ٢٠١٤ چوومە ماڵە هاوینییەکەی نیچە لە نزیک دارستانی ڕەش، لەوێ بڕیارمدا خۆم رادەستی چارەسەرە پزیشکییەکان بکەم.

**پ: هێزی ئیرادە چەند ڕۆڵی هەیە لە بەرەنگاریی ئەم شێرپەنجەدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاڵنگارە، لە هەر ئاژەڵێکی تر زۆرتر لە سرووشت یاخی بووە، لە هەر ئاژەڵێکی تریش پتر توانای خۆڕاپسکاندنی هەبووە لە جەبرەکانی بوون، لە ڕێگەی ئیرادە و عەقڵییەوە زاڵبووە بەسەر دەوروبەریدا، ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستمان هێناوە لە پێشکەوتن و زانیاریی کاری ڕێکەوت نییە، بەهۆی ئەو

ویستەوە بوو هەمانبووە بۆ داهاتوو، کارکردن بۆ داهاتوو نەریتێکی تەواو مرۆڤانەیە، لە خێڵی ئاژەڵەکاندا تەنیا مرۆڤە دەتوانێت نەخشەی بۆ داهاتوو هەبێت، ئەوەی ئایدیای لە بارەی ئێستا و ئایندەوە نەبێت، داروین پێماندەڵێت لە پەرەسەندن دواکەوتووە و ماوێتی ببێت بە مرۆڤ. روونتر بڵێم زانست سەلماندوویەتی ئیرادە و خواستی مرۆڤ زۆر زیاتری لە باردایە و هەر لێرە راناوەستێت، منیش بە نۆرەی خۆم بڕیارمدا کەڵک لە ماتەوزەی دەروونی و رۆحیی خۆم وەربگرم تاکو بتوانم زاڵ بم بەسەر ئازارەکاندا، یەکێک لەو تەکنیکانەشی بەکاریدەهێنم بریتییە لە لەبیرکردنی نەخۆشی، کاتێک تۆ نەخشە بۆ ئایندە دادەنێیت واتە ئێستا لە بیر دەکەیت، ئەگەرچی مرۆڤێکی گەشبین نیم، بەڵام هەمیشە پێموایە رۆژێک دێت لە ئەمڕۆ باشتر بێت، نەخۆشیم لە بیرکرد و نەخشەم بۆ دواڕۆژ دانا، یەکێک لەو نەخشانەش ئەو کتێبانە بوون لە ماوەی نەخۆشییەکەمدا چاپم کردن.

**پ: ئەی چۆن توانیت لە نەخۆشخانە ئەو ژمارە کتێبە چاپ بکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: کە وتم ئەزموونەکەم کەمێک جیاوازە رێک بیرم لای ئەوە بوو باسی کتێبەکانم بکەم، لاتان روونە نووسین لە ژیانمدا لەگەڵ نەخۆشییدا دەستپێناکات، پێش نەخۆشییەکەم وەک رۆژنامەوان و سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤار کارم دەکرد و لە ئەتەری میدیایی کوردیی و عەرەبیدا ناوێکمان هەبوو. کاتێک وەک نەخۆشێک لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان خۆم بینییەوە، لەبەرخۆمەوە دەمووت ئەوەی لێرەیە قەبارە بیۆلۆژییەکەی منە،

نەک هزر و ئەندێشەم، ئەوەی نەخۆشە مێشکمە نەک بیرکردنەوەم، ئـەوەی ئـازاری هەیە لەشمە نەک دڵـم، بڕیارمدا کتێبەکانم چاپ بکەم، هەندێکیانم پێشتر نووسیبوون، هەندێکیانم بە زنجیرە وتار لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردبووەوە، نیوەشیان لەو یانزە ساڵەدا نووسیمن، بە تێکڕا ٢١ کتێبی چاپکراوم بڵاوکردەوە کە دوایەمینیان (هەڵبەت تا ئێستا) کتێبی (شارستانی کۆلاپس)ە لە دوو توێی ٦٦٠ لاپەڕەی قەبارە گـەورەدا. بە کورتی کارەکە دووسـەرە بوو، هەم ئیرادەم لە نووسین و کتێبەکانمەوە وەردەگرت هەم بە زەبری ئیرادە ئەو کتێبانەم دەنووسی و ئامادە دەکرد بۆ چاپ.

**پ: شێرپەنجە لای تۆ بوو بە خاڵی بەهێز نەک تێکشکان، بیرت لەوە نەکردووەتەوە کتێبێکیش بنووسیت لەو بارەوە؟.**

ستیڤان شـەمزینی: توانیم بـەرهـەمهێنانی فیکریی لە قاوشی نۆرۆلۆگییەوە بکەم، شێرپەنجەم کرد بە میتافۆرێک و خستمە پـاڵ خۆشەویستییەوە، بۆ نموونە نـاوی یەکێک لە کتێبە نیمچە فەلسەفییەکانم (خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا)یە، ئەمەش هەوڵێک بوو تا چیتر بە شێرپەنجە نەوترێت (دەردەپیسەکە). هەوڵم نـەداوە لەسەر نەریتی سەفسەتەبازیی گەشەپێدانی مرۆیی کتێبی بازرگانی بنووسم، کۆششەکەم بۆ ئەوەیە نەخۆشانی شێرپەنجە بگەیەنمە ئەو بڕوایەی دەست بە ژیانەوە بگرن بە هەموو ئازار و دەردەکانییەوە، ئێمە لە ناو ئەم بوونەداین، هەر بوونێکی تر بەرهەمی فەنتازیایە و پانتاییەکی گریمانەکراوە نەک سەلمێنراو، بۆیە چاکتر وایە هیچ چرکەیەک بە فیڕۆ نەدەین، نابێت رۆژەکانمان بسووتێنین

کاتێک ئاورڕ بدەینەوە ئەوەی بوو بە قەقنەس خودی ژیان بوو، وەک خۆم سەما بە چواردەوری خۆڵەمێشێکدا ناکەم، کاتێک کوژانەوەی ئاگرەکەیم بینیبێت. بۆیە ئەو کتێبانەی نووسیوومن پەیامێکی ژیانویستییە و نیشاندانی ئەوەشە نەخۆشی نابێتە دەرد تا خۆمان بڕیار نەدەین، من بڕیارم داوە بنووسم نەک بۆ باسکردنی مەرگ و نەخۆشی بەڵکو بۆ ستایشی ژیان، ئەگەرچی تێبینیم هەیە لەسەر جۆری ژیان لەم جیهانە پڕ نادادییەی هەنووکەدا.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە ژمارە ١٣٥٢ی گۆڤاری (گوڵان) لە رۆژی ٦-٢-٢٠٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

## ستیڤان شەمزینی:
## نووسین چەکی منە دژی نەخۆشی و ناخۆشی و غەمە ئۆنتۆلۆژییەکان

**دیمانە: بەرهەم شێخ عیزەدین**

نووسەر و رۆژنامەنووس ستیڤان شەمزینی یەکێکە لەو نووسەرانەی ماوەی ساڵانێکە گرفتاری نەخۆشییەکی کوشندەیە و زۆربەی کاتەکانی لە نەخۆشخانە بەسەر دەبات، لەگەڵ ئەوەش نەک نەخۆشی وای لێ نەکردووە نەنووسێت، بەڵکو ئەو دەیەوێت بە نووسین چۆک بە نەخۆشییەکەی دابدات، نووسەر ئێستا لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبات، ئەو رۆژەی ئەم دیمانەیەمان کرد لە رێی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە کە لە مانگی شەشی دوو هەزار و بیست و یەک بوو، من وتم بە پێی کاتی خۆت وەڵامم بدەوە، ئەو گووتی دوو رۆژی دیکە دەچمە ژێر نەشتەرگەرییەکی زۆر گەورەی مێشک، بۆیە بەیانی وەڵامت بۆ دەنێرمەوە، لەم دیدارە کورتەدا روئیاکانی نووسەر بخوێنەوە:

**خەبات: دەمەوێت بپرسم چۆن نەخۆشییەکەت نەبووەتە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی نووسین لای تۆ؟.**

ستیڤان: تێزێکی باو هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کۆی داهێنەران و نووسەران نەخۆشن، چ لە رەهەندی فیزیکی چ لە رەهەندی سایکۆلۆژیی. راستە نەخۆشم لە رووی جەستەییەوە،

بەڵام نەخۆشی بۆ خۆی ئەزموونێکە و توانای نییە ئەو سترانەی دەمەوێت بۆ ژیانی بڵێم لە قورگمدا بتاسێنێت. ڕەنگە قسەکەم بڕێکی زۆر سوریالییەتی پێوە دیار بێت، بەڵام تۆ بڕوانە (فرانتس کافکا) یان (نیچە)، ئەمان ڕۆژانە لەگەڵ قورسترین جۆری نەخۆشی دەست و پەنجەیان نەرم دەکرد، وەک دەبینین نەخۆشی بۆ ئەوان ئەگەر هەوێنی داهێنانیش نەبووبێت ڕێگر نەبووە لە داهێنانیان لە بواری ئـەدەب و فەلسەفەدا. بیهێنە پێش چاو دنیا نیچە و کافکای کەم بوایە، پێتوایە چۆن دەبوو؟!. لە ئاستی لۆکاڵیشدا هەردوو نموونەی حەسەن زیرەک و دیلانی شاعیرمان هەیە، ئەوان لە نەخۆشخانەوە گۆرانی و شیعری بەرزیان نووسی، ئەگەر لە ئەزموونی دیلان دا شیعرەکە گوزارشت بێت لە نەخۆشی و ئازار، کە لە هەمان کاتدا شیعرەکە ئەوپەڕی ڕۆمانسییەتی لە خۆگرتووە. لە دۆخی حەسەن زیرەکدا تـەواو پێچەوانەیە، تۆ گوێ بگرە بۆ ئەو کاسێتەی پێی دەوترێت کاسێتی نەخۆشخانە. هیچ گۆڕانێک بەسەر تەڕ و بڕیی گۆرانییەکانیدا نەهاتووە. بۆ منیش کە توانام نییە خۆم بەراوورد بکەم بە کەس، هەمان شتە، ئەوەی ئەزموونی نەخۆشی من، کەمێک تایبەتمەند دەکاتەوە، تەنیا کاتە، چون لە مێژووی ئەدەبیی و کایەی نووسینی کوردیدا هیچ کەسێکم پێ شک نایەت، هێندەی من کاتەکانی لە نەخۆشخانە گوزەراندبێت، کەچی وەک ئەوەی نەخۆشخانە ڕۆخی رووبارێک بێت، نووسین و شیعرەکانمیان تەڕ و پاراوتر کردووە. گۆرانییەکم هەیە بۆ وتن، ڕۆژانە کۆپلەکانی درێژتر دەکەمەوە، تا ئەوکاتەی نەخۆشی دەبەزێنم، هەرواش دەبێت نەخۆشی لەبەردەم

مندا بە چۆکدا دێت.

**خەبات: چی وات لێدەکات بەردەوام بنووسیت؟.**

ستیڤان: چوونکە جگە لە نووسین کارێکی تر نازانم. ئەگەر نەنووسم دەمرم. ئەمە زیادەڕەویی نییە لە گووتندا بەڵکو ئەو واقیعەتە بەرجەستەیەیە لە ژیانمدا بە روونی دەرکەوتووە. نووسین چەکی منە لە خەبات دژی نەخۆشی و ناخۆشی و غەمە ئۆنتۆلۆژییەکانی مرۆڤ. نووسین توانای زاڵبوونت پێدەبەخشێت بەسەر ژیاندا.

**خەبات: دەربارەی خوێندنەوە لە کوردستان و وڵاتانی رۆژئاوایی چی دەڵێیت؟.**

ستیڤان: لە حاڵی حازردا جیاوازییەکە زۆر کەم بووەتەوە. مرۆڤی نوێ لەسەردەمی نیو لیبرالیزم و رووکەشبازییدا هیچی تر نییە جگە لە رۆبۆتێکی مۆدێلگەرا. ئایا خوێندنەوە سەبارەت بە رۆبۆتەکان گرنگە؟. ئێمە لە کۆتایی هەموو شتێکداین، کتێب خوێندنەوە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی کۆنەپەرستانە، لەناو ئەم سیستمە مۆدێلگەرایەدا وەک بەشێک لە جوانکاریی خانوو دیزاینی کتێبخانەی ماڵانیش دەکرێت. خوێندنەوە تاکە شتە دژ بە مۆدەبوونە، کە ئەویش بوو بە رەوشێکی مۆدێلسازیی، کەواتە هیچ. بەڵێ هیچ.

**خەبات: سەبارەت بە ئەزموونی خوێندنەوەی رۆژانەی خۆت دەتوانیت چی بڵێیت؟.**

ستیڤان: سی ساڵ دەبێت هەموو رۆژێک دەخوێنمەوە، بەرنامەم نییە بۆ خوێندنەوە، لە کاتی ئاسایی و نائاسایی، لە نەخۆشخانە و لە ماڵەوە، لەناو پاس و تەوالێتدا، لە شەمەندەفەر و کاتی

سەفەردا، هەمیشە دەخوێنمەوە. گرنگ ئەوەیە ڕۆژێکم لێ نەڕوات بێ خوێندنەوە! هیچ بڕیارێکی ئایدۆلۆژیشم نییە سەبارەت بەو کتێب و نووسراوانەی دەیانخوێنمەوە، شتی هەمەجۆر و دژ بەیەک دەخوێنمەوە، بۆ وێنە چەندان جار مانیفێستی کۆمۆنیستم خوێندووەتەوە، لە هەمان کاتدا چەندان جاری تر ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام و تەفسیری ئیبنوکوسەیرم خوێندنەوە یەکەمیان چ بە کوردیی و چ بە عەرەبی، دووەمیان هەر بە عەرەبییەکەی دەستی من کەوتووە. کۆمەڵگەی کراوەی کارڵ پۆپەر دەخوێنمەوە، لە هەمان کاتدا بیرەوەریی کچەکەی ستالین و کتێبێک لە بارەی لین پیاو. فۆرمێکی تایبەتی خۆمم هەیە لە کاتی خوێندنەوەدا، ڕەنگە کەمترین هاوشێوەم هەبێت، هیچ کات ناتوانم لە بیست لاپەڕە زیاتر بخوێنمەوە بێ هەبوونی ناوبڕێک، پشوو نادەم لەو ناوبڕە چەند خولەکییەدا، بەڵکو بیر لەو دێڕانە دەکەمەوە پێشتر خوێندوومنەتەوە، ئینجا دەچمەوە سەر کتێب یان گۆڤارەکە، ئەمە ئەگەر ئەلیکترۆنی نەبێت، بەپێنووسێکی جافی سوور لەشی لاپەڕەکە خوێناویی دەکەم بە نووسینی سەرنج و رای خۆم، ئەگەریش ئەلیکترۆنی بێت فایلێکی ۆردم ئامادەیە تێبینییەکانمی تێدا دەنووسم و دەیخەمە ناو فۆڵدەرێکی تایبەتەوە هاوپێچ لەگەڵ دەقی خوێندراوەدا. بە گشتیی بەم جۆرە دەخوێنمەوە، ڕەنگە هەبن بڵێن بۆ پیاوێکی تەمەن چل و ئەونە ساڵ بڵاوکردنەوەی بیست کتێبی چاپکراو زۆرە، بەڵام کێ بیر لەوە دەکاتەوە بیست تۆن کتێبم خوێندۆتەوە؟.

**خەبات: ئەو دوو کتێبەی دوایيت چۆن هاتنە بەرهەم و ناوەڕۆکەکانیان باسی چی دەکات؟**

ستیڤان: لە راستیدا سێ کتێبن، لەم خولەکەدا دوانیان چاپ بوون و سێهەمیان لە ژێر چاپە. کتێبێکیانم کۆبەندی ئەو وتارە رۆژنامەوانیانەیە لە ١٧ ساڵی رابـردوودا نووسیومن و بڵاوم کردوونەتەوە، کتێبەکە لە توێی ٥٦٠ لاپـەڕەدا دەکەوێتە دەستی خوێنەران، ئەم کتێبەش بەرگی سێیەمە و درێژکراوەی دوو بەرگی پێشووی کتێبی (قوتووی عەتار)ە کە هـەردوو بەرگەکە لە توێی ٩٩٤ لاپەڕەدا لە ساڵی ٢٠١٨ چاپکران. کتێبی دووەمیش (بە ئەوینت رابـردووم بسڕەوە) لە توێی ١٦٠ لاپـەڕەدا چاپ بووە، بە زۆری ئەو شیعرانەی لە خۆگرتووە کە لە سەردەمی کۆرۆنا ڤیرۆسدا نووسراون، بێ ئەوەی شیعرێکی تێدا بێت دژی ئەو پەتایە، تەنها لە تێبینیدا هەجوی ئەو ڤیرۆسەم کردووە. هەرچی کتێبی سێیەمە کە وا بڕیارە لە مانگی داهاتوودا بکەوێتە بەردەستی خوێنەران، (مەراقنامەی پیاوێکی سوریالی)یە، خۆشم ناتوانم ناوەڕۆکی ئەو کتێبە باس بکەم، خوێنەر خۆی دەتوانێت بڕیار بدا و ناسنامەی ئەو کتێبە ٢٢٠ لاپەڕەییە دەستنیشان بکات.

**خەبات: کێ هاوکاریی دارایی چاپکردنی کتێبەکانت دەکات؟**

ستیڤان: خۆم. بەڵێ هەر خۆم ئەرکی نووسین و تایپ و هەڵەچنی و دارایـی کتێبەکانم لە ئەستۆ دەگـرم. جگە لە یەک کتێبم کۆی کتێبەکانی ترم تا هەنووکە، بە پاڵپشتی دارایی خۆم چاپ کردوون. بیهێنە بەرچاوت من مرۆڤێکی کەم مەسرەفم، نە جگەرەکێشم، نە

ئالکهول دەخۆمەوە، نە قومارچیم، نە مۆدێلگەرام، نە مارکەباز، نە چڵێس، نە هاتوچۆی شوێنەکانی لەشفرۆشی دەکەم، لە خواردنیشدا تارادەیەک ڤیگتارییم، دەمێکە شەکرم تەرک کردووە. ئەمانە بۆ خۆیان مەسرەفن بۆ ئێمەی تاراوگەنشین، لە بەرامبەر ئەوەدا عەشقی خوێندنەوە و نووسینم، هەموو کارەساتەکانی ژیانیشم بەوە قەرەبوو کردووەتـەوە، ئەو عەشقەش وای لێکردووم منەتی هیچ دەزگا و ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە نەزانم، بۆ خۆم تێچووی دارایی کتێبەکانم دەگرمە ئەستۆ. نیوەی کتێبەکانیشم لە مەراسیمەکاندا دەبەخشم بە خوێنەران وەک دیارییەکی خاکەڕا. نیوەکەی تریشی لە بازاڕدا دەفرۆشرێتەوە و پارەکەی نایەتەوە گیرفانم، بەڵکو دوور لە چاوی کامێرا دەکرێتە دیاری بۆ منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە. دەمەوێت نووسەرێکی گرفتار بە نەخۆشی شێرپەنجە نەک هەر وانەی ئیرادە بێت، بەڵکو وانەیەکی بەرزتریش بێت لە بە کولتوورکردنی خوێندنەوە و دەستگیرۆیی هاوچارەنووسانی خۆیدا.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە ژمارە (٦١٤٨) رۆژنامەی (خەبات) لە رۆژی ٩-٦-٢٠٢١دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی چوارەم

# پاشکۆی وێنەیی



نـەشــتــەرگــەریــی مـێـشـك-
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس- ٢٠٢٠



نـەشــتــەرگــەریــی مـێـشـك-
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس- ٢٠٢٠



نـەشـتـەرگـەریـی مێـشـك-
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس- ٢٠٢٠



نـەشـتـەرگـەریـی مێـشـك-
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس- ٢٠٢٠



نەشتەرگەریی مێشك- ئونی کیلینکی کۆڵن- ٢٠١٤




نەشتەرگەریی مێشك- ئونی کیلینکی کۆڵن- ٢٠١٤



ستیڤان- سیڤەر جەمال عەلی باپیر -
ئونی کیلنیکی کۆڵن – ٢٠١٤




ژەهــراویـبــوونــی خــوێـن-
نەخۆشخانەی گلیاد ٢٠١٩



چارەسەری تیشك (رادیۆ تێراپی)-
فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ ٢٠١٥



چارەسەری تیشك (رادیۆ تێراپی)-
فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ ٢٠١٥



نەخۆشخانەی گلیاد- ٢٠٢١



شوێنەواری چارەسەری تیشك (رادیۆ تێراپی)- ٢٠١٦



هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی
یەکەی لیژنە پزیشکی یەکان
لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی مێشك ودەمارەکان

Kurdistan Regioin
Ministry of Healt
Director of health
medical committee
Permanent M-C-of Neuro since

اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
دائرة صحة السليمانية
وحدة اللجان الطبية
اللجنةالطبية الدائميه الجمله العصبيه

ژمارە / ٥٧٤
ڕۆژ / ٢ / ٦ / ٢٠١٤

**بۆ / فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی**

وەڵامی نوسراوتان ژمارە { ٦٥٠١ } لەبەرواری / ١٧ / ٤ / ٢٠١٤
لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی مێشك و دەمار بڕیاری دا .

١) کە بەرێز { ستيڤان احمد على
٢) جۆری نەخۆشی { ورم دبقي في المنطقة الحركية للدماغ يفضل اجرائه في مركز متطور قادر علي اجراء مسح خارطة الدماغ
٣) پلەی کەم ئەندامی {
٤) ماوەی مۆڵەت {

| ت | ناو | پسپۆری | لیژنە | واژۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. هاوار عدنان مايخان | نیورۆلۆجی | سەرۆك | |
| ٢ | د. هێمن محمد حمه امين | - | ئەندام | |
| ٣ | د. سامر عبدالعباس كريم | - | ئەندام | |
| ٤ | حميد عبدالرحمن محمد<br>نایار حسن رشيد | | بەڕێوەبەری جێبەجێ کار<br>سکرتێر | |

جوان / / /     ت/ ٣٢٠٥٦٩٧     هەرێمی کوردستان /سلێمانی/ شەقامی قەنات

ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی سلێمانی - ٢٠١٤




نەخۆشخانەی کارولینسکا- سوێد ٢٠١٥



بـێـداربـوونـەوە لـە کـۆمـا-
نەخۆشخانەی گلیاد ٢٠١٨



ژەهـراویـبـوونـی خـوێـن-
نەخۆشخانەی گلیاد ٢٠١٩




نەخۆشخانەی گلیاد- ٢٠٢٠




نەخۆشخانەیەکی دانیمارك- ٢٠١٧




پاش نەشتەرگەریی مێشك- ٢٠٢٠




پاش پاككردنەوەی خوێن- ٢٠١٦



پێش وێنەگرتنی ئێم ئاڕ ئەی-
٢٠٢١




کاتی چارەسەری کیمیایی- ٢٠٢٣



دوای بێداربوونەوە لە کۆما- ٢٠١٨



کاتی چارەسەری کیمیایی- ٢٠١٧



لەناو ئەمبولانس- ٢٠١٧




کاتی چارەسەری کیمیایی – ٢٠١٦



کاتی چارەسەری کیمیایی - ٢٠١٧



نەخۆشخانەی گلیاد – ٢٠١٥



فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ- ٢٠٢٢



کاتی چارەسەری کیمیایی- ٢٠٢٣




ماسکی رادیۆ تێراپی (تیشك) - ٢٠٢٢



پێش وێنەی ئێم ئارڕ ئەی- ٢٠٢٠

مافی چاپکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە